بەیارمەتی ئەمیندارێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپ دراوە

# کۆزەی حەڵوافرۆش

کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئازەربایجانییە

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

دیاری یە بۆ مامۆستای
زۆر بەڕێزم خۆشەویستم
عەبدولرەحیم قادری

بەیارمەتی ئەمانەتی ڕۆشنبیری و لاوان چاپ کراوە

عزیز
٩٨٩/١/١٠

# شـــازادەی حەلوا فرۆش

( کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئازەریە )

وەرگێڕانی

عـەزیز گـــەردی

بەغـدا - چاپخـانەی زەمان - ١٩٨٨

- شازادەی حەلواڤرۆش
- دەقی ئەسلی : افسانەهای آذربایجان ـ صـــمد بهرنگی‌و بهروز دهقــانی ـ
- وەرگێڕانی : عەزیز گەردی
- چاپی یەکەم ـ بەغدا ـ ١٩٨٨
- ٢٠٠٠ دانــە

# نــاوەرۆك

چیرۆکی — لاپەڕەی


| چیرۆکی | لاپەڕەی |
|---|---|
| ١ ــ کچی حـاجی ســەیاد .. .. .. | ٥ |
| ٢ ــ باوکی حەفـت کچو باوکی حەفـت کوڕ .. .. | ١٣ |
| ٣ ــ نـەدیو بـدی .. .. .. .. | ٢٢ |
| ٤ ــ هەقـایەتی « ئـاخ » .. .. .. .. | ٣١ |
| ٥ ــ کچـە دورزیو کـوڕە پاشـــا .. .. .. | ٤١ |
| ٦ ــ وشـــترو ڕێـوی .. .. .. .. | ٤٥ |
| ٧ ــ خـــرین .. .. .. .. .. | ٤٧ |
| ٨ ــ بانگـــدەر .. .. .. .. .. | ٥٧ |
| ٩ ــ گوڵخـــەندان .. .. .. .. | ٧٠ |
| ١٠ــ ئـای هـــای .. .. .. .. | ٧٧ |
| ١١ــ دنکە نـۆك .. .. .. .. .. | ٨٧ |
| ١٢ــ پیرەژنو سێ کچەکـــەی .. .. .. | ٩١ |
| ١٣ــ محـــەمەد پاشـــا .. .. .. .. | ٩٥ |
| ١٤ــ گـورگو مـەڕ .. .. .. .. | ١٠٨ |
| ١٥ــ بووکۆکـەی بەردی سێبووری .. .. .. | ١٠٩ |
| ١٦ــ بیبی جـان .. .. .. .. .. | ١١٤ |
| ١٧ــ مشـــکی برسی .. .. .. .. | ١١٩ |
| ١٨ــ دێـوی گـمژە .. .. .. .. | ١٢٢ |
| ١٩ــ شـێرو ڕێـوی .. .. .. .. | ١٢٦ |

| چیرۆکی | لاپەڕەی |
|---|---|
| ٢٠ـ حەفت جووتە پێڵاوی ئاسن و حەفت تێڵای ئاسن | ١٢٨ |
| ٢١ـ هاوڕێی چاک و هاوڕێی خراپ | ١٣٩ |
| ٢٢ـ بە دوای گەردون دا | ١٤٥ |
| ٢٣ـ فاتمە خان | ١٤٩ |
| ٢٤ـ کراسی بووکێنی لە بەرداش | ١٦٠ |
| ٢٥ـ کوڕێکی زیرەک و کچی تەمبەڵی پاشا | ١٦٤ |
| ٢٦ـ بزنی ڕدێن سپی | ١٦٨ |
| ٢٧ـ هەنار خان | ١٧٤ |
| ٢٨ـ محەمەدی گوڵبەدام | ١٨٢ |
| ٢٩ـ گورگ و ڕێوی | ١٩٠ |
| ٣٠ـ باڵندەی ئاوی | ١٩٩ |
| ٣١ـ دەروێش ومیومیوخان و کچە قازەوان | ٢٠٧ |
| ٣٢ـ گوڵ و سیناوەر | ٢١٥ |
| ٣٣ـ کچانی هەنار | ٢٢٨ |
| ٣٤ـ شازادەی حەلوافرۆش | ٢٣٨ |
| ٣٥ـ لەش تیژ | ٢٤٦ |
| ٣٦ـ ڕێوی و پیرەژنی خاوەن چەرخ و فەلەک | ٢٥٧ |
| ٣٧ـ گەنجینە | ٢٦٥ |
| ٣٨ـ حەمەڕەشە کەچەل | ٢٦٩ |

# ١ ــ کچی حاجی ســـەیاد

هــەبوو نەبوو ، کابرایەك هەبوو نــاوی حــاجی ســـەیاد بوو ، برادەرێکی مەلای هەبوو . مەلا مامۆستای کچی حاجی ســـەیاد بوو ، حاجی سەیاد ویستی بچێتە حەجو خەریك بوو ژنو کوڕەکەیشی لەگەڵ خۆی ببا . مەلا چوە بنەهەنگڵی حاجیو گوتی نەکەی ( پەری ) ببەی ها ، نەوەك لە دەرسو دەور دوا دەکەوێ .

حاجی بیری لە یەکێك دەکردەوە بتوانێ کچەکەی پێبســـپێرێو بەدڵنیایی بچێتە حەج . ئاخیری چـــوە خزمەت مەلا بۆ ئەوەی پرسی پێبکا . مەلا کە چاوەڕێی ئەم جۆرە شتە بوو ، گوتی : حاجی ، بێگومان ئێوە ئیشی خۆتان لە من باشتر دەزانن ، بەڵام ئەگـــەر پرس بە من دەکەی ئەوە عەرزت دەکەم هیچ کەسێکت لە من باشتر دەست ناکەوێ ، کچەکەت بە من بسپێرەو بێ خەمو خەیاڵ ، بە ســـەرودڵێکی ڕەحەت سەفەرەکەت بکە . شەرت بێ لـــە خۆت باشـــتر چاوەدێری بکەمو لێنەگەڕێم یەك تاڵەمووی سەری بوەرێ .

حاجی سەیاد بڕوای بە مەلا کرد . کچەکەی پێسپاردو بە خـــۆی بە ژنو کوڕەوە چوە مەککە .

هەشت نۆ ڕۆژی پێچوو . ڕۆژێ لە کاتی دەرز خوێنـــدندا مەلا نقورچێکی لە کچەکە دا . ( پەری ) زانی مەلا نیازی خراپە گـــوتی : مامۆستا ، باوکم منی بە تۆ سپارد ، شەرم ناکەی بەم سەرو ڕیشەتەوە برکێشی من دەکەی ؟

مەلا گوتی : من ئەم قسانەم بە گوێدا ناچێ . هەر ئێستا دەبێ شتێکی ئاوهام لەگەڵ بکەی .

پەری ، کە دیتی ئیش خراپ بوەو مەلا یەخەی بەرنادا ، بە بیانووی دەستاوەوە وچوە دەرێو بەرەو دەشتو چۆلەوانی سەری هەلگرت . لەو چۆلەوانیە گەیشتە سەر کانیەك . کانیەك درەختێکی زلی لەسەر بوو . پەری چوە سەر درەختەکەو کەوتە بیرو لێکدانەوە : وەی خوایە ! خوایە چ بکەم ؟ چ نەکەم ؟ داخۆ ئەم چۆلو بیابانە چیم بەسەر بێ ؟ چارەنووسم بە چ بگا ؟

لەو کاتەدا پاشایەك رێی کەوتە ئەو ناوەو ویستی ئەسپەکەی لەو کانیە ئاو بدا . ئەسپ تەماشای کانیەکەی کردو رەویەوە . پاشا دووبارە ئەسپەکەی بردەوە سەر ئاوو ئەسپ دووبارە پاشەوپاش کشایەوە . ئەم جارە پاشا لە ئەسپەکەی دابەزیو سەیری کانیەکەی کرد ، وێنەی کچێکی لە ئاوەکەدا دی . پاشا سەری بلند کرد دیتی کچێکی وەکو رۆژ خۆی لە ناو چڵو چێوو گەڵای دارەکە مات کردوە . پاشا نەك بە دڵێك بە سەد دڵ ئەشقی پەری بوو .

پەری گوتی : برای رۆژی قیامەتێم ، تەماشام مەکە ، گوناهە ، نابینی سەرم کوتە . وازم لێبێنە : برۆ دوای ئیشی خۆت .

پاشا گوتی : دڵم نایە لێرە بە تاقی تەنێ جێت بێلمو برۆم . وەرە پێم بڵێ تۆ کێی ؟ چ کارەی ؟ وەرە خوارەوە با بتبەمە مالی خۆمان .

پەری گوتی : ئەدی نابینی سەرم کوتە ؟! ناتوانم بەم جۆرە بچمە هیچ شوێنێ .

پاشا گوتی : مادام وایە ، ها ! پاڵتۆکەم بگرە ، بە سەرت دادەو وەرە خوارەوە . ناکرێ لێرە بمێنیتەوە .

پەری پاڵتۆی پاشای وەرگرت و بە خۆی داداو هاتە خوارەوە . پاشا پەری خستە سەر پاشکۆی ئەسپەکەی و بەرەو شار بوەوە . کە گەیشتنەوە ماڵێ . لەوێ پەری سەرگوزشتەی خۆی لە سەر هەتا پیواز بۆ پاشا گێڕایەوە . پاشا بە گوێرەی شەریعەتی خواو پێغەمبەران مەلایەکی بانگ کردو پەری لە خۆی مارە کرد .

ماوەیەک پێچوو پەری دوو کوڕی بوو . ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو . ساڵ هات و ساڵ چوو . کوڕەکان گەورە بوون ، بوونە چوار ساڵی .

با لێرە لەمانە بگەڕێین و بچین بزانین حاجی سەیادو مەلا چیان بەسەر هات .

هەفتەیەك بەسەر ڕاکردنی پەری دا تێپەڕی مەلا هەستی ڕاگرت پەری هیچ سەرو سۆراغی نیە . هەستا نامەیەکی بۆ حاجی سەیاد نووسی ، گوتی : حاجی ئیش کوو وا دەبێ ؟ مادام دەتزانی کچەکەت وایە بۆ بە منت سپاردو منیشت شەرمەزار کرد ؟ کچەکەت ئابڕووی تکاوەو حەیای نەماوە . وەرە خۆت خۆی لێ بە ساحێب بکە ، چونکە لە دەستە من دەرچوە ، جلەوی بە من ناگیرێ .

حاجی سەیاد دەریای قینی هاتە جۆش ، بە کوڕەکەی گوت : کوڕم ، من لەو شارە کابرایەکی ناسراوو بە حەیاو بەشەرەفم . ئەو دێڵە سەگە شەرەفی بردووم تازە ناتوانم بەم حاڵە بگەڕێمەوە شار . هەر ئێستا دەچی خوشکت دەکوژی و کراسی بە خوێن دەکەی و بۆمی دەنێری تا ڕووم ببێ بێمەوە . تا خوشکت مابێ نابێ پێم بە شار بکەوێتەوە .

کوڕە گەڕایەوە شارو چوەوە ماڵێ . مەلا گوتی : کە پەری زانی من حاجیم ئاگادار کردۆتەوە ، ڕۆیشت و نەگەڕایەوە . ئیدی لەوە بەولاوە هیچ خەبەری نازانم .

کوڕە بە پرس‌و لێکۆڵینەوە بە بن‌وبۆتکەی مەسەلەکە کەوت‌و زانی خوشکی تاوانی نەبوە . بەڵام هەر چەندە گەڕاو سووڕا ، ئەم ماڵو ئەو ماڵی کرد خوشکی نەدۆزیەوە . هەستا تەیرێکی گرت ، سەری بڕی‌و کراسی خوشکی لە خوێنەکە وەرداو بۆ باوکی ناردو گوتی : وەرەوە ، خوشکم کوشت .

کوڕە دەیزانی تا مەلا هەبێ باوکی بڕوا بە قسەی ئەم ناکا بۆیە هیچی لەم بارەیەوە نەدرکاند .

× ×

ڕۆژێ ، پەری لە کۆشک‌و سەراپەردەی خۆی دانیشتبوو ، گەمەی لەگەڵ کوڕەکانی دەکرد لە ناکاو دایک‌و باوکی خۆی هاتەوە بیر . دڵی گوشرا ، دەستی بە گریانێ کرد . پاشا هات ، گوتی پەری ! ئەوە چ بوە ؟ بۆ دەگری ؟

پەری گوتی : لە خودا ناشارێتەوە بۆ لە تۆی بشارمەوە . غەریبی دایک‌و باوکم دەکەم .

پاشا گوتی : ئەمە هەر هیچ نیە . هەر کاتێ دەتەوێ وەزیرت بەگەڵ دەدەم ، بڕۆ سەرێك لە دایك‌و باوکت بدەو وەرەوە .

پاش چەند ڕۆژێ ، پاشا فەرمانی دا دیاریان ڕێك‌خست‌و کەژاوەیان ئامادە کرد ئینجا بانگی وەزیری کردو گوتی : وەزیر ، لەگەڵ پەری بڕۆ بیبەوە ماڵەباوانی‌و وەرەوە .

پەری بە خۆو بە هەردوو کوڕەوە بەگەڵ وەزیر کەوت‌و بۆ خزمەت حاجی سەیاد کەوتنە ڕێ .

ڕۆژێ ، لە چۆڵەوانی چادریان هەڵدا بوو ئیسراحەت بکەن ، وەزیر بەرکێشی پەری کردو گوتی : بۆت نەماوم پەری ، دەبێ خۆتم تەسلیم بکەی ئەوەك سەری کوڕێکت دەبڕم .

پەری گوێی نەدایە قسەی وەزیر . وەزیر هەستا سەری کوڕێکی بڕی . ئینجا گوتی : ئەگەر هەر بە قسەم نەکەی ، سەری کوڕەکەی تریشت دەبڕم .

پەری خۆی تەسلیم نەکرد . وەزیر سەری کوڕەکەی تریشی بڕی . پەری زانی هیچ چارەی نیە ، گوتی : وەزیر ، ئێستا مادام زۆرم لێدەکەی قەیدی نیە بەڵام هێندە دەرفەتم بدە بچم دەست بە ئاو بگەیەنم و بێمەوە .

وەزیر گوتی : باشە بڕۆ ، بەڵام زوو وەرەوە .

پەری هەستا ڕۆیشت ، هەر ڕۆیشت ، ڕۆیشت ، تا لە مەودای چاوی وەزیر چوە دەرێ . لەوێ چارۆکەکەی لەبەر کردەوەو بەسەر بنەپرچکێکی داداو سەری خۆی هەڵگرت و کەوتە ئەو دەشت و بیابانە .

وەزیر زۆری چاوەڕێ کرد پەری هەر نەهاتەوە . چوو بزانێ پەری چۆتە کوێ ؟ بە دوای دەوسی پێراییەکەدا چوو کە نزیك کەوتەوە دیتی ئەمە بنەپرچکەو چارۆکەی پەری بەسەر دادراوە . لە دڵی خۆیدا گوتی : پەری پەندێکی باشی پێکردم ، ئێستا دەبێ فێڵێکی وا بدۆزمەوە پاشای پێ ئیقناع بکەم . هەستا گەڕایەوە خزمەت پاشاو گوتی : پاشام سەلامەتدار بێ ، پەریم بردو گەیاندمە ناو شار ... بەڵام پەری کەوتە گەڕان و سووڕان بە جادەو کۆڵانان و خۆی لە من دزیەوەو کوێی پێ خۆش بوو چوە ئەوێ ، ئیدی زانیم ئەم ماستە موویەکی تێدایە ، بۆیە نەمویست هەر ماڵیشیان پێبزانم ، ئەوەبوو لەناو شار بەرم هەڵداو گوتم : خۆت بڕۆرەوە .

لەولاوەش ، پەری لەو چۆڵ و بیابانەدا هەر ڕۆیشت ، ڕۆیشت تا گەیشتە شوانێك . هەندێ زێڕی سەرو گەردنی خۆی بە شوانەکە بەخشی و داوای لێکرد مەڕێکی بۆ سەر ببڕێ . کەلەشەمەڕەکەی هەموو

دایەوە شوانەکە تەنیا ورگەکەی وەرگرتو لەسەری خۆی ناو بور بە کەچەڵێکی تەواو ! ئینجا دەستە بەرگێکی کۆنی پیاوانەشی لە شوانەکە وەرگرتو لەبەری کردو ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت ، هەر ڕۆیشت ، ڕۆیشت تا گەیشتە شاری خۆیان . چوو لەبەر دەرگەی ماڵی خۆیان بانگی ڕاهێشت : کێ نۆکەری دەوێ ؟ کێ نۆکەری دەوێ ؟

حاجی سەیاد خێرا لە ماڵەوە هاتە دەرێ . تەماشای کەچەڵی کرد ، دیتی چاوەکانی وەکو چاوی کچەکەی خۆی وان . ڕەحمی بۆ کەچەل بزووتو خۆشەویستیەکی بۆ کەچەڵ لە دڵ پەیدا بوو ، گوتی : کوڕێژگە ، دێی ببی بە نۆکەری من ؟!

پەری گوتی : بۆ نایەم ببم بە نۆکەری تۆ ... لە هەر کوێ بە نانو سك بە نۆکەر قبوولم بکەن ، دەیکەم .

حاجی سەیاد کچی خۆی بە نۆکەری بردەوە ماڵێو بە ژنەکەی گوت : حورمێ ، وەرە سەیرکە ، ئەم نۆکەرەم گرتوە .

ژنی حاجی تیەچاوێکی دایە کەچەڵو گوتی : وای خوایە ، چەند بە پەری کچم دەچێ .

برای پەریش هاتو تەماشایەکی کردو گوتی : دایە ، ئەتۆ تەماشاکە ، تەماشاکە ، چاوی هەر دەڵێی چاوی خوشکمە .

پەری کەوتە ناو ماڵێ . دانی بە خۆیدا گرتو ڕازی خۆی بە کەس نەگوت بەلام هەر چەندە بە چوستو چالاکیش دەجوولایەوە نەیدەتوانی وەکو پیاوان ڕەفتار بکا . ژنی حاجی دەیدی کەچەڵ زیاتر شارەزای کابانەتیو مالداریە تا نۆکەری . پەری ژوورەکانی دەڕازاندەوە ، فەرشەکانی دەماڵی ، شمەکی دەشووشت . بە کورتی پەری جێی خۆی باش لەو ماڵە کردەوە . هەموو وەکو کوڕی ماڵێ لەگەڵی دەجولانەوە .

ئەمە هەمووی لێرە بوەستێ ، با بگەڕێینەوە لای پاشاو وەزیر .

ڕۆژێ ، پاشاو وەزیر دانیشتبوون قسەیان دەکرد . پاشا گوتی : وەزیر ، پەری تاخیر بوو ! هیچ خەبەری نەبوو ، هەستە خۆمان ببەستین ، بەرگی دەروێشی بکەینە بەر ، بچین بزانین چی بەسەرهات .

وەزیر هیچی نەگوت ، هەستان بەرگی دەروێشانیان کردە بەرو هاتنە ئەو شارەی پەری لێیە . لە کوچەو کۆڵانو بازاڕ ، لە دۆستو برادەرو ناسیارێك دەگەڕان ، پەری چاوی پێکەوتنو ناسینی . غاری دایە لای حاجی سەیادو گوتی : حاجی ، دوو میوانم هەیە ، ئەگەر ڕێم بدەی دەیانهێنمەوە ماڵێ ، دەروێشن .

حاجی سەیاد گوتی : کوڕی خۆم ، پرسی پێناوێ ، ماڵ ماڵی خۆتە . با دوو نەبن ، سەد بن . لەسەر چاوی خۆمیان دادەنێم .

پەری خەنی بوو . بە هەڵەداوان چوە کن پاشاو وەزیر . بە بیانوویەك سەری قسانی کردەوەو ئاخیری گوتی ! بابە دەروێشینە ، دەبێ ئەمشەو میوانی من بن .

پاشا گوتی : کورە بڕو دوای ئیشی خۆت . تۆ هەیت ، نیت ، نۆکەرێکیت ، نە ماڵت هەیەو نە حاڵ ، چۆن میوانداریمان دەکەی ؟!

پەری گوتی : ئاخر ئێوە نازانن ، ئاغاکەم منی زۆر خۆش دەوێ . قسەی ئەوم پێیە بۆیە داوەتتان دەکەم .

بەم جۆرە پەری پاشاو وەزیری بردەوە ماڵێ . شێویان خواردو کەوتنە قسان . پەری بە حاجی سەیادی گوت : ڕێ هەیە بچم مەلاش بانگ بکەم بێ . دەڵێن مەلا قسەیان زۆر خۆشە . قسەی وا دەکەن میوان دڵیان پێ دەکرێتەوە .

حاجی گوتی : باشە ، مادام حەز دەکەی ، بڕۆ بانگی کە ، با بێ .

پەری چوو مەلای هێنا . دانیشتن باسی ئەمو ئەو یان کرد . پەری بە پاشاو وەزیری گوت : بابە دەروێشینە ، دە ئێوەش شتێ بڵێن گوێتان لێبگرین . بابا دەروێش زۆر شت دەزانن .

پاشا گوتی : کەچەڵ شیعرو بەیت‌و مەسەلە لە دەروێشان پتر دەزانن . تۆ مەسەلەیەك بکە با ئێمە گوێت لێ‌بگرین . پەری کە بە تەمای ئەم قسەیە بوو ، برینی کولایەوەو گوتی : مادام ملم لێ دەنێن شتێکتان بۆ دەڵێم بەڵام ئەگەر پێتان خۆش نەبوو خەتای من نیە .

ئینجا تێی هەڵکرد :

**من پەریم ، کچی حاجی سـەیادم**

**لـە سپێدەی ئاسـمانا ئەستێرەیەکی شـادم**

**ئـەو وەزیرەی سـەر ماڤوور**

**وەك جووتێ کۆتر سـەری کورەکانی بڕیم ،**

**وێڵی چۆڵ‌و بیـابانی کردم**

**ئەی لـە هەموو دەروێشان میهرەبانتر**

**مەسـەلەی من ، هەمووی هەر خەمە خـەم**

**دەروێش گیـان .**

مەلا تاسا . وەزیر هەناوی بەربووەوەو دەسـتەپاچە ما . باوکی لەلایەك ڤیت بووەوەو دایکی لەلایەك ، هاواریان کرد : کورە ، ئەوەی گوتت دوبارەی بکەوە .

پەری چی گوتبوو دوبارەی کردەوە . ئینجا کڵاوی کەچەڵیی لەسەر کردەوەو هەموو ناسیانەوە . بوو بە بازاڕی ماچ‌و ڕاموسان . پاشاش خۆی ئاشکرا کرد . پەری سەراپای سەربردەی خۆی بۆ گێڕانەوە .

بۆ بەیانی ، پاشا فەرمانی دا پەریان بردە حەمام . لە سەری مەلاو وەزیریشیان دا .

حاجی سەیاد حەفت شەوو حەفت ڕۆژ زەماوەندی گێـڕا . کچەکەی بە پاشا سپاردو بە ڕێی کردن .

## ٢ ـ باوكی حەفت كــچ و باوكی حەفت كوڕ

هەبوو نەبوو ، لە خوا زیاتر كەس نەبوو . دوو برا هەبوون . یەكێ حەفت كچی هەبوو ، یەكێ حەفت كوڕ . باوكی حەفت كوڕەكـــە هەر جارەی كە برا كەی دەدی گاڵتەی پێدەكردو دەیگوت : ڕۆژباش ، باوكی حەفت دێڵە سەگ . باوكی حەفت كچەكە زۆر بەسەر خۆیدا دەشكایەوەو سەری دادەنەواندو دەگەڕایەوە ماڵێ .

ڕۆژێ كچی گەورە دیتی باوكی زۆر پەستو دڵتەنگە ، هەر ئەوەتە ناگری ، پێی گوت : بابە ، ئەوە چ بوە ؟ بۆ وا پەستو خەمباری ؟ باوكی گوتی : كچم ، خەم بۆ من نەبێ بۆ كێ باشە ؟. مامتـــان هەر جارەی دەمگاتێ دەڵێ : « باوكی حەفت دێڵە سەگ » منیش ناتوانم هیــچ وەڵامی بدەمەوە .

كچە گوتی : بابە ، هیچ خەم مەخۆ . ئەگەر سبەینێ تووشی مامم هاتیو وای پێ گوتی ، وەڵامی بدەوەو بڵێ : ڕۆژ باش ، باوكی حەفـت گۆلە سەگ . لە تۆ كوڕێكو لەمن كچێك ، وەرە بەریان بدەینە گەشتو گەڕان بزانین كامەیان دەردەباتو باشتر بژێوی خۆی پەیدا دەكات .

باوكی حەفت كچەكە كەیفخۆش بوو . شێویان خواردو نووستن . بۆ سبەینێ دیسان هەر دوو برا تووشی یەك هاتن . باوكی حەفــت كوڕەكە گوتی : ڕۆژ باش ، باوكی حەفت دێڵە سەگ . براكەی سەری بڵند كردو گوتی : ڕۆژ باش ، باوكی حەفت گۆلە سەگ . لە تۆ كوڕێكو

له من کچێك ، وەرە بەریان بدەینە گەشــــتو گــــەڕان بزانین کامەیان دەردەباتو باشتر بژێوی خۆی پەیدا دەکات .

باوکی حەفت کوڕ ڕازی بوو . له دڵی خۆیدا گوتی : هەر چـۆن بێ ، کچ دەستوپێ سپێنو ناتوانن لەگــــەڵ کــــوڕان دەربیەنو نان پەیدا بکەن .

بۆ بەیانی هەر برایەك بە پێی توانای خۆی توێشووی ئامادە کرد . کچەو کوڕە سواری ئەسپ بوونو له شار بە ڕێ کەوتن . هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە دوڕیانێك . بەردێك لە دوڕیانەکە هەبوو لەسەری نووسرا بوو : ئەوەی بچێتە ئەم ڕێگایە گەڕانەوەی هەیە ، کەچی ئەوەی بچێتە ئەو ڕێگایە گەڕانەوەی نیە . ڕێی هاتو نەهاتە .

پسمام گوتی : ئەمن دەچمە ڕێی هاتو نەهات .

دۆتمام گوتی : نەء ، ئەمن دەچمە ئەم ڕێیە . تۆ برۆ ئەو ڕێگایەی گەڕانەوەی هەیە .

پسمام قبووڵی کرد . بڕیاریان دا پاش یەك ساڵی ڕەبەق لە هەمان شوێن بەکتر بگـــرنەوە ، ئەوەی زووتریش هاتەوە چاوەڕێی ئەوەیتر بکا ... ئینجا هەر کەسە ملی ڕێگای خۆی گرتو ڕۆیشت .

کچە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شارێك . لەوێ ئەسپەکەی فرۆشتو دەستەبەرگێکی پیاوانەی کــــڕیو لەبەری کردو چــوو لای ئاسنگرێك بوو بە شاگرد .

چەند ڕۆژی پێچوو ، ئاسنگر دیقەتی دایە دیتی شاگرد ئەدگاری لە کوڕ ناکا بەڵام هیچی نەگوت . چەند ڕۆژێکی تری پێچوو ، ئاســنگر دیتی : نەخێر ، ئەو شاگردە هەمێو نەمێ کچە ... چیتر خۆی پێنەگیرا ، چوو بە دایکی گوت :

دەستی جێی دەستوانەیە ،
ملی جێی ملوانکەیە ،
قامکی جێی ئەنگوستیلەیە ،
دایە ، شاگردەکەم کچە کچ .»

دایکی گوتی : کوڕم ، ئەم قسانە چیە دەکەی ؟ بڕۆ ملت ڕاکێشەو ئیشی خۆت بکەو واز لەم قسانە بێنە . کچ چۆن دەتوانێ ئاسنگری بکا ؟!

کوڕە لە قسەی خۆی نەهاتە خوارێ . گوتی : شاگردەکەم کچەو بەرگی کوڕانی پۆشیوە . ئاخیری دایکی گوتی : ئێستا ، مادام هەر واز ناهێنی ، وەرە ڕێگایەکت بۆ دادەنێم تا بتوانی بە بنوبۆتکەی میشەکە بکەوی ، ئێوارێ کە لە ئیش هاتیتەوە هەندێ گوڵەباخ لەگەڵ خۆت بێنە . شەو کە وەختی نووستن هات ، بە دزی گوڵەکان دەخەمە ژێر دۆشەکی شاگردەکە . ئەگەر کوڕ بێ ، گوڵەباخەکان لە بن دۆشەکەکە بە زەویەوە دەنووسێن ، کوڕ تەپو قوڕسن . خۆ ئەگەر کچ بێ ، ئەوە گوڵەباخەکان هیچ تێك ناچن .

ئاسنگر قبووڵی کرد .

ئاسنگرو دایکی تاژیەکیان لە ماڵێدا هەبوو . تاژی گوێی لە قسەکانی دایكو کوڕە بوو ، هەر ڕایکرد ، چوو بە کچەکەی گوت حاڵو مەسەلە ئاوهایەو دایکی ( وەستا حەلیم خان ) داوی بۆ داناویتەوە .

کچە بە تاژی گوت : باشە ، بەرای تۆ ئێستا چ بکەم ؟

تاژی گوتی : چارەی ئاسانە . شەو ئەوەندە کەلەکان بگۆڕەو خۆت هەلگێڕو وەرگێڕە کە تا هەموو گوڵەکان دەژاکێنو بە زەویەوە دەنووسێن .

کچە گوتی : باشە .

شەو داهات . شێویان خواردو کاتی نووستن ، دایکی وەستا حەلیم خان بە دزی گوڵەباخەکانی لەبن دۆشەکی کچەکە دانا . کچە هیچی بەسەر خۆی نەهێنا . چوە ناو جێو لێی‌نووست . ئەو شەوە تا بەیانی ئەوەندە ئەم تەنکێش‌و ئەو تەنکێشی کرد تا یەك پەلکە گوڵ چیە بە ساغی نەما . سبەینێش پێش هەموویان لەخەو ڕابوو ، چوو دوکان بڕشێنێ‌و گەسکی بدا . دایکی حەلیم خان هات دۆشەکی هەڵدایەوە دیتی یەك پەلکە گوڵ چیە بە ساغی نەماوە . بە کوڕەکەی گوت : کوڕم ، نەمگوت ؟ دەوجا واز بێنەو برۆ ئیشی خۆت بکە . ئەم قسانە چ خێریان پێوە نیە .

ماوەیەکی‌تر ڕێ‌چوو ، بە درێژایی ئەو ماوەیە ئاسنگر هەر مێشکی بە شاگردەکەوە خەریك بوو . دەیدی هەڵس‌و کەوتی شاگردەکەی وەکو کچان وایە . ئاخیری دیسان خۆی ڕێ‌نەگیرا ، وەکو جاری پێشوو چوەوە ماڵێ‌و بە دایکی گوت :

دەستی جێی دەستوانەیە ،
ملی جێی ملوانکەیە ،
قامکی جێی ئەنگوستیلەیە ،
دایە ، شاگردەکەم کچە کچ .

دایکی تووڕە بوو ، گوتی : کوڕم ، واز لەم قسانە بێنە . پاش ملە قسە لە دوای منداڵی خەڵك هەڵمەبەستە .

حەلیم خان وازی نەهێنا ، گوتی : دایە ، بڕوات هەبێ شاگردەکەم کچە . پاش ملە قسەی بۆ هەڵنابەستم .

ئاخیری ، دایکی گوتی : ئێستا مادام یەقینت وایە بشفرێ هەر

بزنه . ئەگبیرێکی‌ترت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی بە بنج‌وبنلوانی مەسەلەکە بکەوی . عەسر ، شاگردەکە ببە گەڕان . یەکەم جار بڕۆنە بازاڕی زڕەو پۆپلەفرۆشان ، پاشان بڕۆنە کۆلانی شمشێرفرۆشان . ئەگەر شاگردەکەت هەوەسی بە زڕەو پۆپلە هات بزانە کچە ، ئەگەر کەیفی لەگەڵ قەمەو شمشێران ساز بوو ئەوە بزانە کوڕە .

تاژی دیسان گوێی لە قسەی دایك‌و کوڕە بوو . بە هەڵەداوان چوو خەبەری دایە کچەکە . کچە گوتی : باشە ، بە ڕای تۆ ئێستا چ بکەم ؟

تاژی گوتی : هیچ خۆت ناڕەحەت مەکە . کە گەیشتنە بازاڕی زڕەو پۆپلەفرۆشان هیچ خۆت تێك مەدە . دەست بۆ هیچ پۆپلەیەك مەبە ، هەر تەماشایشیان مەکە ، بەڵام کە گەیشتنە کۆلانی شمشێرو قەمان خۆت بە زەوق پێشان بدەو هەندێ قەمەو شمشێر هەڵبگرەو لەبەر کەمەری خۆت ڕاکەو بڵێ : پەککو ! بەخوا برا شتی چاکن !

بەرەبەری عەسر ، حەلیم خان گوتی : بێزارو ماندووم ، با دوکان دابخەین‌و کەمێ بای باڵی خۆمان بدەین .

یەکەم جار چوونە بازاڕی زڕەو پۆپلەفرۆشان . حەلیم خان بە قەستی چوە لای پۆپلەکان‌و مستی پڕ کردو هێنای بە کچەی پێشان دا . کچە گوتی : وەستا ، ئەمە بۆ کیژۆکاڵان باشە ، فڕێیان دە .

حەلیم خان پۆپلەکانی فڕێ دا . پاشان چوونە کۆلانی شمشێر فرۆشان . کچە لەوێ دەمی نەدەچوە کالان ، یەك لە سەر یەك دەیگوت : بەه بەه .. خۆی خۆشحاڵ‌و کەیفساز پێشان دەداو یەك یەك شمشێرو قەمەکانی هەڵدەگرت‌و بە کەیف‌و زەوق‌و خۆشیەوە لێیان ورد دەبوەوە . دوو سێ یەکی لە کەمەری بەست‌و گوتی : ئەمە بۆ گەنجان باشە !.

پاشان گەڕانەوە ماڵێ . دایکی حەلیم خان بە حەلیم خانی گوت : ئەدی نەمگوت ؟ ئێستا بەسسە ، واز لەم بیرە پڕوپووچــــانە بێنە ، بڕۆ خەریکی ئیشی خۆت بە .

ماوەیەکی‌تر پێ‌چوو . حەلیم خان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆی دەردەکەوت کە شاگردەکەی کچەو بەرگی کوڕانی پۆشیوە . خۆی پێ‌نەگیرا ، دیسان چوە کن دایکی‌و عەینی قسەی جارانی لەگەڵ کرد .

دایکی گوتی : کوڕم ، خۆت تاقیت کردەوە ، بۆت دەرکەوت کــچ نیە ، ئیتر چیت دەوێ ؟ وەرە با ڕێگایەکی‌ترت بۆ دابنێم بۆ ئەوەی بــە یەکجاری دڵت دابکەوێ — نیوەڕۆ بە شاگردەکەت بڵێ هەوا گــەرمە ، با بچین مەلەیەك بکەین .

تاژی ئەم جارەش خەبەری گەیاندە کچەکە . کچە گوتی : باشە ، بە ڕای تۆ ئێستا چ بکەم ؟

تاژی گوتی : چارەی ئەم کارەش ئاسانە .. یەکــــەم جار وا بکە حەلیم خان خۆی بچێتە ناو ئاو . لەو کاتەدا من خۆم داوێمە ناو ئاوو ئاوەکە گلاو دەکەم‌و بە دەم‌و چاوی حەلیم خانی دا دەپڕژێنم . تۆش یەکسەر خۆت ڕووت بکەوەو بڕۆ ناو ئاوو دەم‌و دەست وەرە دەرەوەو جلت بکەوە بەر .

کە نیوەڕۆ داهات ، حەلیم خان گوتی : ئەمڕۆ هەوای زۆر گەرمە ، هەستە بچین مەلەیەك بکەین .

کچە هیچی نەگوت . هەستان چوونە سەر گۆمێ . یەکەم جار حەلیم خان خۆی هاویشتە ناو ئاو . دوا بە دوای ئەوەوە تاژی خۆی بە ئاوەکە داداو کردیە شلپ‌و هۆڕو ئاوی بە دەم‌و چاوی حەلیم خانــدا پڕژاند . حەلیم خان هەر هێندەی ئاگا لێ‌بوو کچەکە لــــە ناو هاتۆتە

دەرەوەو جلی کردۆتەوە بەرو چاوەڕێی ئەم دەکا . حەلیم خان گوتی : کورە ، ئەوە بۆ وا زوو دەرچووی ؟

کچە گوتی : من زوو سەرمام دەبێ ، ناتوانم زۆر لـــە ناو ئاودا بمێنمـــەوە .

ئێوارێ کە چوونەوە ماڵێ دایکی حەلیم خان پرسی : ها ، کوڕم ، چ بوو ؟

کوڕە گوتی : مەلەمان کرد ، بەڵام هیچم بە هیچ نەکرد .

دایکی گوتی : من هەمیشە پێم گوتووی‌و هەمیشە پێــت دەڵێم تۆ خەیاڵی بۆش‌و بڵاوو بەتاڵ دەکەی . هۆشت بێنەوە سەرو خەریکی ئیشی خۆت بە .

پاش ماوەیەك ، ڕۆژێ ، بەیانی زوو ، کچـــە تازە دوکانی ماڵی بووو چاوەڕێی حەلیم خانی دەکرد ، کتوپڕ بیری کەوتەوە کـــە ساڵێکی تەواو کردوەو دەبێ بگەڕێتەوە دوڕ یانەکەو لەوێوەش بچێتەوە خزمەت باوکی . جا هەستا دوکانی داخست‌و لەسەر دەرگاکەی نووسی :

**حەلیم خان ، بە کچی هاتم‌و بە کچی ڕۆیشتم .**

**حەلیم خان ، بە سەرڕاستی هاتم‌و بە سەرڕاستی ڕۆیشتم .**

ئینجا ڕۆیشت ، چوو گەیشتەوە دوڕیانی جاران . بێگومان ئـەو پارەوپوولەی هێنا بوو کە لەو ماوەیەدا پەیدای کرد بوو . دیتی پسمام هێشتا نەگەڕاوەتەوە . یەك ڕۆژی ڕەبەق چاوەڕێی کرد . ڕۆژی پاشی لە دڵی خۆیدا گوتی : با بچم سۆراغێکی بکەم .

ڕۆیشت تا گەیشتە شارێك . سۆراغی پسمامی کرد . گوتیان : بە گوێرەی ئەو نیشانەی هەڵی دەدەی ، مەبەستت ئەو دەرزۆزەکەرەیە کە لە کوورخانی فلانە حەمام دەحەوێ .

کچە چوو ، پسمامی دۆزیەوە ، بینی تا قوڕقوڕاگە لــە ئەنیو خۆڵەمیش هەڵکشاوە . تومەز هەرچی بوویەتی فرۆشتوویەو پارەکەی خەرج کردوەو ئێستا دەرۆزە دەکا . کچــە چوو دەستە بەرگێــکو ئەسپێکی بۆ پسمامی کڕی و گوتی : هەستە بچینەوە شاری خۆمان .

**ئێستا با دۆتماو پسمام لێرە جێ بێلین و**

**بچینە سۆراغی حەلیم خان و دایکی ..**

حەلیم خان هــات دیتی دوکان داخــراوەو لەســەر دەرگا نووسراوە :

**حەلیم خان ، بە کچی هاتم و بە کچی ڕۆیشتم .**

**حەلیم خان ، بە سەرڕاستی هاتم و بە سەرڕاستی ڕۆیشتم .**

حەلیم خان لە جێی خۆی وشك بوو . بە هەردوو دەستان لــە سەری خۆی داو چوو بە دایکی گوت : دایە ، نەمگوت شاگردەکەم کچە ؟ ئێستا ئەوە ڕۆیشتوە ( و قسەیەکی ئاوای بە جێ هێشتوە ) .

حەلیم خان هەندێ متەو مووررووی کڕی و خــۆی کردە دێوەرەو کەوتە تاقیبی کچەکە .

کچەو کوڕەش چوون گەیشتنەوە شاری خۆیان . هەر کەــ چووەوە ماڵی خۆی . کچە پارەی خۆی دایە باوکی و گوتی : بابە ، برۆ ئەسپەکەشم لە کن پسمامم بێنەوە .

باو هەستا چوو گوتی : کچەکەم دەڵێ پسمام ئەسپەکەم بداتەوە .

باوك و دایکی کوڕە سەیری یەکتریان کرد بەلام هیچیان نەگوت . باوکی حەفت کچ ئەسپەکەی وەرگرت و بردیەوە . بۆ سبەینێ کچەکە گوتی : بابە ، دەستە بەرگەکەی بەر پسمامم هی منە ، برۆ لێی وەرگرەوەو بۆم بێنەوە .

باو چوو گوتی : کچەکەم دەڵێ پسمام دەستەبەرگەکەم بداتەوە .

دایکو باوکی کوڕە دیسان تەماشای یەکتریان کردو قوڵماتیان نەکرد . کوڕە دەستەبەرگەکەی لەبەر کردەوەو دایە مامیو سەری شۆڕ کرد .

لەولاوەش ، حەلیم خان ڕۆیشـــت تا گەیشتە ئەو شـــارە . کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕاو بە دەنگی بەرز بانگی ڕادەهێشـــتو مورووی دەفرۆشت ، ئێە ! بەڵکو کچە گوێی لە دەنگی بێ .

کچە گوێی لە دەنگی حەلیم خان بوو . دەرگای کردەوە . حەلیم خانی ناسیەوەو هێنایەوە ماڵێو بە باوکی ناساند . حەلیم خان گوتی : کچەکە ، من بۆ خاتری تۆ ئەم هەمـــوو ڕێگایەم بڕیوە . دەبێ مێردم پێبکەی .

باوکو دایکی کچە ڕازی بوونو زەماوەندەکە پێـــک هات . ڕۆژی پاشی ، حەلیم خان دەستی ژنی خۆی گرتو چووەوە کن دایکی .

« کڵاشم دڕا ، چم پێ نەبڕا . »

# ٣ ـ نەدیو بـــدی

هەبوو نەبوو ، کابرایەك هەبوو ناوی ( نەدی ) بوو ژنێـــکی هەبوو ناوی ( بدی ) بوو . ڕۆژێ نەدی بە بدی گوت : بدی ! بدی گوتی : چیە نەدی ؟ فەرموو بڵێ . نەدی گوتی : غەریبی کچەکەمان دەکـــەم . هەستە بچین سەرێکی لێبدەین . لە مێژە نەمدیوە . بدی گوتی : باشە . بەڵام چ دیاریەکی بۆ ببەین ؟ خـــۆ نابێ بە دەســـــت بەتاڵی بچین . نەدی گوتی : با هەویر بکەینو بیکەینـــە سەهێك . ســـبەینێ وەکات بڕۆین .

چلەی زستان بوو ، هەیوەشەو بوو . نەدی گوتی : بەختمان هەیە ، تەندووری خوا پێ‌کراوە پێویست ناکا ئێمە تەندووری خۆمان ســـوور کەینەوە . هەویرەکەیان ئەنگوتك ئەنگوتك بە دیواری حەوشـــــەوە داو چوون نووستن . بەیانی هەویرەکەیان لە دیوار کردەوەو خستیانە نـــاو خورجینە . ئەنگوتکە هەویرەکان لەبەر سەقەمو ساردی وەکو مس سفتو سخ ببوون .

سەروێچکیان لەناو تەندوور تەقەت کردو ســـەریان داپۆشی ، کیســـە پارەبەکیشیان هەبوو لە شوێنێکی باش شاردیانەوە . هاتنـــە دەرەوە ، دەرگەی ماڵەوەیان کلیل داو کلیلەکەیان لەبەر دەرگا لـــە ژێر بەردێك شاردەوەو بە ڕێ کەوتن .

لە ڕێگادا تووشی بابە دەروێشێك بوون . گوتیان : بابە دەروێش ! بابە دەروێش گوتی : بەڵێ .

گوتیان : ئێمە دەچینە سەردانی کچەکەمان . کلیلی دەرگای ماڵەوەمان لەبەر دەرگا لە ژێر بەردێك شاردۆتەوە ، سەرو پێچکمان لە ناو تەندوور داناوەو کیسەی پارەشمان لە فلانە جێ شاردۆتەوە ، نەکەی بچی دەرگا بکەیتەوەو بچیتە ژووریّو سەروپێچکەکە بخۆیو پارەکە دەربێنیو جێی پڕ وردە تاسولقە بکەی ، ها !!

بابە دەروێش گوتی : من ئیشی خۆمم هەیە . خۆتان منداڵ مەکەن . من چ ئیشم بە پارەو سەروپێچکی ئێوە هەیە ؟ بڕۆن ، لەبەر چاوم بزر بن . کورە بزانە تووشی چ بەڵایەك بووم !

نەدیو بدی بە دڵنیایی ڕۆیشتن . بابە دەروێشیش یەکسەر خۆی گەیاندە ماڵەکەیانو دەرگای کردەوەو چوە ژووریّ .

یەکەم جار سەروپێچکەکەی خواردو ئینجا کیسە پارەکەی ڕۆ کردە گیرفانیو ئافتاوێك لەویّ بوو شکاندیو تاسولقەکانی لەناو کیسەکە کردو هاتە دەرەوە .

نەدیو بدی گەیشتنە نزیك شاری کچەکەیان یەکێکیان ڕاسپارد بچێ خەبەر بە کچەکەیان بدا ـ وا دایكو باوکت هاتنە سەردانت .

مێردی کچەکە بازرگان بوو . بازرگانێکی خانەدانو بەناوبانگ بوو . کچە کە خەبەری هاتنی دایكو باوکی پێگەیشت هەناوی بەر بووەوە ، ئاخر ئەگەر دایكو باوکی بە جلی شڕو وڕ بێنە کنی هەر بە تەواوی ئابڕووی دەچێ . لەوەش خراپتر ئەوەیە ئەگەر دەیبابی دیاری بۆ بێنن . بۆیە نۆکەرەکانی نارد . لە ڕێگا نەدیو بدیان گرتو دیاریەکانیان لێسەندنو تووڕیان هەڵدان .. بەڵام بدی سەبکێکی گیرایەوەو لە بن هەنگڵی خۆی شاردیەوە .

هاتن گەیشتنە جێ .

ــــ سەلام‌وعەلیـــــك

ــــ عەلەیکە سسەلام

دانیشتن . کەوتنە قسەو بناشـــتو دەردەدڵ تا مێردی کچـــە هاتەوە . بدی یەکسەر لە زاوا چوە پێش‌و سەپکەکەی دەرهێناو گوتی : دایەت بە گووری ، سەپکێکم بۆ هاوردووی . زۆر سەپکمان کرد بوو بەڵام دزو جەندرمە لە ڕێگا هەموویان لێ‌سەندین .

کچە دەرفەتی نەدا . بە تەڕ دەستی سەپکەکەی لـــە دەست دابکی فڕاندو فڕێی دایە بەر سەگان .

شێویان خوارد . کاتی نووستن داهات . کچـــە بە فەرەواشانی گوت ، جێگەی دایك‌و باوکی لە ژووری هێل‌و مێخەك ڕابخەن .

نەدی‌و بدی ، نیوەشەو ، لەبەر بۆنی هێل‌و مێخەك بە ئاگا هاتن . بدی گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی ؟

بدی گوتی : نازانی چ بود ؟

نەدی گوتی : چ بوە ؟

بدی گوتی : دیارە کیژۆکەکەمان ، دایەی بە گوری ، سەری زۆر قاڵەو ئیشی زۆرە ، نەیپڕژاوە بچێتە ئاودەست ، بۆ دەســـتاو هاتوە لەم ژوورە دانیشتوە . هەستە ئەم شتانە ببەین لە ڕووباریان کەین .

هەستان هەرچی هێل‌و مێخەك هەبوو فڕێیان دایە نـــاو ڕووبارو هاتنەوە بە ڕحەت‌و سحەتی نووستن . کە سبەینە بوەوە ، نەدی‌و بدی پێش هەموان بۆ نان‌و چا خواردن هاتن . بدی کە کچەکەی دی گوتی : وەی دایکت بە قوربانت بێ کیژم ، ئەوە لە ماڵی ئەم دەویت باوکـــە سەرت چەند قاڵە بێ‌ڕاناگەی بچێتە خەلا . شـــەو ، هەموو پیسایی ژوورەوەمان برد فڕێمان دایە ناو ڕووبار .

کچە زوو دەمی گرتن ، لێندگەڕا چیتر لە سەری بڕۆن بۆ ئەوەی مێردەکەی پێ نەزانێ . ئینجا پارەی دایە نۆکـەران ، چوون هێـلو مێخەکیان کڕیو لە ژوورەکەیان دانا بۆ ئەوەی مێردی هەست پێ نەکا .

شەوی دوەم ، کچە بە قەرەواشانی گوت جێیان بۆ لە ژووری ئاوێنەبەند ڕابخەن .

شەو ، نەدیو بدی خەبەریان بوەوە ، ئەوەندەی کردیان خەویان لێنەکەوت . تەماشای ئەم لاو لایان کرد دیتیان لە هەمـوو لاوە ژنو پیاو لێیان مۆڕ بوونەتەوە .

بدی گوتی : نەدی ؟
نەدی گوتی : گیانی نەدی !
بدی گوتی : نازانی چ بوە ؟
نەدی گوتی : چ بوە ؟

بدی گوتی : وەی کچم دایکت مرێ ، تەماشاکە کچەکەمان دوژمنو نەیاری چەند زۆرە . هەستە لێیان دەین ، بیانکوژین ، بەلکو کچەکەمان لە دەستیان بحەسێنەوە .

هەستان ، یەکەو خوتورمەیان پەیدا کرد . کەوتنە بەرێ هەرچی ئاوێنـــە هەبوو هەموویان وردو خاش کرد . کە دیتیـــان کەس نەما تەماشایان بکا ، بدی گوتی : نەدی ، بڕوانە هەموو مردن ، کەس نەما سەر هەلکێشێ .

ئەو شەوە تا سبەینێ خەوێکی شیرینو خۆشیان لێکەوت .

بەیانی کە هەستان ، هاتن نانو چا بخۆن ، بدی بە کچەکەی گوت :

کیژم ، ئەوە تۆ دوژمنو نەیارت چەند زۆرە و ئێمە پێمان نەزانیوە ، ئەم شەو تا بەیانی هەر خەریکی دوژمن کوشتن بووین .

کچە چوو تەماشای ژووری ئاوێنەبەندی کرد ، دیتی نەدیو بدی کاری خۆیان کردوە . زوو نۆکەرەکانی نارد ، ئاوێنەیان هێناو ژووریان ئاوێنەبەند کردەوە بۆ ئەوەی مێردی هەست پێ نەکا .

ئەو ڕۆژەیشیان بردە سەر . شەو وەختی نووستن داهات . کچە بە قەرەواشانی گوت : جێیان لە ژووری قازان ڕابخەن .

نیوەشەو قازەکان بۆ خۆیان کردیانە قیرەقیر . نەدیو بدی واگا هاتن و خەویان لێنەکەوتەوە .

بدی گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی !

بدی گوتی : نازانی چ بوە ؟

نەدی گوتی : چ بوە ؟

بدی گوتی : کچم ، وەی دایکت بکەوێتە سەر تالەشۆر ، کچم ، یانی تۆ ئەوەندە پڕ ئیشی ناپڕژێ چـــاوت لــە قازۆکان بێ و ئەسپێی سەریان بڕۆنی . تۆ سەیر کە ، نەدی ، ئەم قازە بەستەزمانانە چـۆن چۆنی دەگرین . هەستە ئاو بکولێنین و بیانشۆین .

ئاویان لە مەنجەڵێـــک کوڵاند . یەك بە یەك قازەکانیان لــە ئاو هەڵکێشــــاو دەریان‌هێنان و لــە بن دیوار دایـــان نان . قازەکان قیرەیان نەما .

بدی گوتی : نەدی ، دەبینی ، بەستەزمانانە ، داکەوتن .

بەیانی کە هاتن نان و چا بخۆن ، بدی بە کچەکەی گوت : کچم ، وەی دایکت لەبەرت مرێ ، ئەوە لەم کاوڵ بوە ئیشت چەند زۆرە کــە وەختت نیە قازەکانت بشۆی . شەو ئاومان کوڵاندو هەموومان شووشتن ، ئیدی قازەکان وازیان لە گریان هێنا .

کچه به هەردوو دەستان لە سەری خۆی داو گوتی : وەی ، خـوا بۆ خۆیم بباتەوە ... هەی گەمژەینە ، ئەی نازانن قاز شەو بۆ خـۆی قیرەقیر دەکا ؟

دیسان کچە پارەی دایە نۆکەران ، چوون قازیتریان کڕی بۆ ئەوەی مێردی هەست پێ نەکا .

شەوی چوارەم ، جێی نەدیو بدیان لە ژووری نەفت ڕاخست گۆزەیان پڕ نەفت کردبووو لە بن دیوار ڕیزیان کرد بوون .

بدی چاوێکی بە گۆزەکاندا گێڕاو گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی !

بدی گـوتی : کچەکەمان زانیـویە ئێمـه دزوونینو وەختی خۆشووشتنمانە . گۆزەکانی پڕ ئاو کردوە . هەستە ئاو گەرم بکەینو خۆمان بشۆین .

هەستان نەفتیان گەرم کردو بە سەری خۆیان داکرد . هەمـوو لەشیان بوو بە نەفتو دۆشەکو لیفەکانیش لە نەفت هەڵاتن .

بەیانی کە هاتن نانو چای بخۆن دەتگوت سەگی ناو سیانن . کچە کە چاوی بە دەمو چاوی پیسیان کەوت زەندەقی چوو .

بدی گوتی : کچم ، لەبەرت مرم ، تۆ کچێکی چەند ژیرو میهرەبانی ؟ ئەوە چۆنت زانی وەختی خۆشووشتنمان هاتوە . گۆزەی پڕ ئاوت لـە ژووری دانابوو .

کچە گوتی : وەی خوایە ، بمکوژە لە هەوکێ ئەوانەم بکەوە . هەی گەمژەینە ، ئەو گۆزانە نەفتیان تێدا بوو ، نەفت !

ئینجا بە نۆکەرەکانی گوت : زوو ئەمانە ببـەنە حەمامو جوان بیانشۆن و بیانهێننەوە .

کە نەدی و بدی لە حەمام هاتنەوە ، کچە لیٚنەگەڕا بێنەوە ژووریٚ ، هەر لەبەر دەرگا گۆزە دۆشاوێك و چەند مەتر چیت و ئەسپێکی دانێ و گوتی : ئیدی بەسە ، بڕۆنەوە مالی خۆتان .

نەدی و بەدی دۆشاو و چیت و ئەسپەکەیان وەرگرت و کەوتنە ڕێ . دونیا سارد بوو ، تفت هەڵدابا دەیبەست . گەیشتنە شوێنێك زەوی لە بەر ساردی شەقی برد بوو . بدی تەماشای کردو بەزەیی بە زەویەکەدا هاتەوە ، گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی !

بدی گوتی : دەبینی ، ئەم زەویە چــۆن پاژنەی قەلشــنوە ؟ دەلێم با دۆشاوی پێدابکەین بەلکــو نەختێ نەرم بێتــەوەو یەکدی بگرێتەوە .

دۆشاوەکەیان لە زەندۆلەکــە کردو ملی ڕێی خۆیان گــرت . پاش ماوەیەك گەیشتنە بنەدرکێك . بای دەهات و بنەدرکەکە دەهەژابەوە . بدی تەماشایەکی کردو بەزەیی پێدا هاتەوەو گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی !

بدی گوتی : دەبینی ، ئەم درکە بەســـــەزمانە بە ڕووت و قوتی لەبەر سەرما وەستاوە ، چرك و هــۆڕ دەلەرزێ ؟ چۆنە چیتەکــەی بەسەردا بدەین تا سەرمای نەبێ ؟

چیتەکەیان بەسەر بنەدرکەکە داداو ملی ڕێی خۆیان گرت . ڕۆیشتن گەیشتنە قەلێکی شەل . قەلەکە بە لنگەشــەلێ دەڕۆیشــت . بدی تەماشایەکی کردو سکی پێ سووتا ، گوتی : نەدی ؟

نەدی گوتی : گیانی نەدی !

بدی گوتی : ئەم قەلە دەبینی ؟ ئێســـتا بێچوەکانی لـــە مالەوە

چاوەڕێی دەکەن ، دەڵێن داخو دایکمان لە کوێ گیرساوەتەوە ، مردین لە برسـان .

نەدی گوتی : جا دەڵێی چی ؟ چ بکەین ؟

بدی گوتی : چۆنە ئەسپەکەمان بدەینە ئەم قەلە بەڵکو زوو بگاتەوە جێ ؟ ئێمە پێمان ساغو سەلیمە ، دەتوانین بە پێ بڕۆین .

ئەسپیان بەردایە پێش قەلەکەو خۆیشیان ڕۆیشتن .

ماوەیەك ڕۆیشتن ، تووشی بابە دەروێش بوونەوە . گوتیـان : بابە دەروێش .

بابە دەروێش گوتی : بەڵێ !

گوتیان : نەچووبیت سەروپێچکەکەت خواردبێو شـتێکی‌ترت خستبێتە ناو قاپەکە ؟

بابە دەروێش گوتی : نە ، بابە ، نا بۆ من چ ئیشم نەبوە ، هەر بچم سەروپێچکی ئێوە بخۆم ؟

گوتیان : بابە دەروێش ؟

بابە دەروێش گوتی : بەڵێ ؟

گوتیان : نەچووبیت کیسەپارەکەمانت ڕۆ کردبێتە گیرفانی خۆت‌و پڕ تاسولقەت کرد بێ ؟

بابە دەروێش تووڕە بوو گوتی : باوکم ، بڕۆن لەبەر چاوم بزر بن . بە ڕاستی بنیادەمی سەیرن ! ها !

نەدی‌و بدی کەیفخۆش بوون ، گوتیان : بابە دەروێش !

بابە دەروێش گوتی : دەی ، دیسان چ مەرگتانە ؟

گوتیان : نەچی چیتی سەر بنەدرکەکە هەڵبگری‌و ئەسپ لە قەل بسەنی ها ؟

بابە دەروێش خۆی تووڕە کرد ، نەڕاندی : بلوکم ، بڕۆن ، چارەتان بزر کەن . ئێوە وا دەزانن من هیچ کارو کاسبیم نیە ( خـــۆم بە ئیشی ئێوەوە خەریك بکەم ) ؟ بڕۆن ، لەبەر چاوم بزر بن .

نەدیو بدی ڕۆیشتن . بابە دەروێش چوو ، چیستو ئەسپەکەی بۆ خۆی برد .

کە نەدیو بدی گەیشتنەوە ماڵێ ، قاپی ناو تەندووریان دەرهێنا بۆ ئەوەی فراوین بخۆن دیتیان بابە دەروێش دەستی خۆی وەشاندوە . نە سەروپێچك ماوەو نە هیچ . چوون کیسە پارەکەیان دەرهێنا دیتیان پارەکەیان بردوەو کیسەکەیان پڕ تاسولقە کردوە .

بە هەر دوودەستان لە سەری خۆیان داو داکەوتن .

# ٤ ـ هەقایەتی (( ئــاخ ))

هەبوو نەبوو ، بازرگانێك هەبوو ، سێ کچی هەبوو . ڕۆژێ ویستی بۆ بازرگانی بچێتە شارێکی‌تر . بە کچەکانی گوت : چیتان دەوێ بڵێن بۆتان بکڕم . یەکێ گوتی : کراس . یەکێ گوتی : گۆرەوی . کچی هەرە گچکە گوتی : گوڵم دەوێ لە قژم بدەم .

بازرگان چوو . کڕین‌و فرۆشتنی خۆی کــــرد . کراس‌و گۆرەوی کڕی ، بەڵام گوڵی لە بیر چوو . هاتەوە ماڵێ . لە ماڵەوە دانیشتبوون لەناکاو بیری کەوتەوە گوڵی نەکڕیوە ، ( ئاخ )ێکی هەڵکێشا . دەق لەو کاتەدا لە دەرگا درا . بازرگان چوو دیتی یەکێ لەبەر دەرگا وەستاوە ، قوتوویەکی بە دەستەوەیە .

بازرگان گوتی : تۆ کێی ؟

ئەوەی بەر دەرگا گوتی : « ئاخ »م ، گوڵم بۆ قژی کچی بچووکت هێنـــاوە .

بازرگان زۆر کەیفخۆش بوو . گوڵەکەی وەرگرت ، هێنـــای دایە کچەکەی . کچە گوڵەکەی زۆر پێ جوان بوو ، لە قژی خۆی دا .

دوای سێ ڕۆژ ، دیسان لە دەرگا درا . « ئاخ » بوو ، گوتی : هاتووم خودانی گوڵەکەم ببەم .

بازرگان کەوتە بیرو لێکدانەوە ـ چ بکا ؟ چ نەکا ؟ لە ئەنجامدا گوتی : داکت چیا ، بابت چیا ، وەرە واز لەم ئیشە بێنە .

« ئاخ » گوتی : ناکرێ . دەبێ کچەکە هەر ببەم .

ئاخیری بازرگان ناچار بوو کچی گچکەی بە دەستی « ئاخ » سپاردو گەڕایەوە .

« ئاخ » چاوی کچەی بەستەوەو خستیە سەر پاشکۆی ئەسپەکەیو بە ڕێ کەوت .

کاتێ کچە چاوی کردەوە ، خۆی لەناو باخچەیەکی زۆر گەورەو جوان بینی ، هەر بنەگوڵو نەمامێك جۆرە ئاوازێکی لێ هەڵدەستا . « ئاخ » گوتی : ئەمەیە ماڵت .

تا ماوەیەك کچە تەنیا خۆیو « ئاخ »ی دەدی و بەس . نانی دەخوارد ، دەخەوت ، دەگەڕا بەڵام هەمیشە بە تەنێ بوو . ڕۆژێ غەریبی دایكو باوکی هەستا . « ئاخ »ێکی هەڵکێشا . « ئاخ » هات ، گوتی : ئەوە بۆ « ئاخ »ت هەڵکێشا ؟

کچە گوتی : غەریبی دایكو باوکم دەکەم .

« ئاخ » گوتی : سبەی دەتبەمە لایان .

« ئاخ » سبەینێ چاوی کچەی بەستەوەو خستیە سەر پاشکۆی ئەسپەکەیو بردیەوە ماڵی بازرگانەکە . لەبەر دەرگا دایبەزاندو چاوی کردەوەو گوتی : سبەی دێتم دەتبەمەوە .

کچە چوەوە ژوورێ . لەگەڵ ماڵەوە کەوتە ماچو ڕامووسان ، پاشان دانیشتنو کەوتنە قسەو دەردەدڵ . کچە گوتی : بە تەنێ لەناو باخچەیەکدام . تەنیا یەك نۆکەرم هەیەو بەس . هەرچی پێی بڵێم بۆم دەکا . خۆراکیش لە بڕانە .

پووری کچەکەش لەوێ بوو ، گوتی : کچم ، نابێ وا بێ . ئەم ماستە موویەکی تێدایە . بێشك تۆ مێردت هەیە . بۆ خۆت باش بێ بکەوە . ئێستا وەرە پێم بڵێ بزانم شەو کە وەختی نووستن دادێ چیت دەدەنێ بخۆی ؟

کچەکە گوتی : یەك پیالە چا .

پووری گوتی : شەوێك کە چایان بۆ هێنای مەیخــۆرەوە . ئەنگوستت ببڕەو خوێی پێوەرکە بۆ ئەوەی خەو نەتباتەوە . ئینجا سەیر کە بزانە چ دەبینی .

کچە گوتی : باشە .

سبەینێ « ئاخ » هات کچەی بردەوە ناو باخچەی جاران . شـەو داهات . « ئاخ » چای هێنا . کچە بە دزی چایەکەی ڕشتە ژێر ڕایەخ . ئەنگوستی خۆی بڕی و خـــوێی پێ وەرگردو خەوی لە خۆی خســـت . نیوەشەو گوێی لە ترپەی پێیەك بوو . لە بنەوە تەماشای کرد . دیتی «ئاخ» فانوسی بە دەستەوەیەو گەنجێکی وەکو مانگی بە دواوەیەو دێن .

گەنجەکە لە « ئاخ »ی پرسی : خانم حالی باش بوو ؟

« ئاخ » گوتی : بەڵێ ، گەورەم .

گەنجەکە پرسی : چای خواردەوە ؟

« ئاخ » گوتی : بەڵێ ، گەورەم .

« ئاخ » ڕۆیشت . گەنجەکە جلی داکەندو ویستی لە تەنیشـــت کچە ڕابکشێ . کچە قیت بوەوەو گوتی : کابرا ، ئەتۆ کێی ؟

گەنجەکە گوتی : مەترسە ، من سەرداری تۆم .

کچەکە گوتی : ئەدی بۆچی تا ئێستا خۆت پیشان نەدەدام ؟

گەنجەکە گوتی : بنیادەم شیری خاوی خواردوە ، وەفای نیـە وام پێ باش بوو تۆ نەمبینی بەڵام تازە مادام ڕازم ئاشکرا بوو چیـدی خۆم ناشارمەوە .

بەیانی ، نۆکەر هات ئاغا بە ئاگا بێنێ ، گەنجەکە گوتی : برۆ ، بڵێ باخی سنوور ڕازێننەوە دێین ئاشتا دەکەین .

نۆکەرەکە ڕۆیشت . ئینجا گەنجەکەو کچەکە هەستان چوونە باخی سۆرگوڵ . کچە تەماشای کرد ئەو باخە باخێکە دوو چاوی دەوێ هەر تەماشای بکا . سەراپای گوڵو خونچەیە ، لەو گوڵانەی « ئاخ » بۆی هێنا بوو . ویستی گوڵێك بچنێ بەڵام دەستی نەگەیشتێ . گەنجەکە دەستی درێژ کرد بۆ ئەوەی گوڵێك بۆ کچە بچنێ کچە دیتی پەڕێکی بچووك بە بن هەنگڵی مێردەکەیەوە نووساوە ، دەستی گەیاندە پەڕەکەو دەری کێشا . پەڕ بەربووەوە . یەکسەر دنیا بوو بە تەم‌و تومان ، کچەکە بەربووەوەو لە هۆش خۆی چوو . کە وەخۆ هاتەوەو چاوی کردەوە دنیایەکی کش‌و مات بوو ، گەنجەکەش لەوێ ڕاکشا بوو قنیاتی لەبەر برا بوو . « ئاخ »ێکی هەڵکێشا . « ئاخ » هات . کچە گوتی : دەستەبەرگێکی ڕەشم بۆ بێنە .

کچە بەرگی ماتەمی پۆشی‌و لە سەرینکانی گەنجەکە دانیشت‌و کەوتە گریان‌و قورعان خوێندن . کەلکی نەبوو . بە « ئاخ »ی گوت :

بمبە بازاڕ ، بمفرۆشە .

« ئاخ » کچەی برد بە قەرەواشێکی فرۆشت . کچە یەك دوو ڕۆژی لە ماڵە نوێیەکە بردە سەر . دیتی ئەو ماڵە هەموو ڕەشپۆش‌و قەمبارن . لە قەرەواشێکی پرسی : ئەم ماڵە بۆچی ڕەشپۆشن ؟ قەرەواشەکە گوتی : خانم کوڕێکی تاقانەی گەنجی هەبوو ، کوڕەکەی ماوەیەکە ون بوە ، لەو ساوە ئێمە بەرگی ڕەشمان پۆشیوە .

کچە هیچ شەوێك خەوی لێ نەدەکەوت ... هەر بیری لە مێردەکەی دەکردەوە داخۆ دەبێ چارەی چی بێ ؟ شەوێکیان ، وەکو جاران بە خەبەر بوو ، دیتی دایەنی کوڕەکەی خانم فانۆسێکی هەڵگرت‌و چوە دەرەوە . کچە بە دووی دا چوو . دایەن چەند حەوشێکی برد

گەیشتە سەر حەوزێك . لە بنەوە کونی حەوزەکەی کردەوە . ئاوی حەوزەکە هەمووی ڕۆیشت . حەوز بە تاڵ بوو . تاتەبەردێك دەرکەوت . دایەن تاتەبەردەکەی لادا و بە پێپلکان چوە خوارێ و گەیشتە ژێرزەمینێك . کچەکە تا ژێر زەمینەکە بە دوو دایەندا چوو . کوڕێکی گەنجی دی لە چوارمێخە کێشرا بوو .

دایەن بە کوڕەی گوت : بیرت لێ کردەوە ؟ بە قسەم دەکەی یان نا ؟

کوڕەکە گوتی : نەء .

دایەن لێی دوبارە کردەوە کوڕە دیسان گوتی : نەء .

دایەن سێ جار گوتی بە قسەم دەکەی یان نا ؟ کوڕە هەر سێ جار گوتی : نەء .

دایەن شێتگیر بوو . دایە بەر قامچیـــان . دەموچـــاوی هەموو کردە خوێن .

دایەن دەوریەك پلاوی هێنا بوو . بە خورتی دەرخواردی کوڕەی داو کە ویستی بچێتە دەرەوە کچە پێش ئەو چـــوە دەرەوەو گەڕایەوە ناو نوێنی خۆی و خەوی لە خۆی خست .

دایەن بەیانی هەستا چوە حەمام . کچە بە قەرەواشێکی گوت : ئەم شەو خەونێکم دی ، دەڵێم بۆ خانمی بگێڕمەوە بەڵام دەترسم خانم لە خەنی خۆشیان بمرێ .

قسەی کچە دەم بە دەم ڕۆیشت تا بە بەر گوێی خانم کەوت .

خانم کچەی بانگ کردو گوتی دەبێ خەونەکەتم بۆ بگێڕیتەوە .

کچە چوە حزوور خانم و گوتی : خانم ، وەرە نوامەوە تـا خەونی خۆمت بۆ بگێڕمەوە .

یەك یەك بە حەوشەکاندا تێپەڕین . کچە گـــوتی : خانم ، ئەم

حەوش‌و دەرگایانە هەمان حەوش‌و دەرگان کە لە خەودا دیمن . ئەمەش حەوزەکەیە . خۆیەتی . ئێستا فەرمان بدە ئاوەکــە بەر بدەنەوەو حەوزەکە بەتاڵ بکەن بزانم ئەوەی‌تریش ڕاست دەردەچێ یان نا ؟

سەرتان نەیەشێنم چوون گەیشتنە ژێرزەمینەکــە . کوڕە گوتی لە ترپەی پێیان بوو هاواری کرد : هەی نامەسەن . هاتنی شەوت بەس نەبوو بە ڕۆژی ڕوناکیش دێی ؟

خانم دەنگی کوڕەکەی ناسیەوە . غاری دایە ســـەری‌و باوەشی پێدا کرد . کچەکە گوتی : خانم ، عەینی ئەو کوڕە بوو لە خەودا دیم .

کوڕەیان لە ژێرزەمین دەر هێنا . شووشتیان ، پاکیان کردەوە ، دختۆریان هێنا برینەکانی تیمار کرد . ئینجا کوڕە سەربردەی خــۆی گێرایەوە ـ چۆن دایەنەکە بردبووی ، خستبوویە زیندان . لەو کاتەدا ، لە دەرگا درا . خانم زانی دایەنە هاتەوە . گوتی : بڕۆن دەرگا بکەنەوە .

دایەن چەند جارێك لە دەرگای دا ئینجــا قەرەواش کردیانەوە . کە دایەن پێی لە حەوشە نا ، هەموو نۆکەرو قەرەواشەکانی گــرتە بەر جوێن‌و قسەی ناشیرین ، گوتی : ئەوە لە چ گۆڕێك نێژرا بوون نەدەهاتن دەرگا بکەنەوە ، ئەوە سەعاتێکە لە دەرگا دەدەم .

دایەن کە چاوی بە کوڕەکە کەوت یەکسەر ڕەنگی وەك قاقەز سپی بوو . خانم فەرمانی دا دایەنیان پەل‌پەل کردو فڕێیان دایە بەر سەگان . ئینجا بە کچەکەی گوت : دەمەوێ مێرد بە کوڕەکەم بکەی .

کچەکە گوتی : من ناتوانم مێرد بکەم . دەبێ عیدەم بچێ ، ئینجا . کچە دەیزانی دەرمانی دەردی لێرە نیە . « ئاخ »ێکی هەڵکێشا . « ئاخ » هات . کچە گوتی : بمبە سەرینگانی مێردەکەم .

کچە دیسان ماوەیەکی زۆر لە سەرینگانی گەنجەکە دانیشــتو

قورعانی خوێندو گریا . ئینجا به « ئـاخ »ی گوت : بمبه ، بمفرۆشه .

« ئاخ » دوباره کچه‌ی فرۆشـــت . ئه‌مجاره‌ش ماڵی ئاغاکـــه‌ی تازیه‌دار بوون . کچه پرسی : مه‌سه‌له چیه ؟ گوتیان : چه‌ند ساڵه خانم بێچوه ئه‌ژدیهـــایه‌کی بوه . خســـتوویانه‌ته ژێر زه‌مین . ئه‌ژدیهـــا ڕۆژ به ڕۆژ گه‌وره‌تر ده‌بێ . به‌ڵام خانم نه دڵی دێ بیکوژێو نه ده‌وێرێ سره‌که‌ی ئاشکرا بکاو به خه‌ڵك بڵێ ئه‌ژدیها بێچووی خۆیه‌تی .

ڕۆژێ ، کچه به خانمی گوت : خانم ، چه‌ند خۆشه فرێم ده‌نه به‌ر ئه‌ژدیها بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌ژدیها بمخوا .

خانم گوتی : کچێ ، قسه‌ی وا چۆن ده‌که‌ی ؟ خۆ شێت نه‌بووی ؟!
کچه‌که ئه‌وه‌نده مکوڕ بوو خانم ناچار بوو به قسه‌ی بکا .

کچه گوتی : بمخه‌نه ناو پێسته‌یه‌كو زارکی ببه‌ستنو فرێم ده‌نـه به‌ر ئه‌ژدیها .

کچه چی گوت وایان کردو فڕێیان دایه به‌ر ئه‌ژدیهـــا . ئه‌ژدیهـــا تەماشایه‌کی پێسته‌که‌ی کردو گوتی : کچه‌که ، له‌و پێسته وه‌ره ده‌رێ تا بتخۆم .

کچه گوتی : خۆت بۆ له‌و پێسته‌یه ده‌رنایه‌ی ؟ منیش ده‌رنایه‌م . یه‌که‌م جار تۆ له پێسته‌که‌ت وه‌ره ده‌ره‌وه .

ئه‌وه‌نده‌ی ئه‌ژدیها هه‌وڵی دا کچه قبووڵی نه‌کرد . ئاخـــیری ئه‌ژدیها ناچار بوو له پێسته‌ی خۆی بێته ده‌ره‌وه . که له پێسته‌ی خۆی هاته ده‌ره‌وه کوڕێ بوو ده‌تگوت مانگه . ئینجا کچه‌ش له پێستی خـۆی هاته ده‌ره‌وه‌و به دوو قۆڵی دانیشتنو ده‌ستیان به قسه کرد .

له‌ولاوه‌ش ، ماوه‌یه‌ك پێچوو ، هیچ هه‌ستو خوست نه‌بوو ، خانم به قه‌ره‌واشانی گوت : ده بڕۆن بزانن ئه‌و کچه به‌سته‌زمانه چی به‌ســه‌ر

هات . قەرەواش لە کولانکە تەماشایان کرد ، دیتیان ئەژدیهـای چی ؟ کچە لەگەڵ کوڕێ دانیشتوە هەر دەڵێی مانگە . مژدەیان بۆ خانم برد . خانم خەنی بوو . چوون کوڕەو کچەیان هێنا لای خانم . خانم گـوتی : ئێوە بۆ یەکتر باشن . وا چاکە ببن بە ژنو مێرد .

کچە گوتی : دەبێ ڕاوەستن تا عیدەم دەچێ ، پاشـان زەماوەند دەکـــەین .

کچە دەیزانی دەرمانی دەردی لێرە نیە . « ئاخ »یکی هەڵکێشا . « ئاخ » هات . کچەکە گوتی : ئاغا هیشتا هەر خەوتوە ؟ « ئاخ » گوتی : چۆنت دی بوو ، بەو دەقە خەوتوە .

کچە دیسان لەگەڵ « ئاخ » چوو ، لە سەرینگانی مێردی دانیشت . ماوەیەك قورعانی خوێندو گریا . ئینجا گـــوتی : « ئاخ » ، بمبـــە ، بمفرۆشە .

ئەم جارە کابرایەکیتر کچەی کڕیو بردیەوە . قەرەواشەکانی ماڵێ گوتیان : دەستووری ئەم ماڵە وایە ، ئەو قەرەواشەی بە نوێتی بێ ، شەوی یەکەم لە پێینگانی ئاغاو خانم دەخەوێ .

نیوەشەو ، کچە بە ئاگا هات . دیتی خانم هەستا چوو شمشێرێکی هێناو گۆشاو گۆش سەری ئاغای بڕیو وشکی کردەوەو لەسەر تەقچکە داینا . ئینجا خۆی خەملاندو بە حەفت قەڵەم خۆی ئارایش داو جلی کردە بەرو بۆی دەرچوو . نۆکەر دوو ئەسپی لەبەر دەرگا ڕاگرتبوو . بە دوو قۆڵی سوار بوونو ڕۆیشتن . کچـــە کەوتە دوایانەوە . لـــە دەرگایەکیان داو چوونە ژوورەوە . چـــل دز بە ئەڵقە دانیشتبوون . سەرۆکی چلدزەکە گوتی : ئەوە بۆ تاخیر بووی ؟

ژنەکە گوتی : چ بکەم ؟ سەگباب خەوی لێنەدەکەوت . دە بیکوژن

با له دەستی ڕزگار بم . ئینجا کەوتە ســـەماو هەڵپەڕکێ وڕابواردن تا بەرەبەری بەیانی . بەیانی کچە لە پێش خانم گەڕایەوە ماڵێو لەناو جێ ڕاکشاو خەوی لە خۆی خست . ژنە هاتەوە . قوتوویەکی هێنا ، پەڕێكو هەندێ ڕۆنی لێ دەرهێنا . سەری مێردەکەی بە ملیەوە نووساندو بە پەڕەکە هەندێ ڕۆنی لێ هەڵسوی . کابرا پژمیو بەخـــەبەر هات ، گـــوتی : حورمێ ، ئەوە کێوە چووبووی لەشت وا سارده ؟

ژنە گوتی : سکم دەچێ . چما تۆ چ ئاگات لەمن هەیە ؟!

شەوی دوەم کە وەختی نووســـتن داهات ، کچە گـــوتی : من ئەمشەویش لە پێینگانی ئاغاو خانم دەخەوم . نیوەشەو ، ژنە وەکـــو شەوی پێشوو سەری مێردەکەی بڕیو بە جێی هێشتو ڕۆیشت . کـە ئەو ڕۆیشت ، کچە هەستاوە سەری کابرای بە لەشیەوە نووساندەوە ، کابرا پژمیو بەخەبەر هات . دیتی ژنەکەی نەماوە .

کچەکە گوتی : من دەزانم ژنەکەت چۆتە کوێ ؟ هەســـتە بچین نیشانت بدەم . هەستان چوونە شوێنەکەی شەوی پێشوو . کابرا دیتی چلدز بە ئەڵقە دانیشتوونو ژنەکەیشی ســـەمایان بۆ دەکا . ویستی لێیان بە ژوورێ کەوێ بەڵام زانی باریان نابا . چوە تەویلە . ئەسپەکانی بەردایە گیانی یەکتر . بوو بە هەراو هۆریا . خۆیشی چوو لە پەنا دەرگا ڕاوەستا . هەر کەسێ هاتە دەرێ شمشێرێکی لێداو سەری لێکردەوە ، تا هەمووی کوشتن مایەوە ژنەکەیو ســـەرۆکی دزان . هەڵی کوتایە ژوورەوەو ئەوانیشی کوشت . ئینجا دەستی کچەی گرتو هاتەوە ماڵێ . لە ماڵێ بە کچەکەی گوت : وەرە مێـــردم پێ بکە . هەمـــوو ماڵو سەروەتم بۆ تۆ .

کچە گوتی : نەء ، دەبێ بڕۆم . قووتی‌و پەڕەکەم بدێ بەسمە ، دەڕۆم .

بازرگان قوتوە ڕۆنەکەی دایە کچە . کچە « ئاخ »ێکی هەڵکێشا . « ئاخ » هات . کچە گوتی : ئاغا ئێستاش هەر نووستوە ؟

« ئاخ » گوتی : چۆنت دی بوو بەو دەقە نووستوە .

کچە گوتی : بمبە سەرینگانی .

ئاخ کچەی بردە باخەکە . بردیە سەرینگانی مێردی . کچە قوتوەکەی دەرهێناو هەندێ ڕۆنی لە بن هەنگڵی کوڕەکە دا . کوڕە پژمی‌و هەستایەوە ، درەختەکان دوبارە گوڵیان داو باڵندە کەوتنە خوێندن . کوڕەش کچەی گرتە باوەش‌و ماچی کرد .

ئێوە خۆش‌و من سەلامەت .

## ٥ ـ کچـە دورزیو کورە پاشا

هەبوو نەبوو ، کابرایەکی دورزی هەبوو . ماوەیەك بوو ژنی هێنا بوو بەڵام هیچ منداڵیان نەبوو . ڕۆژێ ، دەرویشـێك هاتە بەر دەرگاو سێوێکی دانێ کە ژنە بیخواو منداڵی ببێ . ژنە سێوەکـەی خوارد ، ماوەیەك پێچوو سکی بوو . کە پاش نۆ مانگ سکەکەی دانا ، منـداڵ نەبوو ، کودوو بوو .

مانگ هاتو چوو ، ساڵ هـاتو چوو . کابرای دورزی هەموو ڕۆژێ بۆ ئیش دەچوە ماڵی پاشا بەڵام ژنەکەی لـە ماڵەوە دەمایەوەو باری لەگەڵ کـودوەکە دەکرد ـ کـودوەکەی لە پێش خۆی دادەناو هەڵیدەپەڕاند . کە ماندووش دەبوو کودوەکەی لە دەلاقە دادەنا .

ڕۆژێ ، کوڕی پاشا لە شانشین دانیشتبوو سەیری دونیای دەکرد ، لەناکاو چاوی بە کچێکی جوان کەوت لەناو شینکە دانیشتبوو ڕێحـانەو تەرەتیزەی دەچنیو دەیخوارد . کوڕی پاشا نەك بە دڵێك ، بە سەد دڵ ئەشقی کچی دورزی بوو . بانگی کرد : هۆ کچی دورزی ، هۆ دورزیزادە ، شینکە چەندی ڕێحانە تێدایە ؟

کچە سەری قنیت کردەوەو گوتی : هۆ کوڕی پاشا ، هۆ پاشازادە ، ئاسمان چەندی ئەستێرە تێدایە ؟

کوڕی پاشا وەڵامی پێنەدرایەوە . بە پەستو غەمگینی گەڕایەوە . نەخۆشی زۆری بۆ هێنـاو کەوتە ناو جێ . حەکیمیان هێنـا چاك نەبوەوە . ڕەنگی وەك زەعفەران زەرد ببوو . ئاخـیری درکاندی کـە ئەشقی کچی دورزی لە سەری داوە . پاشـا ئەمری کـرد ، کابرای

دورزیان هێنا . بە دورزی گوت : دەبێ کچەکەت بدەیتە کوڕی من .
دورزی گوتی : من هەر مندالم نیە ، جا چ جای کوڕ بێ یان کچ .

ماوەیەك پێچوو ، کوڕی پاشا نەختێ چاك بووەوە لەناو جێ هاتە دەرێ . خۆی کردە حەلوافرۆش . قیرتەبەقێکی پڕ حەلوا کرد ، لەسەر سەری خۆی داناو چوە بەر دەرگای مالی دورزیو بانگی حەلوای ڕاهێشت .

کچە دورزی دەرگای کردەوەو گوتی : هۆ حەلوافرۆش ، حەلوافرۆش ، حەلوات بە چەندێ ؟

کوڕی پاشا گوتی : حەلوا بە دوو ماچ .

دوو ماچی لە کچە کردو حەلوای دایەو ڕۆیشت . بەیانی ، چوە شانشینو تەماشای مالی دورزی کردو دیتی کچە لەناو شینکە دانیشتوە ، ڕێحانەو تەڕەتیزە دەچنێو دەیخوا ، بانگی کرد : هۆ کچی دورزی ، هۆ دورزی زادە ، شینکە چەندی ڕێحانە تێدایە ؟

کچە دورزی گوتی : هۆ کوڕی پاشا ، هۆ پاشازادە ، ئاسمان چەندی ئەستێرە تێدایە ؟

کوڕی پاشا گوتی : هۆ کچی دورزی ، هۆ دورزیزادە ، لەگەل حەلواو ماچ چۆنی ؟

کچی دورزی وەلامی پێنەدرایەوە .

کوڕی پاشا ئەم جارە بە کەیفخۆشی چوەوە مالێو گوتی دەبێ کچی دورزیم بۆ بێنن .

پاشا دوبارە فەرمانی دا کابرای دورزیان هێنا . کابرای دورزی گوتی : من هەر مندالم نیە . جا چ جای کوڕ بێ یان کچ .

کوڕی پاشا نەخۆشی زۆری بۆ هێناو کەوتە ناو جێ . ڕۆژ بە ڕۆژ نەخۆشیەکەی گرانتر بوو .

رۆژێ ، کچی دورزی لەناو کودوو هاتە دەرێ ، پێستەبزنێکی لەبەر خۆی هەڵکێشاو دەموچاوی ڕەش کرد . گولینگی بە سەروچاوو بە هەموو تیسکی لەشی وەگردو دەسرۆکێکی پڕ تەرسەقولی بە دەستێکەوە گرتو تەزبیحێکی کشپلی بە دەستەکەی ترەوە گرتو چوە لای کوڕی پاشا .

کوڕی پاشا کە چاوی پێ کەوت ، زەندەقی چوو ، ویستی هاوار بکا . کچی دورزی گوتی : ئەگەر غیرەتت هەیە هاوار بکەتا ڕۆحت بکێشم ، من عزرائیلم . ئەگەر حەز دەکەی ڕۆحت نەکێشم دەبێ هەموو تەرسەقولی ناو ئەم دەسرۆکەیە بخۆیو ئەم تەزبیحەش بە دەستەوە بگریو تەزبێحاتی پێ بکەی .

کوڕی پاشا ڕازی بوو ، کچە چی گوت وای کرد . ئینجا کچە کوڕیپاشای جێهێشتو گەڕایەوە ماڵێ .

دوای نەختێ ، خەڵك هاتن تەماشایان کرد کوڕی پاشا تەزبێحێکی کشپلی بە دەستەوەیە ، تەزبێحاتی پێ دەکا . پرسیان : ئەوە چیە ؟

کوڕی پاشا چی بەسەر هاتبوو هەمووی گێڕایەوە .

ماوەیەك بەسەر چوو ، کوڕە نەختێ باشتر بوو ، چوو لە شانشین دانیشت . کچی دورزی بینی وەکو جاران لەناو شینکە دانیشتوە ، ڕێحانەو تەڕەتیزە دەچنێو دەیخوا . کوڕی پاشا گوتی : هۆ کچی دورزی ، هۆ دورزیزادە ، شینکە چەندی ڕێحانە تێدایە ؟

کچی دورزی گوتی : هۆ کوڕی پاشا ، هۆ پاشا زادە ، ئاسمان چەندی ئەستێرە تێدایە ؟

کوڕی پاشا گوتی : هۆ کچی دورزی ، هۆ دورزی زادە ، لەگەڵ حەلواو ماچ چۆنی ؟

کچی دورزی گوتی : هۆ کوڕی پاشا ، هۆ پاشازاوه ، لەگەل عزرائیلو ڕۆح کێشانو تەرسەقول خواردن چۆنی ؟

کوڕی پاشا وەلامی پێ نەدرایەوە . سەری دانەواندو چووە مالێو بە باوکی گوت : دورزی کچێکی هەیە لە ژوورەوە دەیشارێتەوە ، دەبێ ئەو کچەم بۆ بێنن .

پاشا فەرمانی دا کابرای دورزیان هێنا ، پێی گوت : دورزی ، تۆ بۆچی لاملی دەکەی ، کچی خۆت نادەیتە کوڕی من ؟ باشە ، کوڕی من چ عەیبی هەیە ؟

دورزی گوتی : پاشا ، من هەر منداڵم نیە ، چ جای کوڕ بێ یان کچ .

ئەم جارە ، پاشا فەرمانی دا بچن مالی دورزی بپشکنن . چوون ، هەموو کونو قوژبنێکیان پشکنی ، کچی دورزیان نەدۆزیەوە . گەڕانەوە گوتیان : پاشا ، چ کچمان نەدۆزیەوە . تەنیا کودوویەکیان هەبوو لە دەلاقەیەکیان دانا بوو .

کوڕی پاشا گوتی : ئەوەی هەیە لە بن سەری ئەو کودوەدایە ، بڕۆن بیهێنن .

چوون کودووشیرنەیان هێنا . کوڕی پاشا شمشێرێکی لێ داو کودووی شەق کرد . کچی دورزی لەناو گودوەکە هاتە دەرێ کوڕە هامێزی تێ وەرهێناو ماچی کرد .

کابرای دورزیو ژنەکەیشی خەنی بوون کە زانیان ئەوانیش منداڵیان هەیە .

پاشا فەرمانی دا حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕا .

لە مالان مۆمو لە شاخان گوێنیان داگیرساندو بوو بە زەماوەندێکی بێ هاوتا .

# ٦ ـ وشترو ڕێوی

ڕۆژێ ، وشتر بە ڕێدا دەڕۆیشت ، ڕێوی لەبەر دەمی پەیدا بوو .
لەگەڵ وشتر کەوتە ململانەو گوتی : وشتر ، ڕاوەستە ، ڕۆژێ دێ تۆش دەخۆم ، دەشبینی ؟!

وشتر پێکەنی بەڵام هیچی نەگوت . چوە دوای ئیشی خـۆی .
نەختێ ڕۆیشت ، لە دڵی خۆیدا گوتی : با بچم لەبەر کونی ڕێوی خـۆم بمرێنم بزانم ڕێوی چ دەکا !

وشتر چوو لەبەر کونی ڕێوی ڕاکشاو خـۆی مراند . ڕێوی هاتە دەرەوە .

پەککو ! ئەمە وشـــــترە مردوە ؟ لە کـــــوێش ؟ لەبەر دەرگای کونەکەی خۆی .

ڕێوی قەپی لەم لاو لەو لای وشتر گرت بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە .
وشتر پرزەی لە خۆی بڕی‌و جوولەی نەکرد . ڕێوی زەوقی هەســتا ،
لە دڵی خۆیدا گوتی : تازە ڕۆحی لەبەردا نەماوە ، مردوە ، بەڵام ئەگەر لێ بگەڕێم لێرە بکەوێ ، دڕندەو جانەوەری بیابان دێن دەیخـــۆن‌و یەك پاروو بۆ من نامێنێ . وا چاکە کلکی لە کلکی خۆم ببەســتم‌و ڕایکێشم ببیمە ناو کونەکەم .

بەم جۆرە ڕێوی کلکی وشتری لە کلکی خۆی بەست و بۆ تالی کردنەوە چەند جارێك توند توند ڕایکێشا بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاکێشاندا گرێی نەبێتەوە .

وشتر تا ئێستا خۆی لە گوورە نەبردبوو ، ئێستا کە زانی ئیش تەواو بوو ، یەکسەر قیت بوەوەو ڕێوی بە کلکیدا شۆڕ بوەوەو گەوڵەکانو خۆڕاپسکان . نەختێ بەم حاڵە ڕۆیشتن تووشی گورگ هاتن .

گورگ کە ڕێوی بەم حاڵە بینی پێکەنی و گوتی : جەنابی ڕێوی ، ماشەللا بەم هەیبەتو هووتو تەنتەنەیە ، بۆ کوێ دەچی ؟

ڕێوی گوتی : هێشتا خۆیشمان نازانین . دامێنی ئەم گەورەیەمان گرتوە بزانین دەگەینە کوێ ؟

# ٧ ـ خـــرپن

هەبوو نەبوو ، خوشك‌و برایەك لـە شارێك هەبوون ، لـە داری دنیادا هیچیان نەبوو . برا سبەینان زوو لە خەو هەڵدەستا ، تیرو کەوانی هەڵدەگرت‌و دەچوە ڕاوو شكار . مامزێ ، تەیرێ ، شتێكی ڕاو دەكردو دەیهێنایەوە ، بە دوو قۆڵی لەگەڵ خوشكی دەیانخوارد . هەموو ڕۆژێ ، بەرەبەری ڕۆژاوا ، خوشكە تا سەری كۆڵانێ بە پیر برایەوە دەچوو . ئەسپی لێ وەردەگرت ، دەیبردە تەویلەو ئالیكی لەبەر دەكردو دەگەڕایەوە لای برای . ئینجـــا شێویان دەخواردو قسەو دەردەدڵیـــان دەكردو دەخەوتن .

ڕۆژێ ، برا وەكو ڕۆژان چوبوە ڕاوێ ، كچە چوە ســـەر لێوی بیر ، دەنگێك لە بنی بیرەكەوە دەهات . كچە داهاتەوەو گوتی : تۆ چیت ؟ بنیادەمی ؟ حەیوانی ؟ هەرچی هەی بڵێ .

دەنگی بنی بیرەكە وەڵامی دایەوەو گوتی : پەڵێ شـــۆڕ كەوە ، هەڵمكێشە ، تا پێت بڵێم چیم .

كچە ئەم لاو ئەو لای پشكنی . هیچ پەڵی نەدۆزیەوە . چارۆكەی لەسەر كردەوەو شۆڕی كردەوە ناو بیرو بە نیخەنیخ هەڵیكێشا . كـــە هەڵی‌كێشا بینی دێوێكی زەردو بەدفەساڵ سەری چارۆكەكەی گرتوە .

كچە قیژاندی‌و ویستی ڕابكا ، بەڵام دێوەكە دەستی گرت‌و گوتی : وەرە ، بۆ كوێ هەڵدێی ؟ تازە مادام منت لە بیر هێنـــایە دەرێ ، دەبێ

ببی به ژنی من . ئەوەندەی کچە نارەزایی پیشان دا دێوە هەر پێی داگرت . ئاخیری دێوەکە گوتی : ئەگەر مێردم پێ نەکەی تۆش دەکوژم ، براشت دەکوژم .

کچە چاری ناچار بوو قبوولی کردو بوو بە ژنی دێوەکە .

هەموو رۆژێ کە برا بەرەبەری رۆژاوا دەهاتەوە ، دێوە خۆی لە کەلەنێك دەشاردەوە بۆ ئەوەی برا نەیبینێ . بۆ بەیانیش کە برا دەچوە شکار دێوە دەهاتە دەرەوە .

رۆژێ ، دێوی زەرد بە کچەی گوت : چیتر حەوسەلەم نیە خۆم لە کونو قوژبنان بشارمەوە . دەبێ ماوەیەك برات بە دوای نۆکی‌رەشدا بنێرین تا نەختێ ئاسوودە بین .

کچە گوتی : ئاخر من لە داری دونیا لەو برایەیە زیاتر کەسم نیە . ئەگەر ئەویش بچێو بەلایەکی بەسەر بێ چ تورێ بەسەری خۆم بکەم .

دێو گوتی : قسەی وا لە کن من نارەوا . دەبێ خۆت نەخۆش بکەی ، عەسرێ کە برات هاتەوە پێی بڵێ نەخۆشمو خەڵك دەڵێن دەرمانی دەردم ترێی باخی دێوی سپیە .

کچە لە داخان تا بەرەبەری رۆژاوا گریا . کە برای هاتەوەو خوشکی بەم حاڵە بینی پرسی : خوشکم ، ئەوە چ بوە ؟ ماوەیەکی زۆرە تۆ خوشکەکەی جاران نیت ، عەسران بە پیرمەوە نایەی ؟ ئاخر بۆ وا گۆڕاوی ؟

خوشکە گوتی : برام ، بچت لێ بشارمەوە ، ماوەیەکە ژانەسکمە . دەروداوسێ دەڵێن چارەت ترێی باخی دێوی سپیە .

برا گوتی : خوشکم ئەم شەو مۆڵەتم بدە . بەیانی هەڵدەستم

دەچم لە هەر شوێنێ بێ ، ئەگەر تا بنی دونیاش چووبم ، هەر بۆت پەیدا دەکەم .

بەیانی هێشتا زەردەی نەدابوو . برا لە خەو ڕابوو ، سواری ئەسپ بوو و ڕۆیشت . ڕۆیشت تا گەیشتە باخی دێوی سپی . ئەسپەکەی لەبن دیوار بەجێهێشت ، خۆی بەسەر دیوار کەوت ، بەڵام هەر هێندە پێی بە باخەکە کەوت یەکسەر دێوی سپی بە نەعرەتە لە پێشی پەیدا بووو گوتی : هەی حەرامزادە ، بۆ هاتیتە ئێرە ؟ هەر ئێستا سەرت لە لەشت جودا دەکەمەوە .

کوڕە شالاوی بۆ بردو توند کەمەری گرت . دێوەش خنخنۆکی کوڕەی گرت . بوو بە پڕکێش و کێشمەکێش . ئاخیری کوڕە دێوەی بڵند کردو لەسەر سەری خۆی داناو بە عەردی داداو چۆکی لەسەر سنگی دا .

دێوە گوتی : بە ڕاستی پاڵەوانێکی ئازای ، بەڵام وا چاکە جارێکیتریش لە عەردم بدەی .

کوڕە گوتی : ئەمە عادەتی ئێمە مانان نیە . ئێمە هیچ کەسێك لە یەك جار زیاتر لە عەرد نادەین .

کە دێوە نائومێد بوو ، لە ناخەوە نەعرەتەیەکی وای لێدا دێوی زەردی برای لە ماڵەوە گوێی لە دەنگی بووو بە کچەکەی گوت : ئای پشتم شکا ، برات برای کوشتم .

کچە دڵی خۆش بوو، نەختێ پشووی هاتەوە بەر .

کوڕە دێوەکەی کوشت . هەندێ ترێی لێکردەوەو گەڕایەوە . ترێکەی دایە خوشکی و گوتی : فەرموو خوشکم بخۆ ، ئەم ترێیە بخۆ بە دەرمانی دەردت بێ .

دە ، پازدە ڕۆژی پێچوو . دێوی زەرد دوبارە کەوتە پۆلەپۆل ،
گوتی : دەبێ برات هەر بە فەتارەت بدەم . من حەوسەڵەی ئەم جۆرە
زیانەم نیە . دیسان خۆت نەخۆش کەو بە برات بڵێ خەڵك دەڵێن شووتی
باخو شینایی دێوی ڕەش دەرمانی دەردمە .

برا کە بە دەردی خوشکی زانی ، سبەینێ زوو سوار بوو کەوتە
ڕێ . ڕۆیشت تا گەیشتە باخی دێوی ڕەش . بە سەر دیواری باخەکە
هەلکەڕا بەڵام هەر هێندە پێی بەناو باخەکە کەوت دێوی ڕەش لە پێشی
پەیدا بوو پێی‌گوت : هەی حەرامزادە تۆ و ئێرە ؟ باڵدار ناوێرێ بێرەدا
تێبپەڕێ ؟ هەر ئێستا دەتکەمە پاروەك .

کوڕە لەگەل دێوەکە کەوتە دەستەویەخە . ئاخیری دێوەی لەسەر
سەری خۆی داناو بە عەردی داداو سواری سەر سنگی بوو . دێوە
ناورایەوە : جارێکی‌تریش لە عەردم بدە ئینجا بمکوژە .

کوڕە گوتی : لای ئێمە دوو جار دوژمن لە عەرد دان عادەت نیە .
ئێمە تەنیا یەك جار دوژمن لە عەرد دەدەین‌و بەس .

دێوە نەعرەتەیەکی وای لە ناخی دڵەوە لێدا ، دێوی زەردی برای
لەماڵەوە گوێی لە نەعرەڵەی بوو بە کچەکەی گوت : چارەم نەما ! برات
براکەی‌تریشی کوشتم ، بە تەنێ مامەوە .

کچە زۆر شادومان بوو .

برا دێوی ڕەشی کوشت . دوو سێ شووتی لێ‌کردەوەو گەڕایەوە
لای خوشکی . شووتیەکانی دایەو گوتی : خوشکم ، فەرموو بخۆ . ئەم
شووتیانە دەرمانی دەردت بن .

بلێش چەند مانگێك ، کچە منداڵێکی بوو . کە منداڵی بوو زراوی
چوو : چ بکەم ؟ چ نەکەم ؟ چ جوابی برام بدەمەوە ؟

عەسر ، برا شل‌و شەکەت بەرەو ماڵ بوەوە . بە پێچەوانەی هەموو جارێ ، ئەم جارە خوشکی نەچوە پێشوازی . برا هات دیتی خوشکی ئەوەی ڕەنگ بێ لە ڕووی نەماوە ، پێی‌گوت : خوشکم ، ئەوە دیسان چ بووە ؟ قاتی دیسان نەخۆش نەکەوتووی ؟

کچە گوتی : خوا لەسەر ڕانی ئاگا لێیە ، لێت ناشارمەوە . بە پێرنەوە هاتم دیتم کۆرپەیەك لەسەر ڕێ کەوتبوو ، سکم پێ‌سووتا ، هەڵمگرت‌و هێنامەوە . ترسی ئەوەمە نەکوو تۆ لێم بدەی کە بۆچی ئەم کۆرپەیەم هەلگرتۆتەوەو هێناومەتەوە .

برا سەرنجێکی لە کۆرپەکەدا دیتی کۆرپەیەکی خشکۆك‌و خەپەتۆلەیە ، خۆشەویستی بۆ بزووت ، گوتی :ـ خوشکم ، ئیشێکی باشت کردوە ئەم کۆرپەیەت هەلگرتۆتەوە .

ناویان لە منداڵەکە نا : « خرپن » .

ڕۆژ هات‌و چوو ، مانگ‌و ساڵ هاتن‌و چوون . خرپن فراژی بوو . عەسران ، کە کوڕە لە ڕاوو شکار دەهاتەوە ، خرپن بەغار دەچوە بەرایی‌و بە خالۆ گیان خالۆ گیان پێشوازی دەکرد . ئینجا ئەسپی لێ‌وەردەگرت ، دەیبردە تەویلەو کاوجۆی لەبەر دەکردو دەگەڕایەوە .

ڕۆژێ خرپن لە دایکی پرسی : دایە ، ئەدی کوا باوکم ؟ کچە هەرچی وەلامێکی دایەوە خرپن نەچوە ئەقلی . ئاخیری کچە ناچار بوو لەسەر هەتا پیواز هەمووی بۆ خرپن گێڕایەوە . ئینجا پێی‌گوت : نەکەی لە دەمت دەربچێ‌و بە خالت بڵێی ، ها ؟

ڕۆژێکی‌تر ، دێوە دوبارە کەوتە پرتەوبۆڵە : من لێرە بە تاقی تەنێم . وەڕس دەبم . ئاشمەوێ واز لە تۆ بێنم‌و بڕۆم . وەرە ئەم ژەهرە بگرەو بۆ برات لە خواردنی بکە بەشکەم لە دەستی ڕزگار بین .

کچە گریا ، پاڕایەوە ، بەڵام دێوە دڵی نەرم نەبوو وازی نەهێنا . بە ڕێکەوت خرپن لە پەنا پەردەوە گوێی لە قسەکانیان بوو . عەسر ، کە خاڵۆی لە ڕاووشکار هاتەوە غاری دایە بەرایی‌و گوتی : خاڵۆ ، تا من نێمە سەر خوان تۆ دەست بۆ خواردن مەبە .

ئەو حەلە ئەسپەکەی بردو لەسـەر ئاخوڕ بەسـتیەوەو کای لە پێش کردو خێرا هاتەوە . دایک‌و خاڵۆی لەسەر خوان چاوەڕێیـان دەکرد . خرپن لە حەوشە توولەسەگێکی گرت‌و لەگەڵ خۆی هێنـایە ژووریَ . یەکەم شت گوتی : خاڵۆ ، شتیَ بدە سەگەکەم بیخوا ، زۆر برسـیە .

هەر هێندە سەگەکە خواردنەکەی ئاوا کرد یەکسەر خولی خواردو وەرپلاو گیانی سپارد . خاڵۆ غەزەب گرتی . شـمشێری هەڵکێشاو ورگی خوشکی هەڵدڕی .

خرپن گوتی : خاڵۆ ، ئەوە بۆ کوشتت ؟ خۆ خەتای ئەو نیـە . ئیدی دەستی پیَ‌کرد هەموو قسەکانی لە سـیر تا پیـواز بۆ خاڵۆی گێڕایەوە . خاڵۆ چوو دێوی زەردی هێنایە دەریَ‌و ئەویشی حەواڵەی کن براکانی کرد .

خرپن ، ئەو وەختە ، پازدە شازدە ساڵان بوو . تازە فێـری تیرهاویشتن‌و شمشێر وەشاندن دەبوو . خاڵۆ پێی‌گـوت : خرپن ، ئێمە چیتر ناتوانین لەم ماڵە بمێنینەوە . هەستە بچین لەسـەر چیایەک داڵدە بگرین .

ئەوەی هەیانبوو ونەیانبوو کـۆیان کردەوەو بە دووتۆڵی چوون لەسەر کێوێک چادریان هەڵـداو ئێورین . هەر شـەوە یەکێکیـان دەنووست‌و ئەوەی‌تر ئێشکی دەگـرت . هەموو جاریَ کـە خرپن

ئێشکی دەگرت مۆمی لە سەرینگانو پێینگانی خاڵۆی دادەگیرساندو باش نۆبەتی لێ‌دەگرت .

شەوێکیان ، خاڵۆ خەوتبوو و خرپن هوشیار بوو . لە ناکاو مۆمی پێینگانی خاڵۆ پتەپتی کردو کوژایەوە . خرپن هیچ بیری بۆ ئەوە نەچوو کە مۆمەکە بە مۆمی سەرینگانی خاڵۆ پێ‌بکاتەوە ، سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد ، لە دوورەوە تروسکاییەك دیار بوو . مۆمە کوژاوەکەی هەڵگرتو بەرەو تروسکاییەکە چوو . هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە دەرگایەك . بن دەرگاکە قادرمە بوو . لە قادرمان چوە خوارێ . چل دز بە ئەلقە دانیشتبوون ، هەڵدەپەڕینو گۆرانیان دەگوت . هەراو ژاوەژاوێك بوو نەبێتەوە . مەنجەڵە برنجێك لەسەر ئاگر بوو هەندێ دز وەستیان لەسەر ئاگر دابگرن ، بەڵام ئەوەندەی کردیانو کۆشیان ، ئارەقی ڕەشو شینیان دەردا نەیانتوانی مەنجەڵە پلاوەکە لە جێی خۆی بجووڵێنن . خرپن چوە پێش ، دزەکانی وەلا نا ، بە تاقی تەنێ مەنجەڵەکەی بڵند کردو فرێی دایە لایەکو پاشان مۆمەکەی داگیرساندو دوو سێو لە دەلاقە بوون ، یەکێکی لە گیرفانی ناو هاتە دەرەوە .

چەند شەقاوێك ڕۆیشت لە دڵی خۆیدا گوتی : با بگەڕێمەوە ، سێوەکەی‌تریش بۆ خاڵۆم بێنم .

لەولاوەش دزەکان خەبەریان دایە سەرۆکی چل‌دزانو گوتیان : ئیش چۆن وا دەبێ ؟ گەنجێکی لەم حاڵەو لەم ڕەنگە هاتو ئیشێکی وای کردو گەڕایەوە .

سەرۆکی دزەکان گوتی : بڕۆن ، خێرا بیهێنن !!

خرپن تازە سێوی دوەمی خستبوە گیرفانی کە دزەکان گەیشتنە سەری‌و بردیانە لای سەردزەکە .

سەردز تەماشایەکی قەدو قامەتی خرپنی کـــرد بینی گەنجێکی کۆلەو ئازایە ، گوتی : کورە ، تۆ گەنجێکی کۆلەو لێوەشاوەی . ئێمــە ئەم شەو دەچین خەزنەی پاشا دەبرین ، بۆ نایەی ببی بە هاوبەشمان ؟!

خرپن گوتی : بۆ نایەم ؟! بەڵام دەبێ بچم ئەم مۆمە لە پێینگانی خالۆم دابنێم ئینجا دێمەوە .

خرپن چوو مۆمەکـــەی لە جێی خۆی داناو گەڕایەوە . هەموو ڕوویان کردە کۆشکی پاشا . لەبن دیوار خرپن گوتی : ئێوە لێرە ، لەبن دیوار بوەستن ئەمن دەچمە ناو کۆشکو ســـەرای پاشا بزانم کەس بە ئاگایە یان نا ، خەبەرتان دەدەمێ .

ئینجا بە سەر دیوار کەوتو چوە ناو کۆشکو سەرای پاشــا . کچە بچووکەکەی پاشـــا لە ژووریێ خەوتبوو . خرپن لەسەر پارچــە کاغەزێك نووسی : « ئەگەر بە نسیبی من بیت ، بۆ خۆمت دێنم . » ئینجا کاغەزەکەو سێوێکی لەسەر سنگی کچەکە داناو ماچێکی لێکردو چـوە ژووری کچە گەورەی پاشا . لەسەر پارچە کاغەزێك نووسی : « ئەگەر بە نسیب بی ، بۆ خالۆمت دێنم . » کاغەزەکەو سێوەکەی‌تری لەسـەر سنگی کچەکە داناو چوە ژووری پاشا . پاشا دەمی بەش کردبوەوەو دەنگی پرخ‌وهۆڕی دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك . دووپشـــکێکی ڕەشی زل خەریك بوو بچێتە ناو زاری . خرپن خەنجەری پاشای لەبەر کەمەری پاشا دەرهێناو دووپشکی کوشتو لە سەرینگانی پاشا بە جێی‌هێشت . خەنجەری خۆی لە باتی خســـتەوە بەر کەمەری پاشـــاو گەڕایەوە سەر دیوارو شمشێری هەڵکێشـــاو بە دزەکانی گـــوت : یەك یەك ســـەرکەون .

دزەکان یەك یەك کەمەندیان هەڵداو سەرکەوتن خــرپن یەك یەك

سەری بڕین‌و فڕێی دانە ناو کۆشکی پاشا . بەم جۆرە سەری هەر چل دزی بڕی‌و گەڕایەوە لای خاڵۆی .

سبەینێ کچە گچکەی پاشا چاوی کردەوە دیتی سێویکی سوورو گەورەی لەسەر سنگ داندراوە ، پارچە کاغەزێکی لە بنە ، لەسەری نووسراوە : « ئەگەر بە نسیبی من بی بۆ خۆمت دێنم » . تووڕە بوو . خێرا بەرگی کردە بەرو بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە لای پاشا : بابە ، بابە ، ئەوە چ وەزعە ؟! ئەوە کێ ئەمشەو هاتۆتە ژووری من . پاشا لە هات‌و هاواری کچەکەی خەبەری بوەوە ، هەستا ، لە ناکاو چاوی بە دووپشکەکە کەوت . بە دەم ترسەوە بەرگی کردە بەرو ویستی خەنجەری بەر کەمەری ڕێك بخا دیتی خەنجەری خۆی نەماوە ، خەنجەرێکی تریان لە جێ داناوە . ئەوان لەو پەلەپەلیە دابوون کچی گەورەی پاشا بە مەندەهۆشی هات‌و بە باوکی گوت : تەختت بە تابووت بێ ، بابە ! ئاخر ئەمە چ وەزعە ؟ تۆ چ جۆرە پاشایەکی ، دز لە کچەکەت دەچێتە ژووری‌و تۆ وەکو کەروێشك کەوتووبتە خەوو ئاگات لە عەمری بێزار نیە .

پاشا فەرمانی دا کۆشك‌و سەرا بپشکنن . کۆشکیان پشکنی‌و کەلەشی چل دزەکەیان دۆزیەوە . قاو لە شار داکەوت کە شەو چل دزیان لە قەسری پاشا کوشتوە .

پاشا فەرمانی دا هەموو خەڵکی شار کۆ بکەنەوەو بیانهێنن ، بزانم ئەم کارە کاری کێیە ؟

پاشا یەك دوو مانگ دانیشت یەك یەك پرسیاری لە خەڵکی شار کرد بەڵام بۆی ساغ نەبوەوە ئەم کارە کاری کێیە . تا لەو شارە کەس نەما خڕین‌و خاڵی نەبێ . پاشا فەرمانی دا : بڕۆن ئەو دوو کەسەش بێنن کە لەسەر چیا دەژین .

خرپن‌و خالی تازه له ڕاووشکار هاتبوونه‌وه که گزیره‌کانی پاشا هاتن گوتیان : پاشا ئێوه‌ی ده‌وێ ؟

خرپن گوتی : با بچین ٠

خالۆ گوتی : کوره وازیان لێ بێنه ٠ ئێمه چ ئیشمان به پاشایه . ئێمه بۆیه وازمان له ماڵ‌و ژیانی خۆمان هێناوه‌و هاتووینه‌ته که‌ژو کێو تا چیتر خۆمان له‌وانه نه‌گه‌یه‌نین‌و سه‌روسه‌کوتیان نه‌بینین ٠ به‌ڵام خرپن گوتی : ئه‌من ده‌چم ٠ زوو دێمه‌وه ٠

کاتێ خرپن گه‌یشته به‌ر ده‌می پاشا گوتی : پاشـــا ، جارێ زوو خه‌نجه‌ره‌که‌مم بده‌وه ، ئیشم پێیه ٠

ئینجا له‌سه‌ری هه‌تا بنی هه‌مووی بۆ پاشا گێڕایه‌وه : چۆن چوو مۆمی پێینگانی خالۆی دابگیرسێنێ ، چۆن مه‌نجه‌ڵێکی گه‌وره‌ی هه‌ڵگرت‌و فڕێی دا ، چۆن سێوه‌که‌ی بردو چۆن سه‌رۆکی دزان که‌وته به‌ر دڵی‌و کردیه هاوبه‌شی خۆیان‌و چۆن چـــوه ژووری کچه‌کانی پاشاو چـــۆن دووپشکه‌که‌ی کوشت‌و چۆن سه‌ری هه‌ر چل‌دزی بڕی .. که لێبوه‌وه گوتی : ئێستاش وا له پێشت وه‌ستاوم . حه‌ز ده‌که‌ی ئه‌مر بکه بمکوژن ، حه‌زیش ده‌که‌ی ئیزنم بده .

پاشا هه‌ر ئه‌و ده‌مه له دوای خالۆی ناردو ده‌ستووری دا حه‌فت شه‌وو حه‌فت ڕۆژ شار بوو به به‌زم‌و شایلۆغان . ئه‌و حه‌له کچی گه‌وره‌ی له خالۆ ماره کردو کچی گچکه‌ی له خرپن ماره کرد .

پاشان خرپنی کرده پاشاو خالۆی کرده وه‌زیری خرپن ٠

## ٨ ـ بانگدەر ( موەززین )

هەبوو نەبوو ، دەرویشێك هەبوو . دەگەڕاو قەسیدەی دەخوێندەوەو پارەی لە خەڵك کۆدەکردەوە . ڕۆژێ چوە بەر دەرگای ماڵێكو قەسیدەی خوێندەوە . ماڵەکە قاپێکی پڕ زێڕیان دایە . قاپەکەو سەرقاپەکەش هەمووی زێڕ بوو . دەرویش زێڕەکەی لە کوشکۆڵەکەی کردو ویستی قاپو سەرقاپەکە بداتەوە ، بەڵام وەریان نەگرتەوە گوتیان : بابە دەرویش ، هەمووی بۆ تۆیە .

دەرویش لەوێ ڕۆیشت . چوو لە دەرگایەکی‌تری دا . لەوێش قاپێکی پڕ زێڕیان دایەو قاپەکەو سەرقاپەکەش زێڕ بوون‌و کە ویستی قاپو سەرقاپەکە بداتەوە ، لێیان وەرنەگرتەوە ، گوتیان : هەمووی بۆ تۆیە .

زۆری بە بەردا نەچین : دەرویش لە حەفت دەرگانی دا و حەفت قاپی زێڕی وەرگرت .

دەرویش ئەوەندە سەرسام بوو ، خۆی پێ‌نەگیرا لە یەکێکی پرسی : ئەرێ خاوەنی ئەم ماڵانە کێن ؟ کابرا وەڵامی دایەوە : ئەم حەفت خانوە هەمووی ماڵی ئافرەتێکە . هەر کەسێ بچێتە بەر دەرگای ئاوا قاپەزێڕێکی دەداتێ .

دەرۆیشت ڕۆیشت چوە بەر دەرگەی کۆشکی پاشا . لە دەرگای دا . دەرگەوان هات . دەرویشی دی ، پێنج قرانیەکی خستە ناو کەشکۆلی دەرویش‌و گوتی : ڕێی خۆت بگرەو برۆ .

دەروێش گوتی : ناڕۆم . من ئیشم بە پاشا خۆی هەیە .

دەرگەوان هەر چەندە کردی نەیتوانی دەروێش وەدەرنێ . ئاخیری کە پاشا گوێی لەم مشتەو مڕە بوو ، گوتی : لێگەڕێن با بێ .

دەروێش چوە خزمەت پاشاو گوتی : پاشام سەلامەتدار بێ ، لەفلان جێ چوومە ماڵێك حەفت قاپە زێڕیان دامێ کەچی لێرە کە ماڵەپاشایە تەنیا پێنج قرانم دەدەنێ .

پاشا پەنجەی خۆی کرۆشتو گوتی : شتی وا نیە . دەبێ خۆم بچم بە بنوبۆتکەی مەسەلەکە بکەوم . بابە دەروێش ، تۆ هەستە بەرگی خۆت داکەنەو بەرگی من بکە بەرو تا من دێمەوە لە جێی من ببە پاشا . منیش بەرگی تۆ دەکەمە بەرو دەچم سەرو سۆراغێکی ئەم مەسەلەیە دەکـــەم .

پاشا بەرگی دەروێشی کردە بەرو ڕۆیشت چوە حەفت ماڵەکە لە هەر ماڵێك قاپێکی پڕ زێڕیان دایە . لە بەر دەرگای حەفتەمدا ، پاشـــا قاپەزێڕەکەی ڕەت کردەوەو گوتی : من زێڕی ئێوەم ناوێ . دەمەوێ بزانم خاوەنی ئەم حەفت ماڵە کێیە ؟

دەرگەوانەکان گوتیان : ماڵی خانمی خۆمانە .

پاشا گوتی : تکایە ڕێم بدەن بچمە خزمەت خانم .

پاشایان بردە ژوورەوە . پاشا دیتی خانم سەراپای بەرگی ڕەشی پۆشیوەو لە بنەبانێ دانیشتوە .

پاشـــا گوتی : خانم ، من ســــەرم لە ئێوە سوڕماوە . باشە ئێوە چەندتان زێڕ هەیە ئەوەندەی دەبەخشن و هەر تەواویش نابێ ؟!

ژنەکە گوتی : ئەمە ڕازەو من ڕازی خۆم بە هیــــچ کەسێ ناڵێم بەڵام لە فلانە شار زیندروویەك هەیە هەموو ڕۆژێ زینێك دەدوورێ و

دوو وێنەی لەسەر دەکێشێ . بەرەبەری ڕۆژاوا ئەسپ سوارێك دێ زینەکەی لێ‌دەکڕێ بەڵام لە پڕ زیندروو بە کڕیارەکـــە دەڵێ : زینەکە عەیبێکی بچووکی هەیە ، بێنە چاکی بکەمەوە . زینەکە لە کڕیارەکـــە وەردەگرێتەوە ، هەڵیدەوەشێنێتەوە ، پارچە پارچەی دەکاو پارچەکان فڕێ دەداو پارەی کڕیارەکە دەداتەوە . دوکانەکەی پڕە لەو پارچـــە زینانە ... جا ئەگەر تۆ ڕازی ئەم زینـــدرووەم بۆ بێنی منیش ڕازی خۆمت پێ‌دەڵێم .

پاشا گەڕایەوە ماڵێ‌و بە دەروێشی گوت : بابە دەروێش ، تۆ لێرە بمێنەوە ، من دەڕۆم .

ئینجا پاشا ڕووی کردە شاری کابرای زیندروو . کـە گەیشتە شار ، سۆراغی دوکانی زیندرووی کرد. چوو دیتی زیندروو زینی دروست کردوە وا خەریکە وێنەکان دەکێشێ . پاشا چاوەڕێی کـــرد . عەسر ، ئەسپ‌سوارێك هات زینەکەی لێ‌کڕی‌و پارەکەی دا بەڵام کە هات بڕوا ، زیندروو بە سامەوە هەستاو زینەکەی لە دەست کڕیارەکە دەرهێنـــاو گوتی : بدە ، ئێرەی ماوە چاکی بکەمەوە . زینەکەی شکاندو پارچە پارچەی کردو فڕێی داو پارەی کڕیارەکەی دایەوە .

ئەسپ‌سوار ڕۆیشت . پاشا چوە دوکان‌و بە زیندرووی گوت : ئەمشەو بابە دەروێش میوانی تۆیە .

شەو ، پاشا توخنی خواردن نەکەوت ، گوتی : تا پێم نەڵێی ئەوە بۆچی زین دەدوری‌و پاشان پارچە پارچەی دەکەی ، دەست بۆ خواردن نابەم‌و نمەکت ناکەم .

کابرا گوتی : بابە دەروێش ، شێوت بخۆ . من تا ئێستا ڕازی خۆم بە هیچ کەس نەگوتوە بەڵام لە فلانە شار بانگدەرێك هەیە . هەمو

ڕۆژێ وەختی بانگدان بە خەنی خۆشی دەچێتە سەر منارەو بانگ دەدا ، هەر هێندە لە بانگ دەبێتەوە لە پڕمەی گریان دەدا . ئەوەندە دەگری تا دەبوورێتەوە . خەڵك دەچن دەیهێننە خوارەوە . بانگدەر ماوەیەك بە بێهۆشی دەمێنێتەوە پاشان وە خۆی دێتەوەو هەڵدەستێ دەچێتەوە شوێن کاری خۆی . جا ئەگەر تۆ ڕازی ئەو بانگدەرەم بۆ بێنی منیش ڕازی خۆمت پێ دەڵێم .

پاشا شێوی خواردو نووست . سبەینێ زوو هەستا بەڕێ کەوت . بەرەبەری ڕۆژاوا گەیشتە شاری کابرای بانگدەر و بینی خەریك بوو دەچوو سەر منارە . بانگدەر چوو بانگی دا . کە لە بانگ بووەوە لە پڕمەی گریانی دا . ئەوەندە گریا تا لەهۆش خۆی چوو . خەڵك چوون هێنایانە خوارێ . بانگدەر ماوەیەك بێهۆش کەوت . کە وەخۆ هاتەوەو ویستی بچێتە دوای ئیشی خۆیەوە ، پاشا پێشی گرت‌و گوتی : ئەمشەو بابە دەروێش میوانی تۆیە .

کابرا گوتی : پێڵاوت سەر چاو .

کاتی شێو خواردن پاشا گوتی : تا ڕازی خۆتم پێ نەڵێی شێو ناخۆم . بانگدەر گوتی : تا ئێستا من ڕازی خۆم بە کەس نەگەتوە ، بەڵام لە فلانە شار کابرایەك هەیە ژنێکی لە قەفەز کردوەو سەگێکی لە تەنیشت قەفەزەکە بەستۆتەوە . هەموو جمێ کابرا قاپێ خواردن لەبەر سەگەکە دادەنێ ، پاشان بەرماوی سەگەکە دەداتە ژنەکە . ژنە دەست بۆ خواردن نایا . کابرا هەڵدەستێ دەچێ کەللەسەرێکی وشك‌بووەوە دێنێ‌و لەبەر چاوی ژنەکە دەیداتە بەر داران . ژنە دەڵێ : « واز بێنە ، ئیدی دەخۆم . » بابە دەروێش ، ئەگەر ڕازی ئەم کردەوانەم بۆ بێنی منیش ڕازی خۆمت پێ دەڵێم . بەڵام ئەوەش بزانە تا ئێستا زۆر کەس بە شوێنی ئەم کارەدا چوون‌و سەریان بە فەتارەت چوە .

بۆ سبەینێ پاشا کەوتە ڕێ . نیوەڕۆ گەیشتە دارچنارێك . دونیا زۆر گەرم بوو . لە دڵی خۆیدا گوتی : وا باشە ، لە بن ئەم چنارە نەختێ ڕابکشێم و شەکەتی لەشم دەربکەم و پاشان بکەومەوە ڕێ .

پاشا لەبەر سێبەری دارچنارەکە ڕاکشاو خەوی لێ‌کەوت . پاش نەختێ لە دەنگە دەنگێك بە ئاگا هات . دیتی ئەژدیهـــایەك خەریکە بە دارچنارەکە هەڵدەگەڕێ‌و بێچووی سیمورغ لەسەر دارەکە کەوتوونەتە هات‌و هاوار . پاشا ڕاست بوەوە ، شمشـــیری هەڵکێشاو ئەژدیهـــای کردە دوو لەت . لەتێکی دایە بێچوە سیمرغەکان‌و لەتەکەی‌تری خســـتە لاوە بۆ ئەوەی کە ســـــیمرغی دایکانە هاتەوە بیخوا ، ئیـــدی دوبارە نووســـــتەوە .

بەینەك پێ‌چوو سیمرغ گەڕایەوە پاشـــای دی . لـــە دڵی خۆیدا گوتی : باش بوو کەوتیتە بەر دەستم . هەموو ســـاڵ دێی بێچوەکانم دەخۆی‌و دەڕۆی . تازە بە سەلامەتی لە دەستم دەرباز نابی .

سیمرغ چوو بەردێکی زلی هێنا بۆ ئەوەی بەسەری پاشای‌دا بدا ، بەڵام بێچوەکانی کردیانە هات‌و هاوار : نەکەی ، دایە گیان نەکـــەی . نەیکوژی . ئەو کابرایە ژیانی ئێمەی کڕیوەتەوە . ئەژدیها ویستی بمانخوا ئەو لێ‌نەگەڕا .

سیمرغ بەردەکەی بردەوە جێی خۆی‌و گەڕایەوە . باڵێکی لـــە ئاو وەرداو بە دەم‌و چاوی پاشای داهێنـــا . پاشـــا خەبەری بوەوە دیتی ســـــیمرغ لە سەرینگانی دانیشتوە . پاشـــا ترسی گەیشتێ‌و قیت بوەوە .

سیمرغ گوتی : بنیادەم ، ئەوە دەتەوێ بچێتە کوێ ؟ بە چ ئیش هاتوویتە ئەم ناوە .

پاشا گوتی : دەمەوێ فـــلانە کەس بدۆزمەوەو بچـــم بە ڕازو سەربردەی بکەوم .

سیمرغ گوتی : هەر کەسێ چووبێتە ماڵی ئەو کەسەی تۆ دەڵێی گەڕانەوەی نەبوە . ئەوە ڕازی خۆی بە کەس ناڵێ‌و بە هەر کەسێکیش بڵێ وەکات دەیکوژێ .

پاشا گوتی : چارەم نیە هەر دەبێ بچم .

سیمرغ چەند پەڕێکی خۆی دایە پاشاو گوتی : مادام هەر دەڕۆی ، هانێ ئەم پەڕانەت بدەمێ ، هەڵیانگرە ، هەر کاتێ کەوتیتـــە تەنگانەو پێویستت بە من بوو ئەم پەڕانە بـــــسووتێنە ، من دەرحـــاڵ لـــە کنت حازر دەبم .

پاشا پەڕەکانی وەرگرت‌و بە ڕێ کەوت . ماڵی کابرای دۆزیەوە . خانوویەکی ماقووڵانە بوو . پاشا لە دەرگای دا . کابرایەك هـــاتە دەرێ . پاشا گوتی : ئەم شەو بابە دەروێش میوانی تۆیە .

ئێوارێ وەختی نـــان خواردن ، کابرا پەردەیەکی لادا . قەفەزێکی ئاسنی گەورە لە پشت پەردەکە دەرکەوت ، ژنێکی تێدا بوو .

سەگێکیش لە تەنیشت قەفەزەکە بەسرابوەوە . کابرا پێشان قابی خواردنی لەبەر سەگەکە دانا ، سەگەکە تێری خوارد ئینجـــا بەرماوی سەگەکەی لە پێش ژنەکە دانا . ژنە نەیخوارد . کابرا چوو لە ژوورێکیدی کەللە سەرێکی ووشکی هێنـــاو دایە بەر داران . ژنە هاواری کرد : « واز بێنە ، دەخۆم . » کابرا کەللەکەی بردەوە جێی خۆی‌و گەڕایەوە .

پاشا گوتی : ئەتۆ ئەو خودایەی من‌و تۆی خەڵق کردوە ئەگەر پێم نەڵێی بۆ وا دەکەی ؟

کابرا گوتی : ناتوانم پێت بڵێم . تا ئێستا ڕازی خـــۆم بە کەس

ئەگوتوە . شێوی خۆت بخۆ . چەند ڕۆژت دەوێ میوانم بە ، پاشان ڕێی خۆت بگرەو بڕۆ . من ڕازی خۆم بە کەس نالێم .

پاشا دەستبەردار نەبوو . ئاخیری کابرا دەستی پاشـــای گرتو بردی گۆڕستانێکی نیشان داو گوتی : تەماشا کە ، مردووی ئەم گۆڕستانە هەموو ئەوانەن کە وەکو تۆ ویستوویانە ڕازی من بزانن .

پاشا گوتی : خوێنی من لە خوێنی ئەم هەموانە ڕەنگینتر نیە . ڕازی خۆتم پێ بلێو بمکوژە .

ئەو حەلە گەڕانەوەو کابرا گوتی : کە واتە گوێ بگـرە سەربردەی خۆمت بۆ بگێڕمەوە :

کاتی خۆی دۆتمامێکم هەبوو ، لێیـــان مارە کردم . زۆرم خۆش دەویست . شەو لەناو یەك نوێن دەخەوتین بەڵام نیوەشەو کـــە بە ئاگا دەهاتم دەمدی دۆتمام لەشی ساردو سڕەو خەریکە خۆی لەبن لێفــە ڕادەکاتەوە . دەمگوت : دۆتمام ، کێـــوە چووبووی ؟ دەیگـــوت : ئەچووبوومە چ جێیان . سکم دەچێ . ئەوەندەی چوومەتە لای دختۆرو دەرمانم خواردوە بێ چارە بووە .

شەوێ ، لە دڵی خۆمدا گوتم بێشك ئەم ماستە موویەکی تێدایە . ئەو شەوە قامکی خـۆم بە چەقۆ بڕی‌و خوێمو بە برینەکـە وەرکرد تـا خەو نەمباتەوە . نیوە شەو دیتم دۆتمام هەســـتا ، جلی لەبەر کردو شمشێری منی هەڵکێشاو پێی گوتم : نووستووی یان نا ؟ ئەگـــەر بە خەبەری تا سەرت پەل دەم .

من خەوم لە خۆم خستو هیچ قسەم نەکرد . دۆتمام ســـواری ئەسپەکەم بوو ڕۆیشت . منیش بە دوایدا چووم . دۆتمام ڕۆیشت تا گەیشتە دەرگایەك . ڕووناکی لە درزی دەرگاکەوە دیار بوو . دۆتمام لە

دەرگای داو چوە ژوورەوە . منیش ئەسپەکەم لە درەختێك بەستەوەو بەسەر دیوار کەوتم‌و چوومە ژوورەوە . چل دز بە ئەلّقە دانیشتبوون‌و سەرۆکی دزانیش کـــە کابرایەکی ریش سپی بوو لـــە ناوەراســـتیان دانیشتبوو . کە سەرۆکی دزان چاوی بە دۆتمـــام کەوت ، گوتی : حەرامزادە ، ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی ؟ زوو کە ، شەراب بگێرە .

تەماشام کرد بە تەنێ دەرەقەتی ئەم هەموو دزانە نایەم . چوومە تەویلە ئەسپەکانم بەردایە گیانی یەکتـــر . بوو بە هەراو هـــۆرباو ژاوەژاوێکی وا هەر مەپرسە . دزەکان تەنگاوبوون ویستیان بێنـــە دەرەوە ، بزانن مەسەلە چیە ؟ منیش شمشێرم هەلّکێشاو لە پشـــت دەرگەی تەویلە وەستام . هەر کەسێ دەهاتە ناو تەویلەکە ســـەرم پەل دەداو بەر دەبوەوە ژوورێ . تا هەمووم کوشتن . مایەوە ســـەرۆکی دزان‌و دۆتمام کە لە ژووری خۆیان نەهاتبوونە دەرێ . ئێیان بە ژوورێ کەوتم . کە دۆتمام چاوی بە من کەوت بە سەرۆکی دزانی گوت : ئەها ، ئەوەتا خۆیەتی هاتوە ، بیگرە .

سەرۆکی دزان تاوی دامێ . کەوتینە دەستەویەخە . ســـەرۆکی دزان لە من بەوەجتر بوو . لە عەردی دام‌و چۆکی لەسەر سنگم داداو ویستی سەرم ببرێ . لە ناکاو ئەم سەگەم ، تومەز بە دووم‌دا هاتبوو ، لە پشتەوە پری دایە سەری‌و سەرۆکی دزان هەترەشی چووو لە جێی خۆی وەرپلا . منیش خێرا قیت بوومەوەو بە تەردەستی سەرۆکی دزانم کوشت‌و دۆتمام‌و سەگەکەم هێناو هاتمەوە مالێ .

ئەم ژنە دەبینی ئەوە دۆتمامەکەمە‌و کەللە وشـــکەکەش کەللەی سەری سەرۆکی دزانە . ئێستا زانیت بۆچی بەرماوی ئەم ســـەگەی دەرخوارد دەدەم ؟ دەوجا هەستە ، بچین تۆش بکوژم .

پاشا بە بیانووی دەست‌نوێژ چـــوە حەوشە . هەمـــوو لا بە

پاسەوانان گیرا بوو ، ڕێگای دەرچوونی نەبوو . کـەوتە بیرو لێکدانەوە کە چ بکا . لەناکاو پەڕی سیمرغی هاتەوە بیر . پەڕەکانی سووتاند سیمرغ دەمودەست حازر بوو . هەڵی گرت و بردی .

کابرا ئەوەندەی چاوەڕێی کرد بابە دەروێش نەهاتەوە . چـــوە حەوشە دەروێش نەما بوو . کەوتە هات و هاوار . پاشـــان ئەم لایان پشکنی ، ئەو لایان پشکنی بابە دەرویشیان نەدیتەوە . کابرا گوتی : تازە مادام ڕازم ئاشکرا بوو ، ناتوانم چیتر بژیم . هەر ئەو کاتە خەنجـەری هەڵکێشاو یەکەم جار دۆتمامی و ئینجا خۆی کوشت .

پاشا لەوێوە یەکەو ڕاست هاتە لای بانگدەرو چی بیســتبوو بۆی گێڕایەوە . بانگدەر گوتی : کەواتە ئێستا گوێت لە سەربردەی من بێ :

ڕۆژێ لە ڕۆژان ، لەسەر منـارە بانگم دەدا . بانگ تەواو بوو . دەستم بە دوعاو پاڕانەوە کرد . لەناکاو هەڵی کردە باوو باران و بوو بـە تۆفان و فەرتەنە . لەوێ بەر بوومەوەو لە خۆ چووم . کە وەخۆ هاتمەوەو چاوم کردەوە خۆم لە شارێکی غەریب دۆزیەوە . هەستام ، ڕۆیشتم . زۆر برسی بووم . چوومە نانەواخانەیەك پارەم دا ، گوتم : نانم بدەنێ . گاڵتەیان پێ کردم . نانیان نەدامێ . پیرەمێردێك لەو بەری وەسـتا بوو چووم پێم گوت : پارەی خۆم داوەو نانم دەوێ کەچی ئەمانە گاڵتـــەم پێ دەکەن ، ئەوە بۆ ؟

پیرەمێرد گوتی : کوڕی خۆم . لەم شارەی ئێمە نان بە پارە نیە . بە سەڵەواتە . گەڕامەوە نانەواخانەکەو سەڵەواتێکم لێدا کەچی دیسان نانیان نەدامێ . چوومەوە کن پیرەمێردەکەو گوتم : بە سەڵەواتیش نانم نادەنێ .

پیرەمێر دەستی گرتم و بردمیە سەر کانیەك و گوتی : لەم کانیە جوانە مەلەوانی بکە ئینجا بڕۆ نان وەرگرە .

مەلەوانیم کرد . چوومە نانەواخانەکە . سەلەواتێکم لێدا . ئەم جارە نانەوا دوو نانی دایە شاگردەکەی و گوتی : برۆ بیاندە ئاغا . نانەکانم وەرگرت و چوومەوە لای پیرەمێرد .

پیرەمێرد منی بردەوە ماڵی خۆیان و کچی خۆی لێ مارە کردم . یەکەم شەو کچەکە مەرجی لەگەڵ کردم ، گوتی : هەر چیم کرد نابێ لێم بدەی .

ماوەیەك پێ چوو . بووینە ساحێب منداڵ . ڕۆژێ ، هاتمەوە ماڵێ ژنەکەم گوتی : ئەمڕۆ دایك و باوکم داوەت کردوە دێنە ماڵمان .

تووڕە بووم . وتم من گەورەو سەرداری ماڵم دەبوایە پێشتر پێم بڵێی کە داوەتیان دەکەی . مستێکم لە دەم و چاوی ژنەکەم دا .

دیسان بوو بە باوو باران و تۆفان و فەرتەنە ، بێهۆش کەوتم . کە ( با ) یەکە نیشتەوەو وەهۆش خۆم هاتمەوەو چاوم کردەوە دیتم لە شاری خۆمم و نە ژنەکەم ماوە و نە هیچ .

ئێستاش هەموو جارێ کە بانگ دەدەم ، بۆیە دەست بە گریەو زاری دەکەم ، دەڵێم بەڵکو بگەڕێمەوە شاری گۆڕین بۆ کن ژنەکەم ، بەڵام تازە شتی وا نابێتەوە .

پاشا لەوێ هەستا هاتە لای زیندروو و سەربردی بانگدەری بۆ گێڕایەوە زیندروو گوتی : کەواتە ، شەو منیش لە ماڵەوە سەربردەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە .

ئێوارێ پاش شێو خواردن ، زیندروو گوتی :

گەنج بووم . هێشتا ژنم نەهێنا بوو . بەیانیان دەچوومە لیشەد عەسران دەهاتمەوە ماڵێ . خۆم ماڵم دەماڵی و خواردنم ئامادە دەکرد . ڕۆژێ ، کە هاتمەوە دیتم ماڵ پاك و خاوێنەو خواردن ئامادە کراوە .

ئەوەندەی کردم سەرەدەریم لێ نەکرد . ڕۆژی پاشی دیسان کە ئێواری هاتمەوە مال پاك کرابوەوە . ڕۆژی سێیەم ، خۆم لە پەنایەك شاردەوە بۆ ئەوەی بزانم کێ دێ مالەکـــەم دەمالێو خواردنم بۆ ئامادە دەکا . لەناکاو دیتم کوترێك هات . پێستەی کۆتری لەسەر خـــۆی داکەلاندو بوو بە کچێکی نازدارو کەوتە مالماشتنو شیولێنان . پێســــتەکەیم شاردەوە . ئەویش ئیشەکانی تەواوکردو ویســـتی بڕوا . وای کـــرد پێستەکەی نەماوە . ئەم لا گەڕا ئەو لا گەڕا نەیدۆزیەوە . ئاخیری بــە دەنگێکی بەرز هاواری کرد : هۆ ، ئەو کەسەی پێستەی منت بردوە ، هەر کێ هەیت وەرە دەرەوە .

هاتمە دەرەوە . کچە گوتی : خێرا پێستەکەم بدەوە با بڕۆم .

گوتم : دەبێ مێردم پێ بکەی !

گوتی : ناکەم . بنیادەم شیری خاوی خواردوە . تۆ لەگـــەل من هەلناکــــەی .

گوتم : دەبێ مێردم پێبکەی .

گوتی بە شەرت نابێ قەت خۆت لە ئیشی من هەلبقورتێنیو بلێی بۆ وات کردێ بۆ وات نەکرد .

قبوولم کرد . بووین بە ژنو مێرد . پاش ماوەیەك کوڕێکمان بوو . ڕۆژێ ، تەندوورمان جۆش دابوو ژنەکــــەم نانی بە تەندروو وەدەدا . کوڕەکەشمان کە بڕەك فرازی ببوو لەسەر تەندوورەکە وەســـــتابوو . لەناکاو ژنەکەم کوڕەکەی گرتو فڕێی دایە ناو تەندوورو گوتی : هـــا ، بگرە ، جوچە !

هیچ قسەم نەکرد .

ماوەیەکیتری پێچوو ، ژنەکەم کچێکی بوو . دیسان ڕۆژێ ژنەکەم

نانی بە تەندوور وەدەداو کچەکەش لە تەنیشتی وەستا بوو . تەماشام دەکرد ، دەترسام نەوەك کچەکەش وەکو کوڕەکە بخاتە ناو تەندوور . لە هیکڕا ژنەکەم دەستی کچەکەی گرت و فڕێی دایە ناو تەندوورو گوتی : خوچە ، ها ، ئەوەش بگرە !

ئیتر خۆم پێ نەگیرا زللەیەکی توندم لە بنا گوێی ژنەکەم دا . ژنەکەم ڕووی ڕەش ڕەش داگەڕا ، بەڵام هیچ قسەی نەکرد .

پاش پێنج شەش مانگ ، دیسان نانمان دەکرد . لەسەر تەندوور وەستا بووم نەوەك ئەم جارە ژنەکەم خۆی بخاتە ناو تەندوور . بەڵام : نەء . ژنەکەم کە لە نان بوەوە ، گوتی : خوچە ، منداڵەکانم بدەوە .

کوڕو کچەکەم ساغ و سەلیم لە تەندوور هاتنە دەرێ . من هەستم بە خراپەی خۆم کردو زۆر لە خۆم تەریق بوومەوە .

دوای چەند ڕۆژێك ، ژنەکەم گوتی : دە با بچینە دەشت و چۆڵانی نەختێ بای باڵی خۆمان بدەین .

من و ژنەکەم و منداڵەکانم چوینە دەشت و چۆڵانی . بە پیاسە گەیشتینە سەر لێوی بیرێك . وام زانی ژنەکەم ئاگای لە بیرەکە نیە ، گوتم ئاگادار بە پێشت بیرە ، بەڵام ژنەکەم گوێی نەدایە قسەی من . دەستی منداڵەکانی گرت و خۆی فڕێ دایە ناو بیرەکەو هەر ئەو خۆفڕێدان بوو ئیتر نەهاتە دەرەوە .

لەو ڕۆژەوە ، کردوومەتە پیشە ، هەموو ڕۆژێ زینێك دەدوورم و وێنەی دوو منداڵەکەمی لەسەر دەکێشم بەڵام کە کڕیار دەبێ دلم ئایە بیفرۆشم . زینەکەی لێ وەردەگرمەوەو پارچە پارچەی دەکەم .

پاشا لەکن زیندروو ڕۆیشت و هاتە لای ئەو ژنەی زێڕی دەبەخشیەوەو سەربردەی زیندرووی بۆ گێڕایەوە .

ژنەش بەم جۆرە کەوتە گێڕانەوەی سەربردەی خۆی :

مێردی من سیمیاگەر بوو . هەموو ڕۆژێ سێ چوار کەسی دەهێنایەوە ماڵێ ، سیمیای بۆ لە خواردن دەکردنو کە سیمیایان دەخوارد دەبوونە زێڕ . نۆکەرێکشمان هەبوو هەمیشە لە دەورەم دەگەڕا . ڕۆژێ لێی تووڕە بووم گوتم : کورە ، حەیات هەبێ ، حەیا شتی چاکە . ئەمشەو بە مێردەکەم دەڵێم دەرت بکا . نۆکەر هیچی نەگوت . تومەز سیمیای لە خواردنی مێردم کرد بوو . کە مێردەکەم یەکەم پاروی خوارد بوو بە زێڕ . ئینجا نۆکەرەکە پێی‌گوتم : خانم ، ئێستا مێردم پێ دەکەی ؟

گوتم : نەء . ئێستا نا ، سەبر کە با عیدەم بچێ ئەوجا .

ڕۆژی پاشی دەستی خۆم بە پێش خست سیمیام بۆ نۆکەرەکە لە خواردن کردو ئەویش بوو بە زێڕ .

لەو ساوە تا ئێستا بە تەنێ دەژیمو زێڕ بە بەر فەقیرو هەژاران وەر دەکەم بۆ ئەوەی بۆ خۆیان خەرجی بکەن .

پاشا گوتی : باشە ، تۆ چەندت زێڕ هەیە ؟ ئەم هەموەی لێ دەبەخشیو هەر بنی نایە ؟!

ژنە دەستی پاشای گرتو بردیە ژێرزەمین . پاشا ژوورێکی گەورەی دی پڕی بنیادەمی زێڕ بوو . مێردی ژنەش ببوە زێڕو لەو لاوە لە گۆشەیەك وەستابوو .

پاشا گوتی : ژنەکە ، دەبێ مێردم پێ‌بکەی .

ژنەکە گوتی : ناکەم . پەیمانم داوە مێرد نەکەمەوە .

پاشا گوتی : من پاشامو ئەوە چەند ساڵە بۆ خاتری تۆ ئاوارەی دەشتو بیابان بوویم .

ژنە قبووڵی نەکرد . بەڵام نیوەی زێڕەکانی دایەو بە ڕێی کرد .

# ٩ ـ گوڵخــــــەندان

هەبوو نەبوو ، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو . کابرایەکی ماسیگر هەبوو . ســـاڵ دوازدەی مانگ تۆڕی دەهاویشـــتو ماسی دەگرتو ماسیەکانی دەفرۆشتو گوزەرانی خۆی پێدەکرد .

ڕۆژێ ، ماسیگر تۆڕی هاویشتە ناو دەریا . نەختێ چاوەڕێی کرد . کە ڕایکێشا تۆڕەکە قوڕس بوو . بە شادومانی تۆڕی هەڵکێشـــا ، دیتی بۆقێکی زۆر گەورەو زەبەللاحی تێدا بووو بە دوو چاوی زەقەوە سەیری ماسیگری دەکرد .

ماسیگر بۆقی فڕێ دایەوە ناو دەریا . دوبارە تۆڕی هاویشـــت ، دوبارە تۆڕ هەمان بۆقی هێنایەوە . دیسان ماســـیگر بۆقی فڕێدایەوە ناو دەریاو بۆ جاری سێیەم تۆڕی هەڵدا ، ئەم جارەش دیســـان عەینی بۆق بە تۆڕەکەوە بوو .

ماسیگر لە دڵی خۆیدا گوتی : دیارە ئەمڕۆ قسمەتم ئەوەندەیە .

جا بۆقەکەی هەڵگرتو بردیەوە لە حەوشە بەرەڵلای کرد . ئەو شەوە ماسیگر بە برسێتی سەری نایەوە و سبەینێ زوو چووەوە ئیشی خۆی . عەسر ، کە بە شەکەتو ماندوویی گەڕایەوە ماڵێ دیتی مـــاڵ گەسکدراوەو چای دەمکراوەو شێو لێندراوە . زۆری بە لاوە ســـەیر بوو بەڵام ئەوەندەی کردی هیچ سەرەدەری لێنەکرد . شێوی خواردو نووست . ڕۆژی پاشیش کـــە عەسرێ گەڕایەوە دیتی وەکـــو ڕۆژی

پێشوو هەموو شوێنێ پاکو خاوێنەو خواردن حازرە . دیسان ئەوەندەی بیری کردەوە دەری نەبرد .

بۆقەکەش بۆ خۆی لە حەوشە دەگەڕاو دەسووڕا .

ڕۆژی سێیەم ماسیگر نەچوە ماسیگرتن . لە پەنا پەردەیەك خۆی شاردەوە بۆ ئەوەی بە بنج‌وبناوانی مەسەلەکە بگەوێ . بەرەبەری نیوەڕۆ دیتی بۆق پێستی خۆی داکەندو بوو بە کچێکی ناسكو نازدار ، لچکی چارۆکەی خستە بەر کەمەرو کەوتە مالتنی مالێ . ماسیگر لە پەنا پەردە هاتە دەرەوەو گوتی : ئەتۆ ئەو خودایەی منو تۆی خەلق کردوە مەچوەوە ناو پێستەی بۆق .

کچە پێستە بۆقی فڕێداو بوو بە ژنی ماسیگر .

ماوەیەك ڕابرد . ڕۆژێ پاشا لەگەڵ وەزیری چوونە ڕاوو شکارو ڕێیان کەوتە لای مالی ماسیگر . کاتێ پاشا چاوی بە ژنی ماسیگر کەوت نەك بە یەك دڵ بە سەد دڵ ئەشقی بو و بە وەزیری گـوت : وەزیری عالەم ، تەگبیری چیە ؟

وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، ئەم ژنە شوودارە ، دەبێ بیانوویەك بدۆزینەوەو مێردەکەی بێ لەناو ببەین بۆ ئەوەی بتوانی ئەو وەختە ژنەکە بێنیو بە مرازی دڵت بگەی .

پاشا گەڕایەوە دەربارو فەرمانی دا ماسیگر بێنن .

ماسیگر هات . پاشا گوتی : ماسیگر ، بیسـتوومە تۆ گەنجێکی ڕەشـیدو ئازای . لە تۆم دەوێ بە زووترین کات سەبەتەیەك ترێی تازەچینم بۆ بێنی کـە هێشوەکان هێشتا پەلکیان لێ نەبووبێتەوە . ئەوەش بزانە ئەگەر تا سبەینێ ترێکە نەهێنی لەسەرت دەدەم .

ماسیگر بە پەستو غەمگینی گەڕایەوە ماڵێ . ژنەکەی لێ پرسی :
پسمام ، ئەوە بۆ هێندە پەست و دڵتەنگی ؟

ماسیگر مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوەو گوتی نازانم پاشا چی لە من دەوێ و لە کوێ من دەناسێ . ژنە زەردەی هاتێ و گوتی : خەم ناکا ، هیچ خۆت عاجز مەکە . هەر ئێستا هەستە بڕۆ قەراغ دەریا ، ئەو شوێنەی منت لێ گرت ، ڕوو لە دەریا کەو بڵێ :

« هۆ خوچە ، هۆ گوڵخەندان ، وەی گوڵت هەر خەندان بێ ، ئەگەر خەوتووی ڕابە سەرخۆ ، خوچە ، ئەگەر واگای قسـان بکە خوچە ، خوشکت گوتی یەك سەبەتە ترێی تازەچنیم بداتێ . »

ماسیگر یەکسەر چوە قەراغ دەریا . بڕوای نەدەکرد دەریای سوێر بتوانێ ترێی تازەی پێ ببەخشێ . لە دڵی خۆیدا دەیگوت : خراپ تووش هاتم . ئاخر ترێ لە ناو دەریا چ دەکا ؟

دەریا کش و مات و هێمن بوو ، بە ڕووی ئاسماندا دەگرژیەوە . ماسیگر خۆشی بێ و ترشی بێ قسەکانی ژنەکەی دووپات کردەوە . لە ناکاو دەریا شەپۆلی داو ئاو شەق بوو ، کچێکی گەنج هاتە دەرەوە کت و مت ژنی خۆی بوو . سەبەتە ترێیەکی نوێی بە دەستەوە بوو . ماسیگر کە چاوی بە ترێکە کەوت لە خەنی خۆشیان هاواری لێ هەستا . سەبەتەکەی لە دەست ڕاپسکاندو هەر ڕایکرد بۆ کۆشکی پاشای برد . کاتێ کە پاشا چاوی بە ترێکە کەوت مات و سەرسام بوو ، تەماشایەکی وەزیری کرد . وەزیریش بە سەرسامی سەیری پاشای کردو گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ . بۆی هەیە ماسیگر ئەم ترێیەی لە گوڵفرۆشێك کڕیبێ ، یان لەوانەیە خۆی ئەو جۆرە ترێیە لەماڵەوە پەروەردە بکا . دەبێ ئەم جارە داوای شتێکی وای لێ بکەین کە پێی پەیدا نەکرێ .

پاشا دوبارە ماسیگری بانگ کردو لەسەر قسەی وەزیری بە ماسیگری گوت : ترێکە زۆر باش بوو . زۆرم کەیف پێ‌هات . بۆم دەرکەوت کە چۆنم گوت ئاوا تۆ گەنجێکی رەشیدو ئازای . ئێستاش هەزار تۆپە قوماشت دەدەمێ دەبێ تا سبەینێ هەمووی بۆ لەشکرەکەم بدووری‌و بیکەیتە بەرگی تەواو ئەگەرنا لەسەرت دەدەم .

ماسیگر دیسان بە ڕووی ترش‌و تاڵەوە گەڕایەوە ماڵێ . ژنەکە لێی‌پرسی : ئەوە دیسان چ بوە ، پسمام ؟

ماسیگر وەڵامی دایەوە : ئەم جارە پاشا دەڵێ تا سبەینێ دەبێ هەزار تۆپە قوماش بۆ لەشکرەکەی بکەمە جل‌وبەرگ .

ژنە گوتی : هیچ غەمت نەبێ . ئەمە هەر هیچ نیە . هەر ئێستا هەستە بڕۆ قەراغ دەریاو بڵێ :

« هۆ ، خوچە ، هۆ گوڵخەندان ، وەی گوڵت هەر خەندان بێ ، ئەگەر خەوتووی ڕابە سەرخۆ ، خوچە ، ئەگەر واگای قسان بکە ، خوچە ، خوشکت گوتی تارو دەف بێنێ‌و بێ . »

ماسیگر بەرەو دەریا بە ڕێ کەوت ، بەڵام لە دڵی خۆیدا دەیگوت : شتێکی سەیرە ! پاشا ئەمر دەکا تا سبەینێ بەرگی هەموو لەشکرەکەی بدوورم‌و ئەمەش دەڵێ برۆ تارو دەف بێنە .

دەریا شەپۆلی دەدا بەڵام شەپۆلەکان گەورەو زل نەبوون . ماسیگر کە گەیشتە کەناری دەریا ، قسەکانی ژنەکەی دوبارە کردەوە . ئاو شەق بوو . عەینی کچەکەی ڕۆژی پێشوو بە خۆو بە دەف‌و تارەوە لە دەریا هاتە دەرەوەو لەگەڵ ماسیگرەکە چوە ماڵیان . جووتە خوشك بە ماسیگریان گوت : تۆ برۆ بە دڵنیایی بخەوە . هەقت نەبێ .

ماسیگر خۆی لە بن لێفە نا بەڵام قەت خەوی لێ دەکەوێ ؟! جووتە خوشك تا سبەینێ سەماو هەڵپەڕکێیان کرد . کابراش هەر گینگڵی دەداو لە دڵی خۆیدا دەیگوت سبەینێ لەبەر چاوی ئەم هەموو عالەمە میرغەزەبان سەرم پەل دەدەن کەچی ئەم ژنانە ئەوەیان هەر بە خەیالیش دانایە . چەند جار ویستی قیت بێتەوەو بچێ دەف و تاریان لە دەست دەربێنێ و بیانشکێنێ بەڵام پاشان لێکی دەدایەوە کە بۆی هەیە شتێکیان پێ بکرێ .

بەیانی ، هێشتا ڕۆژ زەردەی نەدا بوو جووتە خوشك وازیان لە سەماو هەڵپەڕکێ هێنا . ژنی ماسیگر چوە لای مێردیو گوتی : پسمام ، هەستە بڕۆ عارەبانە بێنەو جل‌وبەرگەکە بەرە .

ماسیگر یەکەم جار وای زانی تەفرەی دەدەن و گاڵتەی پێ دەکەن بەڵام کە تەماشای کردو ئەم هەموو جل‌وبەرگەی دی نەیزانی لە خەنی خۆشیان چ بکا . یەکسەر هەستاوە جلەکانی پشکنی بگرە قۆپچەشیان لێ درابوو ، لە خۆشیان لە پێستی خۆی نەدەحەوایەوە . خێرا چوو ، عارەبانەیەکی هێنا بەر دەرگاو جل‌وبەرگەکەی بار کردو کەوتە ڕێ .

پاشا هێشتا لە خەو هەڵنەستا بوو کە ماسیگر لە دەرگای قەسری دا . دوو سەعات پێ چوو تا پاشا هات . کە هات و چاوی بەم هەموو بەرگە دڕواوە کەوت واقی وڕماو دەمی بەش بوەوە . بێ شك وەزیریش وەکو پاشا سەری سوڕما بوو . پاشا تەماشای وەزیری کردو وەزیر تەماشای پاشای کرد . شتاق لە سەرسامیان قسەیان پێ نەکرا . ئاخیری وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، لەوانەیە ماسیگر هەموو بەرگدرووەکانی شاری کۆکردبێتەوەو پارەی پێ دابن و جلەکانیان

بۆ درووبێ . دەبێ ئەم جارە شتێکی وای لێ بخوازین قەتــاو قەت پێی جێبەجێ نەبێ . بۆ نموونە با داوای لێبکەین تــا سبەینێ کۆرپەیەکمان بۆ پەیدا بکا هێشتا ناوکی نەبڕا بێو بتوانێ لەگەڵ پاشاش بدوێ .

بانگی ماسیگریان کردو فەرمانی پاشایان پێڕاگەیاند . ماسیگری بێچارە ئەم جارە نائومێد بوو . لە دڵی خۆیدا گوتی : بێشك ، ســـبەی دەکوژرێم . ئاخر کێ دیویە کۆرپەی تازە بوو قسە بکا .

ماسیگر بە پەستو غەمگینی گەڕایەوە ماڵێ . ژنەکەی لێیپرسی : پسمام گیان ، ئەوە دیسان چ بوە ؟

ماسیگر گوتی : ئەم جـــارە بە تۆش چ ناکرێ ! پاشـــا داوای کۆرپەیەکی لێکردووم هێشتا ناوکی نەبڕا بێ بەڵام بتـــوانێ بە ڕەوانی قسەی لەگەڵ بکا .

ژنە گرژیەوەو گوتی : ئەمە عەر هیچ نیە . ســـبەینێ زوو بڕۆ کەناری دەریاو بڵێ : « هۆ خوچە ، هۆ گوڵخەندان ، وەی گوڵت هــەر خەندان بێ ، ئەگەر خەوتووی ڕابە سەرخۆ ، ئەگەر واگای قسان بکە ، خوچە . خوشکت گوتی کۆرپەیەکی تازە بووم بداتێ . »

کابرا ئەو شەوە نووست . سبەینێ زوو هەســـتا چوە کەناری دەریا . دەریا هەڵچووبوو . شەپۆلی زلزل دەهاتو بە کەورەکانی کەنار دەکەوتو دەبوو بە شڵپەو هۆڕێکی وا نەبێتەوە . کاتێ ماسیگر قسەکانی ژنەکەی بۆ دەریا دوبارە کردەوە . « گوڵخەندان » لەناو شەپۆلان هاتــە دەرێ ، کۆرپەیەکی تازەبووی پێبوو هێشتا ناوکی نەبڕا بوو .

کابرا کۆرپەکەی وەرگرتو چوە کۆشکی پاشا بەڵام نەختێ گومانی لەوە هەبوو کە ئەو کۆرپەیە بتوانێ بئاخڤێ .

پاشا که چاوی به کوڕەکه کەوت ، لێی‌پرسی : کوڕەڵەکـــە ، پێم بڵێ بزانم ئێمه چارەنووسمان چ دەبێ ؟

پاشا دڵنیا بوو که کوڕەکه قسەی پێ‌ناکرێ بەڵام کوڕەکه لـــە هێکەوە هاته دەنگ‌و گوتی :

هەر ئێستا ئاگرێك له ئاسمان دەبارێ خۆت‌و تەخت‌و تاراجـــت تێك‌وپێك دەدا .

هەر هێنده کوڕەکه ئەم قسانەی له دەم هاته دەرەوە ، یەکســەر بوو به ئاگرباران‌و هەموو شتێ سوتاو بوو به خۆڵەمێش .

مـاســـــبگر هەناســـەیەکی دڵنیایی هەڵکێشــاو چووەوە دوای کارو کاسبی خۆی .

# ١٠ ـ ئـاى هــاى !

هەبوو نەبوو ، کەچەڵێك هەبوو ناوى برايم بوو . تا بناگــوێى کەچەڵ ببوو . کەچەڵ هەموو ڕۆژێ دەچوە دەرودەشتو ئێوارێ کـــە دەهاتەوە دەیدى کچى پاشا لە شانشین دانیشتوە ، کەچەڵ نەك بـە دڵێك بە سەد دڵ ئاشقى کچى پاشـــا بوو ، بەڵام نەیدەتوانى ڕازى دڵى خۆى بە کەس بڵێ . ئاخیرى ڕۆژێ بە دایكو باوکى گوت : ئیللا بیللا دەبێ بۆم بچنە داخوازى کچى پاشا .

دایکى گوتى : ئاخر کوڕم ئێمە لە حەفت ئاسمانان ئەستێرەیەکمان نیە ، تۆ چۆن دەتەوێ کچى پاشا بێنى .

برايم پێى لێ لە کەوشێ ناو. ئەوەندەى کـــرديان نەهاتە ڕاێ . ئاخیرى دایکى گوتى : باشە ، پیاویژگە ، سبەى بڕۆ لە ســەر تەختى خوازبێنى دانیشە ، چارە نیە . پاشا قسەیەکت لەگەڵ دەکا ، وەرەوە قسەکە بە کوڕە بڵێو با کوڕە لەسەر سنگو پەتکى خۆى دابنیشێ .

کابرا سبەینێ زوو هەستا چوە کۆشكو ســەراى پاشا . نۆکــەر تازە بەر دەرگەیان دەماڵى . کابرا یەکەو ڕاست چوو لەســەر کورسى خوازبێنى دانیشت . پاشا چاوى پێکەوتو بانگى کردە لاى خۆى . کابرا چوە ژوورەوە ، سڵاوى کرد . پاشا گوتى : ها ، چت دەوێ ؟

کابرا گوتى : خوا خۆى ئاگادارە ، چت لێ‌بشارمەوە ، کوڕەکەم دڵى کەوتۆتە سەر کچى تۆ . هاتوومە داخوازى کچەکەت بۆ کوڕەکەم .

پاشا بیرى کردەوە گوتى : من هیچ قسەم نیە ، بەڵام هەر کەسێ بیەوێ کچى من بخوازێ دەبێ یارى « سەیرو سەمەرە » بزانێ .

کابرا گەڕایەوە ماڵێ ، حاڵو مەسەلەی بۆ کوڕەکە گێڕایەوە . کوڕە گوتی : یەللا زوو بمبە لای سەیروسەمەرەچی .

باوکە گوتی : جا من چو زانم سەیروسەمەرەچی لە کوێیە ؟ سبەی دەپرسم . وێ دەکەوم ، ئینجا دەچین .

کابرا چەند ڕۆژێك برایمی خافلاند . دواجار برایم گوتی : دەبێ هەر ئێستا هەستی بچین سەیروسەمەرەچی بدۆزینەوە .

دایکی برایم چێشتی لێنابوو ، گوتی : باشە پیاوێژگە فراوینت بخۆ ، دەستی برایم بگرەو بیگێڕە ،لەبەر چاوی خۆی سۆراغی سەیروسەمەرەچی لە چەند کەسێك بپرســـــە . کە خـــۆی دیتی کەس ســـۆراغی سەیروسەمەرەچی نازانێ پەشیمان دەبێتەوەو دێ لەسەر پەتكو سنگی خۆی دادەکاسێ .

پاش فراوین ، باوك دەستی کوڕی گرتو ڕۆیشـــتن . یەك دوو سەعات لە ناو شار سۆراغیان کرد کەس دوکانی ســـەیروسەمەرەچی پێنەدەزانی . لە شار دەرچوون ، ڕۆیشتن بەرەبەری عەسرێ گەیشتنە کانیاوێك . کابرا گوتی : با نەختێ لێرە دانیشین ، شەکەتی لەشـــمان دەرکەین ئینجا بکەوینەوە ڕێ .

زۆر کەشەنگو ماندوو بوون . باوك کە دانیشت ئاهێکی هەڵکێشا گوتی : « ئای های ! » ، یەکسەر ئاوی کانی جماو کابرایەکی بوودەڵە لە ئاو هاتە دەرێو گوتی : ها ، چ ئیشت هەیە ؟ چت دەوێ ؟

باوك گوتی : هیچ ئیشم بە تۆ نیە . لە سۆری ســـبەینێوە بە ڕێ کەوتووین لە یەکێ دەگەڕێین یاری ( سەیروسەمەرە ) فێری ئەم کوڕەم بکا تا ئێستا کەسمان نەدۆزیوەتەوە . کوڕەکەم ئەشیقی کچی پاشا بوە . پاشاش دەڵێ شیربایی کچەکەم یاری ( سەیروسەمەرە )یە . جا کـــە

گەیشتینە ئێرە من بێ دەستی خۆمو هەر بۆ خۆم گوتم « ئای های ! » .

کابرای بوودەڵە گوتی : « ئای‌های » ناوی منە . لەم شارە تەنیا من ئەم یاریە دەزانم .

کابرا گوتی : دەستم دامێنت . کوڕەکەی منیش فێر کە .

کابرای بوودەڵە گوتی : باشە .

دەستی برایمی گرتو بردیە ناو کانیەکە .

کابرا چاوی هەڵگلۆفت ، تەماشای دەوروبەری خۆی‌کرد ، برایم نەمابوو . بە هەر دوو دەستان وەرگەڕایە سەروپۆتەلاکی خۆیو گوتی : ئەوە چیم کرد ؟ جا چ جوابی دایکی برایم بدەمەوە ؟

لەولاوەش کابرای بوودەڵەو برایم گەیشتنە ماڵی « ئای های » . « ئای های » کچێکی هەبوو کاتێ کچە چاوی بە برایم کەوت یەکسەر ئەشقی بوو . ڕۆژێ کچە بە برایمی گوت : برایم ، هەر کەسێ هاتبێتە ئەم ماڵە ئیتر دەرچوونو گەڕانەوەی نەبوە . ئەگەر گفتم پێبدەی بمخوازی من دەربازت دەکەم .

برایم سوێندی خوارد کچە بێنێ . ئینجا کچە گوتی : هەر کاتێ باوکم لێی‌پرسی : چ دەزانی ؟ بڵێ گەسکدانو نان‌ڕشاندن .

برایم ماوەیەك لەوێ مایەوە . وردە وردە هەندێ کەڵەکو دەهۆو دۆلابی ( ئای های ) فێر بوو بەڵام هەر کاتێ « ئای های » لێی بپرسیبایە : چ دەزانی ؟ برایم دەیگوت : گەسکدانو نان‌ڕشاندن .

ڕۆژێ ، دایکی برایم دیسان چێشتی لێنابوو . کە مەنجەڵی لەسەر ئاگر داگرت یەکسەر برایمی وەبیر هاتەوەو چاوی پڕ فرمێسك بووو بە مێردی گوت : کوڕەکەت بردم ، بێ‌گومت کرد . نوو هەستە برۆ بە هەر جۆرێ بێ بیدۆزەوەو بیهێنەوە . جەرگەو هەناوم بۆ هەڵدەقرچێ .

کابرا هەستا چوە دەو کانیەکەو گوتی : « ئای های » . ئاوی کانیەکە جمـا . « ئای های » هاتە دەرەوە . کابرا گـوتی : دایکی برایم غەریبی برایم دەکا . لێگەڕێ سێ چوار ڕۆژ بێتەوە ماڵێ پاشان خـۆم دەیهێنمەوە .

« ئای های » چوو برایمی هێناو بە دەستی باوکی سپاردو باوکـە گوتی : پاش چوار ڕۆژیتر دەیهێنمەوە .

برایم و باوکی بەرەو ماڵ بوونەوە . لە ڕێگا ، برایم لە دڵی خۆیدا گوتی : با بزانم هیچ فێر بوویم یان نا ؟ جا بە باوکی گوت : بابە ، تۆ برۆ من دەست بە ئاو دەگەیەنم و دێم دەتگەمێ .

کاتێ باوکە ڕۆیشت ، کەچەڵ خۆی کردە کەڵەشێرێکی گـەورەو بە لایەکی‌تردا سووڕایەوە پێش باوکی . باوکی سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد لە کەڵەشێر بەو لاوە کەسی نەدی . لە دڵی خۆیدا گوتی : خـوا ناردی ، ئەم کەڵەشێرە دەگرم و دەیبەمەوە بۆ برایم سـەری دەبڕم . کەیفی پێ دێ . بەڵام هەر هێندە دەستی بۆ کەڵەشێرەکە برد کەڵەشێر دەنووکێکی توندی لە دەستی دا . تا کابرا ویستی لێیەوەخۆکەوێ برایم دوبارە خۆی کردەوە بنیادەم و گوتی : بابە ، ئەوە چیە ؟

باوکی گوتی : هیچ نیە . کەڵەشێرێك بوو ، ویستم بیگـرم ، دەنووکێکی لە دەستم‌داو بزر بوو .

برایم گوتی : واز بێنە بابە ، کەڵەشێر لێرە چ دەکا ؟!!

پاش نەختێ ، برایم خۆی وەپاش داو خۆی کردە بەرانو بە پێش باوکی کەوت . کابرا ویستی بەرانەکە بگرێ ، بەرانەکە قۆچێکی لێداو ڕۆیشت . خۆی کردەوە بنیادەم و هات شان بە شانی باوکی کەوتە ڕێ‌و گوتی : ها ، ئەوە دیسان چ بوە ، بابە ؟!

باوك وەڵامی دایەوە : هیچ نەبوو ، بەرانێك لێرە بوو ، ویستم بیکرم ، قۆچێکی لێدام‌و بزر بوو .

نەختێکی‌تر ڕۆیشتن ، برایم خۆی کردە ئەسپ‌و بە حیلەحیل بە پێش باوکی کەوت . کابرا دیسان بۆ ئەسپەکە چوو بیگرێ ، بەڵام ئەسپ لووشکەیەکی هاویشت‌و کابرا خۆی بە زەویەوە نووساند . برایم یەکسەر خۆی کردەوە بنیادەم‌و هاتەوە دەستی باوکی گرت‌و قینی کردەوەو گوتی : هەستە بابە ، ئەوە دیسان چ بوو ؟

باوکی گوتی : تازە ئەسپێك لێرە بوو ، ویستم بیکرم ، لووشکەیەکی هاویشت‌و بزر بوو . نەتدی ؟!

برایم گوتی : بابە ، ئەمڕۆ دەڵێی لێت‌شێواوە ئاخر ئەسپ لێرە چ دەکا ؟!

برایم لە کەیفخۆشیان لە پێستەی خۆی نەدەحەوایەوە . شایی لە دڵدا دەگەڕاو هەنگوینی دەزایە زار : ئیتر هەمووی فێر بووم .

هاتنەوە ماڵێ . چەند ڕۆژێکی پێچوو ، ڕۆژێ برایم بە باوکی گوت : بابە ، ئێستا خۆم دەکەمە کەڵەشێر بمبە بازاڕ بمفرۆشە ، بەڵام نەکەی پەتی پێم بفرۆشی ها ! پەتەکە لە پێم بکەوەو بیهێنەوە ماڵێ .

برایم خۆی کردە کەڵەشێر . کابرا کەڵەشێرەکەی بردە بازاڕو فرۆشتی‌و پەتی پێی هێنایەوەو کە گەیشتەوە ماڵێ دیتی برایم وا لە ماڵەوەیە .

بۆ سبەینێ برایم گوتی : بابە ، ئەمڕۆ دەبم بە ئەسب . دیسان ئەسپەکە ببە بفرۆشە ، بەڵام جڵەوەکەی نەفرۆشی ها !

کابرا ئەسپەکەی بردە بازاڕو فرۆشتی‌و جڵەوەکەی هێنایەوە ماڵێ . دیتی دیسان برایم گەیشتۆتەوە ماڵێ .

ڕۆژێکی‌تر برایم خۆی کردە بەرانو گوتی : بابە ، بمبە بمفرۆشە ، بەڵام پەتی ملم لەگەڵ نەفرۆشی ها ، هەر چەندت پارە بدەنێ نەیدەی !

کابرا بەرانەکەی بردە بازاڕ .

لەو لاوەش « ئای های » چەند ڕۆژێ چاوەڕێی کرد ، برایم هەر نەهاتەوە . بە دووربین تەماشای کرد دیتی برایم خۆی کردۆتە بەرانو باوکی وا خەریکە دەیفرۆشێ . یەکسەر خۆی گەیاندە بازاڕو بە کابرای گوت : ئەم بەرانە بە چەندی دەدەی ؟!

کابرا گوتی : سەد دینار .

« ئای های » سەد دیناری داو پەتی بەرانەکەی گرتو ویستی بیبا .

کابرا گوتی : پەتی ملی نافرۆشم .

« ئای های » گوتی : ئاخر ، ناتوانم بێ پەت بیبەمەوە .

کابرا گوتی : کەیفی خۆتە . پەتەکە فرۆشتنی لەسەر نیە .

« ئای های » سەد دیناری تری‌داو گوتی : پەت چ قیمەتی هەیە ، فەرموو ئەمە سەد دیناری‌تر لە باتی پەتەکە .

ئەو خەڵکەی لە دەوریان کۆ ببوونەوە گوتیان : بابە ڕاست دەکا . بەران بێ پەت ناچێ . فەقیرەی سەد دینارت بۆ ئەو پەتە دەداتێ هێشتا تۆ سەر گرانی ؟

ئەوەندە لەم لاو لەو لا بەسەر کابرا دا ڕۆیشتن تا کابرا وەڕس بوو . پەتەکەیشی لەگەڵ بەرانە کە فرۆشتو بە پەشیمانیو پەشۆکاوی گەڕایەوە ماڵێ ، بینی برایم نەهاتۆتەوە .

« ئای های » بە ڕاکێش ڕاکێش بەرانی برد . لە ڕێگا پێی دەگوت : تەنیا گەسکدان دەزانی ! ها ؟ ئێستا هەقو حسێبت لە دەست دەنێم .

کچی « ئای هـای » لـه دوورەوە دیتی باوکی برایمی گـرتوە دەیهێنێتەوە . تێگەیی هەر بگاتە جێ داوای چەقۆی لێ دەکا تا سەری بەرانەکەی پێ ببڕێ . خێرا هەرچی چەقۆی ماڵـەوە هەبوو هەمووی شاردەوەو چرەدوکەڵێکی وای لە ماڵەوە کردەوە چاو چاوی نەدەدی . « ئای های » لە دوورڕا هاواری کرد . کچێ ئەو چەقۆیەم بۆ بێنە .

کچە گوتی : بابە ، چرەدوکەڵە پێم نادۆزرێتەوە .

« ئای های » گوتی : تۆ وەرە ، ئەو بەرانە بگرە نەڕوا من خۆم دێم دەیدۆزمەوە .

کچە سەری بەرانەکەی گرت ، سەری بردە بناگوێیو گـوتی : لەسەر قسەی خۆت ماوی ؟

برایم دیسان سوێندی بۆ خـوارد بیهێنی . کچە پەتەکـەی بەرەڵلاکردو قیژاندی : بابە ، وەرە ، بەرانم لە دەست بەر بوو .

« ئای های » بە پەشۆکاوی لە ماڵەوە هاتە دەرێو کەوتە شـوێن بەرانەکە . بەران بوو بە چۆلەکەو فڕی . « ئای های » بوو بە باشووکەو کەوتە دوای چۆلەکەکە . چۆلەکـە خۆی لە ژووری پاشـا کوتا . باشووکەش بە دوایدا چوو .

باشووکە چرنۆکی درێژ کرد چۆلەکە بگـرێ ، چۆلەکە بوو بە چەپکەگوڵێکی جوانو کەوتە کۆشی پاشا . باشووکە بوو بە دەروێشو لەبەر دەرگا وەستاو گوتی : پاشا ، چەپکەگوڵەکەم بدەوە . پاشا هـەر چەندە پارەی عەرزی دەروێش کـرد دەروێش ڕازی نەبوو ، گـوتی چەپکەگوڵی خۆمم دەوێ . پاشا ناچار بوو چەپکەگوڵەکەی بۆ دەروێش درێژ کردو گوتی : هانێ ، بگرە بڕۆ لە کۆڵمان بەوە . کـستوڕی چەپکە

گوڵەکە بوو بە مستە هەرزنێكو بە عەردی وەر بوو . دەروێشیش بوو بە مریشكو کەوتە چینەکردنی دنکە هەرزنەکان . تا تەنیـــا یەك دنکە هەرزن ما ، ئەو دنکە هەرزنە بوو بە چۆلەکەو لە ژووریّ کەوتە فرەفرو هاتوچۆ ، مریشك بوو بە باشووکەو کەوتە دوای چۆلەکە . چۆلەکـە بوو بە چەپکەگوڵو کەوتە کۆشێ پاشا . باشووکە بوو بـە دەروێشو لەبەر دەرگا وەستاو گوتی : پاشا ، چەپکە گوڵەکەم بدەوە .

پاشاو وەزیر بە ماتو سەرسامی سەیری ئەم دیمەنەیان دەکـردو هیچ قسەیان نەدەکرد . لەناکاو پاشا لە دەمی دەرچوو گوتی : وەزیر ، لەوانەیە ئەمە یاری « سەیرو سەمەرە » بێ .

یەکسەر چەپکەگوڵەکە بوو بە برایمو گوتی : بەڵێ پاشا ڕاســت دەفەرمووێ . ئەوە منم خۆم فێری یاری « سەیرو سەمەرە » کردوە . ئێستاش تۆبەڵێنی خۆت بە جێ بێنەو کچی خۆتم بدێ .

پاشا ناچار بوو قبووڵی کرد . ئینجا بە برایمی گوت : ئێستا بـە دەروێشی بەر دەرگا بڵێ : واز لە کچـــەڵی من بێنـــەو بڕۆ دوای ئیشی خۆت .

دەروێش ، کە « ئای های » خۆمان بوو ، گوتی : من هیچ قسەم نیە . دەڕۆم ، بەڵام برایم دەبێ شەوی چوارشەم میوانی من بێ .

برایم قبووڵی کردو « ئای های » بەڕێ کرد .

شەوی چوارشەم ، برایم چوە ماڵی « ئای های » ، کچەکـــەی « ئای های » دەستی گرتو بردیە ژێرزەمین . برایم دیتـی ژێرزەمین پڕاوپڕی بنیادەمی زێڕە . کچەکە گوتی : ئەمانە دەبینی ؟! ئەمانە کاتی خۆی هەموو وەکو منو تۆ زیندوو بوون ، باوکم هەمووی کردن بە زێڕ . ئەمشەویش لەبەر دایە تۆ بباتە کۆنە گۆڕستانو بتکا بە زێڕ . شەو کـە

چوونە گۆڕستانەکە ، باوکم ئەسپی خـۆی بە تۆ دەسپێریو خـۆی دەچێتە ناو گۆڕێك ئەفسوون دەخوێنێ . پاش نەختێ مردوویەك لـە گۆڕەکە دێتە دەرەوە ، گورزێکی ئاگری بە دەستەوەیە ، هەر کەسێکی بکەوێتە بەر چاو گورزێکی لێدەداو دەیکاتە زێڕ . تۆ ئەسـپەکە بەرەللا کەو خۆت لە پەنایەك بشارەوە . مردوەکـە ببینێ کەس دیار نیـە دەچێتەوە ناو گۆڕو گورزەکە لەسـەری باوکم دەداو ئەو حەلـە هەم خۆیشیو هەم باوکیشم هەردووکیان دەبن بە زێڕ . کـە بوونە زێڕ هەردووکیان هەلگرەو بیانهێنەوە ئێرە .

نیوەشەو ، « ئای های » بە برایمی گوت : لـە دەرەوە هەندێ ئیشم هەیە . هەستە بەرمالێك هەلگـرە ، پێکەوە بچین ئیشـەکە بکەینو بێینەوە .

برایم بەرمالێکی هەلگرتو هەردووکیان سواری ئەسـپ بوونو بەرێ کەوتن . لە قەراغی گۆڕستانەکە « ئای های » لە ئەسپ دابەزیو بە برایمی گوت : برایم تۆ لێرە بە جلەوی ئەسپەکەم بۆ بگـرە ، من ئێستا دێمەوە .

« ئای های » چوە ناو گۆڕستانەکە . برایم دەرحال هەوسـاری ئەسپەکەی لە بەردێك گرێ داو خۆی شـاردەوە . پاش ماوەیەك ، مردوویەك لە گۆڕ هاتە دەرێ ، گورزێکی ئاگری بە دەستەوە بوو ، ئاگری لە چاوان دەباری . نەختێ تەماشای ئەم لاو ئەو لای کرد ، تەماشـای سەرێو خوارێی کرد کەسی نەکەوتە بەر چـاو ، گەڕایەوە . دوای نەختێ برایم گوێی لە زیرەیەك بوو ، برەك پێچوو ئاگرێکی سەوز لـە گۆڕەکە بەرز بوەوە . برایم نەختێ سەبری گرت ، پاشان چوە سـەر

گۆڕەکە دیتی « ئای های » و مردوەکە هەر دووکیـــان بوونەتە زێڕ ، بەرماڵەکـــەی هێنا ، مردوەکەی لێ پێچـــاو گەڕایەوە لای کچی « ئای های » .

کچی « ئای های » لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکرد بزانێ کامەیان بە سەلامەتی دەگەڕێتەوە . کە چاوی بە برایم کەوت لە خەنی خۆشـــیان هاواری لێ‌هەستاو ڕایکرد بۆ پێشوازی .

برایم کچەی هێناو بوو بە خاوەنی هەموو زێڕەکەش . پاشان کچی پاشایشی هێناو بە کامی دڵ گەیشت .

# ١١ ـ دنكه نـــۆك

لە زەمانی هەرە کۆن ، ژنو پیاوێك هەبوون هیچ منداڵیان نەبوو . هەر چی داو دەرمانیان بە کارهێنا ، سەریان بەسەر کتێـب داگرت ، دوعاو نوشتەیان کرد ، سوودی نەبوو .

ڕۆژێ ، دەرویشێك هاتە بەر دەرگاو سەلەواتی لێداو قەسیدەی خوێندەوە . ژنە هات دەروێش بە ڕێ بکا دەروێش خەمێکی گرانی لـە ڕووی ژنە بینی ، پێی گوت : خوشکێ ، ئەوە بۆ غەمگینی ؟

ژنە ئاخینکێکی هەڵکێشاو گوتی : چت لێبشارمەوە . منـــداڵم نیە . هەر چی دەکەم منداڵم نابێ .

دەروێش گوتی : ئەمە هەر هیچ نیە . مستە نۆکێك لە ناو ئاو بکەو ئێوارێ لە بن سەری خۆتی دابنێ تا سبەینێ لە خەو هەڵدەستی هەموو دنکەنۆکەکان دەبنە منداڵ .

ژنە دەروێشی بە ڕێ کردو گەڕایەوە . یەك جامە نۆکی لە ئاو کردو لە بن سەری خۆی داناو نووست .

بەیانی کە لە خەو هەستا دیتی سەدان منداڵی ووردبلە لە دەوری دێنو دەچن ، یەکێ دەڵێ : دایە ، پێڵاوم بۆ بکڕە . یەکێ دەڵێ : دایە ، جلم بۆ بکـڕە .

ژنە کە حاڵی خۆی بەم جۆرە بینی ، گوتی : منداڵ بۆ ئێمە دەست نادا . چوو تەندووری داگیرساندو هەموو دنکەنۆکەکانی گەسك دایە ناو

تەندوور . یەك تاکە دنکەنۆك خۆی لە کونێك شاردەوەو نەسووتا . بوو بە نیوەڕۆ . ژنە نانی ئامادە کردو بۆ مێردەکەی لە دەستماڵێکی پێچاو سەیری دەورو بەری خۆی کرد کەس نەبوو خواردنەکەی پێ ڕەوانە بکا . ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی : بریا هەموو دنکە نۆکـــەکانم لە تەندوور نەکردبایە . ئێستا ئەم خواردنە بە کێ بۆ پیاوەکەم بنێرم ؟

دنکەنۆکێك لە تەندوور هاتە دەرێو گوتی : دایە گیان ، غەمـت نەبێ ، فراوینی باوکم بدە من ، من بۆی دەبەم .

دایکی دنکەنۆك زۆر شادومان بوو . دەستماڵەکەی لە پشـــتی وڵاغێك بەســـــتو دنکەنۆکی بڵندکردو لەســــەری دانا . دنکەنۆك یەکسەر چوە ناو گوێی وڵاغەکەو چوار مەشقی لێیدانیشتو وڵاغەکەی دەنگ‌داو هاژوای .

کابرا خەریکی زەوی کێڵان بوو دیتی وڵاغێکی بێ‌ساحێب هاتە ناو زەوی . ئەوەندەی سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد کەسی نەدی . وڵاغەکەی دەنگ دا وڵاغ نەگەڕایەوەو بۆ کنی هات . کابرا دەستی دایە دارجووتەکەی بۆ ئەوەی وڵاغەکە دەر بکا ، دەنکەنۆك لە ناگوێی وڵاغەکە هاتە دەرەوەو دابەزی ، لە پێش باوکی پەیدا بووو گوتی : بابە ، گیان ، منم فراوینم بۆ هێنـــاوی .

کابرا زۆر شادو کەیفخۆش بوو کـــە نەمردو کوڕی خـــۆی بە چاوی خۆی دی .

دنکەنۆك گوتی : بابە گیان ، تۆ فراوینی خۆت بخۆ من دەچمە لای پاشا قەرزی تۆی لێ‌دەسەنمەوە . هەر چەندەی کابرا گوتی من هیـــچ قەردم لەسەر پاشا نیە . دنکەنۆك بەگوێیدا نەچوو ، گـــوتی : بابە ، تۆ سەرت لەم شتانە دەرناچێ ، من خۆم دەزانم پاشا چەند قەرداری تۆیە ! تۆ هەقت نەبێ ، من خۆم دەچم قەردی تۆی لێ‌وەردەگرمەوە .

دنکەنۆك چوە لای پاشاو گوتی : پاشـــا ، تۆ عانەیەك قەرداری باوکمی ، بێنە عانەکەی باوکم بدەوە .

پاشا بە نۆکەرانی گوت : عانەیەکی بدەنێو بە ڕێی کەن .

بەڵام ئەوەندەی پارەیان لە پێش دنکەنۆك دانـا ، سوودی نەبوو ، گوتی : ئەمانە هیچیـــان عانەی باوکم نین . من عانەکـــەی باوکمم دەوێتـــەوە .

پاشا تووڕە بوو ، گوتی : بیبـــەن ، فڕێی دەنە ناو حەوزی ئاو با بخنکێ .

نۆکەر تێی وەرهاتن ، گرتیانو بردیان فڕێیان دایە نـاو حەوزی ئـاو . کاتێ دنکەنۆك کەوتە ناو ئاو تا هێزی تێـــدا بوو هاواری کرد : هەڵمژە ، هەموو ئاوەکە هەڵمژە .

هەموو ئاوەکەی هەڵمژیە ناو ورگیو هـــاتە دەرەوەو چوەوە لای پاشا . پاشا تازە هەناسەی دڵنیایی هەڵکێشابوو گوایە دنکەنۆکی لـە کۆڵ بۆتەوە ، لەناکاو دنکەنۆك بە ورگی ئاوساوو هەڵدەفاوەوە لەبەردەم پاشا قیت بوەوەو گوتی : خێرا ، عانەکەی باوکم بدەوە .

پاشا زیاتر تووڕەو شێتگیر بوو ، نەڕاندی : بیبەن ، فڕێی دەنە ناو تەندوور ، با بسووتێو ببێ بە خۆڵەمێش .

نۆکەرەکان دنکەنۆکیان گرتو بردیان فڕێیان دایە ناو تەندوور . کاتێ دنکەنۆك کەوتە ناو تەندوور ، تا هێزی تێدا هاواری کرد : بڕێژێوە ، بڕێژەوە ، ئاوەکە ، بڕێژەوە .

یەکسەر هەموو ئاوەکـــەی ڕژاندەوە ناو تەندوورو ئاگرەکـــەی کوژاندەوە . ئینجا دنکەنۆك لە ناو تەندوور بازی دایە دەرێو چوە بەردەم پاشاو گوتی : خێرا عانەکەی باوکم بدەوە .

پاشا تێگەیی دەرەقەتی ئەم نیوەبستۆکە نایە ، گوتی : بیبــەن ، فڕێی دەنە ناو خەزنە . با خۆی عانەی باوکی بدۆزێتەوەو گوڕ بە گوڕ بچــێ .

نۆکەران دنکەنۆکیان بردە ناو خەزنەو بەرەللایان کــرد . کاتێ دنکەنۆك گەیشتە ناو خەزنە ، تا هێزی تێدابوو هاواری کرد : بخۆ ، بخۆ ، هەمووی بخۆ .

دنکەنۆك هەموو زێڕو گەوهەری خەزنەی پاشای هەللوشی‌یە نــاو ورگی‌و هاتە دەرەوە . چوە لای پاشاو گوتی : دۆزیمەوە .

کاتێ دنکەنۆك گەڕایەوە ماڵێ ، دایکی هەناوی بۆ هەلاهەلا ببوو . دایکی گوتی : ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی ؟

دنکەنۆك گوتی : تۆ هەقت نەبێ . بڕۆ ماشم بۆ لێ‌بنێ .

دایکی دنکەنۆك یەك مەنجەڵە ماشی لێنا . دنکەنۆك تــا مڕ بوو ماشی خوارد . ئینجا هەموو زێڕو گەوهەرەکــەی یەق کــردەوە. دایکی هەمووی کۆکردەوەو شووشتیەوەو چوە بازاڕ ، ئەوەی دڵی بۆ چــوو کڕی .

# ١٢ ـ پیرەژن و سێ کچەکەی

هەبوو نەبوو ، پیرەژنێك هەبوو سێ کچی هەبوو . هەر سێکیان لەخۆ گەڕابوونەوەو داکەوتبوون هێشتا مێردیان نەکرد بوو .

ڕۆژێ ، پیرەژن لە دڵی خۆیدا گوتی : وا چاکە دەستوبردێك بکەم و کچەکانم بە مێرد بدەم : چ بکەم ؟ چ نەکەم ؟

پیرەژن دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ، خەرەکی خوری ڕستنی کچی گەورەی هێنا لەبەر دەرگای داناو کچی گەورەی لەسەر داناو کچە کەوتە خوری ڕستن .

عەسرێ ، کەراشێك لە ئیش دەهاتەوە ، چاوی بە کچە کەوت و ئەشقی بووو هێنای . بۆ بەیانی پیرەژن کچی ناوەنجی هێنایە دەرەوەو لەسەر خەرەکی خوری‌ڕستن داینا . کەبابچیەك چاوی بەم کچە کەوت و حەزی لێکردو هێنای . ڕۆژی سێیەم ، پیرەژن کچی کچکەی لەبەر دەرگا دانا . ئەویش کابرایەکی هەنگوینفرۆش داخوازی کردو هێنای .

پاش ماوەیەك پیرەژن لە دڵی خۆیدا گوتی : با هەستم بچم بزانم کچەکانم لە چ حاڵدان ، سەرێکیان لێ بدەم .

چوو بایی دینارێك لەتکەخۆخی لە بەقاڵی سەری کۆڵانێ کڕی و خستیە گیرفانی و چوە ماڵی کچی گەورەی . لە دەرگای دا . کچە دەرگای کردەوە :

ــ سەلام و عەلێك

ــ وعەلەیکەسەلام !

چاکو خۆشیان کرد . چوون لە ژووری دانیشتن . پیرەژن لەتکەکەی دایە کچەکەی . شەو داهات . زاوا هاتەوە . کەلەوپاچەی هێنابوەوە . بە ژنەکەی گوت : حورمێ ، ئەمانە بخە ناو تەندوور بۆ ئەوەی تا سبەینێ بکولێنو بیانخۆین .

وەختی نووستن داهات . کاتێ هەموو خەویان لێ کەوت پیرەژن هەستا چوە سەر تەندوور ، کەلەوپاچەی کوڵاو نەکوڵاوی دەرهێناو بە ملچەملچ کەوتە سەری .

کەڕاش لە دەنگی ملچەملچ بە ئاگا هاتو گوتی : حورمێ ، سەگ خەریکە کەلەوپاچە دەخوا ، هەستە بچین دەری کەین .

ژنو مێرد هەستان چوونە سەر تەندوور . کە کچە دایکی بەم جۆرە بینی گوتی : ژنێ ، هەستە لەم ماڵە برۆ ، ئابڕوت بردم .

پیرەژن گوتی : لەتکەکانم بدەوە ، دەڕۆم .

پیرەژن لەتکەکانی وەرگرتەوەو بەیانی زوو بە هەشتاوی چوە ماڵی کەبابچی . لەتکەکانی دایە کچەکەیو کەوتنە قسان . عەسرێ کەبابچی هاتەوە . گۆشتی بۆ کەباب هێنا بوەوە . گۆشتەکەیان بە قولابەوە کردو هاتن دانیشتن . کاتێ کە شێویان خواردو خەوتن ، پیرەژن لە دڵی خۆیدا گوتی : با هەستم بچمە موبەق . لە مێژە گۆشتم نەخواردوە .

هەستا چوو . دیتی دەستی ناگاتە قولابەکە . خۆی بۆ هەڵدا هەر دەستی نەگەیشتێ . کەبابچی لە دەنگی ڕمبەڕمب خەبەری بوەوەو گوتی : حورمێ ، هەستە دزە !!

چوون دیتیان پیرەژنە خۆی هەڵدەدا گۆشتەکە بێنێتە خوارێو دەستی ناگاتێ . کاتێ کچە دایکی بەم تەرزە بینی ، گوتی : وای کوو ئابڕووی بردم .

سبەینێ بە پیرەژنی گوت : هەستە بڕۆوە ماڵی خۆت . نامەوێ چیتر لێرە بمێنیتەوە .

پیرەژن گوتی : لەتکەکانم بدەوە ، دەڕۆم .

لەتکەکانی وەرگرتەوەو خۆی بۆ ماڵی کچی گچکە هەڵکوتا . لە ماڵی دراوسێیان زەماوەند بوو ، کچەش داوەت کرا بوو . کچە گوتی : میوانم هەیە پێم‌ناکرێ بێم ، گوتیان : میوانەکەشت بێنە .

دایك‌و کیژ هەستان چوونە سەر زەماوەند . ماڵی زەماوەندگێڕیش هەنگوینفرۆش بوون . چاوەش‌و گۆیەندەو سازندە دەیانچریکاندو هەڵدەپەڕین‌و سووڕیان دەدا ، بگرەو بەردەیەك بوو ئەو سەری نەبێتەوە . پیرەژن بە کپی چوو شوێنی گۆزە هەنگوینەکانی دۆزیەوە . دەستی بردە ناو گۆزە هەنگوینێکی بچووك بۆ ئەوەی هەندێ هەنگوین بخوا ، دەستی تێدا عاسێ بوو . هەر چەندە کردی دەستی نەهاتە دەرێ . ناچار گۆزەکەی لەبن چارۆکە شاردەوەو هاتەوە ناو کۆڕی زەماوەند . وەختی نووستن داهات . هاوین بوو . هەیوەشەو بوو ، جێی پیرەژنیان لە حەوشە ڕاخست . نیوەشەو ، پیرەژن هەستا بۆ ئەوەی گۆزە هەنگوینەکە بشکێنێ و بحەسێتەوە . ئەم لاو ئەو لا گەڕا بەردێکی لووس‌و ماهی دۆزیەوە ، تومەز ئەمە بەرد نەبوو سەری ڕوتاوەی سازندەیەك بوو ، لەبەر تریفەی مانگ دەبریقایەوە . پیرەژن دەستی بلند کردو بە قایم گۆزەکەی بە سەری سازندە دادا . سازندە دادو فریادی لێ‌هەستا . هەموو لە خەو ڕاپەڕین . دیتیان سازندە خوێنی بەسەری دا دێتە خوارێ‌و هاوار دەکا : هەی خوێڕینە ، سەریان شکاندم . وای بابە مردم .

کاتێ کچە دایکی بەم حاڵە بینی لە خۆی تەریق بوەوەو خۆی لە کوژیەك شاردەوە . بەیانی بە دایکی گوت :

دایە ، ئیدی بەسسە ، هەستە بڕۆ ، ئابڕووت بردم .

پیرەژن گوتی : لەتکەکانم بدەوە ، دەڕۆم .

کچە لەتکەکانی دایەوە دایکیو گوتی : وەرە ، هەستە بڕۆ ، بزر بە !

پیرەژن لەتکەکانی وەرگرتو ملی ڕێگای خۆی گرتو بەرەو ماڵێ بوەوە . کە گەیشتە دوکانی بەقاڵەکەی سەری کۆڵانی بە بەقاڵی گوت : ها ، بگرە لەتکەکانت ، دینارەکەم بدەوە . لەتکەو مەتکەم ناوێ .

بەقاڵ یەکەم جار قبووڵی نەکرد . ئاخیری دیتی پیرەژن وازی لێ ناهێنێ لەتکەکانی وەرگرتەوەو دینارەکەی دایەوە .

پیرەژن چوەوە ماڵی خـــۆی دانیشت چیتر نەچـــوە سەردانی کچـــەکانی .

## ١٣ ـ محەمەد پاشا

هەبوو نەبوو ، پاشایەك هەبوو کۆترێکی هەبوو . پاشا کۆترەکەی زۆر خۆش دەویست . قەفەزنکی زێڕی بۆ کردبوو . هەندێ جار دەچوە کن قەفەزەوکە بە دەستی خۆی دانی دەدا کۆترەکە .

ڕۆژێ ، پاشا لە تەك قەفەزەکە دانیشتبوو ، دیتی کۆترێکیتری دەق وەکو کۆتری خۆی هاتو دەنووکی لە ڕوومەتی کۆتری ناو قەفەس مالیو فڕیو ڕۆیشتەوە .

پاشا لە کۆترەکەی خۆی پرسی : ئەوە ئەو کـۆترە بۆچ هاتبوو ، چی گوت ؟

کۆترەکە گوتی : زەماوەندی برامە . ئەوە هاتبوە دوای من . ئەگەر ڕێم دەدەی دەچم . پاش سێ ڕۆژی دی دێمەوە .

پاشا گوتی : باشە ، بڕۆ . بەلام کە هاتیتەوە لە بیر نەکەی دیاریەکم بۆ بێنـــە .

وەزیر ویستـیدلی پاشا خاو بکاتەوەو لێنەگەڕێ کۆترەکە ئیزن بدا بەلام پاشا گوێی نەدایە . کۆتر ڕۆیشت . دوای سێ ڕۆژ هاتەوە ، ناوکە سێوێکی بە دەنووکیەوە هێنا بوو .

پاشا فەرمانی دا ناوکە سێوەکەیان لەناو باخچـــە چاند . چەند سالی پێچوو . ناوکە سێو شـــین بوو ، بووە بە درەختێکی زل ، چەند سێوێکی زێڕی گەورەی گرت .

پاشا بە باخچەوانی گوت : زۆر باش ئاگاداری ئەم سێوانە بە . بەلو سێو بچێ قوڕقوشمت لە گەروو دەکەم .

باخچەوان هەموو ڕۆژێ سێوەکانی بە نیشان دەکردو بە سەری دەکردنەوە . ڕۆژێکیان کە هات سێوەکان بەسەر بکاتەوە دیتی ئەو شەوە سێوێکیان لێ کردۆتەوە . بە هەلەداوان چوو خەبەری دایە پاشا .

پاشا سێ کوڕی هەبوو . کوڕی گەورەی نارد بۆ ئەوەی شەو لەناو باخچە ئێشك بگرێ‌و دزەکە بگرێ . کوڕی گەورە تا نیوەشەو نەنووست ، هیچ نەبوو . ئیدی لە ژێر درەختەکە ڕاکشاو خەوی لێ کەوت . کە سبەینێ هەستا دیتی سێوێکی تریشیان لێ کردۆتەوە .

شەوی دوەم برای ناوەنجی چوە ناو باخچەو ئەویش وەکو برای گەورە نیوەشەو خەوی لێ کەوت‌و کە بەیانی هەستا سێوێك کەمی کردبوو .

شەوی سێیەم ، کوڕە گچکەی پاشا کە ناوی محەمەد پاشا بوو ، چوە خزمەت باوکی‌و گوتی : بابە ، ڕێم بدە ئەمشەو من دەچم خۆم نۆبەت لە باخچە دەگرم‌و دزەکە هەر دەدۆزمەوە .

پاشا ڕێی دا . محەمەد پاشا چوە ناو باخچە . نیوەشەو ئەوەندەی خەو هات خۆی لەسەر پێ ڕانەگرت . هەستا پەنجەی خۆی بڕی‌و خوێی پێوەرکرد تا خەو نەیباتەوە . ماوەیەکی پێ چوو ، لە ناکاو گرمەی دەنگێکی تۆقێنەر هات‌و ئاسمان لەگەل لەرزی ، دەستێك بۆ درەختەکە درێژ بوو سێوەکە لێ بکاتەوە . محەمەد پاشا بە تەردەستی شمشێری هەلکێشاو لێیدا دەستی دزەی بڕی‌و دەستەکە بەربوەوە سەر زەوی ..

ئینجا محەمەد پاشا نووست . بەیانی چوە خزمەت باوکی‌و حالو مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە .

هەر سێ برا بە شبـــوێن دەوسی ئەو خوێنەدا چوون کـە لـە دەستەبراوەکە چکا بوو . برۆ ، برۆ ، گەیشـــتنە ســـەر بیرێك . پەتێکیان لە ناو قەدی برای گەورە بەستو شۆڕیان کردەوە ناو بیرەکە . لە نیوەی ڕێگا برای گەورە کردیە هاتو هاوارو گوتی : وای سووتام ، سووتام ، هەلمکێشنەوە !

ئینجا برای ناوەنجی خۆی شۆڕ کردەوە ناو بیرەکە ، ئەویش لـــە نیوەی ڕێ کردیە هاتو هاوار .

محەمەد پاشا گوتی : ئێستا وەرن من داهێلنە ناو بیر بەلام هـــەر چەندە هاتو هاواریش بکەم ، گوێ مەدەنێ .

محەمەد پاشا پەتی لەناو قەدی خۆی بەستو چـــوە خوارێ . بنی بیرەکە تاریكو ئەنگوســـتەچاو بوو . کـــە بە وردی ســـەیری دەوروبەری خۆی کرد دیتی ترووســـــکاییەك لە دوورەوە دیار بوو . ڕووی کردە ترووسکاییەکە کاتێ گەیشتە ئەوێ دیتی حەوشــــەیەکی گەورەیەو هەر چوار دەوری ژوورە . محەمەد پاشـــا چوە ژوورەوە . کچێکی جوان دانیشتبوو . دێوێك سەری بەسەر ڕانی کردبوو ، خەوی لێ کەوتبوو . کاتێ کچە چاوی بە محەمەد پاشا کەوت ، گوتی محەمەد پاشا تۆ لە کوێ ؟ و ئێرە لە کوێ ؟ تەیر ناتوانێ خۆی لە قەرەی ئێـــرە بدا . ئێرە دالدەی دێوانە . ئێســـــتا ئەم دێوە بە خەبەر بێ دەتکاتە پاروویەکی چەور . بە تایبەتی تۆش کە دەســــتی براکەیت بڕیوە ، ئەوە هەر تەواو لێت پڕ بوە . خێرا لێرە برۆ .

محەمەد پاشا گوتی : تۆ هەقت نەبێ . تۆ پێم بڵێ شووشەی عومری دێوە لە کوێیە ؟

کچەکە گوتی : لەسەر تەقچکەیە ، بەلام بڵندە تۆ دەستت ناگاتێ .

محەمەد پاشا خەنجەری هەڵکێشاو لە پێی دێوەکەی ڕاکرد . دێو گوتی : کچێ ، ئەو مێشانە پاس کە با نەختێ بخەوم .

محەمەد پاشا خەنجەرەکەی زیاتر داگرت . لەهیکڕا دێوە شێنگیر بوو . قیت بووەوە بۆ ئەوەی مێشەکان تەفرو تونا بکا ، چاوی بە محەمەد پاشا کەوت ، قاقایەکی بۆ کردو گوتی : باش کەوتیتە بەرێ ، لە عاسمانانم دەویستی ، لە عاردانم دەست کەوتی .

دێوە خۆی لە محەمەد پاشا ڕو کردو بڵندی کرد ، بۆ ئەوەی لـە عەردی بکوتێو بیکوژێ . محەمەد پاشا زوو دەستی گەیاندە شووشەی عومری دێوەکە کەلەسەر تەقچکە بوو . دێوە گوتی : ها ، محەمەد پاشا ، وەزعت چۆنە ؟ ئێستا لەســـەر ڕا لە عەردت دەکــوتمو هەپرون بە هەپرونت دەکەم .

محەمەد پاشا گوتی : تا شووشەی عومرت لەناو دەستی من بێ ، ناتوانی هیچ ناماقوولیان بکەی .

کە دێوەکە ئەم قسەیەی بیست ، بە هێواشی محەمەد پاشـــای لەسەر زەوی داناو کەوتە پاڕانەوە . محـــەمەد پاشا گوێی نەدابەو تا هێزی تێدا بوو شووشەکەی بە عەردی دادا . دێوەکـە بەربووەوەو قنیاتی لەبەر بڕا .

محەمەد پاشا لەوێ ڕۆیشت چوە حەوشی دوەم . لەوێش دێوێك سەری بە سەر ڕانی کچێکی جوان کرد بوو ، خەوی لێکەوتبوو . محەمەد پاشا بە هێمنی چوە ژوورەوەو سلاوی کرد . کچە سلاوی وەرگرتەوەو گوتی : محەمەد پاشا ، تا دێو بە ئاگا نەهاتوە هەڵێ خۆت دەرباز کە ، ئەوەك بە ئاگا بێ تۆش دەکوژێو منیش .

محەمەد پاشا گوتی : تۆ هەنت نەبێ . تۆ پێم بڵێ شووشـــەی

عومری لە کوێیە ؟ کچە گوتی : شووشـــەی عومری بە ملی خۆیەوە کردوە .

محەمەد پاشا نووکی خەنجەری لە پێپی دێوەکـــە ڕاکرد . دێو تووڕە بوو . قیت بوەوە . چاوی بە محەمەد پاشا کەوت . پڕی پێـــدا کردو بڵندی کرد بۆ ئەوەی بە عەردی دا بداو بیکوژێ بەڵام محەمەد پاشا زوو دەرفەتی وەرگرتو خۆی لە شووشەی عومری دێوەکـــە ڕو کردو توند گرتی . دێو کـــەوتە تکاو پاڕانەوە ، بەڵام محەمەد پاشا گـــوێی نەدایەو شووشەکەی لە عەردی کـــوتا . دێوەکە وەك تەرك لەســـەر زەوی ڕاکشا .

محەمەد پاشـــا لەوێ هەڵبرد ، چوە حەوشـــەی ســـێیەم .

لـــە حەوشەی سێیەم دێوێکی زلو بەدنەســـاڵی دی دەســـتی ڕاستەی پێچا بووو خەوی لێ‌کەوتبوو . کچێکی جوان لـــە سەرینگانی دانیشتبوو ، باوەشێنەی لێ‌دەکرد . کە کچە چاوی بە محەمەد پاشـــا کەوت گوتی : محەمەد پاشا ، تۆ لە کوێ ؟ و ئێرە لە کوێ ؟ ئێستا دێو بە ئاگا بێ دەتکوژێ بە تایبەتیش تۆ کە دەستت بڕیوە هەر تەواو لێـــت پڕ بـــوە .

محەمەد پاشا گوتی : پێم بڵێ دێوە شووشەی عومری لە کوێیە ؟

کچەکە گوتی : منیش نازانم . زۆر جار لێم پرسیوە شووشەی عومرت لە کوێیە ، لێم تووڕە بوەو دارکاری کردووم . ئێســـتا وەرە بتشارمەوە بزانین چ دەبێ .

کچە ئەفسوونێکی خوێندو محەمەد پاشای کردە سێوو لەســـەر تەقچکە داینا .

پاش بەینێ دێوە بە ئاگا هاتو ویستی بچێتە دەرەوە . کچـــەکە

پێی‌گوت : ئاخر تۆ بۆ بە من ناڵێی شووشەی عومرت لە کــوێیە ؟ تۆ خۆت هەموو ڕۆژێ دەچیتە ڕاوو شکارو من لێرە بە تاقی تەنێمــە . دەمەوێ تا تۆ دێیتەوە خۆم بە شووشەی عومرت بخافڵێنم .

دێو گوتی : شووشەی عومری من لە ناو ئەم گەسکەدایە ، بەڵام بە کەس نەڵێی ها !!.

دێو ڕۆیشت . کچە گەسکەکەی هێناو تاس‌ولووسی داو لە بنەبانی ژوورەوە داینا . کە دێوە هاتەوە بە کچەکەی گوت : بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ ، لە عەردو بانان دێ .

کچەکە گوتی : دیارە بنیادەمت لە شاخ‌و کێــوان خواردوەو تام‌و بۆنی لە بن ددانت ماوە . دێوە دەستی دایە تێلآیەك‌و بن ددانەکانی کۆڵی‌و دوو لاق‌و دەستی ئەسپ‌و وڵاغانی لەبن ددانی دەرهێناو تورِی هەڵدان . کە چاوی بە گەسکەکە کەوت ، گوتی : ئەمە چیە ؟

کچە گوتی : ئەدی خۆت نەتگوت شووشــەی عومرت لەناو ئـەم گەسکەدایە ؟!

دێوە قاقا پێکەنی‌و گوتی : بە ڕاســـتی کچێکی ســـاویلکەی ! قوتوویەك لە ناو حەوزدایە ، دوو مریشکی تێدایە – یەکی ڕەش‌و یەکی سپی . شووشەی عومری من لە ناو ورگی مریشکە سپیەکە دایە .

سبەینێ زوو ، دێو تۆزی کردو ڕۆیشت ، کچەکە ئەفســـوونێکی خوێندو فووی لە سێوەکە کردو سێو بوەوە محەمەد پاشـــا . بە دوو تۆڵی چوونە سەر حەوزەکەو بنی حەوزەکەیان هەڵدایەوە ، قوتوویان دەرهێنا . محەمەد پاشا قوتوەکەی شکاندو مریشکە سپی ســەربڕی‌و شووشەکەی لە ورگی دەرهێناو لە عەردی کوتا . لەناکاو دنیـــا تاریك داهات‌و لاشەی دێوەکە لە ئاسمان بەربوەوە .

محەمەد پاشا هەر سێ کچەکەی هەڵگرت‌و چوونە بنی بیرەکە .
محەمەد پاشا بانگی براکانی کردو گوتی : پەت شۆڕکەنەوە . کچی یەکەم‌و دوەمی ڕەوانەی سەرەوە کرد ، کە نۆرەی کچی سێیەم هات کچەکە گوتی : محەمەد پاشا ، خۆت سەرکەوە باشترە نەوەك بکەویتە ئاخیری براکانت هەڵت ناکێشنەوەو هەتا هەتایە جێت ناو ئەم بیرە دەبێ .

ئەوەندەی کچە کردی محەمەد پاشا نەهاتە ڕاێ . ئیدی کچە سەرکەوت‌و ئینجا پاشان محەمەد پاشا پەتی لە ناوقەدی خۆی بەست‌و تەکانی دا سەرکەوێ . براکانی پەتیان هەڵکێشا ، بەڵام لە نیوەی ڕێ پەتەکەیان بڕی‌و محەمەد پاشا بەربووەوە بنی بیرێ .

محەمەد پاشا نەختێ لە بنی بیرەکە ڕاوەستا . پاشان بە بیری هاتەوە پێش ئەوەی کچی سێیەم سەرکەوێتەوە پێی‌گوت : « ئەگەر هەڵیان نەکێشای لە بنی بیر بمێنەوە . دوو بەرانی سپی‌و ڕەش دێن ، بە پێشتدا ڕەت دەبن . بازدە سەر بەرانی ڕەش ، بەرانی ڕەش هەڵت دەداتە سەر بەرانی سپی‌و بەرانی سپی فرێت دەداتەوە سەر دونیای ڕۆشن » .

محەمەد پاشا ماوەیەك چاوەڕێی کرد تا بەرانەکان هاتن . کە بەرانەکانی دی ئەوەندە کەیفخۆش بوو هیچ ئاگای لە خۆی نەما ، خۆی هەڵدایە سەر بەرانی سپی ، بەرانی سپی هەڵیدایە سەر بەرانی ڕەش‌و بەرانی ڕەش فرێی دایە دونیای تاریکی . محەمەد پاشا چاوی هەڵگلۆفت ، سەیری دەوروبەری خۆی کرد ، تاریك‌و ئەنگوستەچاو بوو . یەك دوو سەعات دەستی بە چاویەوە گرت تا باش لە تاریکی ڕاهات ، ئینجا هەستا کەوتە ڕێ . ڕۆیشت تا شل‌وشەکەت بووو

نەیتوانی یەك هەنگاوی‌تر هەڵێنێ . چوو لە بن درەختێك نووســـت . لەناکاو لە دەنگی زیقەزیق‌و جریوەجریوێك بە ئاگا هات . تەماشای کرد ئەژدیهایەکی گەورە بە درەختەکە هەڵدەگەڕا . سیمرغێك هێـــلانەی لەسەر درەختەکە ڕۆنا بوو ، بێچووی هەڵێنا بوو ، ئەژدیهـــا دەچوو بێچوەکان بخوا . بێچوە سیمرغەکانیش لە ترسان کردبوویانە زیقەزیق‌و هات‌و هاوار . محەمەد پاشا دەسبەجێ شیری هەڵکێشـــاو ئەژدیهای کردە دوو لەت . لەتێکی فڕێ دایە بەر بێچوەکان‌و لەتەکـــەی تری بۆ سیمرغ لەلایەك داناو نووستەوە .

کاتێ کە سیمرغ گەڕایەوە سەر هێلانەکەی دیتی کابرایەك لە ژێر درەختەکە نووستوە ، لە دڵی خۆیدا گوتی : ئۆخەی کەوتە بەر دەستم . ئەوە هەموو ساڵێ دێ بێچوەکانم دەخواو دەڕوا بەڵام تازە بە ساغی لـە دەستم دەرباز نابێ . سیمرغ گەڕایەوە کێوی قاف ، یەك کێوی گەورەو تەواوی هەڵگرت‌و هێنای بۆ ئەوەی بەسەر محەمەد پاشای دابدا . کـە بێچوەکان داکە سیمرغیان دی دەیەوێ کابرا بکوژێ ، هاواریان کـــرد : نەکەی دایە گیان ، نەکەی . ئەم پیاوە ژیانی ئێمەی ڕزگار کردوە ، ئەو نەبایە ئەژدیها دەیخواردین .

سیمرغ کێوەکەی بردەوە جێی خۆی‌و گـەڕایەوە باڵی بەســەر محەمەد پاشا دا هەڵکێشـــا بۆ ئەوەی ســـەرمای نەبێ . محـــەمەد پاشا بە خەبەر هات دیتی لێفێکی گەورەی بەسەردا دراوە . هەستایەوە ، دانیشـــت .

سیمرغ گوتی : گەنجۆ ، تۆ چاکەیەکی گەورەت لەگـەڵ کردووم ، زارت بکەوەو هەر چی دەتەوێ بخوازە بتدەمێ .

محەمەد پاشا گوتی : بمبەوە دونیای ڕۆشن .

سیمرغ گوتی : شتێکی زۆر سەختت لێ خواستووم ، بەڵام هەر بۆت دەکەم . برۆ حەفت کەلەشە مەڕ بکڕەو حەفت کوندەئاو حازر کە ، با بەڕێ کەوین .

محەمەد پاشا چوو گۆشت و ئاوەکەی حازر کرد .

سیمرغ گوتی : ئێستا وەرە سواری سەر باڵم بە . هەر کاتێ پێم گوتی : « گۆشت » . ئاوم بدێ و هەر کاتێ گوتم : « ئاو » . گۆشتم بدێ .

محەمەد پاشا چوە سەر باڵی سیمرغ و بە ڕێ کەوتن . سیمرغ حەفت دەریای کێوو ئاگری بڕی . لە ڕێگا هەر کاتێ دەیگوت : « ئاو » . محەمەد پاشا گۆشتی دەدایەو هەر جارێ دەیگوت : « گۆشت » . ئاوی دەدایە . بە ڕێکەوت جارێکیان لە باتی ئاو گۆشتی دایە سیمرغ و سیمرغ بەری دایەوە . هاتن لە دونیای ڕۆشن نزیك بوونەوە ، سیمرغ گوتی : « ئاو » محەمەد پاشا دیتی گۆشت نەماوە ، بە ناچاری شمشێری هەڵکێشاو ڕانی خۆی بڕی و لە دەمی سیمرغی نا . سیمرغ دیتی گۆشتەکە شیرینە ، لەناو زاری هەڵیگرت و نەیخوارد .

ئەنجام گەیشتنە دونیای ڕۆشن . سیمرغ لەسەر چیایەك نیشت و گوتی : فەرموو محەمەد پاشا ئێستا برۆوە ولاتی خۆت . محەمەد پاشا گوتی : تۆ برۆ ، من لێرە پشوویەك دەدەم ، پاشان دەڕۆم .. تۆ برۆ خوات لەگەڵ .

سیمرغ گوتی : پەح پەح ، گاڵتە لەگەڵ منیش دەکەی ؟ من دەزانم بۆچی ناڕۆی ؟! ئینجا گۆشتی ڕانی محەمەد پاشای لە زاری دەرهێناو خستیەوە شوێنی خۆیەوەو پاشان یەك دوو پەڕی خۆی دایەو گوتی : هەر کاتێ پێویستت بە من بوو ، پەڕێك بسووتێنە ، دەگەمە لات .

محەمەد پاشا لە سەر چیا هاتە خوارێ ، هات تا گەیشتەوە شاری خۆیان و لای زێڕنگرێك بوو بە شاگرد .

ڕۆژێ کوڕە گەورەی پاشا بە کچی سێیەمی گوت : دەبێ مێردم پێ بکەی . کچە گوتی : باشە ، بەلام بە دوو مەرج . مەرجی یەکەم ئەوەیە کەلەشێرێکی زێڕم بۆ پەیدا بکەی وەکو کەلەشێری ڕاستەقینە بانگ بدا ، کچە کاتی خۆی کە لە بنی بیرەکە بوو جۆرە کەلەشێرێکی وای هەبوو .

کوڕی پاشا خەبەری بۆ سەراپای زێڕنگرانی شار نارد ، گوتی : کێ دەتوانێ کەلەشێرێکی وا دروست بکا . هەموو گوتیان : ئێمە شتی وا نازانین و ئەمە بە ئێمە ناکرێ . بەلام محەمەد پاشا گوتی : ئەم ئیشە بە من گەیشت . وەستاکەی گوتی : پەککو ! چ زوو فێرە زێڕنگری بووی !؟ دوو ڕۆژ نابێ هاتوویتە ئێرە . چۆن دەتوانی لە ڕووی هەموو وەستایانی شار ڕاست بیتەوە ؟

محەمەد پاشا گوتی : هەقت نەبێ . من خۆم وەلامی پاشا دەدەمەوە .

شەو ، کە وەستا چووەوە مالێ ، محەمەد پاشا پەڕێکی سیمرغی سووتاند و سیمرغ لەبەر دەمی حازر بوو . محەمەد پاشا گوتی : فلانە کەلەشێر لە فلانە جێیە ، بڕۆ هەر ئێستا بۆم بێنە .

بەیانی زوو محەمەد پاشا دوکانی ڕشاند و گەسکی داو کەلەشێرەکەی لەناو دوکانێ دانا . کەلەشێر کەوتە بانگدان و خەلك بۆ سەیری کەلەشێر داوەرانە بەر دوکان . وەستا لە دوورەوە دیتی پێش دوکانەکەی قەرەبالغە ، دلی داخورپا . لە دلی خۆیدا گوتی : بێشك ، ئەوە گزیری پاشا هاتوون بمگرن . کە گەیشتە بەر دەرگەی دوکانێ ، خەلکەکەی دڕ داو گوتی : بابە بکشێنەوە ، بزانم چ بوە ؟ دەیانەوێ

تووشی چ بەڵایەکم بکەن ؟ بەڵام کە چاوی بە کەڵەشێرەکە کـــەوت ، لە خەنی خۆشیان خۆیشی نەیزانی چۆن چۆنی پڕی دایە کەڵەشێرەکەو بۆ پاشای برد .

کاتێ کچە چاوی بە کەڵەشێرەکە کەوت سوڕ زانی محەمەد پاشـــا هاتۆتەوە . بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بێ دوبارە بە کوڕی پاشای گوت : ئێستا ئاشێکی زێڕم دەوێ لە خۆیەوە گەنم لێبگاو بیکاتە ئارد . کچە لە بنی بیرەکە ئاشێکی وای هەبوو .

ئەم جارە یەکسەر هاتنە لای وەستای محەمەد پاشاو گوتیان ئەمە بە تۆ نەبێ بە کەس ناکرێ .

محەمەد پاشا ڕازی بوو تا سبەینێ ئاشێکی وا دروست بکا .

هەر چەندی وەستا بە بەری داکەوتو گوتی : بابە وازیان لێبێنەو بە ڕێیان کە بۆ لە کوێ ئاشی وات بێ دروست دەکرێ ، محەمەد پاشا وازی نەهێنا . کەشەو داهات ، محەمەد پاشا دیسان پەڕی سیمرغی سووتاند ، سیمرغ چوو ئاشەکەی بۆ هێنا .

پاش دوو ڕۆژ پیاوەکانی پاشـــا هاتن وەســـتاو شاگردیان بۆ زەماوەندی کوڕی پاشا داوەت کرد . وەســـتا جلو بەرگی نوێی کردە بەرو بە محـــەمەد پاشای گوت : هەستە دەســـتەو چـــاوت بشۆ ، بچینە زەماوەند .

محەمەد پاشا گوتی : من دوو شەو لەسەر یەك نەنووستووم . بۆ خۆم نەختێ دەخەوم باشترە .

کە وەستا ڕۆیشت ، محەمەد پاشا پەڕی ســـیمرغی سووتاند . سیمرغ هات . محەمەد پاشا گوتی : دەستەبەرگێکی سوورو ئەسپێکی سوورم بۆ بێنە .

سیمرغ دەستەبەرگەکەو ئەسپەکەی بۆ هێنا . محەمەد پاشا بەرگەکەی کردە بەرو سواری ئەسپەکە بووو بەرەو بارەگای پاشا تێی‌تەقاند . لەوێ بە ڕێزو ئیکلامەوە بردیانە ناو قەسر . محەمەد پاشا شاییەکی وای کرد هەموو سەریان لێ‌سوڕ ما . پاشان محەمەد پاشا شمشێری هەڵکێشاو سەری کوڕەگەورەی پاشای پەڵداو تا خەڵکەکە هاتنەوە سەرخۆو زانیان چ قەوما ، محەمەد پاشا هاتە دەرەوە ، سواری ئەسپەکەی بووو گەڕایەوە دوکان . کە وەستا هاتەوە پێی گوت : محەمەد پاشا ، بە ڕاستی ئیشێکی باشت کرد نەهاتی . گوڤەندەکە بوە بەهێ . گەنجێکی سوورپۆش هات‌و شایی کرد ، پاشان کوڕی پاشای کوشت‌و بۆی دەرچوو .

محەمەد پاشا گوتی : بە داخەوە .!! گەنجێکی کۆك بوو !

چەند ڕۆژێکی پێ چوو ، کوڕی ناوەنجی بە باوکی گوت : ئێستا مادام برام مرد ، من کچەکە دێنم .

دیسان شاریان ڕازاندەوەو ئاهەنگ‌و زەماوەند دەستی پێ‌کرد . شەوی زەماوەند وەستا بە محەمەد پاشای گوت : کورە ، هەستە بچینە سەر زەماوەند .

محەمەد پاشا گوتی : تاقەتم نیە . دەمەوێ نەختێ بخەوم .

کە وەستا ڕۆیشت ، محەمەد پاشا پەڕی سیمرغی سووتاندو کە سیمرغ هات دەستەبەرگێکی سەوزو ئەسپێکی سەوزی لێ‌خواست . سیمرغ بەرگ‌و ئەسپی بۆ هێنا . محەمەد پاشا دەستەبەرگەکەی کردە بەرو سواری ئەسپەکە بوو و بەرەو کۆشکی پاشا کەوتە ڕێ . نۆکەران بەڕێزەوە سوارەی سەوزپۆشیان بردە ژوورەوە . سوارەی سەوزپۆش هاتە ناوەندی کۆڕو دایبەستە شایی . خەڵکەکە بە شادو سەرسامیەوە

تەماشای پێیو شاییان کرد . لە هیکــــرا محەمەد پاشــــا شمشێری هەڵکێشاو سەری کوڕی پاشای پەل دا . نۆکەرو پاسەوان لــە هەموو لاوە تێیوەرهاتنو ویستیان بیگرن ، محەمەد پاشا هاواری کرد : نەیەنە پێش . من هەڵنایەم . ئێرە جێ ناهێڵم .

پاشان محەمەد پاشا چوە لای پاشــــاو سەربردەی خــۆی بۆ گێڕایەوە . پاشا نێوچەوانی ماچ کردو گوتی : ئیشێکی باشـــت کرد ، مستەهەق بوون .

حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شاریان ڕازاندەوەو هەموو شوێنێ بوو بە چراخان . محەمەد پاشا کچەی بۆ خۆی گواستەوە . پاشایش ، لەبەر ئەوەی کەوتبوە ساڵانو شەنگو تاقەتی نەما بوو ، وازی لە پاشایەتی هێناو محەمەد پاشای لە جێی خۆی لەسەر تەخت دانا .

# ١٤ ـ گورگ‌و مەڕ

هەبوو نەبوو ، مەڕێکی ڕەش هەبوو . ڕۆژێ ، مەڕەکە سەری دانەواند بوو بۆ خۆی دەلەوەڕا ، لە ناکاو سەری بڵند کرد ، چ ببینێ ! نە شوان دیارەو نە مێگەل‌و گورگێکی برسی چاو پڕ خوێن وا بۆی دێ !
مەڕ گوتی : سەلاموعەلێکم .

گورگ کەڵبەکانی لێک‌سویی‌و گوتی : سەلام‌و ژەهری مار . ئەوەه لێرە چ دەکەی ؟ نازانی ئەم کێوانە میراتی باوکمن ؟ هەر ئێستا دەتخۆم .

مەڕ زانی ڕۆژی لە جێیەکی خراپ لێ ئاوابوەو دەبێ فێڵ‌و کەلەکێك دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی دەرباز بکا . بۆیە گوتی : ڕاستی من بلوەڕ ناکەم ئەم کێوانە ماڵی باوکت بن . ئاخر خۆت دەزانی من خۆش‌باوەڕ نیم ، درەنگ قەناعەت پەیدا دەکەم . ئەگەر ڕاست دەکەی فەرموو بچینە سەر قسنی پیر ، دەست نخە سەر قسنەکەو سوێندی پێ بخۆ تا باوەڕ بکەم . جا ئەو وەختە هەقی خۆتە بمخۆی .

گورگ لە دڵی خۆیدا گوتی : بە ڕاستی تووشی مەڕێکی گێل هاتووم . دەچم سوێندەکە دەخۆم‌و پاشان پارچەپارچەی دەکەم‌و دەیخۆم .

گورگ‌و مەڕ بە دوو قۆڵی هاتن تا گەیشتنە ئەو درەختەی سەگی ڕانەکەی لە ژێر وەرکەوتبوو و پرخ‌وهۆڕی خەوی بوو و خەونی پاشایانەی دەدی . مەڕبە گورگی گوت : ئەمە چاکەکەبە ، فەرموو سوێند بخۆ .

کە گورگ دەستی خستە سەر درەختەکە بۆ ئەوەی سوێندی پێ بخوا ، سەگ لە خەو ڕاپەڕی‌و خنخنۆکی گرت‌و تۆپاندی .

# ١٥ ــ بووكۆكــەی بەردی سـێبووری
## ــ یان تۆ بتەقە ، یان من دەتەقم ــ

هەبوو نەبوو ، ژنو پیاوێك هەبوون . کچێکیـــــان هەبوو ناوی فاتمە خانم بوو . فاتمە خانم هەموو جارێ کە گۆزەی دەخستە ســەر شانیو دەچوە سەر کانی ، دەنگێ لەناو کانیەکەوە دەهات ، دەیگــوت : فاتمە خانم ، وای لە تۆ ، وای لە من .

فاتمە خانم سەبری نەما ، چیتر خۆی پێ نەگیرا ، حاڵو مەسەلەکەی بۆ دایکی گێرایەوە . دایکیشی باوکی ئاگادار کردەوەو گوتی : پیاویژگە ، ناکرێ هەر وا دەستەوەستان بینو لە دیار دانیشین ، کچـــەکەمان وا خەریکە بە فەتارەت دەچێ ، با بچینە شارێکیتر .

ئەوەی هەیانبوو و نەیانبوو فرۆشتیانو بەرەو شارێکیتر کەوتنە رێ . ئێوارێ ، وەختی ڕۆژاوا ، گەیشتنە باخێك . هەر سێکیان تینوو بوون . لە درزی دیوارەوە تەماشایان کرد ئاوێکی ڕونی وەك زەنگــوڵ لەناو باخەکە دەڕۆیشت . باوکـــــە دەرگای باخـــی ڕاهەژاند ، دەرگا نەبوەوە . دایکە لە دەرگای دا ، دەرگا نەبوەوە . بەڵام هەر هێنـــــدە فاتمە خانم دەستی گەیاندە دەرگا ، دەرگا بوەوە . فاتمە خانم چـــوە ژوورەوە و دەرگا داخرایەوە . دایكو باوك لەم لایەی دیواری باخەکــە مانەوەو فاتمە خانم کەوتە ئەو لا . ئەوەندەی کردیان دەرگای باخ نەبوەوە . اکردیانە گریانو فیغانو زاری بەڵام بێ فایدە بوو . ئاخیری دایكو باوکە گوتیان : چارەنووسمان وا بوە ، بە تەمای خوا !!

ڕۆیشتن .

لەولاوەش ، فاتمە خانم تێرو پڕ گریا . ئینجا ئاوێکی بە دەمو چاوی داکردو لەناو باخەکە کەوتە گەڕانو سووڕان . لەناکاو ژوورێکی دی . بە پەلە چوە ناو ژوورەکە . گەنجێك لە ناو ژوورەکە درێژکرا بوو . لەشی هەموو دەرزیو سنجاق بوو ، تەختێکی لەسەر سنگ داندرابوو ، لەسەری نووسرا بوو : « هەر کەسێ ئەم تەختەیە بخوێنێتەوەو دەرزیو سنجاقەکان دەربێنێ ، پاش چل ڕۆژ ئەم گەنجە زیندوو دەبێتەوە » .

فاتمە خانم لە تەنیشت گەنجەکە دانیشتو کەوتە دوعا خوێندنو سنجاق دەرهێنان . شەوو ڕۆژ دوعای دەکرد ، دەگریا ، یەك یەك سنجاقەکانی دەردەهێنا .

ڕۆژی سیو نۆیەم ، دەنگێکی لە کۆلانێ کەوتە بەر گوێ . قەرەواشێکی ڕەشیان دەفرۆشت . فاتمە خانم لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر ئەم گەنجە هەستێتەوە ، ژوورەکە بەم تێکەڵوپێکەڵیە ببینێ لێم دەڕەنجێ . وا چاکە بچم ئەو قەرەواشە ڕەشە بکڕم بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنو ڕێکخستنی ماڵەوە یارمەتیم بدا » .

بەو نیازە هەستا چوە سەربان ، کیسە پارەیەکی فڕێ دایە خوارەوەو قەرەواشی ڕەشی کڕیو هەڵیکێشاو پێی گوت : من دەچم سەروچاوم دەشۆم ، تا دێمەوە تۆ ئەو ماڵە پاك بکەوە .

دادەڕەشە چوە ژوورەوە ، کە چاوی بە گەنجەکە کەوت لە شێوەی تێکەیی حاڵو مەسەلە چیە . یەکسەر لە تەك گەنجەکە دانیشتو خێرا خێرا دەرزیەکانی دەرهێنا . کە سنجاقەکان تەواو بوون گەنجەکە پژمی هەستایەوە دانیشت . کە دادەڕەشەی لە سەرینگانی خۆی دی گوتی : قوربانی ڕوخساری وەك مانگت بم . تۆ ئەوە چل ڕۆژە لە سەرینگانی من دانیشتوویو سنجاقەکانی لەشم دەردێنی ؟!

دادەڕەشە گوتی : ئا . جا ئەوەندە چیە ؟
گەنجەکە دادەڕەشەی کردە هاوسەری خۆی .

لەولاوەش ، فاتمە خانم دەمو چاوی خۆی شووشتو هاتەوە ژووری بۆ ئەوەی ئەو دەرزیانەی ماون دەریان بێنێ ، تەماشای کرد گەنجەکە هەستاوەتەوەو خۆش خۆش لەگەڵ دادەڕەشە دەدوێ . زانی کار لە کار ترازاوە . چیتر تاقیبی نەکردن . ئیدی لەو ڕۆژە بە دواوە ، دادەڕەشە بوو بە خانمو فاتمە خانم بوو بە قەرەواشی بەدەڵزێڕ .

چەند ڕۆژێکی پێ‌چوو ، کوڕەکە گوتی : دەچمە شار . هەرچی دڵتان دەخوازێ بڵێن بۆتان دەکڕم .

دادەڕەشە بە عیشوەو نازو گورشمەی چاو گوتی : ئەمن ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسم دەوێ .

کوڕە لە فاتمەی پرسی : ئەی تۆ چیت دەوێ ؟!

فاتمە خانم وەڵامی دایەوە : بووکۆکەیەکی بەردی سێبووری .

کوڕە چوە شار . کە ئیشو کاری خۆی تەواو کرد ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسی بۆ ژنەکەی کڕیو ئینجا چوو بووکۆکەی بەردی سێبووری بکڕێ . فرۆشیار پێی‌گوت : برام ، ئەو کەسەی ئەو بووکۆکەی لێ‌خواستووی بنیادەمێکی داخ لە دڵو هەناو بەکەسەرە . خۆت لە پەنایەك بشارەوەو گوێ لە قسەکانی بگرەو بزانە دەردی چیە . ئینجا خۆتی لێ‌ئاشکرا بکە بۆ ئەوەی بووکۆکەکە بتەقێ . ئەگەر وا نەکەی ئەو خۆی دەتەقێ .

کوڕە بووکۆکەی هێنایەوە ماڵێو دایە فاتمە خانم . کە شەو داهات فاتمە خانم بووکۆکەی بردو چوە ژووری خۆی . کوڕەش هێدی

چوو خۆی لە پەنا پەردە شاردەوە . فاتمە خانم بووکۆکەی لە پێش خۆی داناو لەگەڵی کەوتە قسەو دەردەدڵ :

[ هەبوو نەبوو ، فاتمە خانمێـــك هەبوو ، تاقانەی دایكو باوكی بوو — بووكۆكەی بەردی سێبووری ! بووكۆكەی بەردی سێبووری ! — هەموو جارێ کە فاتمە خانم گۆزەی دەخستە سەر شانیو دەچوە سەر کانی ، دەنگێ لەناو کانیەکە دەهات ، دەیگوت : فاتمە خانم وای لە تۆ ! وای لە من — بووكۆكـــەی بەردی سێبووری ! بووكۆكـــەی بەردی سێبووری ! — دایكو باوكی گوتیان وا چاکە لێرە بار بکەینو بچینـــە شارێکیدی . لە ڕێگا گەیشتنە باخێك . تینوو بوون . باخەکە ئاوێکی زولالی تێدا بوو . شتاق دەرگایان پێنەبوەوە بەڵام هەر هێندە فاتمە خانم دەستی بە دەرگا کەوت دەرگا بوەوە — بووكۆكەی بەردی ســێبووری ! بووكۆكەی بەردی سێبووری ! — فاتمە خانم چوە ناو باخەکە . دەرگا داخرایەوە . دایكو باوكی فاتمەخان لەو بەری باخەکە مانەوەو فاتمەخانم لەم بەر — بووكۆكەی بەردی سێبووری ! بووكۆكەی بەردی سێبووری — فاتمە خانم هەستا بەناو باخەکەدا گەڕا . ژوورێکی دۆزیەوە . گەنجێك لەناو ژوورەکە درێژکرا بوو . لەشی هەموو دەرزیو ســـنجاق بوو — بووكۆكەی بەردی سێبووری ! بووكۆكەی بەردی سێبووری ! — تەختێکی لەسەر سنگ داندرابوو لێینووسرابوو هەر کەسێ تا چل ڕۆژ ئەم دەرزیو سنجاقانە دەربێنێ ئەم گەنجە زیندوو دەبێتەوە — بووكۆكـــەی بەردی سێبووری ! بووكۆكەی بەردی سێبووری ! — فاتمە خانم لە سەرینگانی گەنجەکە دانیشتو دەرزیو ســـنجاقەکانی دەرهێنا . چەند دانەیەکی مابوو . گوێی لێبوو لە کۆڵانێ قەرەواشێکیان دەفرۆشت ، لە دڵی خۆیدا گوتی : با بچم ئەم قەرەواشە بکڕم بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنو ڕێکخستنی

ماڵەوە یارمەتیم بدا ـ بووکۆکەی بەردی سێبووری ! بووکۆکەی بەردی سێبووری ! ـ فاتمە خانم قەرەواشی کڕیو هێنایەوەو پێی گوت : تا دەچم دەستو چاوم دەشۆمو دێمەوە ئەم ماڵە پاك بکەوە ـ بووکۆکەی بەردی سێبووری ! بووکۆکەی بەردی سـێبووری ! ـ دادە ڕەشـە فاتمە خانمی تەفرە دا .. تەختەکەی خوێندەوە ، ئەو دەرزیانەی مابوون دەری هێنانو گەنجەکە زیندووبوەوە ـ بووکۆکەی بەردی سێبووری ! بووکۆکەی بەردی سێبووری ! ـ گەنجەکە وای زانی دادەڕەشە چل ڕۆژە لە سەرینگانی دانیشتوەو دەرزیەکانی لەشی دەرهێنـاوە ، بۆیە دادەڕەشەی کردە هاوسەری خۆیو فاتمە خانمیش بوو بە قەرەواشی ماڵێ ـ بووکۆکەی بەردی سێبووری ! بووکۆکەی بەردی سێبووری ! ـ جا ئیستا دەبێ یان تۆ بتەقی یان من دەتەقم . ]

گەنجەکە لە پەنا پەردە هاتە دەرەوەو فاتمە خانمی لە باوەش کردو بووکۆکەی بەردی سێبووری تەقی . پاشان کوڕە دادەڕەشەی دەرکردو فاتمە خانمی هێنا .

# ١٦ – بیبی جـــان

هەبوو نەبوو ، خوشك‌و برایەك هەبوون . ڕۆژێ ئەو خوشـــك‌و برایە گوتیان : با بار کەین بچینـــە شارێکی‌دی ، لێرە هیـــچ دەست ناکـەوێ .

خوشك‌و برا ملی ڕێیان گرت‌و ڕۆیشتن . لە ڕێگا برا تینوو بوو . گەیشتنە شوێنێك ئاو لە جێی سمی ئەسپ کۆ ببوەوە . برا گوتی : خوچە ، تینووم ئەم ئاوە دەخۆمەوە .

خوشك گوتی : نەکـــەی برام ، لە دەورت گـەڕێم ، ئەم ئـاوە نەخۆیتەوە نەوەك دەبی بە ئەسپ .

برا ئاوەکەی نەخواردەوە . ڕۆیشتن . ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن . برا تینووتر بوو . گەیشـــتنە شوێنێك ئاو لـــە جێی پێی سـەگ کـــۆ ببوەوە ، برا گوتی : خوچە ، خنـــکام لە تینوان ، ئەم ئـاوە دەخۆمەوە .

خوشك گوتی : نەکـــەی برام ، لە دەورت گەڕێم ، ئەم ئـاوە نەخویتەوە نەوەك دەبی بە سـەگ .

برا ئەم جارەش ئاوەکەی نەخواردەوە . کەوتنەوە ڕێ . گەیشتنە جێیەك ئاو لە جێی سمی شوور کۆ ببوەوە . برا گوتی : خوچە ، چینو خۆم پێ ڕاناگیرێ . ئەم ئاوە هەر دەخۆمەوە .

خوشك گوتی : نەکەی برام ، لەبەرت مرم ، ئەم ئاوە نەخۆیتەوە ، نەوەك دەبی بە شوور .

برا گوێی بە قسەی خوشکی نەداو ئاوەکەی خواردەوە ، یەکسەر بوو بە شوورێکی جوانو نازدار . خوشکی بێچارە شوورەکەی بردو چوو لەسەر چیایەك ئاکنجی بوو .

ڕۆژێ ، پاشا بۆ ڕاوو شکار دەرچوو . کە گەیشتە سەر چیاکە تەماشای کرد کچێکی جوان دانیشتوەو شوورێکی جوانی لە دەورە دەلەوەڕێ . پاشا گوتی : کچی جوان ، ئەوە لێرە چ دەکەی ؟ تۆ لە کوێ ؟ ئێرە لە کوێ ؟

کچەکە لە سیر تا پیواز سەربردەی خۆی بۆ پاشا گێڕایەوە . پاشا کەوتە داوی ئەشقی کچەو خەبەری دایە لەشکرەکەی ، گوتی : من ڕاوی خۆم کرد . ئێوەش هەر کەسە ڕاوی خۆی کردوە با لەگەڵ من بێتەوە بچینەوە شار .

پاشا کچەکەو شوورەکەی هێنایە شارو گۆوەندێکی شاهانەی گێڕاو کچەی لە خۆی مارە کردو گواستیەوە .

کچە قەرەواشێکی ڕەشی هەبوو . ڕۆژێ کچەو قەرەواش بە دوو قۆڵی چوونە حەمام . کە خۆیان ڕووت کردەوە ، قەرەواشی ڕەش پاڵی بە کچەکەوە ناو فڕێی دایە ناو حەوزو حەوزەکە ماسیەکی تێدا بوو کچەی قلووف کرد . قەرەواشی ڕەش بەرگی کچەی کردە بەرو زێڕو زیوەکانی بە خۆوە کردو گەڕایەوە ماڵێ . پاشا بە ژنی خۆی تێگەیشت گوتی : کچێ ئەمە چیە ؟ بۆ وا ڕەش بووی ؟

قەرەواشی ڕەش گوتی : بە ئاوی حەمام وام لێ هات .

× ×

کچەکە سکی هەبوو . لە ناو سکی ماسیەکە سگەکەی دانا . کوڕێکی قشتبو خەپەتۆڵەی بوو ناوی لێنا سمایل .

لەولاوەش قەرەواشی ڕەش مەگیرانی کردو بە پاشـــای گوت : شووورەکەم بۆ سەربڕە ، بیخۆم .

پاشا گوتی : کچێ ئەوە تۆ چ دەڵێی ؟ بنیادەم چۆن گۆشتی برای خۆی دەخوا ؟

قەرەواشی ڕەش گوتی : ئیللا بیللا دەبێ بیخۆم .

پاشا بە ناچاری فەرمانی دا شووورەکە سەرببڕن . شووورەکە ڕووی لەپاشا کردو بە زمانی خۆی گوتی : مادام هەر سەرم دەبڕن مۆڵەتم بدەن بچم سەفەرێ بکەمو بێمەوە .

پاشا گوتی : باشە ، بڕۆ سەفەرەکەت بکەو وەرەوە .

شوون چوە سەر حەوزەکەو گوتی :

بیبی جان ، هۆ بیبی جان !
بیبی جان ، وەی بە قوربان !
سەیر کە مەنجەڵ خراوەتە سەر ئاگر !
سەیر کە چەقۆ خراوەتەوە سەر خوان !
قەرەواشی ڕەش مەگیرانی کردوە !
داوای گۆشتی منی کردوە !

دەنگی کوشکی لە بنی حەوزەکەوە هاتو گوتی :

بیبی جان ، هۆ بیبی جان !
بیبی جان ، وەی بە قوربان !
قەرەواشی ڕەش پاڵی پێوە نام !
ماسی سپی قووتی دام !
شازادە سمایل !
لە باوەشم خەوتوە !

**قژی ڕەش و درێژی**
**لە گەردنم ئالاوە .**

شوورەکە گەڕایەوە لای پاشا . ویستیان سەری ببڕن . شوور دیسان گوتی : پاشا ، مۆڵەتم بدە بچم سەفەرێ بکەم و کە گەڕامەوە سەرم ببڕن .

پاشا گوتی : لێ گەڕێن شوور بڕوا .

شوور چوە سەر حەوزەکە . پاشا بە دوایدا چوو بۆ ئەوەی بزانێ شوور دەچێتە کوێ و دەگەڕێتەوە . تەماشای کرد شوور لەسەر حەوز وەستاوە دەڵێ :

**بیبی جان ، هۆ بیبی جان !**
**بیبی جان ، وەی بە قوربان !**
**سەیر کە مەنجەڵ خراوەتە سەر ئاگر !**
**سەیر کە چەقۆ خراوەتە سەر خوان !**
**قەرەواشی ڕەش مەگیرانی کردوە !**
**داوای گۆشتی منی کردوە !**

پاشان دەنگێك لە بنی حەوزەکەوە وەڵامی دایەوەو گوتی :

**بیبی جان ، هۆ بیبی جان !**
**بیبی جان ، وەی بە قوربان !**
**قەرەواشی ڕەش پالی پێوە نام !**
**ماسی سپی قووتی دام !**
**شازادە سمایل !**
**لە باوەشم خەوتوە !**
**قژی ڕەش و درێژی**
**لە گەردنم ئالاوە .**

پاشا که ئەم قسانەی بیست ئەمری دا ئاوی حەوزەکەیان بە تاڵ کرد و ماسیەکەیان دەرهێنا . ورگی ماسیان هەڵدڕی ، کچەو سمایلیان هێنایە دەرێ . سمایل قژی لە گەردنی دایکی ئالاً بوو .

پاشا گوتی : ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی ؟

کچە گوتی : قەرەواشی ڕەش پاڵی پێوە نام ، کەوتمە ناو ئاوو ماسی قووتی دام .

کە پاشاو کچە گەیشتنەوە ماڵێ و قەرەواشی ڕەش چاوی پێ کەوتن ، دڵی داخورپا . پاشا ئەمری کرد قەرەواشی ڕەشیان لە کلکی ئێسترێك بەستەوەو بەریان هەڵدا کێوو بیابان . ئێستر ڕایکرد ، قەرەواش پەل پەل بوو تەنیا قژەکەی بە کلکی ئێسترەکەوە ما .

## ١٧ ـ مشـــكی برسی

هەبوو نەبوو ، مشکێك هەبوو لە دەشت‌و چۆل‌و بەرِیە دەژیا . رۆژێ برسێتی زۆری بۆ هێنا چوە ناو باخێك . سێ سێوی دۆزیەوە هەر سێ سێوی خوارد . بای هات لە دارسێوەکەی داو گەلاکانی بەسەر مشکەکەدا رِژاند . مشك توورِە بوو هەموو گەلاکانی خوارد . ئینجا لـە باخەکە هاتە دەرەوە کابرایەکی دی سەتڵەئاوێکی بە دەســـتەوە بوو دەچووەوە ماڵێ ، گوتی : هۆ ، کابرا چوومە ناو باخ سێ سێوم خوارد . بای هات‌و گەلاکانی دارسێوەکەی بەسەر ســـەرمدا رِژاند گەلاکانیشم خوارد . ئێستا تۆش دەخۆم .

کابرا گوتی : ناماقوولیت کردوە . یەك سەتڵت لێبدەم جێت پێ دەکەمە ئەو جێ .

مشکی برسی کابرای گرت‌و قووتی دا .

مشکەکە لەوێوە رِۆیشـــت چوە جێگایەك نۆبووکێ خەریك بوو ئاورمەی بادەداو رِەژووی گەش دەکردەوە . مشـــکەکە گوتی : هـۆ ، بووکەخان ، چوومە ناو باخ سێ ســـێوم خوارد . بای هات‌و گەلاکانی دارسێوەکەی بەسەر ســـەرمدا رِژاند گەلاکانیشم خوارد . کابرایەکی سەتڵ بەدەستم خوارد . ئێستا تۆش دەخۆم .

بووك گوتی : ئاورمەیەکت لە سەری بدەم ، دەتکەم بە کەباب .

مشکی برسی بووکەخانیشی هەڵلوشی .

مشکەکە لەوێوە ڕۆیشت گەیشتە جێگایەك کــچ دانیشتبوون نەخشیان دەکرد . مشـــك گوتی : هۆ ، کچینـــە ، چوومە ناو باخ سێ سێوم خوارد . بای هاتو گەلاکانی دارسێوەکەی بەسەر سەرمدا ڕژاند گەلاکانیشم خوارد . کابرایەکی سەتڵ بەدەستم خوارد . بووکەخانم خوارد . ئێستا ئێوەش دەخۆم .

کچەکان گوتیان : بە دەرزی چاوت دەردێنین .

مشکی برسی ئەوانیشی قووت دا .

مشك کەوتەوە ڕێو ڕۆیشـــت تا گەیشتە لای هەندێ کـــوڕ هەڵماتێنیان دەکرد . گـــوتی : هۆ ، کوڕگەلینـــە ، چوومە ناو باخ سێ سێوم خوارد . بای هاتو گەلاکانی دارسێوەکەی بەسەر سەرمدا ڕژاند گەلاکانیشم خوارد . کابرایەکی ســـەتڵ بەدەســـتم خوارد . بووکەخانم خوارد . کچە نەخشـــکەرەکانم خوارد . ئێســـتا ئێوەش دەخـــۆم .

کوڕەکان گوتیان : مشکی تۆپیو ، هەڵمات بارانت دەکەین !

مشکی برسی کوڕەکانیشی قووت دا .

مشك ملی ڕێگای گرتەوە ، ڕۆیشت تا گەیشتە پیرەژنێك ، گوتی : هۆ ، پیرەژن ، چوومە ناو باخ سێ سێوم خوارد . بای هات گەلاکانی دارسێوەکەی بەسەر ســـەرمدا ڕژاند گەلاکانیشم خوارد . کابرایەکی سەتڵ بەدەستم خوارد . بووکەخانم خوارد . کچـــە نەخشکەرەکانم خوارد . کوڕە هەڵماتێنکەرەکانم خوارد . ئێســـتا نۆرەی تۆیە تۆش دەخـــۆم .

پیرەژن نەختێ بیری کردەوە ، گوتی : دایەکە ، من تەنیا ئێسكو پێستەم . تۆم بێ تێر ناکرێ . دوێنێ شەو هەرمیشکم کرد . ڕاوەستە بچم بۆت بێنم ، بیخۆ .

مشك گوتی : زۆر باشە . برۆ بەڵام زوو وەرەوە .

پیرەژن پشیلەیەکی قەڵەوی چاوبزی بەتینی هەبوو . چووەوە ماڵێ پشیلەکەی خستە بن دامێنی کراسیو هێنایو هاتەوە . کە گەیشتە نزیك مشکەکە گوتی : وەرە ، دایەکە ، وەرە ، بگرە بیخۆ .

پیرەژن پشیلەی بۆ مشکەکە هەڵدا . کاتێ مشك چاوی بە پشیلە کەوت تێی تەقاندو هەڵات . پشیلە کەوتە دوایەوە بەڵام پێی نەگیرا . مشك چوە ناو کونێكو خۆی شاردەوە . پشیلە لە دەرگای کونەکە وەرکەوتو سایەد بوو . پاش ماوەیەك دەنگو هەرا نیشتەوە . مشك سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد پشیلە دیار نەبوو . وای زانی پشیلە وەڕس بووەو ڕۆیشتوە . هێدی سەری لە کونەکە دەرهێنا بەڵام پشیلە ئەم جارە دەرفەتی نەدا هەڵبێ چڕنۆکی لێ گیرکردو ورگی دڕی . ئەو حەلە کابرای سەتڵ بەدەست هاتە دەرەوە . بووکەخان هاتە دەرەوە . کچە نەخشکەرو کوڕە هەڵماتێنکەرەکان هاتنە دەرەوەو هەریەکە شتێکی خۆشی بۆ پشیلە هێنا بۆ ئەوەی بیخواو قەڵەوتر بێ .

ئەمن خۆش و ئێوە سەلامەت .

# ١٨ ـ دێـوی گەمـژە

هەبوو نەبوو ، کوڕو دایکێك هەبوون . کوڕەکە زۆر لـــە هەتاو دەترسا ، هەر لـە سبەینێ هەتا ئێواری خۆی لـە ژووری مات دەکردو نەدەوێرا بێتە دەرێ . هیچ ئیش‌و کاری نەدەکرد . خۆیشی ورگن‌و زۆرخۆر بوو ، دایکی پێی‌تێر نەدەکرا .

ئاخیری دایکە پلانێکی دانایەوە بۆ ئەوەی کـــوڕە ڕەوانەی ئیش‌و کار بکا . چوو سێ سێوی کڕی ـ یەکێکی لەسەر کۆسپەی ژووری دانا ، یەکێکی لە حەوشە دانا ، یەکێکی لەبەر دەرگای حەوشە دانا .

کوڕە هێدی چوو سێوی یەکەمی هەڵگرت‌و خواردی . ئینجا ســێوی دوەمی خوارد . پاشان کە چاوی بە ســێوی ســێیەم کەوت چوو ئەویشی هەڵگرتەوە ، دەق لەو کاتەدا ، دایکی غاری داو کوڕەی فڕێ دایە کۆڵان‌و دەرگای حەوشەی لەسەر کلیل دا . کوڕە بە تەنێ کـەوتە کۆڵانێ ، ئەوەندەی لە دایکی پاڕایەوەو قسـەی نەرم‌و لووسی بۆ کرد دایکی گوێی نەدایە .

کوڕە ناچار بوو ملی ڕێگای چۆڵو بیابانی گرت . کەمێ ڕۆیشت بۆقێکی لە لێوی ئاوێ دی خەریك بوو باز بداتەوە ناو ئاوەکە ، کوڕە پڕی دایە بۆقەکە گرتی‌و خستیە گیرفانی . پاشان هێلکە مریشـکێکی پەیدا کردو خستیە گیرفانەکەی‌تر . نەختێکی‌تر ڕۆیشـــت پەتێکی دۆزیەوە ئەویشی خستە ناو گیرفانی بن‌هەنگڵی .

تا کوڕە ئەم شتانەی کرد شەو داهات . لە دوورەوە ترووسکایی چرایەکی دی . بەرەو ترووسکاییەکە چوو . خانوویوو . لە خانوەکـە چوە ژوورەوە . مەنجەڵە پلاویك لەسەر ئاگر دەمکرا بوو . دەستی بـە خواردن کرد . گوێی لە ترپەی پێیەك بوو . دێویك بە پێکەنینەوە گەیشتە سەری‌و گوتی : کورە ، ئەوە چ دەکەی ؟

کوڕە وەڵامی دایەوە : ئەوە پلاو دەخۆم . خۆ کـــوێر نەبووی ؟ دەبینی !

دێوە گوتی : زۆر باشە . بخۆ بزانم چەندت پێ دەخورێ ؟

کوڕە قاپی خۆی پڕ کردو تا گەیشتە قوڕقوڕاگەی خواردی .

دێوە گوتی : دەوجا ســــەیری خواردنی من بکەو بۆ خۆت فێری خواردن بە . دێو مەنجەڵی پلاوی ڕاکێشایە پێش خۆی‌و کەوتە سەرێ یەك دنکی تێدا نەهێشت . ئینجا گوتی : وەرە ئەسپێمان بڕۆنین بزانین ئەسپێی کاممان زلترە ؟

کوڕە گوتی : باشە .

دێوە مووی بن هەنگڵی خۆی ڕۆنی‌و ئەسپێیەکی هێندەی قرژاڵێکی دەرهێنا . کوڕەش دەستی بردە ناو گیرفانی‌و بۆقەکەی دەرهێنا . دێوە کاتێ کە ئەو ئەسپێ گەورەیەی بینی هەر وەخت بوو لە سەرسامیان شاخ‌و پەڕ دەربکا . ترسێکی زۆری بەرامبەر کوڕەکە لێ‌نیشت ویستی جارێکی‌تر تاقی بکاتەوە ، گوتی : وەرە یەکەو بەرد ڕاکوشـــین بزانین کاممان بەهێزترین ؟

کوڕە گوتی : باشە .

دێوە بەردێکی لەسەر زەوی هەڵگرتەوەو ڕایکوشی‌و وردو خاشی کرد . کوڕەکەش هێلکەکەی دەرهێناو ڕایکوشی . هێلکە تەقی . کوڕە گوتی : بزانە ئەمن ئاوم لێ‌هینا .

دێوەکە زۆر ترسا . بەڵام بۆ ئەوەی تەواو دڵنیا بێ کە کوڕەکە فێڵ ناکا ویستی جارێکی تریش تاقی بکاتەوە ، جا گوتی : وەرە ، ئێستا یەکەو چەنگە موو لەبن هەنگڵمان دەربێنین بزانین مووی کامەمان درێژترە .

کوڕە گوتی : باشە .

دێوە دەستی بردە بن هەنگڵی چەنگە موویەکی گرت و ڕایتەکاندو لێی کردەوە ، هەر تاڵێکی نیو مەتر دەبوو . کوڕەش سەری پەتەکەی گرت و ڕایکێشا ، هەر رایکێشا ، ڕایکێشا هەر تەواو نەبوو . دێوە دیتی تاڵەموەکە هەر دێ و بنی نایە . گوتی : ئیتر بەسسە . ئێستا وەرە فوو لەیەك بکەین . بزانین فووی کامەمان بەهێزترە .

کوڕە گوتی : باشە . پێشان تۆ فووی خۆت بکە ، ئینجا من .

دێوە گوپی پڕ کردو فووی کردە لای کوڕەکە . دەرگا پێك کەوتن و ژوورەکە لەرزی و کوڕە فڕی کەوتە ناو دەلاقە . دێوەکە گوتی : ئەوە بۆ چووی لەوێ دانیشتووی ؟!

کوڕە نەڕاندی : نەڕۆی هاتم . چی خراپە وات پێ دەکەم . ئەگەر ئازای هەڵمەیێ ، وا هاتم .

دێوە لە ترسی ڕۆحی خۆی دوو پێی هەبوو دووی تری قەرز کردو هەڵات . لە ڕێگا بیری کردەوە گوتی : با بچمە لای ڕێوی . ئەو سەری لە زۆر شت دەردەچێ .

کاتێ دێو گەیشتە لای ڕێوی ، ڕێوی گەمەی لەگەڵ کلکی خۆی دەکرد . دێو پێی گوت : برام ، بنیادەمێك هاتوە لە ماڵی خۆم دەری کردووم ، منیش پێی ناوێرم ، تۆ ڕێویەکی زیری تەگبیرێك بۆ منی بێچارە ناکەی ؟

ڕێوی قاقا پێکەنیو گوتی : بەخوا گێلو گەمژەی ! بنیادەم ئەو هێزو توانایەی لە کوێ بوو ؟ وەرە بچین دەردێکی پێ بکەم ئەو سەری دیار نەبێ .

دێوە گوتی : نەء . برا ، وا نابێ . ئەگەر لە نیوەی ڕێ ڕۆیشتیو بە تەنێ بەجێت هێشتم ، چ بکەم ؟ ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە پێی تۆ لە پێی خۆم دەبەستمەوە بۆ ئەوەی نەتوانی بڕۆی .

ڕێوی قبوولی کرد . پێی خۆیان لێك بەستەوەو بەڕێ کەوتن .

کوڕە لە دوورەوە دیتی وا ڕێوی دێوەی هێنایەوە ، لەو دوورەوە هاواری کرد : هۆ ، ڕێوی فێلباز ، لە زەمانی باوکت حەفت دێوم قەردار بووی ، ئەو وەختە نەتدایەوە تازە دەتەوێ یەکێ بدەیتەوە ! باشە بۆ کەولت نەکرد ؟ هەر ئێستا دێم زەبرێکی وات لێدەدەم مێشکت دەپژێنم .

دێوە کە ئەم قسانەی بیست بایداوە ، هەڵاتو هەڵتەك هەڵتەك ڕێوی بە دوای خۆیەوە ڕاکێشاو تۆپاندی .

کوڕە گەڕایەوە کن دایکی . لە دەرگای دا . دایکی هاتە پشت دەرگاو گوتی : کوڕە ، ئەوە تۆی دیسان هاتیتەوە ؟

کوڕە گوتی : ئا ... دایە ، ئەمنم . هاتووم بتبەمە کۆشكو سەرای خۆم . دامو دەزگایەکی وام ڕۆناوە هەر مەپرسە ...

دایکە گوتی : باوەڕ ناکەم شتی وا لە تۆ بوەشێتەوە .

کوڕە ئەوەندەی گوتو دووبارە کردەوە تا دایکی بڕوای کردو دەرگای کردەوە . ئینجا هەردووکیان بە دووقۆڵی چوونو بوون بە خودانی خانو بەرەو سەرو سامانی دێوەکە .

## ١٩ ـ شێرو ڕێوی

ڕۆژێ ، ڕێویەکی برسی لە گیاندارێکی گەمژە دەگەڕا ودگی پێ تێر بکا ، لە ناکاو لە پێچێکی ناودارستان شێری لێ پەیدا بوو . ڕێوی لە دلی خۆیدا گوتی : با بچم ، بزانم چ دەبێ . هەر ڕایکرد بۆ لای شێرو دەستی لە ملی کردو بژیو لووزو دەموچــاوی ماچ کردو گوتی : تۆ خــالۆزای منی . بە چــاوەکانت تۆم ناســیەوە چاوی خالــۆی خوالێخۆشبووی گەورەو مەزنم کتومت وەکو چاوی تۆ بوو . بالاّ گەردانت بم خالۆزا گیان . ئەم هەموو جەنگلستانە بە دوای تۆدا گەڕام . دە ئێستا هەندێ قسەم بۆ بکە با گوێت بدەمێ . لە مێــژە یەکترمان نەدیوە .

شێر باوەڕی کرد ، دەستی پێکرد باسی ڕەشیدیو دلێــریو شەڕو شۆڕەکانی خۆی بۆ گێــڕایەوە . ڕێویش بۆ ئەوەی گەرمتری بکا گوتی : خالۆی خوالێخۆشبووم ئاوقەرانی تۆ نەبوو بەلاّم بە ڕاستی شێر بوو . کردەوەی وای دەنواند هەموو عالەم دەیگوت ئەدی نەبەردیو ئازایی شیر ئاوها دەبێ !! جا چتۆ هونەرمەند بوو ! هەر چی بلێمو هەر چۆنی باسی بکەم هەر هیچم نەگوتوە .

بە ڕاست خالۆزا گیان ، ئەرێ تۆش ئەو جۆرە هونەرانە دەزانی ؟ پێشك دەزانی . چۆن نازانی ؟ ئەدی کوڕی ئەم جۆرە باوکە نیــە ؟! دەزانم تۆ گەلێ ئازای .. جێی شانازیە بۆ من کە ...

ڕێوی هەر قسەی کردو بە شێری دا هەلکوت تا شێر مەست بوو ئاگای لە خۆی نەما .. گەیشتنە سەر ترۆپکە چیـــایەکی بەرز ، ڕێوی دەستی پێ کردەوە : دەزانی ، هەموو جارێ کـــە خالۆی خوالێخۆشبووم دەگەیشتە ئێرە چی دەکرد ؟ نەء . باوەڕ ناکەم بزانی .

شێر گوتی : باشە ، باوکم کە دەگەیشتە ئێرە چی دەکرد . پێم بلێ بزانم .

ڕێوی گوتی : سەیر کە ، ئاوها پاشەوپاش دەکشایەوەو لەنکاوڕا لە خۆی هەلدەداو دەهات خۆی هەلدەداشتە ئەم دۆلـــە . بەلام باوەڕ ناکەم تۆ دلێری‌و نەبەردی ئەوت هەبێ‌و شتی وات پێ بکرێ خالـــۆی خوالێخۆشبووم شتێکی تر بوو .

شێر گوتی : تۆ منت کردە پوولێکی قەلپ . سەیر کـــە بزانە من باشتر باز دەدەم یان باوکم باشتری باز دەدا .

شێر بە دەم ئەم قسانەوە پاشەوپاش کشایەوە . لە هیکڕا لە خۆی هەلداو لەو سەر چیاوە خۆی هەلداشتە بنی دۆل‌و ئێسك‌و پروســـکی تێك شکا

ڕێوی بەکاوەخۆ لە دامێنی چیا هاتە خوارێ‌و یاغر یاغر چـــوە سەر شێرەکەو کەوتە ســـەر پچڕاندن‌و خواردنی ڕانێکی شێرەکە . شێرەکە کە هەر ئەوەندە ڕۆحی لەبەردا مابوو و جوولەی لەبەردا نەما بوو ، گوتی : پوورزای ئازیز ، واز لەوێ بێنـــە وەرە گۆشتی چەوری سینەم بخـــۆ .

ڕێوی گوتی : تازە من خالۆزام بە فەتارەت دا . جارێ ئێـــرە دەخۆم . کە وەختی هات حیسابێکیش بۆ ئەوێ دەکەم .

## ٢٠ ـ حەفت جووتە پێڵاوی ئاسنو حەفت تێڵای ئاسن

هەبوو نەبوو ، پاشایەك هەبوو سێ کچی هەبوو . کچەکانی پێ‌راگەیشتبوونو وەختی مێردیان بوو بەڵام پاشـــا بە مێردی نەدەدان دەیگوت هەر کچیشی نیە . ڕۆژێ ، کچەکان خواێکیـــان ڕازاندەوە ، سێ گندۆرەیان لەسەر دانا ـ یەکی تولخاوە ، یەکی گەییو ، یەکی ماتە . پەردەیەکیان بەسەر داداو بە نۆکەرێ بۆ پاشایان ڕەوانە کرد .

پاشا سەرپۆشەکەی لاداو تەماشای کرد سێ گندۆرەی لەسەرە . شاشو مەندەهۆش بوو . بە وەزیری گوت : وەزیر ، ئەمانە چین ؟

وەزیر گوتی : قوربان ، گندۆرەی تولخاوە هی کچی گەورەتە دەڵێ : « بە مێردت نەدام ، تـازە ڕابردم . » . گندۆرەی گـەییو هی کچی ناوەنجیتە دەڵێ : « تۆغیـــانی مێردکردنمە » . گوندۆرەی ماتە هی کچی گچکەتە دەڵێ : « منیش وەختی مێردکردنم هاتوە . »

پاشا گوتی : باشە وەزیر ، تەگبیر ؟! ئێستا چ بکەین ؟

وەزیر گوتی : ئەمر بکە سبەی مەیدان خاوێن بکەنەوە . هەمـوو گەنجەکانی شار بێن بە وێدا تێپەڕن . با کچەکانیش لە جێگایەکی بڵند بوەستنو تەماشایان بکەن . هەر کەسە دڵی کێی گرت سێوێکی بۆ باوێ ـ واتە : مێرد بە تۆ دەکەم .

بۆ بەیانی کچەکان لە گۆشەی مەیدان وەســـتان . هەر یەکـە سێوێکی بە دەستەوە گرت . دڵیان لە سەر دەست بوو . کچی گـەورە سێوی خۆی بۆ کوڕی وەزیر هاویشت ، کچی ناوەنجی سێوی خۆی بۆ

کوڕی وەکیل هاوبشت ، کچی گچـــکە سێوی خــۆی ئەللابەختەکی تێ‌هەڵدا . سێو چـــوو کەوتە ناو کەلاوەیەك لە تەنیشـــت بەردێك گیرسایەوە . چوون ئەم لاو ئەولای بەردەکەیان هەڵکۆڵی مارێکی لـــەبن هاتە دەرێ .

کچە گوتی : ئەمەش قسمەتی منە . من مێرد بەم مارە دەکەم .

دایك‌و باوك‌و خەڵکەکە کچەیان جێ‌هێشت‌و ڕۆیشتن . پاش نەختێ مارەکە پێستەی خۆی فرێ‌داو بوو بە گەنجێکی کۆك‌و ئازا . کچە نەك بە دڵێك بە سەد دڵ ئەشقی بوو .

پاش چەند ڕۆژێ پاشا کچەکانی داوەت کرد . دوو کچی گەورەتری بە خۆو بە مێردیان زوو هاتن دانیشتن‌و لە دڵی خۆیاندا دەیانگـــوت : ئێستا خوشکمان بە خۆو بە ماری مێردی دێ‌و لـــە دیار ئەمانە هەموان لە خۆی تەریق دەبێتەوە . لەناکاو دیتیان خوشکیان لەگەڵ گەنجێـــکی کۆك‌و لێهاتوو لە دەرگا دەرکەوت . هەموو مات‌و خامۆش بوون . کچە سەربردەی خۆی‌و مارەکەی بۆ خوشکەکانی گێڕایەوە .

کە داوەت تەواوبوو و ویستیان بڕۆن دوو خوشکی گەورەتری بە خوشکی گچکەیان گوت : خوشکێ تا کەی ڕێ دەدەی مێردت خۆی لە ناو پێستەی مار بشارێتەوە . پێستەکەی بسووتێنە باشـــترە بۆ ئەوەی نەتوانێ بچێتەوە ناو ئەسکەڵتی مار .

کە چوونەوە ماڵێ ، کچە لە مێردەکەی پرسی : پێستەکەت بە چ دەسووتێ ؟

کوڕە هەر چوار پەنجەی توچاندەوەو مستێکی وا توندی لـــە بنا گوێی کچەکەدا دەمی پڕ خوێن کرد . بەڵام هەر زوو بەزەیی پێدا هاتەوە ، بردیە حەوشە ، دەم‌و چاوی شووشت‌و گوتی : ئەگەر زۆرت پێ‌خۆشە

بزانی فەرموو بزانە . من پێستەم بە پەلکەسیر دەسووتێ بەڵام ئەوەش بزانە ئەگەر پێستەی من بسووتێنی ئیتر دەڕۆم و نامبینیتەوە .

سبەینێ کوڕە پێستەی داکەندو چوە حەمام . کچە خێرا هەندێ پەلکەسیری هێنا ، ئاگری تێبەرداو پێستەی ماری خستە ناو ئاگرەکە . کە پێستەکە گڕی گرت ، کوڕە بە پەشۆکاوی لە حەمام هاتەوە ، دیتی پێستەکەی سووتاوەو بۆتە خۆڵەمێش . بە کچەی گوت : تازە مادام پێستەی منت سووتاند دەبێ من بڕۆم . ئەگەر دەتەوێ بمدۆزیتەوە دەبێ حەفت جووتە پێڵاوی ئاسن لە پێ بکەی و حەفت تێڵای ئاسن هەڵبگریو سەر هەڵبگری بڕۆی . لە کوێ بنی پێڵاوەکان کون بوو و نووکی تێڵاکان سوا من لەوێم .

کوڕە ڕۆیشت و کچەی بە تەنێ جێهێشت . کچە ئەوەندە گریا تا چاوی ئاوسا . ئینجا هەستا حەفت جووتە پێڵاوی ئاسن و حەفت تێڵای ئاسنی هەڵگرت و بە ڕێ کەوت . حەفت ساڵ بە پێ گەڕا .

ئەوەندە گەڕا تا سەری تێڵاکانی سواو بنی پێڵاوەکانی کون بوو بەڵام هیچ خەبەری « محەمەد پاشای » دەست نەکەوت . زۆر کەشەنگ و ماندوو بوو ، تا بڵێی برسی بوو ، تینوێتی هەر بە جارێ برستی لێبڕی ، لە شوێنێك دانیشت نەختێ بحەسێتەوە کچێکی دی ئافتاوێکی پڕ ئاوی دەبردەوە . بانگی کردێ : هۆ ، کچەکە ، قومە ئاوێکم بدێ بخومەوە ، خنکام لە تینوان .

کچە گوتی : ئەم ئاوە بۆ محەمەد پاشای برام دەبەم بۆ ئەوەی دەستنوێژی پێبشوا . ئەگەر بزانێ ئاوەکەم داوەتە یەکێ خواردووتیەوە ، لێم دەدا .

کچە بە بیستنی ناوی محەمەد پاشا دڵی ڕوناك بوەوەو کەوتە

پاڕانەوە . ئاخیری خوشکی محەمەد پاشا ئافتاوەکەی دایە کچی پاشا بۆ ئەوەی ئاوەکە بخواتەوە . کچە نەختێکی خواردەوە ، هێدی بێ ئەوەی خوشکی محەمەد پاشا هەست پێ بکا ، ئەموسـتیلەی خۆی خستە ناو ئافتاوەکەو دایەوە دەست کچەو کچە چوە ڕێی خۆی .

محەمەد پاشا خەریکی دەستنوێژ شووشتن بوو دیتی شتێ لە ناو ئافتاوەکـە دەزرنگێتەوەو دەخولێتـەوە . ئاوی ئافتاوەکەی ڕشـت ئەموستیلەیەکی لەگەڵ هاتە دەرەوە . کـە تەماشـای کرد ناسیەوە ئەو ئەموستیلەیەیە کە پێشکێشی ژنی خۆی کرد بوو ، بانگی خوشکی کرد : هۆ ، خوچە ، هۆ ... ئەوە ئەم ئافتاوەت داوەتە دەست کێ ؟

خوشکە ترسا نەوەك محەمەد پاشا لێیعادز بێ سوێندی خوارد ئافتاوی نەداوەتە کەس . ئاخیری پێی لێ نا گوتی : تووشی کچێکی زۆر تینوو هاتم . ئافتاوەکەم دایە هەندێ ئاوی خواردەوە .

محەمەد پاشا گوتی : زوو بڕۆ بانگی کە بێتە ئێرە .

محەمەد پاشا کە چاوی بە کچەکە کەوت زۆر شـادومان بوو . خێرا دەستو پێی شووشـتو خواردنو ئاوی بۆ هێناو گـوتی : هەر ئێستا دایکم دێ . ئەگەر بتبینێ یەکسەر قلووفـت دەکا جا وەرە بتشارمەوە .

ئەو حەلە ئەفسوونێکی خوێندو فوویەکی لە دەمو چاوی کچـە کردو کردی بە سـێوێکی زلو لاسوور . محەمەد پاشـا سێوەکەی لەسەر تەقچکە دانا .

بەرەبەری ڕۆژاوا ، دونیـا بوو بە هەورو هێر ، تاریك داهاتو دێوێك لەناو هەورەکە هاتە خوارێو بە محەمەد پاشای گوت : محەمەد پاشا ، بۆن دێ بۆنی بێگانان دێ . لە عەردو بانان دێ .

محەمەد پاشا گوتی : دایە ، دیارە لە چیاو چۆلان بنیادەمەست خواردوەو بۆنی لە بن ددانت ماوە .

دایکە گوتی : کوڕی شیرینم ، ڕاستم پێ بڵێ .

محەمەد پاشا گوتی : بە ئێسکی باوکم سوێند بخۆ کە نایخۆی ، پێشانت دەدەم .

دادە دێو سوێندی خوارد . محەمەد پاشا ئەفسوونێکی خوێندو فووی لە سێوەکە کرد . سێو بوو بە کچێکی جوانو نازدار . دادە دێو کە چاوی بە کچی پاشا کەوت لە ڕکان ددانی لێک سوی بەڵام لەبەر ئەوەی سوێندی بە ئێسکی مێردی خوارد بوو ، هیچ بەسەر خۆی نەهێنا . لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە بیانوویەك دەگەڕا بۆ ئەوەی کچەکە لە ناو بەرێ .

ڕۆژێ دادە دێو بە کچی پاشای گوت : باشت گوێ لێ بێ . وا دەچمە سەر زەماوەندی خزمێك . تا دێمەوە دەبێ حەوشە بە موژەت گەسك بدەیو ئەم تەشتە پڕ ئاوی چاوانت بکەی ، ئەوەك دەتخۆم .

کچە ئەوەندە گریا و فرمێسکی ڕشت تا چاوی ئاوسا بەڵام تەشت هەر تەڕیش نەبوو . بەرەبەری ڕۆژاوا محەمەد پاشا هاتەوە دیتی ژنەکەی دەگری ، گوتی : ئەوە چیە ؟ چ بوە ؟ ژنەکەی حاڵو مەسەلەی بۆ گێڕایەوە . محەمەد پاشا ویردێکی خوێند ، بارانێکی نەرمو ورد باریو بایەکی فێنك هاتو حەوشەی مالی . هەندێ خوێشی لە تەشتەکە کردو پڕ ئاوی کردو لێکی دا .

دادە گەڕایەوە ، دیتی حەوشە جوان مالدراوەو تەشتیش پڕ ئاوی چاوە . لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەمە هەمووی لە بن سەری محەمەد پاشادایە .

ڕۆژێکی‌تر ، داده دێو به کچـــه‌ی گـوت : به‌م زوانه زه‌ماوه‌ندی محه‌مه‌د پاشاو کچی خالۆی ده‌کـــرێ ، ده‌بێ بچی په‌ڕی ته‌یرو توال کۆکه‌یته‌وه و بێنی لێفه‌و دۆشه‌ك دروست بکه‌ی .

کچه به کزو مه‌لوولی چوه لای محه‌مه‌د پاشاو گوتی : دایکت داوای شتێکی وای لێ کردووم .

محه‌مه‌د پاشا گوتی : خه‌مت نه‌بێ . بڕۆ له ناو جه‌رگه‌ی دارستان بوه‌سته‌و هاوار که : « هۆ ته‌یرینه ، ته‌یرینه ، وه‌رن ، وه‌رن محه‌مه‌د پاشا زه‌ماوه‌ند ده‌کا !! » هه‌موو ته‌یرو توالی دارستان خـــڕ ده‌بنه‌وه . ئینجا بڵێ : « هۆ ته‌یرینه ، ته‌یرینه ، هه‌ڵوه‌رێنن ، په‌ڕو تووکتـــان هه‌ڵوه‌رێنن ، محه‌مه‌د پاشا مردوه !! » هه‌موو ته‌یره‌کان په‌ڕو تووکیـــان هه‌ڵده‌وه‌رێنن‌و ده‌ڕۆن . په‌ڕو تووکه‌کان کۆکه‌وه‌و بیهێنه‌وه .

کچه چوه ناو دارستان‌و محه‌مه‌د پاشا چی گـــوتبوو وای کرد . ته‌یره‌کان هاتن‌و خڕ بوونه‌وه‌و په‌ڕوتووکیان هه‌ڵوه‌راند . کچه په‌ڕه‌کانی کۆکرده‌وه‌و بردی دایه داده دێو . داده دێو له دڵی خۆیدا گوتی : ئه‌مه‌ش هه‌ر له بن سه‌ری محه‌مه‌د پاشادایه . ده‌بێ ئه‌م جاره ئه‌م کچه ڕه‌وانه‌ی شوێنێ بکه‌م ، چوونی هه‌بێ هاتنه‌وه‌ی نه‌بێ .

ڕۆژێکی‌تر دێوه به کچه‌ی گوت : ئێستا بڕۆ لای خوشکم « قوتووی به‌هانه » بێنه‌و وه‌ره‌وه .

کچه ملی ڕێی گرت بۆ ئه‌وه‌ی بچێ ، محه‌مه‌د پاشا پێشی لێ گرت‌و گوتی : ئه‌وه کێوه ده‌چی ؟

کچه گوتی : ده‌چم « قوتووی به‌هانه » له کن پوورت دێنم .

محه‌مه‌د پاشا گوتی : به ڕاستی ســـاویلکه‌و خـــۆش باوه‌ڕی ! « قوتووی به‌هانه » ناوه‌که‌ی به‌خۆوه‌یه . ئه‌مه به‌هانه‌یه پێـــت ده‌گرێ

بۆیە ڕەوانەت دەکا تا پوورم لەوێ بتخوا ، لەبەر ئەوەی خۆی سوێندی بە ئێسکی باوکم خواردوە نایەوێ سوێندەکە بشکێنێ . جا با پێت بڵێم چۆن دەچیو دەگەڕێیەوە . دەچی لە ڕێگا تووشی ئاوێکی لێڵو پیس دەبی ، کە هاتی لە ئاوەکە بپەڕیتەوە ، بڵێ : « بە هـ بە هـ ، لەم ئاوە زولالە ، هەر دەڵێی گوڵاوە . دەفرێکم پێبایە لێم پڕ دەکردو دەمبردەوە ماڵێ . ئەی کەرەو هەنگـــوین ڕێم بدە بڕۆم . » پاشان دەگەیتـــە دڕکەجاڕێك ، پێی بڵێ : « وەی ، وەی لەم دەرزیو سنجاقە جوانانە . ئەگەر پەلەم نەبایە ، مستێکم لەم دەرزیو سنجاقانە هەڵدەگرتو لـــە بەرۆکی خۆمم دەدا . ئەی سنجاقو دەرزینـــە ، ڕێم بدەن بڕۆم . » ئینجا دەڕۆی دەگەیتە جێگایەك دەبینی سەگێكو ئەسپێك بەسراونەتەوە ـ سەگەکە جۆی لەبەر کراوەو ئەسپەکە ئێسقان . ئێسقانەکان هەڵگرەو بیانخە بەر سەگەکە ، جۆیەکەش هەڵگرەو لەبەر ئەسپەکەی ڕۆ بکە . لەوێوە بڕۆ دەگەیتە شوێنێك هەندێ دەرگا داخراون ، بیانکەوە ، هەندێ دەرگا واڵان ، دایانخەوە . ئینجا بڕۆ ماڵی پوورەم هێدی پردە « قوتووی بەهانە » و دەرپەڕە هەڵێ . نەکەی هیچ ئاوڕ بدەیتـــەوە ها ! نەوەك دەبی بە بەرد .

محەمەد پاشا چۆنی گوت ، کچە بەو دەستوورە چوو لە ئاوی لێڵو دڕکەوجاڕو ئەسپو سەگو دەرگا داخـــراوو دەرگا واڵاکان تێپەڕی ، گەیشتە ماڵی پوورە دێو « قوتووی بەهانە » لەسەر تەقچکە بوو تێی ڕۆ هاتو تێی تەقاند هەڵات .

پوورە دێو کە بۆنی بنیادەمی کرد بەری دایە دوای کچە بۆ ئەوەی بیگرێ . هاواری کرد : دەرگای واڵا بیگرە !

دەرگای واڵا گوتی : چۆن دەیگرم ؟ تۆ بە واڵایی جێت هێشتبووم ، ئەو دایخستم .

گوتی : دەرگای داخراو بیکرە !

دەرگای داخراو گوتی : چۆن دەیکـــرم ؟ تۆ داتخستبووم ، ئەو کردمیەوە .

گوتی : سەگە بیکرە !

سەگ گوتی : چۆن دەیکرم ؟ تۆ جۆت لەبەر کردبووم ، ئەو ئێسکی لەبەر کردم .

گوتی : ئەسپە بیکرە !

ئەسپ گوتی : چۆن دەیکرم ؟ تۆ ئێســـکت لەبەر کردبووم ، ئەو جۆی لەبەر کردم .

گوتی : دڕکەجاڕ بیکرە !

دڕکەجاڕ گوتی : چۆن دەیکـــرم ؟ تۆ پێم دەڵێی دڕکەجاڕ ، ئەو پێی‌گوتم : دەرزی‌و سنجاق .

گوتی : ئاوی لێڵ‌و پیس بیکرە !

ئاوی لێڵ‌و پیس گوتی : چۆن دەیکرم ؟ تۆ پێم دەڵێی ئاوی لێڵ‌و پیس ، ئەو پێی‌گوتم کەرەو هەنگوین ، پێی‌گوتم گوڵاو .

ئیدی پوورە دێو کچەی پێ نەگیرا . کچە بەغـــار چوەوە ماڵێ‌و قوتووی بەهانەی دایە دەست خەسووی . دادە دێو سەیرێکی قوتوەکەو سەیرێکی کچەی کردو لەبەر خۆیەوە گوتی : ئەمەش هەر لەبن سەری محەمەد پاشادایە .

پاش چەند ڕۆژێ ، زەماوەندی محەمەد پاشاو پوورزای کـــرا . محەمەد پاشا زاتی نەکرد بوو بڵێ ئەم کچە پاشایە ژنمە . شـــەوی زەماوەند محەمەد پاشا بە کچەی گوت : مەنجەڵە ئاوێکی کوڵاو حازر کە ، هەندێ خوێ‌و هەندێ ئاوو تیغێکیش بێنە . خۆشت توندو تەیار کـــە ئەم شەو دەبێ بڕۆین .

نیوەشەو ، کە هەموو نووستن ، محەمەد پاشا پوورازی گرت‌و فڕێی دایە ناو مەنجەڵە ئاوی کوڵاوو سەرقاپەی لەسەر نخوون کردەوە . ئینجا دەستی کچەی گرت‌و سواری ئەسپ بوون‌و بەرەو شاری بنیادەمان تەقڵەکوت هاژوایان .

لەولاوەش ، سبەینێ دادەدێو پوورە دێو چوونە ژووری محەمەد پاشا بۆ ئەوەی بزانن بووك‌و زاوا لە چ دان ؟ تەماشایان کرد کەس نیە .ماڵیان هەموو پشکنی کەس نەبوو . چوونە مۆبەق‌و لەسەر مەنجەڵەکەیان هەڵدایەوە چ هەڵدەنەوە !! دەبینن کچە وا لە ناو ئاو هەڵکونجاوەو ددانی گڕ کردۆتەوە . گوتیان : کچێ ، ئەوە چ دەکەی ؟ ئەوە ئێستا وەختی پێکەنینە ؟ سەرشین هەستە وەرە دەرێ . دیتیان نەخێر ! کچە نایەتە دەرێ . دەستیان گرت بۆ ئەوەی ڕایکێشنە دەرەوە ، وا دەکەن لە مێژە قنیاتی لەبەر بڕاوە . دادە دێو گوتی : ئەمە ئیشی محەمەد پاشای حەرامزادەیە .

کەوتنە شوێن محەمەد پاشاو ژنەکەی .

لەولاوەش ، محەمەد پاشاو کچە ڕێیان دەبڕی‌و دەڕۆیشتن ، محەمەد پاشا بەکچەی گوت : ئاوڕ دەوە ، بزانە کێ دێ ؟ کێ نایە ؟

کچە ئاوڕی دایەوە ، تەماشای کرد ، گوتی : هاتن ، دایکت‌و پوورت هاتن ئێستا نا ئێستا دەمانگەنێ .

محەمەد پاشا گوتی : تیغەکە فڕێ دە !

کچە تیغەکەی فڕێ دا . تیغ بوو بە کێوێ خەنجەرو شمشێر . سەروملو قاچ‌وقولی دایك‌و پوورەی بڕی‌و برینداری کرد .

پاش نەختی ، محەمەد پاشا گوتی : ئاوڕ دەوە ، بزانە کێ دێ ؟ کێ نایە ؟

کچە ئاوڕی دایەوە ، تەماشـــای کرد ، گوتی : ئەهــا ، هاتن ، دەمانگەنێ ، هەر ئێستا دایکت و پوورت دەمانگەنێ .

محەمەد پاشا گوتی : خوێیەکە بڕێژە !!

کچە خوێی ڕشت . کێوێ خوێ لەو بەینە قیـــت بوەوە . خوێ چوە ناو برینی دادەو پوورەی محەمەد پاشاو شپرێوی کردن .

دوای نەختێ ، دیسان محەمەد پاشا گـــوتی : ئاوڕ دەوە ، بزانە کێ دێ ؟ کێ نایە ؟

کچە ئاوڕی دایەوە ، تەماشای کرد ، گوتی : ئۆی ، ئۆی ، هاتن ، هاتنەوە گەیشتنە سەرمان !

محەمەد پاشا گوتی : ئاوەکە بڕێژە !

کچە ئاوەکەی ڕشت . ئاو بوو بە دەریایەکی پان و بەرین . محەمەد پاشاو کچە بە تاو دوور کەوتنەوە ، پووری و دایکیشی لەو بەر ئاوەکــە مانەوە .

پاش قەیرێ دیسان کچە تەماشای کرد دیتی ئێستا نا ئێستا دادە دێو پوورە دێو دەیانگەنێ ، بە محەمەد پاشای گوت . محەمەد پاشا لە ئەسپ دابەزی ، ئەفسوونێکی خوێند ، کچە بوو بە بێستانی تەرۆزی و گندۆرەو خۆیشی بوو بە بێستانەوان . دایك و پوور لە دوورەوە چاویان پێ کەوت ، ئەوەندە کفت و شەکەت بوون خۆیان لەسەر پێ ڕانەدەگرت . پوورە گوتی : خوچە ، من لێرە دەوەستم ، تۆ بڕۆ لەو بێســـــتانەوانە بپرسە ، بزانە چوونە کام لا .

دادە دێو چوو لـــە محەمەد پاشای پرسی : ئەرێ چ کوڕو کچت نەدیوە بێرەدا ڕەت بن ؟

محەمەد پاشا گوتی : من سی ساڵە لێرە بێستانەوانی دەکەم . هیچ کوڕو کچی وام نەدیوە کە تۆ دەڵێی .

داده دێو گوتی : برسیم ، شتێ لێ بکەمەوە بخۆم ؟!!

دەستی برد تەرۆزیەکی لێکردەوەو بە نائومێدیو هەناسەساردی گەڕایەوە لای خوشکی .

محەمەد پاشا ئەفسوونێکی خوێند . پێستانەکە بوەوە کچی جاران بەڵام کە تەماشای کرد دیتی پەنجەی گچکەی پێوە نەماوە .

لەولاوە دادە دێو چوەوە کن خوشکیو گوتی : بێستانەوان دەڵێ سی ساڵە لێرە بێستانەوانی دەکەم هیچ کوڕو کچی وام نەدیوە کە ئێوە دەڵێن .

پوورە سەیری کرد نە بێستان ماوەو نە بێستانەوان ، گوتی : ئەوە محەمەد پاشا خۆی بوو .. خێرا تا دەرباز نەبوە بیانگەینێ .

کەوتنە شوێنیانەوە ، بەڵام تازە بێ سوود بوو ، ئەوان لە شاری بنیادەمان نزیك ببوونەوە . ئیدی هەردووکیان بە پەرێشانیو هەناسەساردی گەڕانەوە شاری خۆیان .

محەمەد پاشاو کچەکەش چوون پێکەوە ژیانێکی خۆشو شیرینو بەختەوەریان بردە سەر .

## ٢١ ـ هاوڕێی چاكو هاوڕێی خراپ

هەبوو نەبوو ، هاوڕێیەكی چاكو هاوڕێیەكی خـراپ هەبوون . ڕۆژێ ، ئەم دوو هاوڕێیە ئەوەندەی گەڕان هیـچ ئیشیان دەسـت نەكەوت . گوتیان : چ بكەین ؟ چ نەكەین ؟ ئاخیری تەگبیریان كرد بچنـە شارێكیتروو لەوێ ئیشێك بۆ خۆیان پەیدا بكەن . هەر یەكـە هەندێ نانی لەناو دەسماڵێك پێچاو بە یەكەوە بەرەو شارێكیتر كەوتنـە ڕێ . نیوەڕۆ گەیشتنە سەر كانیەك . برسی بوون . ئاوێكیان بە دەمو چاویان داكردو دانیشتن فراوین بخۆن .

هاوڕێی خراپ گوتی : هاوڕێ ، دەسماڵەكەت بكەوە با هەردووكمان نانەكەی تۆ بخـۆین ... شەویش من دەسماڵی خـۆم دەكەمەوەو هەردووكمان نانەكەی من دەخۆین .

هاوڕێی چاك هیچ قسەی نەكرد . دەسماڵی خـۆی كردەوەو دەستیان بە خواردن كرد . ئینجا دوای ئەوەی نەختێ شـەكەتی لەشی خۆیان دەركرد هەستان كەوتنە ڕێ . ئێوارێ ، بە شـەكەتو ماندوویی گەیشتنە دەم ڕوبارێك .

هاوڕێی چاك گوتی : هاوڕێ ، برسیم . دەسماڵەكەت بكەوە بـا نانەكەی تۆ بخۆین .

هاوڕێی خراپ گوتی : برۆ بەو لاوە .. برۆ پەی كاری خۆت . ئەم پاروە نانە بە حاڵ سكی منی پێ تێر دەبێ .

هاورێی چاك گوتی : ئەدی خۆت لە کاتی فراویندا بەزاری خۆت نەتگوت : « دەسماڵەکەت بکەوە با هەردووکمان نانەکەی تۆ بخۆین ... شەویش من دەسماڵی خـــۆم دەکەمەوەو هەردووکمان نانەکـــەی من دەخۆین . » ؟

هاورێی خراپ گوتی : دامان نا وام گوت .. تۆ عەقڵت نەبوو ؟ بۆ نانی خۆت دامێ ؟ نەتدابا .

هەر دوو هاورێ هەنگژانە گیانی یەکترو یەکتریان باش کوتایەوە . ئینجا هاورێی چاك چوە ڕێگایەك‌و هاورێی خراپ چوە ڕێگایەکی‌تر .

هاورێی چاك ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشـــتە دامێنی کێـــوێك . ئەشکەوتێکی لێ‌بوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : وا چاکە شەو لێرە بخەوم‌و بەیانی زوو هەستم بڕۆم . ئیدی چوە ناو ئەشکەوتەکە ... کـــە هات دابنیشێ‌و سەیرێکی ئەم ناوە بکا ، ڕمبەی پێیەکی هاتە بەرگوێ . خێرا چوو لە کوژیەك خۆی شاردەوە . ورچێکی زل بە ڕمبەڕمب هات‌و لـــە گۆشەیەك پاڵی دایەوە . پاش نەختێ گورگێك بە تەپەتەپ هاتە ژوورەوەو سڵاوی کردو چوو لە گۆشەیەك وەرکەوت . ئینجا ڕێویەك وارە وارە هات . ئەویش سڵاوی کردو ڕاکشا .

گورگ گوتی : کاکە ورچ ، ئەمڕۆ گوڕاحت زۆر خۆشـــە . دیارە شتێکی نوێ هەیە ! ورچ گوتی : ئەدی چۆن ؟ کەلاوەیەکم دۆزیوەتەوە . گەنجینەیەکی گەورەی تێدایە . هەموو ڕۆژێ دەچمـــە ئەو کەلاوەیەو هەندێ پێ لە زەوی دەکوتم گەنجینەکە زرنگ زرنگ دەنگ دەداتەوە ئینجا گوێ بە زەویەوە دەنێم‌و گوێ ڕادەگرم ... دەزانی چەند خۆشە ؟! هۆی دڵخۆشیم ئەمەیە !

گورگ گوتی : تۆ ئاگات لێ نیە . کچی پاشـــا نەخۆش کەوتوە .

سەراپای حەکیم و لوقمانی شــاریان هێناوەتە ســەر کەس چارەی پێنەکراوە . پاشایش بەڵێنی داوە هەر کەسێ کچەکــەی چاك بکاتەوە دەیکا بە زاوای خۆی . دەرمانی کچەکەش لــە من زیاتر کەس نایزانێ ـ مەڕێکی ڕەش لەناو فلانە مێگەل هەیە . ئەگەر مێشکی ئەو مەڕە ڕەشە وشك بکرێتەوەو بە فوو لە کونەکەپووی کچی پاشا بکرێ کچــە چاك دەبێتەوە . جا من هەموو ڕۆژێ دەچم لە دەوری ئەو مێگەلە دەگەڕێم و دەسووڕێم و پارێز دەستێنم بۆ ئەوەی دەرفەتێــك وەربگرم مەڕەکــە بڕفێنم و بۆی دەربچم بەڵام شوانەی لەعنەتی دەرفەتم نادا .

ڕێوی گوتی : ئێوە بۆ گوێ نادەنە من ؟! کونە مشکێك لــە دامێنی فلانە گرد هەیە . پڕ لیرەیە . هەموو ڕۆژێ مشکەکە لیرەکان دەردێنێ و لەبەر هەتاو بلاویان دەکاتەوەو ئینجا لەناو ئەو لیرانە دەگەوزێ و یاریان پێ دەکا . منیش دەچم لەسەر گردەکە وەردەکەوم و تەماشای دەکەم . هۆی دلخۆشی منیش ئەمەیە !!

ئەمانە کە لە قسەکانیان بوونەوە پاڵ کەوتن و نووستن . کوڕە لــە دلی خۆیدا گوتی : ئەگەر سبەی بە ساغ و سەلامەتی لێــرە دەرباز بم ، خۆم دەزانم چ دەکەم . بەیانی زوو ورچ بە ڕمبەڕمب چوە دوای ئیشی خۆی و دوای ئەویش گورگ بە تەپەتەپ بۆی دەرچوو ، ئینجــا ڕێوی هێدی هێدی ڕۆیشت . پاشان کوڕەکە هاتە دەرەوەو چوە دوای سۆراغی گردەکە . دیتی ڕێوی لەو هەورازە وەرکەوتوەو سەیر دەکا . مشــکێکی زلیش وا لیرەی بلاوکردۆتەوەو خــۆی تێدا دەگــەوزێنێ . بەردێکی هەلگرتەوەو ڕایوەشاندە ڕێویەکــە . ڕێوی هەلات . چــوو لیرەکانی خستە گیرفانی . مشك کە ئەمەی دی ، لــە ڕکان و لەداخان کلکی لــە گەردنی خۆی ئالاندو خۆی خنکاند .

کوڕە چوە لای شوانی مێکەلەکەو گوتی : ئەم مەڕەڕەشە بە چەندی ئەدەی ؟ شوانەکە نرخی مەڕەکەی پێ‌گوت‌و کوڕە گوتی : باشـــە ، بیکوژەوە ، سەرەکەی بۆ من ، ئەوەی‌تر هەمووی بۆ خۆت . کوڕە مێشکی مەڕەکەی دەرهێناو وشکی کردەوەو ئەناو شووشەیەکی کردو چوە شار . لە بەردەم ماڵی پاشا بانگی ڕاهێشت : حەکیمین ، تەبیبین !!

پیاوەکانی پاشا هاتنە دەرەوە ، گوتیان : باوکم ، ڕێی خۆت بگرەو برۆ . کچی پاشا نەساغە . پاشا گفتی داوە هەر کەسێ کچـەکەی چاك بکاتەوە کچی خۆی دەداتێ بەڵام ئەگەر پێی چاك نەکرێتەوە لەســـەری دەدا . زۆر کەس هاتوون چاکی بکەنەوە ، پێیـــان چاك نەکراوەتەوەو لەسەریان دراوە .

کوڕە گوتی : باشە ، خۆ خوێنی من لە خوێنی ئەوان ڕەنگینتر نیە . تکایە بمبەنە حزوور پاشا .

بردیانە لای پاشا .

پاشا گوتی : ها ، حەکیم ! دەتوانی کچەکەم چاك بکەیتەوە ؟

کوڕە گوتی : ڕەنگە بتوانم .

پاشا گوتی : دەزانی ئەگەر پێت چاك نەبێتەوە لەسەرت دەدەم ؟

کوڕە گوتی : بەڵێ دەزانم .

پاشا دەستووری دا کوڕەکە ببەنە لای کچەکە .

کوڕەکە گوتی : هەموو بڕۆنە دەرەوە . کەس لە ژوورەوە نەمێنێ . کە ژوور چۆڵ بوو ، کوڕە سەری شووشەکەی کردەوەو نەختێ مێشکی مەڕی گۆڕینی فوو کردە ناو کونەکەپووی کچەکە . کچە پژمی‌و قیـــت بوەوە . پاشا کە زانی کچەکەی چاك بۆتەوە ، بە پەلەپەل خۆی گەیاندە ژووری کچەکە . کە کچەکەی بە پێوە دی زۆر کەیفخۆش بوو ، گوتی :

هەر کەسێ منی خۆش بوێ دەبێ شتێ بە خەڵات بە حەکیم ببەخشێ .
لە هەر چوار کناران زێڕو گەوهەر بەسەر حەکیمدا باری .

ئینجا پاشا گوتی : حەکیم ، ئێستا بخوازە مالی دنیایێ !!

کوڕە گــوتی : قوربان ، هیچم ناوێ . ئەوەندە نەبێ وەکو خۆت بەلێنت دا کچەکەتم بدەیتێ ، فلانە کاولێشم دەوێ ئەگەر پێویــستت پێ نیــــە .

پاشا گوتی : ئەمە هەر هیچ نیە .

کوڕەکە چوە ناو کەلاوەکە . فەرمانی دا کەلاوەیان هەڵـــدڕیو گەنجینەکەیان دەرهێنا . جا هەر لەو شوێنە کۆشکێکی دروســت کرد سەد قات لە کۆشك‌و سەرای پاشا خۆشتر بوو .

ڕۆژێ ، کوڕە بە خۆو بە ژنەوە لە شانشــێن دانیشتبوون ، دیتی کۆنە هاوڕێی خراپی بە جل‌و بەرگێکی شڕو وڕ ، بە سەرو سیمایەکی بلح‌و ناشیرین ، بە دەست‌و پلێکی چلکن‌و بە قەتماغەو قرێژ ، لە دەرۆزە دەگەڕێ . بە نۆکەرەکانی گوت : بانگی کەن !

کە کابرا هاتە ژوورەوە ، لێی‌پرسی : کاکە ناوت چیە ؟
هاوڕێی خراپ گوتی : ناوم « خراپ »ە !
هاوڕێی چاك گوتی : بیستوومە برادەرێکت هەیە ناوی « چاك »ە .

هاوڕێی خراپ گوتی : بەڵێ پێکەوە بووین . لە دووڕیانێك لە من جودا بوەوە . ئەوەندەی بە بەری داکەوتم گوێی نەدامێ .
هاوڕێی چاك گوتی : باش تەماشام کە ! دەمناسی ؟
هاوڕێی خراپ گوتی : ئەزبەنی ، ناتناسم .
هاوڕێی چاك گــوتی : من ئەوەم کە لەســـەر پاروە نانێــك لەگەڵت تێکدام .

که هاوڕێی خـــراپ باش لێی ورد بووەوە ناسیەوە ئەمە کـــۆنە هاوڕێکەیەتی ... زمانی تێك ئالاّ ... ئینجا پرسی : باشە ، ئەم هەموو سامانەت چۆن دەست کەوت ؟!

هاوڕێی چاك لە سیر هەتا پیواز سەربردەی خۆی بۆ گێڕایەوە . هاوڕێی خراپ گوتی : باشە ، ئەگەر منیش بچم داخۆ دەبێ شـــتێکم دەست بکەوێ ؟

هاوڕێی چاك گوتی : نازانم .

هاوڕێی خراپ هەستا چوە ناو ئەشکەوتەکەو خۆی شاردەوە . پاش نەختێ ورچ بە ڕمبەڕمب هاتو لە گۆشـەیەك پاڵی دایەوە ، ڕووی گرژو مۆن بوو . ئینجا گورگ بە تەپەتەپ هاتو سـەلامی کردو بە پەستو عادزی لە گۆشـەیەکیتر وەرکەوت‌و ئاخـــیری ڕێوی وارەوارە ، بە بێ زەوقی هاتە ژوورەوە . شتاق قسەیان نەکرد . دوایییەکەی ڕێوی گوتی : برادەرینە ! ئەو شەوەتان لە بیرە ، لێرە باسی شتەکان‌و هۆی دڵخۆشی خۆمان کرد ؟ دەرکەوت بنیادەمێ گوێی لە قسـەکان بوە ... دیارە یەکێ لێرە بوەو گوێی ڕاگرتوە . با هەســـتین ئەم ئەشکەوتە بپشـــکنین‌و بیلۆزینەوە .

هەستان .. کەوتنە گەڕان‌و سووڕان . هاوڕێی خراپیان دۆزیەوەو لە تۆڵەی گەنجینەو مەڕی ڕەش‌و مشکەکە پارچە پارچەیان کرد .

## ٢٢ ـ بە دوای گەردووندا

هەبوو نەبوو ، کابرایەکی بەدبەختو چارەڕەش هەبوو . هەرچی هەوڵێکی دا بوو بێ سوود بوو . ڕۆژێ لە دڵی خۆیدا گوتی : نابێ وا دەستەوەستان دابنیشم . دەبێ بچم گەردوون بدۆزمەوەو پرسیاری چارەنووسی خۆمی لێبکەم ... دەبێ چارەسەرێکی خۆم بکەم .

کابرا ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت . لە ڕێگا تووشی گورگێك هات . گورگ بەرایی لێگرتو گوتی : بنیادەم ، ئەوە بۆ کوێ ؟

کابرا گوتی : دەچم گەردوون دەدۆزمەوە .

گورگ گوتی : توخوا ئەگەر دۆزیتەوە پێی بڵێ : گورگ سەلامت لێدەکا دەڵێ : دایم سەرم دێشێ ، دەرمانم چیە ؟

کابرا گوتی : باشە . ئینجا بە ڕێ کەوتەوە . هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتە شارێك . پاشای ئەو شارە لە شەڕ بەزی بوو هەڵدەهات . کە پاشا چاوی بە کابرا کەوت گوتی : هۆ کابرا ، ئەوە دەچیتە کوێ ؟

کابرا گـــوتی : قوربان ، دەچم گەردوون دەدۆزمەوەو چارەنووسی خۆم دەگۆڕم .

پاشا گوتی : مادام هەر دەچیتە ئەو ڕێیە ، لـــە زاری منیشەوە پێی بڵێ : ئەوە بۆچی لە هەموو شەڕێك دەشکێم ؟ تا ئێستا یەك جار چیە زەفەرم بە دوژمن نەبردوە ؟

کابرا ڕێی خۆی گرتو ڕۆیشت . زۆری پێنەچوو گەیشتە کەناری دەریا . دیتی نە کەشتی هەیەو نە ڕێگا . شاش ما ـ چ بکا ؟ چ نەکا ؟

لەناکاو ماسیەکی گەورە سەری لــــە ئاو دەرهێناو گوتی : ئەوە کێوە دەچی ، بنیادەم ؟

کابرا گوتی : ئیشم زۆر شڕە . دەچم بەڵکو گەردوون بدۆزمەوە . بەلام وا پێ دەچێ نەتوانم لێرە زیاتر بڕۆم ... هیچ بەلەمو شت نیە .

ماسی زل گوتی : من دەتگەیەنمە ئەو بەری دەریا بەلام بەو مەرجەی کە گەردوونت دۆزیەوە لێی‌بپرسی بۆچی دایمەلەدام لووزم دەخورێ ؟

کابرا قبوولی کرد . ماسی زل سواری کۆلی خۆی کردو لە دەریا پەڕاندیەوە . کابرا لەوبەری دەریا کەوتەوە ڕێ . ئاخــــیری گەیشتە جێگایەك کابرایەك دەلینگی شەلواری هەلکردبوو ، خاکەناسێکی خستبوە سەر شانی ، باخێکی ئاو دەدا . باخەکە هەزاران گوڵی تێدا بوو — گوڵی گەورەو بچووك . زۆربەی گوڵەکان لە بەر بێ ئاوی قەلشتبوون . بەلام ژمارەیەکی کەمیان ئەوەندە پڕ ئاو بوون ئاویان لەســــەر دەڕژایەوە . سەرباری ئەوەش باخەوان هێشتا هەر ئاوی بەر دەدایەوە سەریان .

باخەوان کە چاوی بە کابرا کەوت ، پرسی : بۆ کوێ دەچی ؟

کابرا گوتی : دەچم گەردوون دەدۆزمەوە .

باخەوان گوتی : چ ئیشت پێیە ؟ دەتەوێ چی پێ‌بلێی ؟

کابرا گوتی : ئەگەر بیدۆزمەوە ، خـــۆم دەزانم چی پێ دەلێم . هەزار جوێنی پێ دەدەم .

باخەوان گوتی : چیت هەیە فەرموو بلێ . من گەردوونم .

کابرا گوتی : جارێ پێم بلێ بزانم ئەم گوڵانە چین ؟

باخەوان گوتی : ئەمانە مالو حالی بنیادەمی سەر زەوین .

کابرا پرسی : کامەیان مالی منە ؟

باخەوان گوڵێکی بچووکو تینووی پێشانی کابرا دا کە لە بێ ئاوی

هەڵشتبوو . کابرا بەو پەڕی تووڕەییەوە خاکەناسی لەسەر شانی گەردوون فڕاندو ئاوی بەردایەوە سەر گۆلی خۆی . کە گۆلەکە تێراو بوو ، گوتی : باش بوو ، ئەوە تەواو ! پێك هات !! ئێستا پێم بڵێ بزانم بۆچی لووزی فلانە ماسی هەمیشە دەخورێ ؟

گەردوون گوتی : ئەوە دانە مروارییەك لەناو لووتی گیر بوە . ئەگەر مستێکی لەسەری بدرێ مرواریەکە دەردێ و ماسیەکە چاك دەبێتەوە .

کابرا گوتی : باشە ، پاشای فلانە شار بۆچی هەمیشە لە شەڕدا شکەست دێنێ و تا ئێستا هیچ جارێ زەفەری بە دوژمن نەبردوە ؟

گەردوون وەڵامی دایەوە : ئەو پاشایە ئافرەتە خۆی کردۆتە پیاو ، ئەگەر بیەوێ لەشەڕدا نەشکێ دەبێ مێرد بە پیاوێ بکا .

کابرا گوتی : زۆر باشە . ئەدی ئەو گورگەی هەمیشە سەری دێشێ دەرمانی دەردی چیە ؟

گەردوون وەڵامی دایەوە : ئەگەر مێشکی سەری بنیادەمێکی گێل و وێل بخوا سەرێشەی نامێنێ .

کابرا بە شادومانی لە کن گەردوون ڕۆیشت و گەڕایەوە . لە کەناری دەریا ماسی زل چاوەڕێی دەکرد ، کە چاوی بە کابرا کەوت ، گوتی : ها ، دۆزیتەوە ؟ کابرا گوتی : ئا . جارێ بمبەوە ئەو بەری دەریا ئینجا پێت دەڵێم .

ماسی زل کابرای بردەوە ئەو بەرو کابرا گوتی : مرواریەك لەناو لووتت گیر بوە . دەبێ یەکێ مستێ لە سەرت بدا تا مرواریەکە بێتە دەرەوەو ڕزگارت ببێ .

ماسی زل گوتی : دە کەواتە وەرە خۆت مستێ لەسەرم بدەو ڕزگارم کە ، مرواریەکەش بۆ خۆت .

کابرا گوتی : من ئیتر پێویستم بەم جۆرە شتانە نیە ، گۆلی خۆم پڕ ئاو کردوە .

هەر چەندە ماسی زلی بێچارە پاڕایەوە ، کابرا گوتی نەدایە . ڕۆیشت . پاشای شارەکە چاوەڕێی دەکرد . کابرا حاڵو مەسەلەی تێگەیاند . پاشا گوتی : تازە مادام تۆ ڕازی منت زانی فەرموو وەرە ، بە دزی ، بێ ئەوەی کەس پێبزانێ مێردت پێدەکەمو تۆ لە جێی من دانیشەو پاشایەتی بکە . کابرا قبوولی نەکرد ، گوتی : نەخێر ، من ئیشم بە پاشایەتی نیە . گۆلی خۆم پڕ ئاو کردوە .

هەر چەندە کچە تکاو ڕجای کرد ، کابرا قبوولی نەکرد . ڕۆیشت تا گەیشتەوە گورگ . گورگ گوتی : ها ، بنیادەم ، گوڕاحەت خۆش دیارە ، دۆزیتەوە ؟

کابرا گوتی : ئا دۆزیمەوە . دەرمانی دەردی سەری تۆ مێشکی سەری بنیادەمی گێلو وێلو گەمژەیە .

گورگ گوتی : باشە ، لە ڕێگا چت دی ؟ چت بەسەر هات ؟

کابرا لە سیر هەتا پیواز هەموو سەربردەی خۆی بۆ گورگ گێڕایەوە - چۆن مرواری ماسی زلو پاشایەتی نەویست چونکە گۆلی خۆی پڕ ئاو کردوەو پێویستی بەم جۆرە شتانە نەماوە !

گورگ لە هیکەوە هەڵمەتی بۆ کابرا بردو کەڵبەی لە خنخنۆکی گیر کردو مێشکی سەری دەرهێناو گوتی : یەکی لە تۆ گێلو وێلو گەمژەترم لە کوێ دەست دەکەوێ ؟!!!

## ٢٣ ـ فاتمه خان

له زه‌مانی هه‌ره کۆن کچێکی ناو فاتمه خان هه‌بوو . فاتمه خان دایکی مرد بوو ، باوکی ژنێکی‌تری هێنا بوو . باوەژن زۆر به خراپی له‌گه‌ڵ فاتمه خان ده‌جوولایه‌وه . هه‌میشه دایده‌په‌ڵۆسی‌و ده‌یگوت :

فاتمه خان ، به من بێ ته‌ماشای سه‌گ بکه‌م ، ته‌ماشای پشیله بکه‌م ، به‌ڵام ته‌ماشای چاره‌ی تۆ نه‌که‌م .

مار چه‌ند ڕکی له پووانگ ده‌بێته‌وه ، باوەژن ئه‌وه‌نده ڕکی له فاتمه خان ده‌بوه‌وه . له سه‌به‌ینێ تا ئێواره‌ێ هه‌زار بگره‌و به‌رده‌ی پێده‌کردو قسه‌ی سووکی پێ ده‌گوت که‌چی کچێکی خۆی هه‌بوو له‌گوڵ ناسکتری پێنه‌ده‌گوت‌و نه‌یده‌هێشت ده‌ست بۆ هیچ ببا .

وه‌ختی شێوخواردن ، باوەژن پارچه نانێکی وشك‌و ڕه‌قی هه‌ڵده‌دایه به‌ر فاتمه خان‌و به خۆو به مێردو به کچه‌وه‌ش له ژوورێکی‌تر پڵاوی به تام‌و بۆیان ده‌خوارد . باوکی فاتمه‌خانیش پیاوێکی بێ زاخ‌و مرده‌ڵه بوو ، له ترسی ژنه‌که‌ی نه‌ده‌وێرا فززه بکا .

ڕۆژێ ، باوەژن یه‌ك هۆقه لۆکه‌ی دایه فاتمه‌خان‌و گوتی : برۆ سه‌ر چیاو تا ئێواره‌ێ ده‌بێ ئه‌م لۆکه هه‌مووی بڕێسی . ئینجا « گا »ی له گه‌وڕ ده‌رهێناو گوتی : ئه‌م « گا »یه‌ش ببه . له‌وێ بیله‌وه‌ڕێنه . ها ئه‌مه‌ش فراوینت . که وای گوت هه‌ندێ نانی که‌به‌کی دایه‌و به ڕێی کرد .

« گا »ی فاتمە خان « گا »یەکی ئاسایی نەبوو . لە زمانی بنیادەم دەگەیشت . دایکی فاتمە خان لە سەرەمەرگدا کچەکەی بەم گایە سپارد بوو کە چاوی لێ بێ .

فاتمەخان لۆکەکەی خستە سەر پشتی گاو بە رێ کەوت . کە گەیشتە سەر چیا ، لۆکەکەی لە پێش خۆی داناو کەوتە ڕستنی . لە هیکڕا بایەکی توند هەڵی کردو لۆکەکەی برد . فاتمە خان ڕاوی « با »ی ناو هاواری کرد : « وەی دەبەر باڵت مرم ( با )یەکە ، لۆکەکەم مەبە ، باوەژنم لێم دەدا » .

با لۆکەکەی بردو خستیە ناو کولبەی پیرەژنێك . فاتمە خان گەیشتە بەر دەرگای کولبەو گوتی : « دایە گیان ، ( با ) لۆکەی منی هێنایە ئێرە . ڕێم دەدەی بیبەمەوە ؟ »

پیرەژن گوتی : گیانی دایەی ! وەرە تەماشاکە بزانە پرچی من پاکترە یان پرچی دایکت ؟!

فاتمەخان چوە پێشەوە ، پرچی پیرەژنی ڕۆنی ، پڕی ڕشك و ئەسپێ بوو ، گوتی : گومانی تێدا نیە پرچی تۆ پاك و خاوێنترە !

پیرەژن گوتی : باشە ، بڕۆ لچکی نیمدەر بلند کە بزانە ماڵی من پاك و خاوێنترە یان ماڵی دایکت ؟

فاتمە خان لچکی نیمدەرەکەی بلند کرد سەدان سیسرکەو کیسەڵ و هەزارپێ لە ژێریا دەخولانەوە ، گوتی : جا ئەم ماڵە چۆن دێتە ڕیزی ماڵی دایکم ؟! ماڵی تۆ سەد بار لە ماڵی دایکم پاك و خاوێنترە !

پیرەژن گوتی : وەرە دادە ، وەرە . ئەمە لۆکەکەت . بگرەو بڕۆ - لە ڕێگا دەگەیتە سێ کانیاو – کانیەك سپیە ، مەلەی تێدا بکە ، کانیەك ڕەشە ، ئاوەکەی بە پرچ و برۆکانت دا بکە ، کانیەك سوورە ، ئاوەکەی بە لێو و گۆنات دا کە .

فاتمەخان لۆکەکەی وەرگرت‌و هێنای لە تەنیشت گاکە داینــاو گەڕایەوە سەر کانی سپی‌و ڕەش‌و سوور ..... پاشان کە چووەوە لای گاکەی دیتی گا هەموو لۆکەکەی جویوەو کردوویە بە کەلەف (٥)

کاتی ڕۆژاوا ژنە چوە سەری کولانێ بۆ ئەوەی بزانێ فاتمە خانی ئاگر تێبەربوو بۆچی دواکەوتوە . لە ناکاو دیتی مانگ لە کولانێ هەلات‌و دونیای ڕوناك کردەوە . سەیری ئاسمانی کرد دیتی مانگ لــە جێگای خۆیەتی .... کە باش لە کولانێ ورد بوەوە دیتی ئەوە فاتمە خانە دێتەوەو مانگێکی گەورە لەسەر تەختی تەوێلی دەدرەوشێتەوە ، لە تووڕەییان هەر وەخت بوو شـــێت بێ ، بە سەری فاتمــــە خانی داداو گــــوتی : ئەوە تا ئێستا لە کوێ گۆڕبەگۆڕ بوی ؟!

فاتمەخان سەربردەی خۆی سەر لەبەر بۆ گێڕایەوە . باوەژن کــە ئەمەی بیست ، ماوەیەك داما ــ سبەی کچی خۆم ڕەوانە دەکەم .

سبەینێ هێشتا ڕۆژ هەڵنەهاتبوو ، ژنە لە خەو ڕابوو . پلاوێکی زەریفی لێ‌ناو لەگەل چەند نانێکی گەرم لە دەسماڵێکی پێچاو دایەدەست کچەکەی‌و پاکەتێك لۆکەیشی دایەو گوتی : ببە ، لەسەر چیا بیرێســە .

کچە تا گەیشتە سەر چیا شل‌و شەکەت بوو . لەوێ ڕاکشـــــاو خەوی لێ‌کەوت . پاشان بە ئاگا هات . یەك دوو سەعات خۆی لێــــك کێشایەوە . ئینجا فراوینی خوارد . ئاخیری لۆکەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی بیرێسێ . لەناکاو « بــا »ی هات‌و لۆکەکەی برد . کچە بە هات‌و هاوارو دادو فیغان کەوتە دوایەوە ، گوتی : هەی باڵت شکێ « بــا »یەکە ئەوە لۆکەکەم کێوە دەبەی ؟!

« بــا » لۆکەکەی بردو خستیە ناو کولبــــەی پیرەژن‌و تێپەڕی ڕۆیشت . کچە گەیشتە بەر دەرگای کولبەی پیرەژن‌و بە تووڕەیی دەرگای

کردەوەو قیژاندی : پیرەژنی فلتەفلتکەر ، خێرا لۆکەکەم بدەوە ، ئەگەرنا بە چاوی خۆت دەبینی چت لێدەکەم .

پیرەژن گوتی : دادە گیان ، هەڵمەچوو ، وەرە ژوورەوە بزانە پرچی من پاکترە یان پرچی دایکت ؟

کچە پرچی پیرەژنی ڕۆنی پڕی ڕشکو ئەسپێ بوو ، گوتی : ئۆی قورِم بە سەری ، چەند پیسە !

پیرەژن گوتی : زۆر باشە . دە تەماشا کە بزانە بن نیمدەرەکە چۆنە ؟

کچە لچکێکی نیمدەرەکەی بلند کرد پڕ کیسەڵو سیسرکەو هەزار پێ بوو ، گوتی : تواە !! مرۆ دلی پێ هەلدەچێ ! مالی دایکم لە گول پاکترە !

پیرەژن گوتی : ئێستا وەرە لۆکەکەت ببەوە . لە ڕێگا دەگەیتە سێ کانیاو ـ کانیەك ڕەشە ، مەلەی تێدا بکە ، کانیەك سوورە ، ئاوەکەی بە پرچو برۆت داکە ، کانیەك سپیە ، ئاوەکەی بە لێوو گۆنات داکە .

کچە هاتە دەرەوەو ڕۆیشت . لە کانی ڕەش مەلەی کرد ، ئاوی کانی سووری بە پرچو برۆکانی داکرد ، ئاوی کانی سپی بە لێوو گۆنای داکرد .

کاتی ڕۆژاوا ، ژنە بۆ پێشوازی کچەکەی چوە سەری کۆلانێ ، بەلام لە جیاتی ئەوەی مانگ ببینێ چاوی بە قولێکی ڕەش کەوت پرچو برۆی سوورو لێوو گۆنای سپی بوو ، شتێکی بەدو ناشیرینیش بە نێوچەوانیدا شۆڕ ببوەوەو چوو بوە ناو زاریو خەریك بوو ملچ ملچ دەیجوی .

ژنە بە هەردوو دەستان لە سەری خۆی داو لەوێ بوورایەوە .

کە وەخۆ هاتەوە ، کچەکەی بردەوە ماڵیو وەرگەڕا فاتمە خانو تا ڕەپ ڕاوەستا لێیدا ئینجا چوو بخەوێ بەڵام قەت خەوی لێدەکەوێ ؟ وەکو ئەوەی مار پێیەوە دابێ هەر پێچی دەخواردو گینگلی دەدا ، هەر بیری دەکردەوەو لێکی دەدایەوە بەڵام سەری لەم کارە دەرنەدەچوو . لە دواییدا ، لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەم هەموو شتە لە ژێر سەری « گا » دایە ، دەبێ بیفەوتێنم .

ڕۆژی پاشی ، ژنە زەعفەرانی لە دەمو چاوی خۆیداو هەندێ نانی ڕەقی لە باخەڵی ناو خۆی نەخۆش خستو لەناو جێ ڕاکشا . کاتێ کابرا هاتەوەو دیتی ژنەکەی ڕەنگی زەرد بوە ، گوتی . حورمێ ، ئەوە چیە ؟ چت بەسەر هاتوە ؟

ژنە تەکانێکی دایە خۆیو کەلەکەی گۆڕی ، نانە ڕەقی باخەڵی کردیە تەقەتەق هەر دەنگوت دەندەو پەراسوویەتی بە دەم ئێشو ئازارەوە دەتەقێ ، بە مێردی گوت : نابینی سەراپای لەشم زریكو هۆڕیەتی . ئەمڕۆ چوومە لای دختۆر ، گوتی : دەرمانت گۆشتی گای زەردە !

کابرا گوتی : زۆر باشە ، ئەمە هەر هیچ نیە . قەسابەکەی سەری کۆلانێ گایەکی زەردی سەر بڕیوە ؛ دەچم هەندێ گۆشتی لێدەکڕم .

ژنە گوتی : نەخێر ، پیاوێژگە ، گۆشتی هەموو گایەکی زەرد بە دەرمان ناچێ . دختۆر گۆشتی گازەردی خۆمانی بە دەرمان داناوە .

ئەوەندەی فاتمەخان گریاو ناوڕایەوە سوودی نەبوو ، کابراش ئەوەندە هۆشەی نەبوو بڵێ دختۆر لە کوێ گازەردی ئێمە دەناسێ ؟!

فاتمەخان بە هەڵەداوان چوە گەوڕو دەستی لە ملی گا کردو هۆڕ هۆڕ گریا . گا گوتی : مەگری . وا دەکەم گۆشتم بە دەمی هەموویان

تاڵ بێ تەنیا بە دەمی تۆ شیرین بێ . بەڵام ئەوەندە هەیە پاشان هەموو ئێسکەکانم کۆ بکەوەو لە بن ئاخوڕ بیانخە ژێر گڵو هەر کاتێ قسەیەك یان گرفتێکت هەبوو وەرە پێی بڵێ .

کە گا یان سەربڕی ژنە چاك بووەوە . هەستا چارۆکـەی لەبەر کەمەری ڕاکردو مەنجەڵی خستە سەر ئاگر بۆ ئەوەی گۆشتی گاکە بۆ ئێوارێ لێبنێ .

شەو هەموو چوونە سەر خوان گۆشتی گا بخۆن . کە یەکەم پاروویان خستە زار فڕێیان دایەوە ، چونکە تاڵ تاڵ بوو دەتگوت ژەهرە . ژنە نانو پەنیری بۆ خۆیان هێناو گۆشتەکەی هاویشتە بەر فاتمە خان تا بیخواو پێبمرێ . فاتمەخان کەوتە سەرێ ئەوەندە بە تامو لەزەت گۆشتەکەی دەخوارد هەموو ئەوانەی کە ئێرەیان پێ دەبرد .

پاش ماوەیەك ، ڕۆژێ زەماوەندی کوڕی پاشا بوو ، ژنە بەرگی نوێی پۆشیو کچەکەی خۆی ڕازاندەوە تا لەگەڵ خۆی بیباتە سەر زەماوەند بەڵام ئەوەندەی فاتمەخان کردیو کۆشا لەگەڵ خۆی ببەن نەیانبرد . ژنە گوتی : تۆو زەماوەندی کوڕی پاشا ؟! هەر وس بە باس مەکە ! من چۆن تۆ دەبەمو ئابڕووی خۆم دەچوێنم ؟!

دایكو کیژ بە دووقۆڵی چوونە زەماوەند . فاتمـە خان بە تەنێ مایەوە ، سکی بە خۆی سووتا ، ئەوەندە گـریا تا چاوی ئاوسا .... پاشان دەستی بە نەخشـکاری کردو دوای نەختێ لەناکاو قسـەکانی گای وە بیرهاتەوە . هەستا چوە لای ئاخوڕی گاو ئێسکەکانی دەرهێناو مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە . دەستبەجێ ئەسپێکی سپیو دەستەبەرگێکی سپی ئامادە بوون . فاتمەخان دەستەبەرگەکـەی لەبەر کردو سواری ئەسپەکە بوو . بەرگەسپیەکە گیرفانێکی پڕ زێڕو لیرە بوو ، گیرفانەکەی

تری پڕ مشکی‌و خۆڵەمێش بوو . فاتمە خان ئەسپی تاو داو بەرەو کۆشکی پاشا تێی تەقاند . پاسەوان کە ئەم شازادە خانمو جوانەیان دی هێلمیان گرت‌و نەیانتوانی رێی لێ بگرن .

فاتمە خان چوە ژوورەوە ، دەستی بە سەماو هەڵپەرکێ کرد . هەموو ژن‌و کچەکان دوو چاویان هەبوو دووی تریشیان قەرزکردو لە سەیری جوانی‌و بێ‌و شایی فاتمەخان توانەوە . فاتمەخان کە لە شایی بوەوە ، لیرەکانی بۆ خەڵکەکە هەڵداو خۆڵەمێشەکەی بە چاوی باوەژن‌و کچەکەی داکردو هاتە دەرەوە . باوەژن‌و کچەکەی قیژاندیان ، وای چاوم کوێر بوو !.. بیگرن نەڕوا ، کوێری کردم !!

تا ژن‌و کچەکان هاتنەوە سەر خۆیان‌و تێگەیشتن چ قەوماوە ، فاتمەخان گەیشتبوەوە ماڵێ . تا باوەژن‌و کچەکەی هاتنەوە ئەو چوو بەرگی خۆی داکەندو ئێسکەکانی خستەوە ژێر گڵ‌و کەوتە پاك کردنەوەو ماڵینی حەوشەو ژوورەکان .

بەرەبەری رۆژاوا باوەژن‌و کچەکەی هاتنەوە . روویان وەکو هەوری بەهار ترش‌و تاڵ بوو . فاتمەخان گوتی : دایە ، ئەوەی خواردووتە بۆ خۆت ، بەڵام ئەوەی دیوتە بۆ منیشی بگێرەوە .

ژنە دەم‌وەدەست دمی تەقیەوەو دوعاو تووکو نەفرەتی وای کرد ئەگەر یەکێکی قبووڵ بایە ، کچەی سەماکەر گۆشتی بە لەشەوە نەدەما ، گوتی : کچێك هات دەتگوت مانگە ، سەمایەکی وای کرد هەموو تاس بردنیەوە ، بەڵام ، عەمر کورتەی ، ئاخیری زێری بۆ هەموو خەڵکەکە هەڵداشت‌و خۆڵەمێشی بە چاوی ئێمە دا کرد . هەر وەخت بوو هەردووکمان کوێر بکا .

فاتمەخان گوتی : چیان لە کچەکە کرد ؟

ژنە گوتی : هەتا ویستیان بیگرن ، ئەو بەرەڵلاو بێ‌حەیایە هەڵات .

بۆ بەیانی دیسان ژنە بە خۆو بە کچەکەیەوە خۆیان ئامادە کرد بچنە زەماوەند . فاتمەخان لێی پاڕایەوە : دایە ، ئەمڕۆ منیش لەگەڵ خۆت بیە . بزانم زەماوەندی کوڕی پاشا چۆنە ؟!

ژنە لێی قیژاند : بڕۆ ، چارەت بزر کە ... پێم ناکرێ لەگەڵ خۆمت ببەم . لای دەرو جیرانان ئابرووم دەچێ .

کە باوەژنو کچەکەی ڕۆیشتن ، فاتمەخان چوە لای ئێسکەکانی گاکەو ئەم جارە ئەسپێکی زەردو دەستەبەرگێکی زەردی بۆ حازر بوو . فاتمەخان بەرگەکەی کردە بەرو سواری ئەسپەکە بوو و چوە سەر زەماوەند . دیسان وەکو ڕۆژی پێشوو زێڕو لیرەی بۆ هەموو خەڵکەکە هەڵدا کەچی خۆڵەمێشی لە چاوی باوەژنو کچەکەی کردو هاتە دەرەوە .

بەرەبەری ڕۆژاوا ، باوەژنو کچەکەی گەڕانەوە ، فاتمەخان گوتی : دایە ، ئەوەی خواردووتە بۆ خۆت ، بەڵام ئەوەی دیوتە بۆ منیشی بگێڕەوە .

باوەژن دیسان دەستی بە جوێنو تووکو نەفرەت کردو گوتی : ئەمڕۆ دیسان عەینی کچ هات . ئەم جارە دەستەبەرگێکی زەردی لەبەر بوو . تێرو پڕ سەمای کرد . ئاخیری دیسان بەشی ئێمە مانان خۆڵەمێشو بەشی خوندیەکانی‌تر زێڕو لیرە بوو .

بەیانی دیسان ویستیان بچنە زەماوەند . فاتمە خان گوتی : دایە ، دە جارێك منیش لەگەڵ خۆت ببە ! منیش حەز دەکەم زەماوەندی کوڕی پاشا ببینم .

ژنە تیزی پێ‌کرد : خەیاڵ نەکەی تۆ لەوانەبێ بتوانم بتبەم بۆ زەماوەندی کوڕی پاشا ؟ جارێکی‌تر قسەی وا نەکەی ، ها !

ئەمجارە فاتمە خان دەستەبەرگێکی سووری پۆشی‌و سواری ئەسپێکی سوور بوو و چوە ماڵی پاشا . دیسان تێرو پڕ سەمای کردو لیرەکانی بۆ خەڵکەکە هاویشتو خۆڵەمێشی لە چاوی باوەژن‌و کچەکەی کردو هاتە دەرەوە . لە گەڕانەوەدا خلیسکی بردو لنگە پێلاوێکی زێڕی کەوتە ناو کانی . تا باوەژن‌و کچەکەی هاتنەوە ، فاتمەخان بەرگی خۆی داناو کەوتە سەر نەخشکاری .

کە باوەژن‌و کچەکەی هاتنەوە ، وەکو ڕۆژەکانی دی فاتمە خان هەمان پرسیاری کردو ئەوانیش هەمان وەڵامیان دایەوە .

پاش چەند ڕۆژێك ، کوڕە گچکەی پاشا چوە سەر کانی بۆ ئەوەی ئەسپەکەی ئاو بدا . ئەسپ تەماشای ناو ئاوەکەی کردو ڕەویەوە . کوڕی پاشا گوتی : بزانن کانی چی تێدایە ؟!

نۆکەران گەڕان ، لنگە پێلاوێکی زێڕی ژنانەیان دۆزیەوە . کوڕی پاشا کە چاوی بە لنگە پێلاوەکە کەوت دەمی ئاوی کردو لە دڵی خۆیدا گوتی : دەبێ خاوەنی ئەم پێلاوە کچێکی زۆر جوان بێ دەبێ هەر بیدۆزمەوەو بۆ خۆمی بێنم .

کوڕی پاشا لنگە پێلاوەکەی دایە قەرەواشان‌و گوتی : بڕۆن سەراپای شار بگەڕێن ، خاوەنی ئەم پێلاوەم بۆ بدۆزنەوە .

قەرەواش چوون ماڵ بە ماڵ گەڕان . هەر چی ژن‌و کچ هەیە لنگە پێلاوەکەیان لە پێ کرد بەڵام بێهوودە بوو — پێلاوەکەیان گەورە بوو ، یان تەنگ بوو . ئاخیری گەیشتنە ماڵی فاتمەخان . کە باوەژن بە مەسەلەکەی زانی یەکسەر فاتمە خانی خستە ناو تەندوورو سەری قەپات کردو هەرزنی بۆ تەیران لەسەر ڕۆ کرد .

قەرەواشەکانی کوڕی پاشا لە دەرگایان داو چوونە ژوورەوە ، گوتیان : کچەکەت بێنە .

ژنه کچی خۆی برد . قەرەواشەکان لنگە پێڵاوەکەیان بە پێی کچە جەرپاند دیتیان پێی ئەوەندە گەورەیە تەنانەت پەنجەیشی بە لنگە پێڵاوەکەوە ناچێ . بە ژنەیان گوت : باشە ، چ کچی ترت نیە ؟!

ژنە سوێندی خوارد کە هیچ کچی تری نیە . قەرەواشەکان هەستان برۆن ، لە ناکاو کەڵەشێر بانگی دا :

**قـوو ققـوو قـوو قـوو !!**

**فاتمـە خان لـە نـاو تەندووره !**

**ڕوخســـاری پڕ لـە نووره ،**

**دەرزی لـە مشـــکی ڕادەکا ،**

**نەخشی وەکـو گـوڵ وا دەکا .**

قەرەواشەکان لەگەڵ بانگی کەڵەشێرەکە گەڕانەوە ، گوتیان : ئەوە ئەم کەڵەشێرە چ دەڵێ :

ژنە پێڵاقەیەکی لە باڵی کەڵەشێرەکە داو گوتی : کش ! !

قەرەواشەکان بە ڕێ کەوتن برۆن ، کەڵەشێرەکە دوبارە بانگی دا :

**قـوو ققـوو قـوو قـوو !!**

**فاتمـە خان لـە نـاو تەندووره !**

**ڕوخســـاری پڕ لـە نووره ،**

**دەرزی لـە مشـــکی ڕادەکا ،**

**نەخشی وەکـو گـوڵ وا دەکا .**

ئەم جـاره قەرەواشەکان گـەڕانەوە ، سـەری تەندووریان هەڵدایەوە ، دیتیان کچێکی جوانی وەکو ڕۆژ لـە ناو خۆڵەمێشەکە گرمۆڵەبوە ، نەخش دەکا . دەریان هێنا ، لنگە پێڵاوەکەیان لە پێ کرد . دەق یەك بە پێی دەرچوو . بە شـادیو خۆشی گەڕانەوە لای کوڕی

پاشاو مەسەلەکەیان بۆ گێڕایەوە . کوڕی پاشا کەیفخۆش بوو گوتی : دەبێ کەڵەشێرەکەش بێنن لای خۆمان بێ .

حەفت شەوو حەفت ڕۆژ شار ڕازاوەو ئاهەنگ‌و بەزم‌و شایی گەڕا . شەوی حەفتەم کە ویستیان بووک بۆ زاوا بگوازنەوە ، ژنە گوتی : من خۆم کچەکەم بۆ ماڵی زاوا دەبەم .

ژنە لە باتی ئەوەی فاتمەخان بیبا ، کچی خۆی برد . سەرو ڕوخساری فاتمەخانیشی بە قوڕەڕەش سواغ داو خستیە ناو تەندوورەکە . کوڕی پاشا تەماشایەکی بووکی کرد ، زانی بووک گۆڕاوە ، گوتی : لنگە پێڵاوەکە بێنن . لنگە پێڵاوەکەیان هێنا ، تەماشایان کرد بە پێی ئەم کچەوە ناچێ . لەو کاتەدا کەڵەشێرەکە دیسان بانگی دا :

قوو ققوو قوو قوو !!

فاتمە خان لە ناو تەندووره !

ڕوخساری پڕ لە نووره ،

دەرزی لە مشکی ڕادەکا ،

نەخشی وەکو گوڵ وا دەکا .

کوڕی پاشا فەرمانی دا چوون فاتمەخانیان هێناو باوەژنو کچەکەشیان لە کلکی ئێسترێکی چەمووش بەست‌و بەریان هەڵدا کێوو بیابان .

# ٢٤ ـ كراسی بووكێنی لـــه بەرداش

هەبوو نەبوو ، پاشایەك هەبوو كچێكی زۆر جوانی هەبوو . زیبـــا سەنەمێ بوو بۆ خۆی . دونیات سەراوبن كرد با كچی وات نەدەدۆزیەوە . شازادەی ولاتان قۆڵ قۆڵ دەهاتنە داخوازی ، بەلام باوكی نەیدەدا .

كوڕە فەقیرێكیش هەبوو ، لەگەڵ كچی پاشا دڵیان دابوە یەك . حەزیان لەیەك دەكرد بەلام باوكی كچە بەویش ڕازی نەبوو ، دەیگوت : ئەمە كاری كردەنی نیە ، ئاخر ئەگەر كچی خۆم بدەمە ئەو كوڕە فەقیرە خەڵك‌و خوا چیم پێ دەڵێن ؟!

ڕۆژێ ، داخوازیكەرێك لە ولاتێكی‌ترەوە هات ، قاســیدی نارد گوتی : چەند مەیل‌و مەسەلەیەكم هەیە لێتان دەكەم ئەگەر پێتان وەلام نەدرێتەوە دەبێ كچەكەمان بدەنێ :

ــــ یەكەم جار چواردە ئەسپی نارد ، هەموو لە یەك سونع‌و لە یەك ڕەنگ ، گوتی : دەبێ بزانن ئەمانە چەندیان یەك ساڵین ، چەندیان دوو ساڵین ، چەندیان سێ ساڵین .

پاشا دەستووری دا مەیدانیان پاك كردەوە ، ســــەراپای خەڵكی شار خڕ بوونەوە بەلكو بشێ یەكێ وەلامی مەتەڵەكە بزانێ ، بەلام كەس سەری لێ دەرنەچوو ، هەموو بە مات‌و سەركزی وەستابوون ســــەیری ئەسپەكانیان دەكرد كە كوڕە فەقیرەكە لە پاشا چوە پێش‌و گوتی : پاشا ، وەلامی ئەم پرسیارە بە من گەیشت ، ئەمن دەزانم !

پاشا گوتی : ئەگەر بزانی هەر چی بتەوێ دەتدەمێ .

کوڕە گوتی : پاشام سەلامەتدار بێ ، کچەکەتم بدێ ، وەڵامی پرسیارەکەت پێ دەڵێم .

پاشا گوتی : جارێ وەڵامی پرسیارەکە بڵێ ... ئینجا ...

کوڕە گوتی : هەندێ وێنجەو چەند هۆقە جۆو چەند جامەشیر بێنن . وێنجەو جۆو شیریان هێنا . کوڕە هەر یەکەی لە لایەك دانا . کە وای کرد ، داخوازیکەر پەنجەی خۆی گەستو لە دڵی خۆیدا گوتی : بە ڕاستی ئەم کوڕە جل‌شرە ژیرو زیرەکە .

کوڕە گوتی : ئێستا ئەسپەکان بەرەڵلا کەن .

ئەسپەکانیان بەرەڵلا کرد . یەك ساڵەکان چوونە سەر جامە شیرەکان ، دوو ساڵەکان چوونە سەر وێنجەکەو سێ ساڵەکان چوونە سەر جۆیەکە .

پاشا زۆر شادو بەکەیف بوو ، پارەیەکی زۆری بە کوڕەکە بەخشی بەڵام کچی خۆی نەدایە .

ـــ دوای حەفتەیەك ، داخوازیکەرەکە چل سندووقی سەرمۆری نارد ، گوتی : ئەگەر نەزانن کام سندووق پیاوی تێدایەو کام سندووق ژنی تێدایە دەبێ کچەکەم بدەنێ .

پاشا ناردیە شوێن کوڕەکە ، چونکە لەوبەدەر کەس نەبوو وەڵامی ئەم پرسیارەی پێ‌بدرێتەوە . دیسان مەیدانیـــان پاك کردەوەو خەڵك کۆبوەوەو سندووقەکانیان لە ناوەندی مەیدان دانا . کـــوڕە چوە لای سندووقەکان ، یەك یەك بڵندی کردن‌و هەڵی ســەنگاندن‌و دایانەوە ، هەر دەتگوت خۆی سەری قەپات کردوون ، گوتی : ئەمانە ژنیان تێدایەو ئەمانە پیاویان تێدایە . سەری سندووقەکانیان کردەوە ، تەماشایان کرد چۆنی دەڵێ وایە .

پاشا زۆر دڵخۆش بوو . دیسان بێ حیساب کوڕەی خەڵات کرد بەڵام کچی خۆی نەدایە . داخوازیکەریش سەری لە زیرەکیو هوشیاری کوڕە سوڕما . وەخت بوو بیکا بە پیاوێ لە پیاوە نزیکەکانی خۆی .

ـــ جاری سێیەم ، داخوازیکەر بەرداشێکی گەورەی نارد ، گوتی : دەبێ کراسێکی بووکێنی لەم بەرداشە بدوورن ئەوەك دەبێ کچی خۆتانم بدەنێ .

دیسان بانگی کوڕەیان کردو گوتیان وەڵامی ئەم پرسیارەش هەر لای خۆتە . مەیدانیان پاك کردەوە . کوڕە قۆڵو باسکی لێ هەڵکرد ، چوە ناوەندی مەیدان ، لە تەنیشت بەرداشەکە وەستا ، گیرفانەکانی پڕ قوم کرد بوو . ئەوانەی بەرداشەکەشیان هێنا بوو لە تەنیشت بەردەکە وەستابوون . کوڕە یەکەم جار بە پاشای گوت : بلێ ، با کچەکەت لە من مارە بکەن ئینجا دەست بە ئیش دەکەم . لەوە زیاتر هیچم لە تۆ ناوێ .

پاشا دیتی ئەم جارە کوڕە واز ناهێنێ ، قبوولی کردو فەرمانی دا کچەکەیان لە کوڕەکە مارە کرد . ئینجا کوڕە چوو لە دەوری بەرداشەکە کەوتە سووڕانو خولانەوە ، ئەم لاو ئەو لای کرد ، داهاتەوەو قیت بوەوە ، لاسای دورمانگەرانی دەکردەوە ــ بۆ نموونە وای پێشان دا پارچەیەك دەبڕێ ، هاواری کرد ، زوو بن مقەسم بگەیەنێ ، و شتی وا ... دوا جار مستەقومێکی لە دەستی یەکێ لە پیاوەکانی شازادەی داخوازیکەر کردو گوتی : ئەم داوە لە دەرزی هەڵکێشە .

کابرا کە تەواو ماتو مەبهووت بوو ، گوتی : کوڕە ، تۆ عەقڵت لەسەردا نەماوە . قوم چۆن دەبێ بە داو !!.

کوڕە زوو وەڵامی دایەوە : ئەدی کراسی بووکێنی چۆن لە بەرداش دەدووری ؟

داخوازیکەرو پیاوەکانی تەریق بوونەوەو گەڕانەوە وڵاتی خۆیان .

پاشا فەرمانی دا حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بەزمو ئاهەنگو شایی گەڕا و بوو بە کۆڕی زەماوەندو شادی ، ئینجا کچەکـــەی بە دەستی کوڕەکە سپارد .

چۆن ئەوان بە مرازی خۆیان گەیشتن ، ئێوەش ئاوها بە مرازی دڵی خۆتان بگەن .

## ٢٥ ـ کوڕێکی زیرەکو کچی تەمبەڵی پاشا

هەبوو نەبوو دایکێکو کوڕێك هەبوون . ڕۆژێ دایکە بە کوڕەی گوت : کوڕی شیرینم ، چۆنە یەکێ لە گایەکانمان بکوژینەوەو خواردن بکەینو هەموو خەڵکی دێ دەعـــوەت بکەین ؟ بۆ وەرزی بەهاریش ، خـــوا کەریمە گایەکی ترمان بۆ دەنێـــرێ . زستانیش میوانی ئـەمو ئەو دەبین .

کوڕە گوتی : من هیچ قسەم نیە ، بەڵام ئەگەر بەهارێ خودا گای نەنارد ، ئەوە تۆ دادەبەستم بۆ جووت .

دایکی گوتی : باشە .

گایان سەر بڕیو هەموو خەڵکی دێیان داوەت کرد . خەڵکە تـا تێرو پڕ بوونو گەیشتە قوڕقوڕاگەیان خواردیان ، کە ڕۆیشتن گوتیان : بە زیاد بێ ، خودا پاداشتان بداتەوە .

سێ چوار ڕۆژ پێچوو ، کەس داوەتی نەکردن . بەهار هات . خودا هیچ گای نەدانێ . کوڕە دایکی بردو دایبەست بۆ جووت .

سێ چوار دێرە جووتی کرد دیتی دوو کەس بۆ لای هاتن . کـە نزیك بوونەوە ، یەکێ گوتی : کورد ، ئەوە خەریکی چی ؟ ئەوە بۆچی ئەم ژنە بێچارەیەت لەباتی گا دابەستوە ؟

کوڕە گوتی : جا تۆ چی ؟ چ هەقت لەسەرە ؟

کابرا گـــوتی : من پاشـــامو ئەمەش وەزیرە . من جوانەگایەکی شیرادم لەناو گاڕانی هەیە . ئەم ژنە بەرەڵلا کە ، بڕۆ جوانەگایەکە بێنەو بۆ خۆت دایبەستە جووتی پێ بکە .

کوڕە شادو کەیفخۆش بوو . چوە لای گاوان‌و گوتی : فلانە جوانەگام بدەرێ ، فەرمانی پاشایە .

گاوان گوتی : کوڕی شیرینم ، بڕۆ دوای ئیشی خۆت . ئەم جوانەگایە لەوانە نیە کە تۆ تێگەیشتووی ... بە تۆ بەرزەفت نابێ ، وازی لێبێنە نەوەك دەتفەوتێنێ .

کوڕە گوتی : تۆ هەقت نەبێ . جوانەگاکەم پێشان دەو لێ‌گەڕێ .

گاوان جوانەگایەکەی پیشان داو ناردیە ناو گاران .

کوڕە چوو جوانەگایەکەی دیتەوە بەڵام کە بۆی چوو بیگرێ ، جوانەگا شاڵاوی بۆ هێنا . کوڕە دەرفەتی نەدا تونَد قۆچەکانی گرت‌و بردی لە تەك گایەکەی‌تر بۆ جووت دایبەست .

سبەینێ دیسان پاشا بەوێدا تێپەڕی ، دیتی کوڕە جوانەگای باش تەمبێ کردوە . جوانەگا دەڵێی مەلحەمە ئیش دەکا ، گوتی کورە ، سبەی وەرە لام بارە گەنمێکت دەدەمێ بێنە بۆ خۆت بیچێنە .

بۆ سبەینێ ، کوڕە جواڵێکی بە کۆڵی داداو چوە ماڵی پاشا . پاسەوان ڕێیان نەدا بچێتە ژوورەوە . پاشا گوێی لە مشت‌ومڕیان بو ، گوتی : لێی‌گەڕێن ، با بێ .

پاشا کچێکی زۆر جوانی هەبوو بەڵام زۆر تەپ‌و تەوەزەل‌و تەمبەڵ بوو . پاشا کچەکەی لەناو گونیەیەك پەستاو لە کوڕەکەی بار کردو بە ڕێی کرد . کوڕە گونیەکەی بردەوە ماڵێ . کە دەرکی کردەوە دیتی کچی پاشایە . خێرا گازی دایکی کردو گوتی : دایە ، وەرە سەیرکە ، پاشا لە باتی بارەگەنمێك کچی خۆی داومەتێ .

کوڕە کچەی لە ماڵێ بەرەڵلا کردو چوە سەر کاری خۆی . عەسرێ کە لەسەر ئیش هاتەوە دیتی کچە هیچ نەجووڵاوەتەوە . سبەینێ لە کوێ بوو هەر لەوێ کەوتبوو .

سێ چوار ڕۆژ بەم جۆرە ڕابرد . کچە هەر وەخت بوو لە برسان بمرێ . کەس خواردنی نەدەدایە .

ڕۆژێکیان دیسان عەسر بوو کە کوڕە لەسەر ئیش هاتەوە ، لە دایکی پرسی : دایە ، کێ هەقی نانخواردنی هەیە ؟

دایکی گوتی : ئەوەی ئیش بکا .

کوڕە گوتی : دایە ، کچی پاشا هێشتا هەر هیچ ئیشی نەکردوە ؟

دایکی گوتی : بەدی کوو ؟ دەوروبەری خۆی مالیوە ؟

کوڕە گوتی : مادام وایە هەندەی دەستێ نانی بدێ .

کچە زۆر زۆر برسی بوو . پڕی دایە نانەکەو خواردی . سبەینێ هەستا هەموو مالی گەسك دا . عەسرێ کوڕە هاتەوەو لە دایکی پرسی : دایە ، کێ هەقی نانخواردنی هەیە ؟

دایکی گوتی : ئەوەی ئیش بکا .

ئینجا کوڕە پرسی : دایە ، ئەمرۆ کچی پاشا چ ئیشی کردوە ؟

دایکی گوتی : ئەدی ... مالی گەسك داوە .

کوڕە گوتی : کەواتە پێی بلێ بێتە سەر خوان .

کچە چوو لەسەر خوان دانیشت و تێرو پڕی خوارد . ئیدی لەو ساوە بە دواوە وازی لە تەمبەلی هێنا .

ڕۆژێ ، دیسان کوڕە چووبوە دەشت و کچە لە مالەوە دانیشتبوو خوری دەرست ، لە دەرگا درا . کچە دەرگای کردەوە . پاشاو وەزیر بوون . کچە گوتی : بابە ، من ئەم کوڕە باش دەناسم یەك پاروە نانتان خۆڕا نادات ، مەگەر بۆ خۆتان ئیش بکەن .

پاشا گوتی : چ ئیش بکەین ؟

کچە یەکەو هەندێ خوری لـــە پێش دانان‌و گوتی : تا کوڕەکـــە نەهاتۆتەوە بیرێسن ...

پاشاو وەزیر خەریکی خوری ڕستن بوون کە کوڕە هاتەوە ، گوتی : پاشا بەخێر بێی ! یاخوا پێ‌و قەدەمت بە خێر بێ !!

پاشا گوتی : کـــوڕی خۆشەویستم ، هاتووم کچەکەمت لێ مارە بکەم ، ڕازی ؟

سەرتان نەیەشێنم کوڕە کچی پاشـــای هێنا . حەفت شـــەوو حەفـــت ڕۆژ بەزم‌و ئاهەنگیان گێـــڕا‌و پاشـــاو وەزیر چـــوونەوە ماڵی خۆیان‌و کوڕەو کچـــەش بوون بە ژن‌و مێردو کەوتنـــە ژیانێکی خۆش‌و شیرین .

## ٢٦ ـ بزنی ڕدێن سپی

بیستم لەم گوندەی خۆمان ، ڕۆژێ ، بزنی حاجی مەهـــدی ئاغا گڕوو بوو و بەرەللای چۆلەوانیان کرد . ئینجا بەرخۆڵەی خاڵە میرزای کۆخای گوندەکەی‌ترو پاشان سەگەکەی حاجی قاسمی خۆمانو ئەوجا گۆلکەکەی محەمەد حەسەن مەشهەدی . ئەم چوارە لە چۆلەوانی تووشی بەگدی بوونو بوونە هاوڕێ . لێرەو لەوێ لەوەڕانو خەوتنو ئیسراحەتیان کرد تا تەواو تەڕو پڕو قەڵەو بوونو گوڕاتیش حەفت بەردی بە دواوە .

شەوێ لەناو شینائی « داشلو » دانیشتبوون قســـەیان دەکرد . لە دوورەوە ترووسکاییەکیان دی . بزن کە ڕدێن ســپیان بوو ، گوتی : ئاخ ! خـــۆزی قەلوونێکمان ئێ‌کـــردبا !! ئەوانەی‌تر گـــوتیان : ئەمە هەر هیچ نیە . جەنابی سەگ ئاو دێنێ ، جەنابی گۆلك تووتن دێنێ ، جەنابی بەرخیش ئاگر دێنێو قەلوون دەسازێ .

جەنابی بەرخۆڵە هەستا چوو ئاگر بێنێ . کە لە ترووســکاییەکە نزیك بوەوە دیتی ـ تواهو !! دوازدە گورگ بە ئەڵقە دانیشتوونو خۆیان گەرم دەکەنەوە . بەرخۆڵە سامی لێ‌نیشت .

ـــ سەلاموعەلێك

ـــ عەلەیکە سسەلام .

گوتیان : هاوڕێ بەرخۆڵە ، تۆو ئێرە ؟

بەرخۆڵە بە ترسو لەرزەوە گوتی : هاتووم ئاگرتان لە کن ببەم ، قەلوون بۆ هاوڕێ بزن چێ دەکەین .

گورگەکان گوتیان : ئێستا وەرە دانیشە ، ماندووت بحەسێنەوە ...

بەرخۆلە چوو دانیشت .

یەکێ گوتی : « با بیخۆین » چاوەڕێی چ بکەین ؟

ئەوانەی‌تر گوتیان : سەبرت هەبێ ، یەکێکی‌تریش دێ .

لەولاوەش ئەوەندەی جەنابی بزن سەبری گرت ، جەنابی بەرخۆلە هەر نەهاتەوە ، گوتی : جەنابی گۆلك ، تۆ هەستە برۆ بزانە جەنابی بەرخۆلە چی بەسەر هات ؟!

جەنابی گۆلك سالدانە سالدانە هات . کە لە گورگەکان نزیك کەوتەوە دیتی دوازدە گورگ بە ئەلقە دانیشتوون‌و جەنابی بەرخۆلەیان لە ناوەخۆ گرتوە . گۆلك لە ترسان هەموو گیانی لەرزی بەلام بەسەر خۆی نەهێناو لە بەرخۆلەی ڕاخوڕی‌و سەرکۆنەی کرد : سەگباب ، تۆ بۆ هاتیتە ئێرە ؟ هاتی ئاگر ببەی یان لەگەل ئەم جەنابانە دابنیشی‌و قسان بکەی ؟ یاللا هەستە پێشم کەوە ، بڕۆین . بۆ قەلوونی جەنابی بزن درەنگ دادێ .

گورگەکان گوتیان : هاوڕێ ؛ ئێسکت گران مەکە ! وەرە نەختێ دانیشە ، ماندووت بحەسێنەوە .

گۆلك لە ترسان هیچی نەگوت‌و چوو لەناو گورگەکان دانیشت .

یەکێ گوتی : « با بیانخۆین » چاوەڕێی چ بکەین ؟

ئەوانەی‌تر گوتیان : پەلەت نەبێ ، هاوڕێ ، ئێستا یەکێکی‌تریشی بە دوادا دێ .

جەنابی بزن ئەوەندەی سەبری گرت بەرخۆلەو گورگ هیچ خەبەریان نەبوو ، گوتی : جەنابی سەگ هەستە برۆ دوایانەوە .

سەگ هەستا چوو . کە نزیك کەوتەوە دیتی دوازدە گورگ دەوری جەنابی بەرخۆلەو جەنابی گۆلکیان داوەو دانیشتوون قسان دەکەن . سەگ لە ترسان لەرزیو کەشکەژنۆی پێك کەوتن بەڵام بە سەر خۆی نەهێناو کەوتە سەرکۆنە کردنیان :

هۆ ، بەرخۆلە ، هۆ گۆلك ، لەگەڵ ئێوەمدایە !! چما هاورێ بزن ئێوەی نارد لەگەڵ ئەم جەنابانە شەونخوونی بکەن ، هاتوون داتانبەستۆتە قسەو تریق تریق پێدەکەنن ؟ قەت شەرم ناکەن ! هەستن پێش کەون برۆین . درەنگ دادێ بۆ قەلوونی جەنابی بزن .

گورگەکان گوتیان : هاورێ سەگ ، بەلاش خـۆت تووڕەو تەنگاو دەکەی ؟ ئەم فەقیرانە چ گوناحێان نیە ؟ دە تۆش وەرە نەختێ دانیشەو ماندووت بحەسێنەوە .

جەنابی سەگ لە ترسان هیچی نەگوت ، چوو لە تەك هاورێکانی دانیشـــت .

جەنابی بزن کە دیتی سەگیش نەهاتەوە ، خۆی هەســـتا بەرەو ترووسکایی گورگەکان کەوتە ڕێ . لە ڕێگا کەلەشە گورگێکی دیتەوە . قۆچێکی قایمی لە کەلەشەکە داو خستیە سەر سەری خۆی . زۆر شایی بە خۆی هاتو بەم تەرزەوە کەوتە ڕێ . کـە لـە ترووسکاییەکە نزیك کەوتەوە دیتی دوازدە گورگ دەورەیان لە هاورێ دەمچەفتو بێچارەکانی داوەو ئاو لە لێوو لموزیان دەچۆڕێتەوە . بزن لە هاورێکانی بەر بوو : هەی گێلو نەفامینە !! ئێوەم نارد گوتم ئاگر بێنن یان گوتم برۆن لەگەڵ ئەم جەنابانە دانیشنو بکەوتە قسەو گفتوگۆ ؟!

گورگەکان گوتیان : هاورێ بزن ، تووڕە مەبە ! وەرە دانیشە نەختێ ماندووت بحەسێنەوە ..

بزن دیتی خراپ تووش بوه ، ڕووی کرده گورگەکان‌و دایگرتنه بەر جوێن‌و قسەی ناشیرین ، گوتی : هەی دەویت بابی پیس‌و چەپەڵینه ! له جێیەکی باش کەوتنه بەر دەستم . باوکتان بیست گورگ قەرداری من بوو . حەفتم خواردووه ، یەکێکیش وا به قۆچەکانمەوەیه ، ئەوانی‌تریش ئێوەن ! نەجووڵێنەوه ، هەر ئێستا دەتانگرم دەتانخۆم !! جەنابی سەگ بیانگره !! نەڕۆن ، هەڵنەیێن ترسنۆکینه !

گورگەکان که ئەم قسانەیان بیست ، چوار پێیان هەبوو چواری‌تریان قەرد کردو تێیان تەقاند هەڵاتن . وا هەڵاتن « با » تۆزی نەدەشکاندن . سەگیش لەولاوه دەستی به عەوعەو کرد وەك ئەوەی بڵێ – نەڕۆن ، ئێستا دەتانگرم ، پارچه پارچەتان دەکەم .

بزن هاوڕێکانی به گەڵ خۆیداو چوونەوه جێی خۆیان . لەوێ به هاوڕێکانی گوت : هاوڕێینه ، گورگەکان ئەم شەو وازمان لێ‌ناهێنن . وەرن بچین خۆمان له شوێنێك بشارینەوه .

دار گێوژێکی خوارو خیچ هەبوو . بزن چوه سەری‌و له چلەپۆپەی هەره بەرزی پاڵی دایەوه . سەگ له ژێر پێی بزن‌و بەرخۆڵه له ژێر پێی سەگ جێی خۆی گرت ، بەڵام کۆڵك هەر چەندەی کرد نەیتوانی بەسەر درەختەکه هەڵبگەڕێ . ئاخیری به خورتی خۆی به چلێکدا شۆڕ کردەوه .

لەولاوەش ، گورگەکان پاش ئەوەی ماوەیەك ڕایان کرد ، هەڵوەستەیەکیان کرد . یەکێکیان گوتی : کوره ، بزانن ئێمه چیمان به خۆمان کرد ؟! بزن له کوێ ؟ هەڕوگیف‌و ترساندن‌و ڕاونانی گورگان له کوێ ؟! کێ تا ئێستا شتی وای بیستوه ؟! با بگەڕێینەوه ، تۆو توخمانیان ببڕێنینەوه .

گورگەکانی‌تر هەموو قسەکەیان چوە ئەقڵو گەڕانەوە . بەڵام ئەوەندەی گەڕانو سووڕان بزنو هاوڕێکانیان نەدۆزیەوە . چوون لەبن دارگێوژەکە دانیشتن بۆ ئەوەی تەگبیرێك بکەنو فاڵێك بگرنەوە ـ چونکە یەکێکیان فاڵچی بوو . خەریك بوو فاڵ بگرێتەوەو بزانێ بزنو هاوڕێکانی لەکوێن ؟ لەناکاو گۆلك لە ترسان لەرزیو بەسەر گورگەکاندا بەربوەوە . بزن کە دیتی کار لە کار ترازا ، هاواری کرد : هاوڕێ گۆلك ، جارێ زوو ئەم فاڵگرە دەویت باوکە بگرە دەرباز نەبێ ! خێرا کەن ، هاوڕێینە ، زوو بن ، بیانگرن !..

گورگەکان دیسان قوچاندیانو وا هەڵاتن « با » بە گەردی پێیان نەدەگەیشت .

بزن گوتی : هاوڕێینە ، دەزانم گورگەکان دیسان دێنەوە . وەرن شتێ بکەین .

زەوی هەڵکۆڵیو سەگەکەی خستەناوێو گوتی فلانە وەخت فلانە شت دەکەی . ئینجا هەندێ کەرپووچی شکاوو سووتاوی لەسەر کەڵەکەکردو گوتی : هاوڕێینە ، ئەم قسنە ناو دەنێین : « پیر قاقالای موبارەك ! » .

لەولاوە ، گورگەکان لە گەرمەی ڕاکردندا تووشی ڕێوی هاتن . ڕێوی گوتی : ها ، بۆ کوێ وا بە تەنگاوی ؟!

گوتیان : لە دەست بزن هەڵدێین . هەر وەخت بوو بمانخوا .

ڕێوی گوتی : ئەو سەختەچیە فێڵی لێ‌کردوون . ئەگەر نا بزن لە کوێ ؟ گورگ خواردن لە کوێ ؟ بگەڕێنەوە بچین ... بزانن لە پێش چاوی ئێوە چی لێ دەکەم وچی پێ دەکەم !

ڕێوی وای گوتو گورگەکان زاتیان پەیدا کردو گەڕانەوە .

بزن لە دوورڕا دیتی ڕێوی پێش کەوتوە ، گورگەکانی داوەتە دوای خۆی دەیهانهێنێ . هەر لەو دوورەوە هاواری کرد : هۆ هۆ ڕێوی ، ئەوە باقی قەرزەکەت هێناوە ؟! باوکی ڕەحمەتیت بیستو چـــوار گورگ قەرزاری من بوو . یەك دوو حەفتە پێش ئێستا دوازدەت هێنا خواردم ، دیارە ئەوە دوازدەکەی‌ترە هێناوتە ، ئافەرین ! ئافەرین !

گورگەکان گوتیان : ڕێوی ، نەکەی بە فەتارەتمان بدەی !

ڕێوی گوتی : گێل قسەی کردو گەوج بڕوای کرد . ئەدی نابینن ئەم ئۆینبازە درۆو فیشاڵ هەڵدەبەستێ ؟!

بزن گوتی : ڕێوی ، ئەگەر ڕاست دەکەی وەرە بەم « پیر قاقالای موبارەك »ە سوێند بخۆ کە قەرزاری من نیت تا وازت لێ‌بێنم .

ڕێوی یەکسەر چوە سەر قسنەکەو گوتی : ئەگەر درۆ بکەم غەزەبی ئەم پیرە بمگرێ .

کە ڕێوی وای گوت یەکسەر سەگ لە قۆرتەکە دەرپەڕیو خنخنۆکی ڕێوی گرت‌و پرزەی لەبەر بڕی .

گورگەکان ئەم جارەش هەڵاتن‌و زۆر دوور کەوتنەوە .

تا ئەو هەموو بینەو بەرەیە کرا ، بوە نزیکی ڕۆژهەڵات ، بزن گوتی : هاوڕێینە ، من ڕام وایە هەر کەسە بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان نەوەك جرو جانەوەر ئیسراحەتمان لێ‌هەڵدەگرن .

هەموو قسەی بزنیان پەسند کردو گەڕانەوە ماڵو ژیانی جارانیان .

# ٢٧ ــ هەنار خان

هەبوو نەبوو دایکێك و کچێك هەبوون . کچەکە ناوی هەنارخان بوو . دایکەکەی ئەشقی دێوێك ببوو ، دێوەکـــەی هێنابوو لـــە ژوورێك شاردبوویەوە .

ڕۆژێ ، بە بیری نەبوو کلیلی ژووری دێوەکەی لـــە دەلاقـــەیەك دانا . هەنارخان کلیلەکـــەی هێنــــاو دەرگای ژوورەکـــەی کردەوە تـــا بزانێ چی تێدایە . کە کردیەوە دێوەکەی دی ، دێوەکەش هەنارخانی دی . پاشان هەنارخان کلیلەکەی لە جێی جاران دانایەوە .. بەلام بـــە دایکی نەگوت کە دەرگاکەی کردۆتەوە . ئەم هەنارخانە ئەوەندە جـــوان بوو لە جوانیدا تاکی نەبوو .

عەسرێ ، دایکی هاتەوە چوو سەرێك لە دێوەکە بدا ، پێی گوت : نە تۆ جوانی و نە من جوانم ، تەنیا جەنابی دێو جوانە !

دێویش گوتی : نە تۆ جوانی و نە من جوانم ، تەنیـــا هەنارخان جـــوانە !

ژنە گوتی : تۆ هەنارخانت لە کوێ دیوە ؟

دێوەکە گوتی : خۆی هاتە ئێرە !

ژنە گەڕایەوە ، دەستی کچەی گرت و وەدەری نا . کچـــە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا عەسرێ گەیشتە دەرگایەکی والا . چـــوە ژوورەوە سەراپای خانوەکەی پشکنی کەس نەبوو . لە قوژبنێك هەلکونجا بەلکو

یەکێ دەر بکەوێ . پاش نەختێ حەفت کوڕ بە دەم قسەکردنەوە هاتن . ئەمانە حەفت برا بوون . بە هەنارخانیان گوت : خوشکە ، ئەوە لێرە چ دەکەی ؟

هەنارخان گوتی : حاڵو مەسەلەی من ئەوەیە . دایکم ئەشقی دێوێك بوە . دێوەکەی دیوە بۆیە دایکم دەری کردووم . منیش هیچ جێم نەبوو بچمێ ، هاتم لێرە گیرسامەوە .

گوتیان : باشتریش . بە خوشکی خۆمان قبووڵ کردی .

لەوسا بە دواوە ، سبەینان کوڕەکان دەچوونە دوای ئیش‌و کاری خۆیانو ئێوارێ دەهاتنەوە لای هەنارخانی خوشکیان . شێویان دەخواردو قسەو سوحبەتیان دەکردو دەخەوتن .

ڕۆژێ ، دیسان دایکی هەنارخان چوە لای دێوەکەو پێی‌گوت : نە تۆ جوانی ، نە من جوانم ، تەنیا جەنابی دێو جوانە !

دێو گوتی : نە تۆ جوانی ، نە من جوانم ، تەنیا هەنارخان جوانە !

ژنە گوتی : ئاخ لە دەستت !! هەنار خانم دەریش‌کرد تۆ هەر وازی لێ‌ناهێنی ؟!

دێو گوتی : هەنار خان چوە بۆتە خوشکی حەفت برایان .

ژنە هاتە دەرەوە . تەگبیری کرد ـ هەندێ بنیشتی کڕی‌و ژەهری لێ‌کردو چوو ماڵی حەفت براکانی دۆزیەوە . هەنارخان زۆری مەراق بنیشت بوو .

لەسەر لێوی حەوزێ دانیشتبوو کە لە دەرگا درا . چوە بەر دەرگا کە گوێی لە دەنگی دایکی بوو ناسیەوە ، گوتی : بڕۆ دەرگات لێ‌ناکەمەوە .

ئەوەندەی دایکی بە بەری داکەوت هەنارخان نەهاتە ڕایێ . ئاخیری دایکی گوتی : هەنارخان ، مادام دەرگا هەر ناکەیتەوە ، هەندێ بنیشتم بۆ کڕیوی ، ها ، لە بن دەرگا لێم وەرگرە . من دەڕۆم :

هەنارخان لە بن دەرگاوە بنیشتەکەی وەرگرتو هات لەسەر لێوی حەوزەکە دانیشتەوەو دەستی بە بنیشت جوین کرد . تومەز بنیشت ژەهراوی بوو . هەنـارخان لە سەر لێوی حەوزەکە لە هۆش خـۆی چووو بەربووەوە (*)

ئێوارێ کـە براکان هاتنەوەو لـە دەرگایان دا کەس نەچوو دەرگا بکاتەوە . لە ناوەخۆیان گوتیان : ئەوە هیچ کە نەبوو بە خوشکمان بەڵام ئێستا ئەوەی هەیەو نیە هەمووی پێچاوەتەوەو بردوویە .

بەسەر دیواردا ئاوا بوون ، چوون دیتیان خوشکیان لەسەر لێوی حەوز ڕاکشاوەو وایانزانی نووستوە . کە دەستیان لێدا بێگەیشتن لە مێژە مردوە . حەکیمیان هێنا گوتی : چارەی نیە ، ژەهریان داوەتێ .

براکان پێیـــان موخابن بوو هەنارخـــان بخـــەنە ژێر گـــڵ . خورجینەیەکیان هێنا لایەکیـــان پڕ زێڕ کردو هەنارخانیان خســـتە لایەکـــەیترو لـــە ئەســـپێکیان بار کردو بەرەڵلای دەشـــتو بیابانیان کرد ــ هەر کەسە چارەی ئەم کچە بزانێ ، با چارەسەری بکاتو زێڕەکە بۆ خۆی .

پاشا دەچوە ڕاوو شکار کە تووشی ئەسپو خورجینەو هەنارخان هات . نەك بە یەك دڵ ، بە سەد دڵ ئاشقی لاشەی هەنارخان بوو . بە فەرمانی پاشا جاڕیان دا هەر حەکیمی هەنارخان چاك بکاتەوە بخوازێ ماڵی دونیایە پاشا بێ نیازی ناکا . حەکیمان گوتیان : پاشا ئەمر بکە حەفت حەوز پڕ شیر بکەن .

که حەوزە شیرەکانیان ئامادە کرد ــ کچەیان هاویشتە ناو حەوزی یەکەم ، لەوی دەریان هێناو خستیانە ناو ، حەوزی دووەم ،... که لە حەوزی حەفتەم دەریان هێنا ، هەنارخان زیندوو بوەوە . پاشا حەکیمەکانی خەڵات کردو هەنارخانی لە خۆی مارە کردو گواستیەوە .

ساڵ وەرسووڕایەوە ، هەنارخان دوو کوڕی بوو . که کوڕەکان فراژی بوون هەموو سبەینان بۆ ( بەیانی باش ) سەریان لە باوکیان دەدا .

با پاشاو هەنارخانو کوڕەکان لێرە جێبێلین ، بزانین دایکی هەنارخان چی دەکا ؟!

دایکی هەنار خان دیسانەکە ڕۆژێ چوە لای دێوەکەو گوتی :

نە تۆ جوانی ، نە من جوانم ، تەنیا جەنابی دێو جوانە .

دیوەش گوتی : نە تۆ جوانی ، نە من جوانم ، تەنیا هەنارخان جوانە !

ژنە گوتی : وای لە دەستت !! هەنارخانم کوشتیش تۆ هەر وازی لێناهێنی !

دێوە گوتی : هەنارخان نەمردوە ، ئێستا بۆتە شاژن دوو کوڕیشی هەیە .

دایکە دیسان تەگبیری کرد ــ چوو ماڵی پاشای دیتەوەو گوتی : من دایکی هەنارخانم ، هاتوومە سەردانی کچەکەم .

ژنە چەند ڕۆژێ لای هەنارخان مایەوە . ڕۆژێ هەنارخان بە پاشای گوت : من زراوم لە دایکم چوە ، بەسیەتی لێرە ، ڕەوانەی کەوە .

پاشا گوتی : دایکی خۆت نیە ؟ بۆ زراوت لێچوە ؟ لێگەڕێ با چەند ڕۆژێکی‌تریش لێرە بێ ، خۆی دەڕوا .

هەر ئـەو شەوە ، دایکی هەنارخان نەنووست تـا هەموو خەوبان لیّ کەوت ئینجا هەستا سـەری هەر دوو کوڕەکانی هەنارخانی بڕیو چەقۆی بە خوێنی لە ناو گیرفانی دایکیان نا .

بەیانی ، پاشا دیتی کوڕەکانی نەهاتنە لای . یەکێکی نارد ــ بۆچی منداڵ دیار نین ؟! چوون دیتیان هەر دوو منداڵەکەیان سەر بڕیوە .

هەنارخان چ ئاگای لە چ نەبوو . نەیدەزانی چ بوە ! چ نەبوە ؟

دایکی هەنارخان گوتی : گیرفانی هەموو کەسێك بگەڕێن ئەو حەلە دەردەکەویّ کار کاری کێیە ؟!

گیرفانی هەموانیان پشکنی هیچیان نەدۆزیەوە . دایکی هەنارخان گوتی : گیرفانی هەنارخانیش بگەڕێن .

هەنارخان گوتی : قەت بوە دایك منداڵی خۆی سەر ببڕیّ ؟!

پاشا گوتی : دەبیّ گیرفانی تۆش بپشکنن !!

گیرفانی هەنارخانیان پشکنیو چەقۆی بە خوێنیان دەرهێنا . پاشا ئەوەندە تووڕە بوو پڕووشکی دەحاویشت . فەرمانی دا هەر دوو چاوی هەنارخانیان دەرهێناو لاکەلەشی منداڵەکانیان لە بن هەنگڵی ناو شـار بە دەریان کرد .

هەنارخان بە تاقی تەنیّ ، زارو بێچارە ، ڕۆیشت تا گەیشـتە کاولگەیەك . لەناو کاولەکە دانیشتو ئەوەندە گریا تا بووراییەوەو خەوی لیّ کەوت . لە خەودا یەکیّ هاتە سەرینکانیو گوتی : هەنارخان ، ئەوە بۆ دەگری ؟

هەنارخان گوتی : گریان بۆ من نەبیّ بۆ کیّ باشـە ! تەماشاکە ، بۆ ئەوە دەگریم کە خۆت دەبینی ــ سەری منداڵەکانیان بڕیومو پاشـا چاوەکانی دەرهێناومو شار بە دەری کردووم .

کابرا دەستێکی بە چاوی هەنارخان داهێناو دەستێکی بە سەرو گەردەنی منداڵەکان داهێنـــاو مستێ زیخی لـــە کۆشی هەنارخـان کردو گوتی : هەستە ، خۆت و منداڵەکانت ساغو سەلامەتن ، هەستە .. تەماشاکە !!

هەنارخان بە ئاگا هات . دیتی کـــورەکانی لەناو کاولگەکە ڕاوی یەکتر دەنێن و گەمان دەکەن ، خۆیشی چاوی چاك بۆتەوەو کۆشی پڕی زیڕۆ گەوهەرە ... هەنارخان زۆر شادومان بوو . دەستی منداڵەکانی گرت ، چوو لە دەشت و چۆلەوانی خانوویەکی دروست کردو لێی داکوتا . ئەوەندەی زێڕو گەوهەریشی خەرج دەکـــرد هیـــچ کەمی نەدەکرد دەهاتەوە جێی .

هەنارخان کوڕەکانی نارده قوتابخانە . کە کوڕەکان نەختێ هەراش بوون و خوێندەواریان باش بوو ، هەنارخان هەر لەو چۆلەوانیە قەسرێکی سەد هەندەی قەسری پاشا جوانی دروست کرد ــ هەر خشتێکی زێر بوو ، خشتێکی زیو بوو .

منداڵەکان هەمیشە لەو چۆنەوانیە ، لە پێش ماڵێ یاریان دەکرد . پاشاش هەموو جارێ کـــە دەچوە ڕاوو شـــکار بە وێدا تێدەپەڕیو منداڵەکان و قەسری هەنارخانی دەدی بە وەزیری دەگوت : وەزیر دەبێ ئەم قەسرە خۆشە هی کێ بێ ؟

پاشا منداڵەکانیشی زۆر خۆش دەویست ، هەموو جارێ کە بە وێدا تێدەپەڕی ماوەیەك قسەی لەگەڵ دەکردن ئینجا دەڕۆیشت .

ڕۆژێ ، هەنارخان بە کوڕەکانی گوت : ئەم جارە ئەگەر پاشاتان دی بیهێننەوە ماڵێ .

ماوەیەك پێچوو ، ڕۆژێ پاشا دەچوە ڕاوو شکار ، منداڵـــەکان دەستیان گرت ، گوتیان : دەبێ بێی بچینە ماڵمان !

پاشا گوتی : ئاخر ماڵتان لە کوێیە ؟

منداڵەکان گوتیان : ئەم قەسرە ماڵی ئێمەیە .

منداڵەکان زۆریان هەوڵ دا پاشا نەچوو . پاشاو وەزیر چوونە ڕاوو شکار . وەزیر بە پاشای گوت : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ! هـەق وابوو لەگەڵ منداڵەکان بچوویبای ، نائومێدت نەکردبان ... ئەم جارە ئەگەر داوایان کرد دەچین .

پاش چەند ڕۆژێ منداڵەکان دەستی پاشـــایان گرتو گوتیان : ئەمجارە بەرت نادەین هەر دەبێ بێی بچینە ماڵمان .

وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، باش نیـــە داوایان ڕەت کەیتەوە . با بچین نەختێ دادەنیشین‌و دێینەوە .

پاشا قبووڵی کرد . چوون دیتیان خانوویەکی سەیرو عاجباتیە ، دام‌و دەزگایەکە مانەندی نیە . کەمێ دانیشتن‌و هەستان بڕۆن . پێشتر هەنارخان منداڵەکانی تێگەیاند بوو کەوچکە چایەکی زێڕ بخەنە ناو پێڵاوی پاشاو کە ویستیان بڕۆن بیانپشکنن .

کە پاشاو وەزیر ویستیان بڕۆن ، منداڵەکان گوتیان : پاشا ، سەیر کە ، کەوچکێکی زێڕمان دیار نیە ، هەمووتان دەپشکنین .

هەموویان پشکنی کەوچکیان لە ناو پێڵاوی پاشا دەرهێنا . پاشـــا تاسێك بردیەوەو هۆیێکی لە خۆی زانی . وەزیر گوتی : منداڵینە ، خەیاڵی خراپ نەکەن ، قەت بوە پاشا دزی بکا ؟!

هەنارخان لە پشت پەردەوە گوێی لێبوو ، گوتی : ئەدی قەت بوە دایك سەری منـــداڵی خۆی ببڕێ .

وەزیر گوتی : خانم ، ئەم قسەیە چیە ؟

دایکی منداڵەکان لە پەنا پەردە هاتە دەرەوەو گوتی :

پاشا ، ئەمانە کوڕەکانی خۆتن ، منیش هەنارخانی خێزانی تۆم .

پاشا لە عاجباتیان دەمی بەش بوەوە . هەنارخان سەربردەی خۆی لە سێر هەتا پیواز بۆ گێڕایەوە .

پاشـــا ئەمری کرد دایکی هەنارخـــانو دێوەکـــەیان هێنـــاو لەسەریان دان .

# ٢٨ ـ محەمەدی گوڵبەدام

هەبوو نەبوو ، پاشایەك هەبوو کچێکی هەبوو . پاشا کچەکـــەی لە پەردە کرد بوو . کچەکە لە دایەنەکەی بترازێ کەسی نەدەدی ، تەنانەت ڕۆژێ ڕوناکیشی نەدی بوو .

ڕۆژێ ، کچە یاری دەکرد . شتێکی لە دەست دەرچوو بە مینای پەنجەرە کەوتو شکاندی . کچە ڕۆژی دی . تازە بەفر باری بوو ، ڕۆژ بە دەرەوە بوو . کچە درنەگەی داگرتو بە دایەنەکەی گوت : ئەم شتەم دەوێ ، دەبێ بیدەنە من !

کچە ڕۆژی نەدی بوو ، نەیدەزانی ڕۆژ چیە . دایەنەکەی گوتی : گیانەکەم ، ڕۆژ ناگیرێ .

کچە وازی نەهێنا . ئاخیری دایەن ناچار بوو بلندی کرد بۆ ئەوەی لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوە بکا بەڵکو واز بێنێ .

کچە دیتی بەفر باریوە . دوو تەیر لەســـەر بەفر هەڵنیشتوونو لەولاوەش دوو پشکە خوێن لەسەر بەفر ڕژاوە .

یەکێ لە تەیرەکان بە وەی تری گوت : خوچە ، ئەرێ لـە دنیادا هیچ شتێ لە بەفرو خوێن جوانتر هەیە ؟

ئەوەی‌تر وەڵامی دایەوە : ئەدی چۆن نیە ؟ محەمەدی گوڵبەدام لە هەموو شتێ جوانترە .

کچی پاشا نەدیتی نەناسی ئەشقی محەمەدی گولبـــەدام بوو ، لێی‌کردە نەخۆشی . ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگی زەردتر دەبوو . کەس لە دەردو نەخۆشی نەدەگەیشت . پاشا بانگی وەزیری کردو گوتی : وەزیر ، چـل ڕۆژ مۆلەتت دەدەم . دەبێ بەو چـــل ڕۆژە هۆی نەخۆشی کچـــەکەم بدۆزیتەوە ئەگەرنا ئەمر دەکەم قورقوشمی تواوەت لە گەروو بکەن .

سی‌و نۆ ڕۆژ ڕۆیشت‌و وەزیر هیچی بە هیچ نەکرد . شـــەوی سی‌و نۆیەم بە پەست‌و غەمگینی گەڕایەوە ماڵێ . کچە کچکەکەی گوتی : بابە ، دەبێ پێم بڵێی چ بوە ؟ وا پەست‌و غەمباری ؟!

وەزیر گوتی : کچی شیرینم ، بە تۆ چ ناکرێ ، مەسەلەکە ئەوەیە ـ کچی پاشا نەخۆش کەوتوەو حەکیمان نازانن نەخۆشیەکەی چیە ، پاشا ملی منی گرتوە ئەگەر تا چل ڕۆژ هۆی نەخۆشی کچە نەزانم قورقوشمی تواوە لە گەرووم دەکا . سبەینێ دوا ڕۆژە خەبەری دەوێتەوە . بۆیـــە پەست‌و بێ‌وەزعم !

کچی وەزیر گوتی : بابە ، ئەمە هەر هیچ نیە . بە پاشا بڵێ زیافەتێك بکاو کچەکەش لە زیافەتەکە ئامادە بێ ، ئەوەی‌تر لەسەر من !!

وەزیر سبەینێ زوو قسەکەی بە پاشا ڕاگەیاند . پاشا هەمان ڕۆژ زیافەتێکی لەناو باخی خۆی ڕێك‌خســـت . ژن‌و کچی هەموو وەزیرو وەکیلەکانی بانگ کردە ناو باخ .

کچی وەزیر بە باوکی گوت : بابە ، پێیان بڵێ دڵی مەڕێك ئەنجن بە ئەنجن بکەن‌و لە ناو باخەکە لە شوێنێك هەڵیواسن .

پاش نەختێ ، کچی وەزیر کچی پاشای بردە گەڕان . کە کچی پاشا چاوی بە دڵی ئەنجن ئەنجن کەوت ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی : دڵەکە ، ئەوە دڵی من لە ئەشقی محەمەدی گولبەدام ئەنجن بە ئەنجن بوە ، ئەدی تۆ بۆ کێ ئەنجن ئەنجن بووی ؟

کچی وەزیر چوو قسەکەی بۆ باوکی گێڕایەوەو باوکیشی ( وەزیر ) چوو بە پاشای گوت : پاشا ، کچەکەت ئەشقی محەمەدی گوڵبەدام بوە . ئەوە من دەردەکەم دۆزیەوە ، جا بۆ دەرمانەکەش کەیفی خۆتە !

پاشا شێتگیر بوو ، گوتی : تازە ئەم کچە کچی من نیە . ئەم کچە ئابڕووی بردم . هێشتا لە پەردە دابوو ئەشقی گوڵبەدام بوە ... سندووقێك بێنن !!

سندووقێکیان هێنا . پاشا کچەکەی خستە ناو سندووقەکەو بە ئاوی ڕووبارێکی داهێلا . ڕووبارەکە بە بەردەمی کۆشکێك دا تێدەپەڕی .

محەمەدی گوڵبەدام خەریك بوو باخی ئاو دەدا دیتی بەری ئاو گیرا . چوو تەماشای کرد سندووقێك بەری ئاوی گرتوە . سندووقەکەی دەرهێناو کردیەوە . کچێکی جوانی تێدا بوو . کچەی بەرەڵلاکردو چوەوە ماڵێ .

دایکی پرسی : ها ، محەمەدی گوڵبەدام چ بوو ؟

گوتی : هیچ . سندووقێك بوو کچێکی تێدا بوو . کچەکەم دەرهێناو بەرەڵلام کرد بۆ خۆی بچێتە دوای ئیشی خۆی .

دایکی گوتی : دەبوایە بیهێنیتە لای خۆمان .

گوتی : وازی لێبێنە ، دایە . کچێ بوو و تەواو ...

کچە لە پشت دەرگا وەستا بوو . تێگەیشت ئەمە محەمەدی گوڵبەدامی خۆیەتی .

دایکی محەمەدی گوڵبەدام وازی نەهێنا هەر گوتی : ئاخر ، کوڕی شیرینم منیش بە تاقی تەنێم . بڕۆ بیهێنە ببێ بە هاودەمو هاوکۆم .

ئاخیری محەمەدی گوڵبەدام چوو دەستی کچەی گرتو بردی بە دەستی دایکی سپارد .

یەك دوو مانگ پێکەوە ژیان . دایکی محەمەدی گوڵبەدام زۆر بە وردی چاوەدێری کچەی دەکرد تەماشای دەکـــرد چ دەکاو چـــۆن دەجوولێتەوە دیتی هەڵس‌و کەوتی ئە کچی ئاسایی ناکا . ڕۆژێ قسە بە قسە لێی‌وەپێش کەوت‌و کچە هەموو سەربردەی خـــۆی بۆ گێڕایەوەو گوتی : لە تاو ئەشقی کوڕەکەت شەوو ڕۆژم نەماوە .

دایکی محەمەدی گوڵبەدام سەری لەسەر محەمەد هەڵنـــەدەگرت هەموو ڕۆژێ کە دەهاتەوە ماڵێ پێی‌دەگوت : وەرە ، کوڕم ، ئەم کچە بۆ خۆت بێنە .

محەمەدی گوڵبەدامیش دەیگوت : وازی لێ‌بێنە دایە . ئەگەر کچی چاك بوایە بە ئاویان‌دا نەدەهێلا ؟!

ڕۆژێ ، بەیانی زوو کە محەمەدی گوڵبەدام ویستی بچێتە دەرەوە ، دایکی پێی‌گوت : محەمەدی گوڵبەدام ، ئەمڕۆ دەچیتە کام باخ ؟

محەمەدی گوڵبەدام گوتی : دەچمە باخی گوڵ سپی .

کە محەمەدی گوڵبەدام ڕۆیشـــــت ، دایکی ئەســـپێکی سپی‌و دەستەبەرگێکی سپی دایە کچەو هەندێ ڕێنمایی کردو بۆ باخی گوڵ‌سپی بە ڕێی کرد .

کاتێ کچە لە دەرگای باخەکە چوە ژوودێ دیتی محەمەدی گوڵبەدام وا دێ ، کچە گوتی :

گـــوڵ دەچنم ، خونچـــە دەچنم ،
خونچـــە لـە گوڵ‌و خونچـە دەچنم ،
ئـەی گوڵبـــەدام ، نازم لەســـەر مەکە !
دەردم هێنــــاوە دەرمانم دەوێ .

کورسیەکیان هێنا . خانم دانیشت . نەختێ باسی ئەم‌و ئەویـــان

کرد . کچە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد . محەمەدی گوڵبەدام گوتی : خانم ، چت دەوێ ؟

کچەکە گوتی : ئاوم دەویست .

گوتی : بە جامی زێڕ ئاو بۆ خانم بێنن .

کچە گوتی : نەخێر ، ئێمە ئاو لە جامی زێڕ ناخۆینەوە . ئاوم لە جامی زیو بۆ بێنن .

کچە ئاوی خۆی خواردەوە هەستا بڕوا .. لە هەر جۆرە گوڵێ چەپکێکیان بۆ چنیو کچە گەڕایەوە ماڵێ .

عەسرێ ، محەمەدی گوڵبەدام هاتەوە ، دایکی گوتی : محەمەدی گوڵبەدام ، وەرە ئەم کچە بۆ خۆت بێنە !

محەمەدی گوڵبەدام گوتی : تۆ ئاگات لە چیە ، دایە . ئەمڕۆ کچێ هاتە ناو باخ ، چ کچێ ؟! زیبا سەنەمێ بوو بۆ خۆی . نەبکەی نە بخۆی ، لە سبەینێ هەتا ئێوارێ هەر دانیشیو تەماشای بکەی ؟!!!

سبەینێ دیسان کە محەمەدی گوڵبەدام ویستی بچێتە دەرەوە بۆ سەر ئیش ، دایکی پێیگوت : محەمەدی گوڵبەدام ، ئەمڕۆ دەچیتە کام باخ ؟!

محەمەدی گوڵبەدام گوتی : دەچمە باخی گوڵزەرد .

کاتێ کە محەمەدی گوڵبەدام ڕۆیشت ، دایکی ئەسپێکی زەردو دەستەبەرگێکی زەردی دایە کچەو هەندێ ڕێنمایی کردو بۆ باخی گوڵ زەرد بە ڕێی کرد .

کە کچە لە دەرگای باخەکە چوە ژوورێ دیتی محەمەدی گوڵبەدام وا دێ ، کچە گوتی :

**گــوڵ دەچنم ، خونچــە دەچنم ،**
**خونچــە لــە گوڵو خونچـە دەچنم ،**
**ئــەی گوڵبــەدام ، نازم لەســەر مەکە !**
**دەردم هێنــاوە دەرمانم دەوێ .**

دیسان کورسیەکیان هێنــا . خانم دانیشــت . گوڵبەدامیش دانیشت . نەختێ باسی ئەمو ئەویان کرد . کچە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد . محەمەدی گوڵبەدام پرسی : خانم ، چت دەوێ ؟

کچەکە گوتی : ئاوم دەویست .

گوتی : بە جامی زێڕ ئاو بۆ خانم بێنن .

کچە ئاوەکەی وەرگرتو خواردیەوە . جامەکەی دایەوە . دیسان لە هەر جۆرە گوڵێ چەپکێکیان بۆ چنیو کچە گەڕایەوە ماڵێ .

عەسرێ ، گوڵبەدامیش هاتەوە . دایکی پێی گــوت : محەمەدی گوڵبەدام ، وەرە ئەم کچە بۆ خۆت بێنە ...

محەمەدی گوڵبەدام گوتی : دایە ، تۆ کچت نەدیون وا دەزانی ئەمە سەرتۆپی کچانە . ئەمڕۆ کچێ هاتە ناو باخ ، چ کچێ ؟... سەد قات لە کچەکەی دوێنێ جوانتر بوو . هەر مانگێ بوو بۆ خۆی !!!

دایکی هیچی نەگوت . سبەینێ دیســـان بە کوڕەکەی گــوت : محەمەدی گوڵبەدام ، ئەمڕۆ دەچیتە کام باخ ؟

گوڵبەدام گوتی : دەچمە باخی گوڵسوور .

دایکی گوڵبەدام ئەسپێکی سوورو دەستە بەرگێکی سووری دایە کچەو ڕێنمایی کردو بۆ باخی سوور بە ڕێی کرد .

کاتێ کچە خەریك بوو لە دەرگای باخەکە بچێتە ژوورەوە ، دیتی وا محەمەدی گوڵبەدام دێتە دەرەوە ، کچە گوتی :

گـــوڵ دەچنم ، خونچـــە دەچنم ،
خونچـــە لـە گوڵو خونچـە دەچنم ،
ئـەی گوڵبـــەدام ، نازم لەســەر مەکە !
دەردم هێنـــاوە دەرمانم دەوێ .

دیسان کورسیەکیان هێنا . خانم دانیشتو لەگـــەڵ گوڵبەدام نەختێ باسی ئەمو ئەویان کرد . پاشان کچە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد . گوڵبەدام پرسی : چت دەوێ ؟

کچە گوتی : ئاوم دەویست !.

گوڵبەدام گوتی : بە جامی زێڕ ئاو بۆ خانم بێنن .

کچە گوتی : نەخێر ، ئێمە ئاو بە جامی زێڕ ناخۆینەوە . لە جامی بلووری بۆم بێنن .

ئاویان لە جامێکی بلووری هێنا . کە ئاوەکەی خواردەوە . جامەکەی لە دەست بەربووەوە ، بە پێی کەوتو برینداری کرد . محەمەدی گوڵبەدام دەستی برد دەسماڵی لە گیرفانی خۆی دەرهێناو برینی پێی کچـــەکەی بەستەوە . دیسان لە هەر جۆرە گوڵێ چەپکێکیان بۆ چنیو کچە گەڕایەوە ماڵێ . عەسرێ ، محەمەدی گوڵبەدامیش گەڕایەوە . دایکی پێی گوت : محەمەدی گوڵبەدام ، وەرە ئەم کچە بۆ خۆت بێنە ...

گوڵبەدام گوتی : ئاخر دایە ، تۆ چت دیوە ؟ ئەمڕۆ کچێکی تر هاتە باخەکەمان ! چ کچێ ؟ سەد قات لە کچەکانی ڕۆژانی پێشوو جوانتر بوو . پیاو لە تەماشاکردنی تێر نەدەبوو .

دایکە کچەی تێ گەیاند بوو بچێ جێی لە لێوی حەوز ڕا بخـــاتو درێژ ببێ .

گوڵبەدام چوو دەستنوێژ بشوا . دیتی کچێ ناڵەناڵیەتیو دەڵێ :

بەشــــقی تو ، ئـەی جامی زێڕ !
دڵو گیـــانم موبتەلا بوو .
ئاگرت تێبەر بێ ، باخی ســوور !
بووی بە دڕکو ستری بۆ من ،
وای پێــم ! وای پێـــم !!

گوڵبەدام سەیری ئەم لاو ئەو لای کرد بزانێ کەسی‌تر لەم نـاوە هەیە ؟ یان نا ؟ کە دڵنیا بوو دەنگەکە لەو کچەوە دێو لە کەسی‌ترەوە نایێ ، چوو سەیری پێی کرد ، چاوی بەو دەسماڵەی خۆی کەوت کە لە پێی کچی سوورپۆشی پێچا بوو . چوە لای دایکیو گوتی ، .

دایە ، ئەم جارە ڕازیم ، بە قسەت دەکەمو ئەم کچە دێنم .

دایکی گوتی : کوڕم ، ئەمە کچی فلانە پاشایە . لە ئەشـــقی تۆ هاتۆتە ئێرە . ئەم کچە بوو ، سێ ڕۆژ لەسەر یەك بەرگی خۆی دەگۆڕیو دەهاتە لات .

محەمەدی گوڵبەدام کچەکەی بۆ خۆی هێناو حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕاو بەزمیان ساز دا .

# ٢٩ ـ گورگ‌و ڕێوی

ڕۆژێ ڕێویەك لەسەر ڕێگایەك ڕاکشاو خۆی مراند . ئەو سەردەمەش پێستەی ڕێوی زۆر بەنرخ بوو . هەر پێستەی تا هەشت سەد درهەمی تەواوی دەکرد . با لەوە گەڕێین !!

بووکیان لە گوندێك دەبردە گوندێکی‌تر . چاویان بە ڕێوی کەوت هەڵیانگرتەوەو خستیانە سەر پاشکۆی ماینی بووك . هەر کەسە سەرگەرمی بەزمی خۆی بوو ، کەس ئاگای لە کەس نەبوو . لەناکاو بووك بایەکی لێ بەر بوو . ڕێوی گوێی لێ بوو ، گوتی :

بووکەخان ، چۆنە ئابڕووت لە پێش ئەم هەموو خەڵکە ببەم ؟!

بووك چاری ناچار بوو . گوتی : لەسەرت سووڕێم جەنابی ڕێوی ، بە کەس مەڵێ خەناوکەی خۆمت دەدەمێ ..

ڕێوی خەناوکەکەی وەرگرت‌و گوتی : خۆم پێناگیرێ هەر دەیڵێم .

بووك پاڕایەوە ، گوتی : بازنی خۆمت دەدەمێ هەر هێندە باس مەکە .

ڕێوی بازنەکەی وەرگرت‌و گوتی : خۆم پێناگیرێ ، هەر دەیڵێم .

بەم جۆرە ، ڕێوی هێندەی سەر بە سەرانە و بینەوبەرە لەگەڵ بووکەخان کرد تا هیچی پێنەهێشت . ئینجا فرچکێکی لە خۆی هەڵداو بازی دایە سەر زەوی‌و تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد : هۆ خەڵکینە ، هۆ ! هەموو ئاگادار بن ، پێ بە شایەد بن ، بووکەخان بای لێ بەر بوو .

ڕێوی ئەمەی گوت‌و دەرپەڕی . پاش ماوەیەك تووشی گورگ هات .
گورگ دیتی ڕێوی هەیبەتێکی- بێ وێنەی هەیە ، سەراپای لەشی زێڕو
گەوهەرە ، گوتی : ڕێوی ، ئەمە چیە ؟

ڕێوی گوتی : ئەم هەموو شتەم بە چەنگە وردەواڵەیەك کڕیوە !
ئاخر من وازم لە بێکاری‌و بەرەڵلایی هێناوە ، ئێستا دێوەرەم . شت
دەکڕم‌و دەفرۆشم .

گورگ گوتی : ئاخیرت خێر بێ ، هاوڕێ ! باشە ، سەرمایەکەت لە
کوێ پەیدا کرد ؟!

ڕێوی گوتی : بەینی خۆمان بێ . لەم ڕووبارە دەرم‌هێنا . ئێواری
بڕۆ کلکت بخەنە ناو ئاوو تا سبەینێ دانیشە . سبەینێ کە کلکت دەرهێنا
دەبینی ئەوەندەی زێڕو گەوهەر پێوە لکاوە ناتوانی لەبن هەستیتەوە .
ئینجا تۆش بۆ خۆت دەست بە مامڵەت‌و کڕین‌و فرۆتن بکەو واز لـە
بەرەڵلایی بێنە .

گورگ باوەڕی کرد ، گوتی : بە ڕاستی ئێمە تا ئێستا لـە گوێی
گادا نووستبووین !!

ئێواری گورگ چوو کلکی شۆڕ کردەوە ناو ئاوی ڕووبارو لـە دیار
دانیشت‌و چاوڕێی کرد . زستان بوو ! تفت هەڵـدابا دەیبەست !!
ئاوی ڕووبار بەستی‌و کلکی گورگ عاسی ما . بەیانی زوو ، هێشتا
ڕۆژ زەردەی نەدا بوو ، گـورگ کلکی ڕاتەکاند ، قورس بوو ، لـە
دڵی خۆیدا گـوتی : پەلە نەکەم باشـە . با زیاتر زێڕو گەوهەر بە
کلکمەوە بنووسێ .

عارەبانچی دەچوونە ئیش ، گورگیـان دی لـە سـەر ڕووبار
وەرکەوتوەو هیـچ جوولـە ناکا . وایان زانی خـۆی لـە مەڕان

داتووساندوه . دەست بە تێلا هێرشیان بردە سەر . گورگ لە هیکرا لە خۆی هەڵداو کلکی لە کلێنجەوە قوت بوو . گـــورگ کلکی خوێنی لێدەچۆڕایەوە ، ڕای دەکردو لە دڵی خۆیدا دەیگوت : ئاخ ، ڕێـــوی فێڵباز ، ئەگەر دەکەویە بەر لەپم دەزانم چت لێدەکەم !!

کاتێ کە گورگ ڕێوی دی ، نەڕاندی : وەرە پێش ڕێوی فێلباز ، وەر بتکەمە پارووێکی چەور . هیچ قسە نەکەی ، حەوسەڵەی قسەو قسەلۆکم نیـــە .... ئەوە بۆیە پێت گوتم کلکم بخەمە ناو شەختە تـا کلکم لم بنەوە دەر بێ ؟!

ئـەو دەمە ڕێـوی کەڵەشـــە باڵندەیەکی بە دەمەوە بوو ، گـوێی لە قسەکانی گورگ ڕاگرت . کە گورگ لە قسەکانی بوەوە ، ڕێوی بـە پێکەنینەوە گوتی : برام ، قسەی بێ ڕێو جێ مەکە ، تۆ خۆت هۆشو ئاوەزت نیە ، ئەمن چ بکەم ؟ دەبایە زووتر کلکـت دەربێنی تـا ئەوەندە زێڕو زیوەی پێوە نەلکێ کە هێندە قورس بێ کلکت لە بنەوە قوت بکا . ئێستا ئەوەی چوو ، چوو .... منیش ئێستا وازم لە دێوەرەیی هێناوەو قەسابی دەکەم . ئەگەر دەتەوێ قەســـابیت فێر بکەم . بڕۆ دەسـت پێکە . پارەو پوول پێکەوە بنێو رابوێرە !

گورگ گوتی : سەرمایە لە کوێ بێنم ؟

ڕێوی گوتی : ماڵی فلانە کەس پڕ مریشـــکو کەڵەشێرە . بڕۆ هەندێکیان بقەپێنە .

شەو ، گورگ چوو خزایە ناو کۆڵیتی مریشکو کەڵەشێران .

خاوەن ماڵ لە قەپو قیڕی مریشکەکانی بە ئاگا هات . دەستی دایە خوتورمەیەکو تا گورگ ڕەپ بوو پێی دادا ئینجا فڕێی دایە دەرەوە گورگ ئەوەندەی خوتورمە پێکەوتبوو پێی نەدەکرا لە شوێنی خۆی بجوولێتەوە .

بە دلی خۆیدا گوتی : ئای ڕێوی فێڵباز ! ئەم جارە هیچ بیانووت نیە ، ئەت لە چەنگم دەرباز نابی ، پێستت دەگوورم .

ڕێوی دیتی گورگ ئیمانی لەسەردا نەماوە ، چوە ناو ئاشێك ، هەندێ ئاردی بە سەرو چاوی خۆی داکردو هاتە دەرەوە ، چوو لە بنەوانی ئاوەکە هەڵکونجا . گورگ لە ئاشەکە نزیك بوەوەو هاواری کرد : هەی تۆڕی ناپەسند ، ئەم جارە هەر دەتخۆم ، نابێ جارێکیتر ڕۆژی ڕوناك بە چاوی خۆت ببینی !!

ڕێوی گوتی : وەرە بزانم ئەوە ئەم قسە قۆڕانە لە کوێ فێر بووی ؟! ئەوەی بە سەرت دێ لە نەفامی خۆت بە سەرت دێ ... هەر پیشەیەکی فێرت دەکەم دەروەستی نایەی و پاروە نانێکت بۆ خۆت پێ پەیدا ناکرێ ! جا دێی لەسەر بێچارەیەکی وەکو من هاتو هاوار دەکەی ... ئێستا فەرموو ئەگەر مەیلت لەسەرە — من ئەم ئاشەم بە کرێ گرتوە ، وەرە دەتکەمە هاوبەشی خۆم .

گورگ گوتی : من برسیم . چەند ڕۆژە هیچم نەخواردوە . جارێ شتێکم بلێ بخۆم ئینجا دادەنیشین بڕیارەکە دەنووسین .

ڕێوی گوتی : برۆ ئەوورێ ، بەرداشەکان ئاردیان پێوەیە بۆ خۆت بیانلێسەوە .

کە گورگ دەستی بە لستنەوەی بەرداشەکان کرد ، ڕێوی ئاوی بەردایەوە سەر ئاشو ئاش وەگەڕ کەوتو لێیدا سەرو لمووزی گورگی بریندار کرد .

ڕێوی دەربەڕی ، هەڵات ، چوو لەم لاو لەو لا هەندێ شوولی دارکاڵو شتی وای کۆکردەوەو چوە سەر شاخێكو دەستی بە سەبەتەچنین کرد . گورگ بە دەمی پڕ خوێنەوە گەیشتە سەری و

هاواری کرد : هەی ڕێوی پیسکە ، ئەمجارە قەت ناتوانی تەفرەم بدەی . دەزانم چت لە بن ســـەری دایە . وەرە پێش ، زوو بە وەرە پێش بـا ورگت هەڵدڕم .

ڕێوی سەری باداو گوتی : بە ڕاستی هەموو سووچی بەخـــتو ناوچەوانی خۆمە وام بەسەر دێ . دەستی هەر کەسێکم گرت بەدنمـەك دەرچوو . جەنابی گورگ ، تۆ ئاقڵی خۆت کەر مەکـــە ، وەرە فێری سەبەتەچنینت بکەم . بڕۆ ئیش بکەو خانوویەك بۆ خۆت دروســـت بکەو بژی .... شیاوی کارەکەت بە .... وەرە ... خۆت فێر بکە .

گورگ چوە پێش‌و گوتی : چۆن چۆنی فێر بم ؟!

ڕێوی گوتی : وەرە لەناو ئەم سەبەتەیە دانیشە . تەماشا کـەو فێر بە . هۆش‌و بیرت بێ ، تا کەی وا دەبی !!

گورگ چوارچمکی لە ناو سەبەتەکە دانیشت . ڕێوی دەستی بـە چنین کرد . گورگ گوتی : برام ، سەرم لێ‌دەرناچێ ، هیچ فێر نابم .

ڕێوی گوتی : چیە هەر قسە دەکەی ؟! بۆ خۆت باش تەماشا کەو فێـــر بە !

تا گورگ هات فێری سەبەتەچنین بێ ڕێوی سەرو بنی سەبەتەکەی هێنایەوە یەك‌و گورگی تێدا بەند کرد . لەو کاتەدا ، شوانێك بە دامێنی چیاکەدا تێدەپەڕی ، ڕێوی پێی‌گوت : هۆ برا ، ها ئەم شەرغە هەنگوینەت بدەمێ ! من خۆم حەزی لێ‌ناکەم .

ڕێوی سەبەتەکەی گلۆر کردەوە . شوانە هەڵی گرتەوەو بردیەوە ماڵێ‌و بە دایکی گوت : دایە ، شەرغە هەنگوینێکم هێناوە بەڵام بە براکانم مەڵێی ، بۆ خۆم سبەینان دەیخۆم بەڵکو شەنگ‌و تاقەتێك پەیدا بکەم .

بەیانی دایکی هەستا چوو دەستی لە کـونی بنی سەبەتەکە نـا ،

دەستی بە شتێ بوو دەری هێناو لە زاری نا تامێکی ناخۆشی لێدەهات . چوو بە کوڕەکەی گوت : کوڕم ، ئەم هەنگوینە بۆنێکی ناخۆشی لێ دێ . شوانەکە تووڕە بوو بە دایکی گوت : جا تۆ هەنگوینت لە کوێ دیوە ؟ تـا بزانی بۆنی خۆشە یان ناخۆشە . تۆ نازانی تامی زاری خۆت چۆنە ... جا خۆی هەسـتا چوو دەستی بردە ناو کـونی سەرەوەی سەبەتەکە . تومەز گورگ دەمی بەش کردبوەوە ، باوێشکی دەدا ، دەستی چوە ناو زاری گورگەکە ...

دایکی شوانەکە دیتی کوڕەکەی لە ناکاو تا هێزی تێدا بوو هاواری کردو ڕایکرد چوو تێلایەکی هێناو سەبەتەکەی دایە بەر داران و شکاندی و گورگ هاتە دەرێ . ئیدی ئەوەندەیان لە گورگەکە دا تا داوە مووەکیان بە لەشیەوە نەهێشت . گورگ هەر چۆنی بوو ، بە نیوەمردوویی ، خۆی لە دەست شـــوانەو براکانی ڕزگار کردو بە تەپو کـــۆ هەڵاتو بۆی دەرچوو . لە ڕێگا ، لە دڵی خۆیدا ، پلانی لـــە ڕێوی دادەنایەوە — وا دەکەم ، وای لێدەکەم ، ڕەگو ڕیشـــەی دەردێنم . هات دیتی ڕێوی لەسەر دیوارێك هەڵتروشکاوە ، گوتی : وەرە خوارێ هەی لەعنەتت لێدا ، وەرە خوارێ با هەقی خۆتت لە مســـت بنێم . موویان بە لەشـــمەوە نەهێشتوە ، نیوەڕوحیان کردووم !

ڕێوی لەپی لە لەپیداو گوتی : حا ، حا ، هەی لە منت نەکەوێ ، خۆت تەنگاو مەکە . ئەوە خەریك بووم بیرم لە خواردنێکی باش دەکردەوە بۆ جەنابت . بڕوانە چتۆ باخم کڕیوە . هەر شاقاو بـاوێی دونگە ... وەرە .. وەرە ناو باخەکەو .. سەیر کە ..

گورگ گوتی : بە باخەوانەکەت بڵێ دەرگا بکاتەوە بێمە ژوورەوە ..

ڕێوی گوتی : باخەوانەکەم سەری زۆر قاڵە . خەریکە ترێ دەڕنێ . خۆت بازێ هەڵدەو وەرە ناو باخ ...

گورگ بازی دا بەسەر دیواردو خۆی فڕێ دایە ناو باخ . باخەوان تەلەی بۆ ڕێوی دانابووەوە . پارچە دونگێکی بە تەلەکەوە کرد بوو تا ڕێوی بە دوو بۆنی دا بێ و بە تەلەوە بێ .

ڕێوی بە گورگی گوت : برام ، فەرموو بخۆ . خۆ گلەییت نەما ؟!

گورگ گوتی : ئەدی تۆ خۆت بۆ ناخۆی ؟

ڕێوی گوتی : من بە ڕۆژووم ، لە خۆم گرتوە ....

هەر هێندە گورگ لووزی بە دونگەکە کەوت ، تەلە تەقی و گورگ پێوە بوو دوونگەکەش پەڕی و کەوتە پێش ڕێوی . ڕێوی سەلەواتێکی لێ داو . کەوتە سەر دونگ خواردن .

گورگ گوتی : ڕێوی ، ئەدی نەتگوت بە ڕۆژووم ؟!

ڕێوی گوتی : با ، بەڵام کە مانگم دی ، ڕۆژووم شکاند .

گورگ گوتی : کەی جەژنی ڕەمەزانە ؟

ڕێوی گوتی : کە باخەوان بێ .

لەولاوەش ، باخەوان کوڕەکەی نارد سەرێك لە تەلەکە هەڵبکێشێ .

کوڕە هات تەماشای کرد گورگ پێوە بوە . بانگی باوکی کرد . باوك و کوڕ بە داران وەرگەڕانە گیانی گورگی نیوەمردوو تا شل و شەکەت بوون لێیان دا .

ڕێویش لەسەر دیوارەکـــە سەیری دەکرد . گـــورگ بە زمانی گیانداران هاواری کرد : دەتگوت ئەم باخەم کڕیوە . کوا قۆچانەکەت ؟ بێنە پێشانی ئەمانەی بدە با بەرم بدەن .

ڕێوی گوتی : لەم بگەڕەو بکوتەو بینەو بەرەیە کە سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە ، کێ قۆچان دەخوێنێتەوە . سەر دانەوێنە باشترە ، لێدانەکە نۆشی گیانت بێ .

که باخەوانو کوڕەکەی ڕۆیشتن ، ڕێوی لە گورگ نزیك بوەوە ، گورگ گوتی : وا دەمرم ، قوتارم کە !

ڕێوی گوتی : من هیچم لە دەست نایە . ئەگەر دەتەوێ قوتار بی ، ڕاکشیو خۆت بمرێنە ، دێن بەرەڵلات دەکەن .

گورگ خۆی مراند ، باخەوان هات تەلەی کردەوە . گورگ دەرپەڕیو ڕووی کردە ڕێویو گوتی : هەی تۆڕی هیچو پووچ ، ئەگەر ئەمجارە بکەویە بەر لەپم دەبێ هەر بتخۆم .

پیرە شێرێك لە جەنگلستان هەبوو . ڕێوی کە زانی ئەم جارە دەرباز نابێ ، لە دڵی خۆیدا گوتی : باشترین شت ئەوەیە بچم ببم بە نۆکەری شێر . گورگ باری شێر نابا ، زراوی لە شێر چوە .

ڕێوی چوە لای شێرو سەلامی کردو گوتی : جەناب ، ئەگەر ڕوخسەت هەبێ حەز دەکەم ببم بە خزمەتکاری ئێوە . ئێوە لە ماڵەوە دانیشن ، من دەچم خواردنتان بۆ پەیدا دەکەم .

شێر قبووڵی کردو ڕێوی بوو بە خزمەتکاری شێر .

گورگ هیچ خۆشی لە ڕێوی نەدی . دەیەویست بکەوێتە بەر دەستی بیگرێو پارچە پارچەی بکاو بیخوا . کون بە کون لێی دەگەڕا . ئاخیری زانی بۆتە نۆکەری شێر . چوە لای شێرو گوتی : جەناب ، ئەگەر ڕوخسەت بدەن منیش دەمەوێ شانازی خزمەتکردنی ئێوەم پێببڕێ .

شێر ئەویشی قبووڵ کرد .

هەر ڕۆژە گورگو ڕێوی ، یەکێکیان دەچوو خواردنی بۆ شێر پەیدا دەکردو دەیهێنا .

ڕۆژێ ، شێر ژانەسەری گرت . گورگ لای شێر مابوەوەو ڕێوی چووبوە دەرەوە . کە ڕێوی هاتەوە ، گورگ دەرفەتی وەرگرتو بەسەر

ڕێویدا نەڕاندی : هەی کەودەنی گێلو بێمەعریفەت ، نەتدەزانی ئاغا نەخۆشە ، چووی کەوتیە دوای گەڕانو ڕابواردنو بەرەڵلایی ؟!!

ڕێوی گوتی : دەمزانی ئاغا نەخۆشە ، چووبوومە لای حەکیم .

گورگ گوتی : باشە حەکیم چی گوت ؟

ڕێوی گوت : دەبێ بە ئاغا بڵێم نەك بە تۆ .

شێر ئیشارەتی کردو گورگ چوە دەرەوە . ڕێوی چرپاندیە بناگوێی شێر : حەکیم گوتی دەرمانی ژانە سەری جەنابت گوشتی سنگی گورگە .

شێر کەیفی هات ، گوتی : چا بوو دەرمانێکی دەگمەنو دوورەدەستی دانەنا . لەماڵەوە دەرمانەکەمان دەست دەکەوێ .

ڕێوی چوو بە گورگی گوت : برۆ بزانە ئاغا چ ئیشی پێتە .

هەر هێندە گورگ لە شێر نزیك کەوتەوە ، شێر کەڵبەی لە سنگی گیر کردو پارچەیەکی لێ داڕنی .

گورگ لووراندیو ملی دەشتو بیابانی گرت . بە لەشی خوێنینەوە غاری دەداو دەیلووراند .

ڕێوی کەوتە شوێنیەوەو گوتی : هۆ ، کاکی سوورپۆش ، هۆ ! ئەوە دەچیتە کوێ ؟

گورگ گوتی : برۆ هەی هیچو پووچی ساختەچی ! برۆ خێرێك بکە کە تاقەتم لەبەردا نەماوەو کاتێکی وا کەوتیتە بەردەستم کە هیچم پێ ناکرێ .

گورگ بە دەم ئەم قسانەوە وەرپلاو گیانی سپارد .

# ٣٠ - باڵنــدەی ئاوی

هەبوو نەبوو لە زەمانی کۆن پاشایەکی وچاخ کوێر هەبوو . کوڕی نەدەبوو . ڕۆژێ ، دەستی دایە ئاوێنەو تەماشای سەرو سیمای خۆی کرد دیتی ڕدێنی سپی بوە . ئاخێکی هەڵکێشاو ئاوێنەی بە عەردی دادا . لەو کاتەدا ، لە دەرگا درا . دەرویشێك هاتو گوتی : قیبلەی عالــەم سەلامەتدار بێ ، ئەوە بۆچی حاڵت شڕو شپرێوە ؟

پاشا گوتی : بابە دەروێش ، ڕدێنم سپی بوو ، کوڕم نەبوو .

دەروێش سێوێکی دەرهێناو دایە پاشاو گوتی : فەرموو ، ئـەم سیوەت بدەمێ . نیوەی خۆت بخۆو نیوەکەی‌تر بدە ژنەکەت . کوڕێکتان دەبێ بەڵام کە کوڕەکەتان بوو دەبێ تا شەش مانگ لــە باوەشی بکەن . ئەگــەر یەك لەحزە بیخەنە سەر عەرد یەکســەر بزر دەبێ‌و چاوتان پێ‌ناکەوێتەوە .

پاشا گوتی : با من کوڕم ببێ ، شەش مانگ چیە ، شەش ســاڵ لێ‌ناگەڕێم پێی بە زەوی بکەوێ .

پاش نۆ مانگ‌و نۆ ڕۆژو نۆ سەعات ، پاشا کوڕێکی بوو ناویان نا : « حوسنی یوسف » .

پاشا دایەنێکی گرت‌و منداڵەکەی دایە دەست‌و ڕایسپارد وەکــو بیبیلەی چاوی خۆی ئاگاداری بێ‌و قەتاو قەت لەسەر زەوی دانەنێ .

کە منداڵەکە بوو بە دوو مانگی ، خەتەنە سوورەیان بۆ کردو شاریان کردە چراخان . لەم هەراو هۆریاو بەزم‌و ڕەزمە ، دایەن تەنگاو بوو .

به یەکێکی گوت : « دەقەیەك ئەم منداڵە بگرە . » لای لێنەکردەوە ، بە یەکێکی تری گوت : « دەقەیەك ئەم منداڵە بگرە » ئەویش گوێی نەدایە . هەموو سەرگەرمی بەزم‌و هەرا بوون کەس ئاگای لە کەس نەبوو . دایەن سەیری ئەم لای کرد ، سەیری ئەو لای کرد ، کەس نەبوو . لە دڵی خۆیدا گوتی : دەی ، دەی چ نابێ ، منداڵەکە دادەنێم‌و هەر ئێستا دێمەوە .

منداڵەکەی لەسەر زەوی داناو چوە قوژبنێکی حەوشەو کە گەڕایەوە دیتی نە منداڵەکە ماوەو نە هیچ ، بە هەر دوو دەستان لەسەری خۆی داو کردیە دادو فیغان‌و هات‌و هاوار . لە هەموو لاوە تێی وەرهاتن ، تا ڕاوەستا پێیان دادا ، بەڵام تازە بە کەڵك چ دێ ؟

پاشا تازیەی داناو فەرمانی دا سەراپای شاریان کردە یەك پارچە ڕەشپۆش .

× ×

لە شارێکی‌تر ، پاشایەك هەبوو کچێکی هەبوو . ئەو کچە هەموو ڕۆژێ لەسەر لێوی پەنجەرە دادەنیشت‌و چل باڵندەی هەبوو دانی دەدانێ .

ڕۆژێ ، کە بەو جۆرە دانیشتبوو تەماشای باڵندەکانی دەکرد دانیان دەخوارد دیتی باڵندەیەکی ئاویان تێدایە . کچە نەك بە یەك دڵ بە سەد دڵ ئاشقی باڵندەی ئاوی بوو . کە دەستی درێژ کرد مستەدانێك بە بەر باڵندەکان وەر بکا ، بازنی لە دەست ترازاو گلۆر بوەوە . باڵندەی ئاوی دەنووکی لە بازنەکە داو بردی . کچە زۆر بە داخ‌و هەناسەساردی تەماشای باڵندەکەی کرد کە لە شەقەی باڵی داو لە چاو بزر بوو .

کچە نەخۆشی زۆری بۆ هێناو کەوتە ناو جێ . پاشـــا هەموو دختۆرەکانی شـــاری کۆکردەوە ، بەڵام چارەیان پێ نەکـــرا . ئاخیری یەکێکیان گوتی : پاشا ، ئەمر بفەرموون ، حەمامێك دروســـت بکەن و ئەوەی خۆی لە حەمامەکە بشوا ، لە باتی پارەدان هەقایەت بگێڕێتەوە ، بۆ ئەوەی کچەکەت بخافڵێ‌و خەم‌و خەفەتی بیر بچێتەوە .

پیرەژنێك لەو شارە هەبوو ، کوڕێکی کەچەڵی هەبوو . ڕۆژێ ، کوڕە کەچەڵ هاتەوە گوتی : دایە ، برسیم ، هەندە نانم بدێ ، بخۆم .

دایکی گوتی : ژەهری مار بخۆ !! ئەوە چەند مانگە چاوم بە حەمام نەکەوتوە . تۆش بڕۆ وەکو منداڵی خەڵك هەقایەتێك ، شتێك ، فێر بە . وەرە بۆم بگێڕەوە تا بچمە حەمام .

کەچەڵ گوتی : باشە . بە ڕووگرژی هاتە کۆڵان‌و لە بن دیوارێك دانیشت . سەیری کرد کاروانە وشترێك هات باریان زێڕ بوو . کەچەڵ خۆی هەڵدایە سەر وشترێك‌و بە گەڵیان کەوت . وشترەکان ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەر دەرگای باخێك . دەرگای باخەکە لە خـــۆڕا بوەوە ، وشترەکان چوونە ژوورەوە ، باریان خست‌و گەڕانەوە . کەچەڵ چـوە ژوورێك دیتی هەموو جۆرە خواردنێکی تێدایە . برێکی خواردو خۆی لە پەنایەك شاردەوە . ماوەیەك پێ‌چوو دیتی چل‌و یەك باڵندە بە شەقەی باڵ هاتن . یەکێکیان ئاوی بوو . باڵندەکان کراسیان فڕێ داو بوون بە چل کچی جوان . خۆیان هاویشتە ناو حەوزو دەستیان بە مەلە کرد . کە باڵندەی ئاوی کراسی داکەند بوو بە کوڕێکی کۆك . هاتە ژوورەکە . بازنێکی لە گیرفانی دەرهێناو لە تەك بەر ماڵی نوێژی دانا . نوێژی کردو کە لێ‌بوەوە دەستی بەرز کردەوە ئاسمان‌و گوتی : « خوایە ، ئەتۆ بکەی خاوەنی ئەم بازنەیەم بە نسیب بێ !! » ئینجا بازنەکەی خستەوە گیرفانی‌و

کراسی کردەوە بەر . کچەکانیش لەناو حەوزەکە هاتنە دەرێو کراسیان کردەوە بەر . باڵندەی ئاویان بردو لە شەقەی باڵیان داو ڕۆیشتن .

کەچەڵ هاتەوە ماڵێ بە پیرەژنی گوت : دایە ، هەقایەتەك فێر بووم . تۆ بۆ خۆت برۆ حەمام ، بڵێ کوڕەکەم هەقایەتتان بۆ دەگێڕێتەوە . جا کە ویستیان خۆم دێم هەقایەتەکەم دەگێڕمەوە .

پیرەژن خەنی بوو . چوە حەمامو خۆی شووشـــت . قەرەواش گوتیان : دەوجا وەرە هەقایەتەکەت بگێڕەوە .

پیرەژن گوتی : کوڕەکەم گاز دەکەم هەقایەتتان بۆ بگێڕێتەوە . گازی کەچەڵی کرد . کەچەڵ هات دەستی پێکرد بە سبەینەوە چی دی بوو هەمووی گێڕایەوە کە گەیشتە ئەو جێیەی باڵندەیەکی ئاوی لەناو چل باڵندەکە بوو ، کچە بووڕایەوەو بەربوەوە .

قەرەواشان لە کەچەڵ وەرهاتن و تا ڕاوەستا تێیان‌هەڵدا ، گوتیان : ئەوە چت گوتو چت کرد ، خانم وا بووڕایەوە ؟!!!

گوڵاویان لە ڕووی کچە پرژاندو شانو پیلیان شێلا تا وە خۆی هاتەوە . کە چاوی کردەوە ، گوتی : کەچەڵ کێوە چوو ؟ چی لێ هات ؟

گوتیان : لێمان داو دەرمان کرد .

گوتی : زوو بیدۆزنەوەو بیهێننە لام .

قەرەواشەکان لە کۆڵانێ کەچەڵیان گرتو هێنایانەوە .

کچی پاشا گوتی : ئێی ، دە بڵێ بزانم ، ئینجا پاشان چ قەوما ؟!

کەچەڵ گوتی : خانم چیدی نالێم . من هەقایەتت بۆ دەگێڕمەوە ، تۆ بێهۆش دەبی ، ئەوانە لێم دەدەن .

کچە گوتی : کچێ لێی‌نەدەن ! هەر چیم بەسەر هات ئێوە هەقتان لەسەر ئەم کوڕە نەبێ .

کاتێ کەچەڵ هەقایەتەکەی تەواو کرد ، کچە گوتی : باشە ، دەتوانی بمبەیتە ناو ئەم باخە ؟!

کەچەڵ گوتی : ئەگەر وشترەکان بکەڕێنەوە ، ئا .

کچە گوتی : دە بڕۆ ، لە سەری کۆڵانێ سایەد بە . کە وشترەکان هاتن ئاگادارم بکەوە .

کەچەڵ چوو لە سەری کۆڵانێ چاوەڕێی کرد . وشترەکان هاتن . خێرا ڕایکردە حەمامو گوتی : خانم ، زوو بە ، هاتن .

خانم دەرپەڕی ، یەکەو سواری وشترێك بوون . وشترەکان گەیشتنە بەر دەرگای باخەکە . دەرگا لە خۆڕا بوەوە . وشترەکان چوونە ژوورەوە . باریان خستو گەڕانەوە .

کەچەڵ کچەی لە شوێنێك شاردەوە . پاش نەختێ باڵندەکان هاتنو دەستیان بە مەلە کرد . باڵندەی ئاویش لە ژوورێ نوێژی خۆی کردو گوتی : « خوایە ، ئەتو بکەی خاوەنی ئەم بازنەیەم بە نسیب بێ !! »

کەچەڵ خۆی ئاشکرا کردو گوتی : ئەگەر من خاوەنی ئەم بازنەیەت بۆ بێنم ، چم دەدەیتێ ؟

گوتی : بۆم بێنەو بخوازە ماڵی دنیایێ .

کەچەڵ بانگی کچەی کرد . کە کچەو کوڕە چاویان بە یەك کەوت ، بوورانەوەو بەربوونەوە . کەچەڵ گوڵاوی لە ڕوو پژاندنو هوشیاری کردنەوە ... کوڕە کچەی بۆ خۆی هێنا .

پاش ماوەیەك کچە سکی بوو . کوڕە گوتی : ئەم چل باڵندەیە ئاشقی منن . ئێستا ئەگەر تۆ منداڵت بێو منداڵەکە بگریو بکاتە قیژەو زریکاندن باڵندەکان پێدەزانن ، تۆش دەکوژنو منداڵەکەش دەکوژن . وەرە تەگبیرێکت بۆ بکەم ــ سبەی پێکەوە دەڕۆین ، من بە فڕینو تۆ

بە پێ . من لەسەر دیواری هەر خانوویەك هەلنیشتم تۆ لە دەرگا بدەو بلێ : « ئێوەو گیانی حوسنی یوسف ، لێگەرێن چەند ڕۆژێ لێرە بم . » پاشان بزانین چ دەبێ .

ڕۆژێ پاشی ، کوڕە بە فڕین‌و کچە بە پێ کەوتنە ڕێ . کوڕە لەسەر دیواری مالێك نیشت . کچە لە دەرگای دا . قەرەواشێ هاتە بەر دەرگا . کچە گوتی : « ئێوەو گیانی حوسنی یوسف ، لێگەرێن چەند ڕۆژێ لێرە بم . »

قەرەواش چوو بە خانمی گوت : ژنێکی لایدە لەبەر دەرگا وەستاوە دەلێ : « ئێوەو گیانی حوسنی یوسف ، لێگەرێن چەند ڕۆژێ لێرە بم . »

خانم ئاخێکی هەلکێشاو گوتی : یاخوا جەرگت بسووتێ کە برینت کولاندمەوە !! دیسان حوسنی یوسفت بە بیر هێنامەوە ؟ بڕۆ بلێ بێتە ژوورەوە .

ژوورێکی تاریکیان دایە کچەکە . پاش چەند ڕۆژێ کچەکە مندالی بوو . خانم سکی پێ‌سووتا ، بە قەرەواشێکی گوت : بڕۆ ، شەو لای بخەوە ، زەیستانە ، باش نیە ئافرەتی زەیستان بە تەنێ بێ .

نیوەشەو ، قەرەواش دیتی یەکێ لە مینای پەنجەرەی داو گوتی : هوما گیان !

کچە وەلامی دایەوە : فەرموو : تاجی سەرم .

ـــ شا وەلی وەزعی چۆنە ؟

ـــ نووستوە ، تاجی سەرم .

ـــ دایکم هات ، کوڕی منی وەکو کوڕی خۆی گرتە باوەش ؟

ـــ نەء . تاجی سەرم .

کوڕە ڕۆیشت .

سبەینێ قەرەواش چوە لای خانمو پێی گوت : خانم ، ئەمشەو شتێکی سەیرو سەمەرەم دی ـ گەنجێك هات . ئاوهای گوتو ڕۆیشت .

ژنە گوتی : حوسنی یوسفی کوڕم نەهاتبێتەوە ؟!! ئەمشەو خۆم لای زەیستان دەخەوم .

ژنە خواردنێکی چاکی بۆ کچە لێنا . منداڵەکەی وشك کردەوە ، لێفو دۆشەکی گۆڕیو شەو لە تەنیشتی نووست .

نیوەشەو ، دیسان یەکێ لە مینای پەنجەرەی داو هاتە ژوورەوە :

ـــ هوما گیان !

ـــ فەرموو ، تاجی سەرم .

ـــ شا وەلی وەزعی چۆنە ؟

ـــ نووستوە ، تاجی سەرم .

ـ دایکم هات کوڕی منی وەکو کوڕی خۆی گرتە باوەش ؟!

ـــ بەڵێ ، تاجی سەرم !!

حوسنی یوسف ویستی بگەڕێتەوە ، ژنە بڵند بوو ئامێزی لێوەرهێناو گوتی : کوڕی شیرینم ، لێناگەڕێم چیتر بڕۆی ؟!

حوسنی یوسف گوتی : چل باڵندە عاشقی من بووینە . کاتی خۆی دەروێش پێی گوتبوون تا شەش مانگ نابێ من لەسەر زەوی دابنێن . هەر هێندە دایەن منی لەسەر زەوی دانا ، باڵندەکان لە کەمین هاتنە دەرو پڕیان دامێو بردمیان .

دایکی گوتی : باشە ، تەگبیر ؟ ئێستا چ بکەین ؟

کوڕە گوتی : تەندوورێك لە حەوشەی خۆمان دروست بکەن . لە لایەك کونێکی بۆ هەڵاتن تێدا بێڵنەوە . من دەچم بە باڵندەکان دەڵێم : « خۆم دەخەمە ناو ئاگر ! »

دەڵێن : « نەء . خۆت مەخە ناو ئاگر . » دەڵێم : « چار نیە هەر خۆم دەخەمە ناو ئاگر . » دەڵێن : « ئەگەر تۆ خۆت بخەیتە نـاو ئاگر ، ئێمەش خۆمان دەخەینە ناو ئاگر . » من گوێیان نادەمێ . خۆم دەخەمە ناو ئاگرو لە کونەکەوە دەردەچم ، کـەچی ئەوان دەسووتێن‌و دەبنـە خۆڵەمێش .

سـبەینەی پاشی ، ژنـە فەرمانی دا تەندوورێکی گەورەیان لـە حەوشە دروست کردو کونێکیان لە لایەك تێدا هێشتەوە . ئاگریان تێدا کردەوەو سووریان کردەوە .

حوسنی یوسف بە چل باڵندەکانی گوت : دەمەوێ خۆم بخـەمە نـاو ئاگر .

باڵندەکان گوتیان : نەء . خۆت مەخە ناو ئاگر .

گوتی : چار نیە هەر خۆم دەخەمە ناو ئاگر .

گوتیان : ئەگەر تۆ خۆت بخەیتە نـاو ئاگـر ، ئێمـەش خۆمان دەخەینە ناو ئاگر .

حوسنی یوسف گوێی پێ‌نەدان . خۆی فڕێ دایە ناو ئاگرو لـە کونەکەوە چوە دەرێ . چل باڵندەکە بە دوای حوسنی یوسفدا خـۆیان فڕێدایە ناو ئاگرو سووتان‌و بوونە خۆڵەمێش .

حوسنی یوسف کراسی باڵندەی ئاوی لەبەر خۆی فڕێ دا . پاشا فەرمانی دا شاریان ڕازاندەوە . حەفت شەوو حەفت ڕۆژ لـە ماڵان مۆم‌و لە شاخان گوێنیان سـووتاندو هەموو بەمرازی دڵ گەیشتن .

# ٣١ ـ دەروێش و میومیوخان و کچە قازەوان

هەبوو نەبوو دەروێشێك هەبوو برادەری پاشایەك بوو . ڕۆژێ پاشا بە دەروێشی گوت : من سێ کچم هەیە ، وەسیەت دەکەم پاش مەرگم هەر کامەت بە دڵ کوڕەکانم بتدەنێ .

پاشا ئەمری هەقی بە جێ گەیاند . پاش ماوەیەك کوڕەکان وەسیەتی باوکیان هەر لە بیر نەما . ڕۆژێ ، دەروێش هاتە بەر دەرگاو کەوتە قەسیدە خوێندنەوە . گوتیان : شتێکی بدەنێ با بڕوا .

پارەیان دایە ، ڕەتی کردەوە . زێڕیان دایە ڕەتی کردەوە . ئاخیری گوتی : دەمەوێ بە پێی وەسیەتی پاشا چیم دەکەوێ ئەوەم بدەنێ .

دەروێش چەگلی کچی گەورەی پاشای گرت و بردی . دەروێش ماڵ و سامانێکی زۆری هەبوو . مشکێکیشی لە ماڵەوە هەبوو .

دەروێش دەستی کچەی گرت و بە ناو ماڵێدا گێڕای و هەمووی پێشان دا . کچە دیتی ئەو ماڵە ماڵێکی گەورەو خۆش و عاجباتیە . هەموو شتێکی تێدایە . لە لایەك دارتاش ئیش دەکا ، لەلایەك زێڕینگەرو دورمانکەرو ....

دەروێش گوتی : کچەکە ، ئەگەر ئەم مشکە بخۆی ئەم هەموو شتە دەبێ بە هی خۆت ، ئەگەر نا دەتکوژم .

کچە گوتی : تۆ بڕۆ دەرەوە ، تا من بیخۆم . ئەمە هەر هیچ نیە .

دەروێش چوە دەرەوە ، کچە سەری سۆبەی هەڵدایەوەو مشکەکەی لە ناو خۆڵەمێش شاردەوە .

دەروێش هاتەوە پرسی : ئەی مشکە زرنگ‌و هوشیارەکەم ، لە کوێی ؟ پێم بڵێ .

مشک گــوتی : ئاغا ، قوربانت بم . لەناو سۆبە لــە ژێر مشنی خۆڵەمێشام .

دەروێش گوتی : کچەکە ، ئەوە بۆ مشکەکەت نەخوارد ؟

ئینجا دەروێش مشکەکەی دەرهێناو سەری کچەکەی بڕی . پشکە خوێنێکی کچەکە چکاو بوو بە کۆترێک‌و لە شەقەی باڵی دا ڕۆیشت .

دوای مانگێک ،دەروێش دوبارە چوە ماڵی پاشاو بە کچی ناوەنجی گوت : خوشکت زۆر غەریبیت دەکا . منی ناردوە بێی بتبــەمە لای . ئەوەندەی کردم قبووڵی نەکرد خۆی بێ .

خوشکی ناوەنجی بە گەڵ دەروێش کەوت‌و هاتە ماڵیان . دەروێش گوتی : کچەکە ، من مشکێکم هەیە ئەگەر بتوانی بیخــۆی هەموو ماڵو سامانی من دەبێ بە هی تۆ ، ئەگەر نا تۆش وەکو خوشکت دەکوژم .

کچەکە گوتی : تۆ بڕۆ دەرەوە تا من بیخۆم . ئەمە هەر هیچ نیە . دەروێش چوە دەرەوە . کچە سارنجۆکی بڵندکردو مشکی بەردایە ژێر قاڵی‌و سارنجۆکی دانایەوە جێی خۆی . دەروێش هات‌و پرسی : ئــەی مشکە زرنگ‌و هوشیارەکەم ، لە کوێی ؟ پێم بڵێ .

مشک لە ژێر قاڵی هاواری کرد : ئاغا ، قوربانت بم . هەر وەختە لە ژێر قاڵی دا پان ببمەوە .

دەروێش مشکەکەی دەرهێناو ســەری کچی ناوەنجیشی بڕی . پشکە خوێنێکی کچەکە چــکاو بوو بە کۆترێک‌و لە شەقەی باڵی‌داو ڕۆیشــت .

پاش مانگێک ، دەروێش دیسان چوە ماڵی پاشاو بە کچی گچکەی

گوت : خوشکەکانت غەریبیت دەکەن . هەستە بتبەمە لایان . ئەوەندەی کردم خۆیان نەهاتن گوتیان دەبێ ئەو بێ .

کچی گچکە گوتی : باشە . با بچین ، بەڵام دەبێ پشیلەکەشم لەگەڵ خۆم بێنم . خدووم پێوە گرتوە . لەلام نەبێ ناحەوێمەوە .

هاتن گەیشتنە ماڵی دەروێش . دەروێش گوتی : مشکێکم هەیە ئەگەر بیخۆی هەموو ماڵو سامانی من دەبێ بە هی تۆ ئەگەر نا تۆش وەکو خوشکەکانت دەکوژم .

کچەکە گوتی : قوڕ بەسەری خوشکەکانم کە بۆ شتێکی وا هیچو پووچ خۆیان بە کوشتن دا . تۆ بڕۆ دەرەوە تا من بیخـــۆم . ئەمە هەر هیچ نیـــە .

دەروێش چوە دەرەوە . کچە مشکەکەی گرتو بە خورتی لـــە ورگی پشیلەی پەستا . دەروێش هات گوتی : ئەی مشـــکە زرنگو هوشیارەکەم ، لە کوێی ؟ پێم بڵێ .

مشك لەناو ورگی پشیلە هاواری کرد : ئاغا ، قوربانت بم ، لەنـــا ورگی میومیوخانم .

دەروێش وای زانی میومیوخـــانم کچەکەیە . گـــوتی : ئافەرین کە مشکەکەت خوارد . ئێستا ماڵو سامانی من هەمووی بوو بە هی تۆ .

پاش مانگێك دەروێش بە کچەکەی گوت : دەچمـــە سەفەرێکی چل ڕۆژی . تا دەچمو دێمەوە تۆ دەبێ لەسەر بان دابنیشیو لـــە جێی خۆت نەجوولێیتەوە بۆ ئەوەی لە دوورەوە بۆرایيت بەدی بکەمو دڵم پێ خۆش بێو ئیشەکە بە چاکی بکەم . ئەگەر بجوولێیتەوە دێم دەتکوژم .

هێشتا دەروێش بە ڕێ نەکەوتبوو ، کچـــە چەند لکەدارێکی برد لەسەر بان دانا . کە دەروێش لە ماڵێ دوورکەوتەوە کچە چارشێوی

خۆی لەبەر کردەوەو بەسەر لکەدارەکانی داداو خۆی هاتە خوارەوە . دەروێشیش هەر ناو بە ناو ئاورێکی دەدایەوە ، بۆرایییەکەی دەدیو لە دلی خۆیدا دەیگوت : پەککو !! کچێکی چەند بە وەفایە . هەر هیچ ناجوولێتەوە .

کچەش لە دلی خۆیدا دەیگوت : دەروێشی بێ رەحم ، ڕاوەستە دەبێ دەردێکت پێبکەم دەرمانی نەبێ . ئینجا چوە لای زێڕینگرو گوتی : بازنو گوارەو گۆبەرۆکو ئەم جۆرە شتانەم بۆ دروست بکە . پاشان چوە لای دورمانکەرو گوتی : دەستەبەرگێکی جوانم بۆ بدوورە . دوایی چوە لای دارتاشو گوتی : عارەبانەیەکم بۆ دروست بکە ... چوو مەڕێکیشی لە بازاڕ کڕیو کەوڵی کردو ورگەکەی لەسەری خۆی نا . جا زێڕو گەوهەرەکانی بە خۆوە کردو دەستەبەرگەکەی پۆشیو لەسەر ئەم هەموو شتەش کەوڵە مەڕەکەی لەسەر خۆی هەڵکێشاو سواری عارەبانە بوو و ملی ڕێی گرت ، بڕۆ بڕۆ تا گەیشتە شارێك . لە پێش ماڵی پاشا ، لەناو کاولگەیەك لە ناو زبڵ کەوتە گەڕانو پشکنین . کوڕی پاشا هاتە دەرەوە ، دیتی وا یەکێ لەناو کاولگە شت هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکا بەڵکو بەرماوێك بدۆزێتەوەو بیخوا . کوڕی پاشا سکی پێسووتاو گوتی : دەزانی قازان بلەوەڕێنی ؟

کچە سەری بۆ لەقاند ــ ئا .

کوڕە چوو مەسەلەکەی بە دایکی ڕاگەیاند . قازەکانیان بە کچەکە سپارد بەیانیان بۆ لەوەڕ بیانباتە ناو باخو ئێواران بیانهێنێتەوە .

کچە هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو قازەکانی دەبردە ناو باخ ، بەرەڵلای دەکردن . ئینجا خۆی ڕووت دەکردەوەو لە ئاوێ دەکەوت . قازەکان وازیان لە لەوەڕ دەهێنا ، لە دەوری حەوزەکە کۆ دەبوونەوەو سەیری کچەیان دەکرد .

ماوەیەك بەم جۆرە ڕابرد . ڕۆژێ کوڕی پاشا هەستی کرد قازەکان ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕو لاوازتر دەبن ، بە دایکی گوت : دایە ، ئەم ماستە موویەکی تێدایە . دەبێ بە بن‌و بنەوانی مەسەلەکە بکەوم .

بۆ ڕۆژی پاشی ، کوڕی پاشا بە دوای کچەکەدا چوە ناو باخ . دیتی کچەکە کەوڵەکەی داکەندو بەرگە جوان‌و بریقەدارەکانی دەرکەوتن . زێڕو گەوهەری وای پێوە بوو لە خەزنەی باوکی شتی وا نەبوو ! کە کچە خۆی ڕووت کردەوەو چوە ناو ئاو ، هەموو قازەکان کۆبوونەوەو وازیان لە لەوەڕ هێنا .

کوڕە لە نهۆمی چلەمین شێوی دەخوارد . ئەو شەوە بە دایکی گوت : دایە ، چێشتەکەم بدە قەرەواشان تا نهۆمی سی‌و نۆیەم بۆم بێنن ، لەوێوە با قازەوان بۆم بێنێ .

دایکی گوتی : کوڕم قسەی وا چـــۆن دەکەی ؟ چـــۆن دەبێ ئەم حەشەریە خواردن بۆ تۆ بێنێ ؟!

کوڕە گوتی : پێم گوتی‌و بڕایەوە . دەبێ قازەوان چێشتم بۆ بێنێ .

کچە قازەوان وەکو گێلان سی‌و نۆ نهۆم بە تەپو کۆ سەرکەوت . لەوێوە سینی خواردنی لەسەر سەری داناو بۆ کوڕی پاشـــای برد . سینیەکەی لەبەر دەرگا داناو ویستی بگەڕێتەوە . کوڕە گوتی : کچێ ، خواردنەکە بێنە پێش .

کچە هیچ قسەی نەکردو بە سەر ئیشارەتی بۆ کرد ــ وەرە چێشتی خۆت ببە . کوڕە وازی نەهێنا . کچە ترسا ، گوتی : نەیناسیبم ؟! ویستی بچێتە دەرەوە کوڕی پاشا دەستی گرت‌و گوتی : کێوە ؟! کەوڵت داکەنە !

کچە گوتی : بەرم دە !

کوڕە گوتی: کەوڵت داکەنە تا بەرت دەم .

کچە ناچار بوو کەوڵی داکەندو بوو بە کچێکی جوانو نازدار . جا بە دوو قۆڵی دانیشتنو دەستیان بە شێوخواردنو قسە کرد .

قەرەواش لە خوارێ وەستابوون ئێرەییان پێ دەهات ، دەیانگوت : ئەو کوڕە ماوەی ئێمە نادا یەك دەقیقە لە ژوورەکەی بمێنینەوە کەچی ئەم حەشەریەی گل داوەتەوە ، ئیزنی نادا . کچە قازەوانە بوو ، نەبوو ، چیـــە ؟!

دایکی کوڕەش تەنگەی گرتو هەستا چوە ژووری کوڕەکەی . کچە خۆی لە پەنا پەردە شاردەوە . دایکە گوتی : کوڕم ، ئەدی قازەوان چی لێ هات ؟ چوە کوێ ؟

کوڕە گوتی : دایە ، ئیتر قازەوان نەما ! ئەم پەردەیە لادە ، بزانە کێی لێیە ؟!

دایکە پەردەی لاداو کە چاوی بە کچەکە کەوت هەر وەخت بوو لە خۆی بچێو بەر بێتەوە .

کوڕە هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە .

بۆ بەیانی کوڕو کچەیان لێك مارە کردو بوو بە زەماوەند . کچـــە گوتی : من یەك مەرجم هەیە نابێ هیچ کەسی بێگانە بێتە ناو ئەم ماڵە . پێ‌تێك دەچم .

کوڕە گوتی : شتی وا نابێ . ئەمە ماڵە پاشایە ــ خەڵك دێو دەڕوا .

× ×

ئێستا با باسی بابە دەروێشتان بۆ بکەم .

دەروێش لە سەفەر گەڕایەوە . کە لە دوورەوە چاوی بە بۆراییەکەی سەر بان کەوت ، لە دڵی خۆیدا گوتی : پەککو !! ئەم کچە کچێـــکی بە وەفایە ! هەر هیچ نەجوولاوەتەوەو ناجوولێتەوە . ئاگای لەوە نەبوو کە کچە چوە بۆتە بووکی پاشا .

کاتێ دەروێش نزیك کەوتەوەو سەرنجێکی لێدا ، لـە دلی خۆیدا گوتی : وای بەدبەختو بێچارە ، چەند لەڕو لاواز بوە ؟! تەنیا ئێسـكو پێستەی ماوە . گەیشتەوە مالێ ، چوە سەر بان کە زانی کچە نەماوە چوو سۆراغی لە زێڕینگرو دورمانکەرو دارتاش کرد ، گوتیان : ئێمە هیـچ نازانین . ئەوەندە نەبێ ڕۆژێ هات داوای ئەم شتانەی کردو بۆمان پێك هێناو ڕۆیشت .

دەروێش تێگەیی تەفرەدراوە . کەوتە تاقیبی کچـە . قۆناغ بـە قۆناغ گەیشتە ئەو شارەی کچەی لێ بوو . لە کۆلانێ تووشی پاشا هات . پاشا هەوەستیان بە دەروێشان دێ . پاشا دەروێشی بردەوە مالێ . کچە کە چاوی بە دەروێش کـەوت هەناوی بەر بوەوە ، دەروێشیش چاوی لێ هەلتەکاند وەك ئەوەی بلێ : ڕاوەستە ، بزانە چت لێبکەم !

شەو هەر کەسە چوو لە ژووری خۆی نووست . کوڕی پاشـاو کچەش چوونە ژووری خۆیان . نیوەشەو ، دەروێش هەستا هۆشی لـە سەری هەموان دەرهێناو خستیە ناو هەگبەکەیو هاتە سـەرینگانی کچەکە . کچە کردی بە دادو فیغانو هاوار هاوار کەس بە ئاگا نەهات . کوڕی پاشـا لە تەنیشتی نووستبوو گـوێی لـە هاواری نەبوو و بە دەنگیەوە نەهات .

دەروێش گوتی : بەلاش خۆت ماندوو مەکە . هەر ئێستا دەتکوژم تا بزانی تەفرەدانی من یانی چی ؟

کچە دیسان کردی بە هاتو هاوار دیسان کەس خەبەری نەبوەوە . ئاخیری بە هەموو هێزی خۆی هاواری کرد :

**خودایە ، گوێم بدێ گـوێ !**
**ئەسـیری دەستی خوێنرێژم !**
**نەجاتم دە لـە دەسـت دەروێش**
**نامەوێ بـە ناکامی بمرم !!!**

لەناکاو دوو کوتر هاتن لەسەر لێوی پەنجەرە هەڵنیشتن‌و گوتیان :

**کچی جوان‌و پاکیزە ، مەترسە !**
**چ دەڵێین بە قسەمان بکە !**
**بۆ ئەوەی نەجاتت بێ لە دەروێش ،**
**برۆ هەگبەکەی بدڕێنە .. هەگبە !**

کچە یەکەم جار تێ‌نەگەیشت خوشکەکانی چیان گوت . کۆترەکان قسەکەیان دووپات کردەوە . کچە یەکەوڕاست هەگبەکەی لە دەست دەروێش دەرهێناو بە زەوی دادا . هەگبە بوەوەو هۆشی هەر کەسێ گەڕایەوە لای خاوەنی‌و هەموو بە ئاگا هاتن .

کوڕە خەبەری بوەوە ، تەماشای کرد دەروێش خەریکە کچەکە بکوژێ . دەروێشی گرت‌و دەست‌و پێی بەست . کچە لە سیر تا پیواز سەربردەی خۆی بۆ کوڕە گێڕایەوە .

بەیانی دەروێشیان فڕێ دایە زیندان‌و کچە هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشاو گوتی :

ئاخر لەبەر ئەوە بوو گوتم نابێ کەسی بێگانە بێتە ئەم ماڵە !!!

## ٣٢ – گوڵو (( سبناوەر ))

هەبوو نەبوو کابرایەك هەبوو ناوی حاتەم بوو . ئەم حاتەمە زۆر سەخیو دڵباشو دەستبڵاو بوو . کە هێشتا کۆرپە بوو زاری لە مەمکی دایکی دەکردەوە تا کۆرپەیتر شیری دایکی بخۆن . حاتەم کۆشکێکی هەبوو چل دەرگای تێدا بوو . هەموو ڕۆژێ خەڵك دەچوونە ماڵی نانیان دەخواردو کە دەڕۆیشتن نۆکەرەکان قاپە زێڕێکیان دەدانێو بەڕێیــــان دەکردن .

ڕۆژێ ، دەروێشێ چوە ژوورەوە ، نانی خواردو کە هاتە دەرەوە قاپە زێڕێکی وەرگرت . لە دەرگەی دوەم چوە ژوورەوە ، نانی خواردو هاتە دەرەوە . کە ویستی لە دەرگەی سێیەم بچێتە ژوورەوە پێشــیان گرتو گوتیان : تۆ کابرایەکی چەند بە تەماعی ؟ بابە ، دوو جار چوویتە ژوورەوەو نانت خواردو دوو قاپ زێڕت وەرگرت ، بەس نیــــە ؟... ئیتر چت دەوێ ؟

دەروێش زێڕەکەی بە گۆڕێ وەرگرتو گوتی :

وەی ! وەی ! لەم حاتەمە ! ئەمەش بوە حاتەم ؟ کچی پاشای ئێمە کۆشكو سەرایەکی هەیە ، چــل دەرگای تێدایە ، دەتوانی لە هەر چــل دەرگا بچێتە ژوورەوەو نانی خۆت بخۆیو قاپە زێڕی خۆت وەر بگری . کەسیش هەقی نیە چەند جار چوویو چەند جار قاپەزێڕت وەرگرت .

حاتەم کە ئەم قسەیەی بیست سەرسام بوو . لە دڵی خۆیدا گوتی : دەبێ بچم ئەم کچە بدۆزمەوەو بۆ خۆمی بێنم .

حاتەم هەستا چوە شار . سۆراغی پاشای کردو چوە ژوورەوە کە نانی خواردو هاتەدەرەوە قاپێکی پڕ زێڕیان دایە . لە دەرگەی دوەم چوە ژوورەوە دیسان بە هەمان شێوە ... بە کورتی لە چل دەرگا چوە ژووری و چل جار زێڕی وەرگرت . کەسیش هەقی بە سەرەوە نەبوو چەند جار چۆتە ژوورەوە . ئاخیری چوە لای کچەو گوتی : دەبێ مێردم پێ بکەی ؟

کچە گوتی : شیربایی من زۆر گرانە ، لە تاقەتی تۆ دا نیە .

حاتەم گوتی : تۆ هەقت نەبێ ، هەر چیەکە بڵێ .

کچەکە گوتی : بانگدەرێك ( موەززین ) لە فلانە شـــار هەیە . عەسران بە زەوقو خۆشی دەچێتە سەر بانو بانگ دەدا . کە لە بانگ بوەوە وەردەگەڕێتە سەرو پۆتەلاکی خۆی تا لە هۆش خۆی دەچێ . ئەگەر بزانی ڕازی ئەم ئیشە چیەو هەقایەتەکەی لێ وەربگری‌و بۆم بێنی ، مێردت پێ‌دەکەم !!

حاتەم هەستا بەرەو شاری کابرای بانگدەر کەوتە ڕێ . بە پرسیاران ماڵەکەی دۆزیەوە ، دیتی ئێوارێ بە زەوقو خۆشی چــوە سەربانو بانگی دا . کە لە بانگ بوەوە وەرگەڕا سەرو پۆتەلاکی خۆی‌و بوورایەوە . کە هاتەوە سەرخۆ حاتەم لێی چوە پێش‌و گوتی : ئەمشەو میوانی تۆم .

بانگدەر گوتی : باشە ، فەرموو .

کاتی شێوخواردن ، حاتەم لەسەر سفرە کشایەوەو گوتی : تـا ڕازی ئەم ئیشەم پێ‌نەڵێی خواردنت ناخۆم !

بانگدەر گوتی : برا ، شێوت بخۆ . من ڕازی خۆم بە هیچ کەس ناڵێم بەڵام مادام تۆ ئەوەندە سووری ، دەرۆزەکەرێکی کوێر لـە فلانە شار هەیە هەر چەندەی پارەی بدەیتێ هەر دەڵێ : « وژدانت هەبێ ! »

هەر چی بۆ بکەی هەر دەڵێ : « ویژدانت هەبێ ! » . ئەگەر تۆ بتوانی ڕازی ئەم کابرایە بزانیو بۆمی بێنی منیش ڕازی خۆمت پێدەڵێم .

سبەینێ زوو حاتەم بە ڕێ کەوت . ڕۆیشت تا گەیشتە شارەکە . دیتی دەرۆزەکەرێکی کوێر لە بازاڕ دانیشتوە . حاتەم چوو لیرەیەکی لە دەستی نا دەرۆزەکەر گوتی : « ویژدانت هەبێ ! » لیرەیەکیتری لە دەست نا ، دەرۆزەکەر دیسان گوتی : « ویژدانت هەبێ ! » ئەوەندەی حاتەم پارەی دایە ، هەر گوتی : « ویژدانت هەبێ ! » ئاخیری حاتەم لێیپرسی : « برا ، ئەوە بۆچی هێندە دەڵێی ـ ویژدانت هەبێ ؟ » .

دەرۆزەکەر گوتی : من ڕازی خۆم بە هیچ کەس ناڵێم بەڵام مادام تۆ هەر سووری ، بڕۆ بۆم پێبکەوە داخۆ گوڵ چ بەڵایەکی بەسەر سیناوەر هێناو سیناوەر چ دەردی دایە گوڵ تا منیش هەقایەتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە . ئەوەش بزانە سیناوەر ڕازی خۆی بە هیچ کەس ناڵێو ئەگەر بە یەکێکی بڵێ دەسبەجێ لە سەری دەدا .

حاتەم ناونیشانی سیناوەری وەرگرت . شەو نووست . سبەینێ هەستا بەرەو شاری گوڵر سیناوەر کەوتە ڕێ . لە ڕێگا ، لە چۆلەوانی ، گوێی لە هەراو هۆریاو گاڵەگاڵێك بوو . تەماشای کرد سێ دێو شەڕیان بوو . کە چاویان بە حاتەم کەوت گوتیان : ئەها ! بنیادەمێك هات . بنیادەم لە ئێمە عاقڵترە ... باش دەزانی میراتی باوکمان لە نێوان دابەش بکا .

حاتەم گوتی : ئەوە چیە ؟ چ بوە ؟

دێوەکان گوتیان : باوکمان عەمری خوای کردوە . سێ شتی بۆ جێهێشتووین ـ بەرماڵێکی حەزرەتی سلێمان کە ئەگەر لەسەری دابنیشیو بڵێی بەشقی حەزرەتی سلێمان بمبە فلانە جێ ، دەتباتە ئەوێ . ئەنگوستیلەیەك کە هەر کەسێ لە قامکی بکا لەبەر چاو بزر دەبێ ،

کەس ئەو نابینێ بەڵام ئەو هەموو کەس دەبینێ . سفرەیەك کە هەر کاتێ پانی بکەیتەوە پڕی سەری خواردن دەبێ .... ئێستا ئەگەر ئەم شتانەمان بە باشی لەناو دابەش بکەی بە خاوی دەتخۆین ، ئەگەر نا بە برژاوی دەتخۆین .

حاتەم گوتی : ئەم شتانە لەسەر زەوی دانێن ، گوێ بگرن پێتان بڵێم : ئێستا سێ تیر داوێم . ئەوەی یەکەم تیری هێنایەوە بەرماڵەکە بۆ ئەو ، ئەوەی دوەم تیری هێنایەوە ئەنگوستیلەکە بۆ ئەو ، سفرەکەش بۆ ئەوەی سێیەم .

دێوەکان زۆر هەوەسیان پێ هات ، گوتیان : دیتتان ، بنیادەم لە ئێمە عاقڵترەو دەزانی چۆن چۆنی میرات دابەش بکا !!

حاتەم سێ تیری دەرهێناو تا هێزی تێدا بوو کەوانەکەی ڕاکێشاو تیرەکانی هاویشت . دێوەکان دەرپەڕین تیرەکان بێننەوە . حاتەم خێرا ئەنگوستیلەکەی لە تلکی کردو لەسەر بەرماڵەکە دانیشت و سفرەکەی لەبن هەنگڵی ناو گوتی : بەشقی حەزرەتی سلێمان بمبە ماڵی گوڵو سیناوەر .

هێندەی چاو بنوقێنی و بیکەیتەوە حاتەم گەیشتە شارەکە . گەیشتە بەردەم خانوویەکی گەورە . لە دەرگای داو گوتی : میوانی خوام ، هاتووم ، ئەمشەو داڵدەم بدەن .

گوتیان : فەرموو ، وەرە ژوورەوە .

حاتەم چوە ژوورەوە دیتی قەنەفزێکی گەورە لە قوژبنێکی ژوورەکە داندراوە ئێسترێکی زلو کەتەی تێدایە ، سەگێکیش لە گۆشەیەکی تری ژوورەوە بەسراوەتەوە .

حاتەم هیچی نەگوت . دانیشت . کاتی شێوخواردن ، کابرا قاپێکی پڕ خواردن کردو لەبەر سەگەکەی دانا . سەگەکە تێری خوارد . کابرا

بەرماوی سەگەکەی بردو لە پێش ئێسترەکەی دانا . ئێستر نەیخوارد . کابرا چوو کەللەسەرێکی وشکی هێناو لەبەر چاوی ئێسترەکە دایە بەر داران . ئێستر دەستی بە خواردن کرد .

ئینجا کابرا بە حاتەمی گوت : برا ، فەرموو بیسمیللای لێ بکە . حاتەم گوتی : تا هەقایەتی ئەم سەگو ئێسترەم پێ نەڵێی ، دەست بۆ خواردن نابەم .

کابرا گوتی : تا ئێستا کەس ڕازی منی نەزانیوە . من هەقایەتی خۆم بە هەر کەسێ بڵێم دەیکوژم . جا ئەگەر دەتەوێ سەرت سەلامەت بێ فەرموو خواردنەکەت بخۆ ، چەند ڕۆژت دەوێ لێرە بەو پاشان بڕۆ دوای ئیشو کاری خۆت .

حاتەم گوتی : تا هەقایەتی خۆتم پێنەڵێی ، نانت ناخۆم .

کابرا دەستی حاتەمی گرتو بردیە گۆڕستانێکو گوتی : ئەم گۆڕانە دەبینی ! ئەمانە هەموو وەکو تۆ سوور بوون هەقایەتی من بزانن ، منیش هەقایەتی خۆم بۆ گێڕانەوەو سەرم بڕین .

حاتەم گوتی : خۆ خوێنی من لە خوێنی ئەمانە ڕەنگینتر نیە . هەقایەتی خۆتم پێ بڵێ جا پاشان چم لێ دەکەی لێم بکە !!

کابرا گوتی : زۆر باشە . فەرموو ئێستا شێوت بخۆ پاشان هەقایەتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە .

پاش شێوکردن کابرا گوتی :

باش گوێ بدێ ! من ناوم سیناوەرە . دۆتمامێکم هەبوو ناوی گوڵ بوو . لێیان مارە کردم . دۆتمام نیوەشەو دەهات خۆی لە بن لێفە دەپەستایەوە هەستم دەکرد لەشی وەکو شەختە ساردو سڕە ، دەمگوت : دۆتمام گیان ، ئەوە لە کوێ بووی ؟ دەیگوت : پسمام ، لە دەرەوە بووم ،

سکم دەچێ . تۆش هیچ ئاگات لە من نیە ـ نە دختۆر ! نە دەرمان !!

ڕۆژێ چوومە تەویلە ئەسپ دەربێنم‌و سوار بم بچمە شوێنێك ، دەبینم ئەسپ شەنگی لەبەردا نەماوە ئەوەندە بێ عدوورە خۆی لەسەر پێ ڕاناگرێ .

گوتم : مەیتەر ، ئەوە بۆچی جۆ نادەیتە ئەم ئەسپە ؟ ماوەیەکە سواری نەبوویم ، ئەم ئەسپە هەر دەخواو پاڵ دەداتەوە ، بۆ دەبێ وا لەڕو بێ‌عدوور بێ ؟!

مەیتەر گوتی : ئاغا ، چۆن وا دەڵێی ؟ تۆ خۆت هەموو شەو دێی سواری دەبی !!

زانیم ئەم ماستە موویەکی تێدایە . گوتم : ئەگەر ئەمشەو هاتم داوای ئەسپم کرد مەمدەرێ .

ئەو شەوە خەوم لە خۆم خست بەڵام نەنووستم . شەو بەترەکی چوو دیتم دۆتمام هەستا ، بەرگی منی کردە بەرو شمشێری منی هەڵکێشاو لەسەر سەری ڕاگرتم‌و گوتی : واگای ؟ ئەگەر واگای تا بتکوژم .

قزەم نەکرد . دۆتمام چوە تەویلەو بە مەیتەری گوت : ئەو ئەسپەم بۆ دەربێنە . مەیتەر گوتی : ئەدی بەیانی نەتگوت ئەگەر خۆشم داوای ئەسپم کرد مەمدەرێ ؟!

پاش بینەوبەرەو مشت‌ومڕێکی زۆر ، دۆتمام ئەسپی وەرگرت‌و سوار بوو و ڕۆیشت . منیش سواری ئەسپێکی‌تر بووم کەوتمە دوایەوە دۆتمام ڕۆیشت تا گەیشتە ئەشکەوتێك ، چوە ژوورەوە ، منیش بە دوایەوە بووم . دیتم چل جەردە بە ئەڵقە دانیشتوون . کە سەرۆکی جەردەکان چاوی بە دۆتمام کەوت ، هاواری کرد !. وەرە بزانم تا ئێستا لە کوێ بووی ؟!

دۆتمام گوتی : مەیتەری ڕاسپارد بوو ئەسپ نەداتە کەس . هەندێ قرەقرمان بوو ، بۆیە درەنگم بە سەر دا هات .

سەرۆکی جەردان گوتی : ئاخر دەڵێم لێ گەڕێ بیکوژم ، دەڵێی نەء ! سبەی هەر دەیکوژم . دۆتمام بووبە مەیکێڕو جەردەکان دەستیان بە شەراب خواردنەوە کرد . زانیم دەرەقەتی هەموویان نایەم . هەندێ تۆزی بێهۆشیم بۆ لە شەرابەکەیان کرد . هەموو بێهۆش بوون . پێداهاتم سەری هەموویانم بڕی . سەری سەرۆکەکەیانم خستە ناو توورەگەو دۆتمام سواری ئەسپ کردو هێنامەوە ماڵێ .

بەیانی دۆتمام هاتەوە هۆش خۆی ، گوتم : دوتمام گیان ، ئەم شەو خەونێکم دی لام وا بوو — ( بەترەکی شەو چوو ، تۆ ڕابووی ، بەرگی منت پۆشی ، شمشێری منت هەڵکێشاو لە سەرسەری منت ڕاگرتو گوت : واگای ؟ ئەگەر واگای تا بتکوژم . هیچ وەلامم نەدایتەوە . چوویتە دەرەوەو بە مەیتەرت گوت : ئەم ئەسپەم بۆ دەربێنە . مەیتەر گوتی : بەیانی خۆت نەتگوت مەیدە کەس ؟!! ئاخیری بە خورتی ئەسپەکەت وەرگرتو سوار بووی‌و ڕۆیشتی . منیش بە دواتدا هاتم . گەیشتیتە ئەشکەوتێك‌و چوویتە ژوورەوە . دیتم چل جەردە بە ئەڵقە دانیشتبوون ، سەرۆکی جەردەکان گوتی : وەرە بزانم ، ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی ؟ گوتت : مەیتەری ڕاسپارد بوو ئەسپ نەداتە کەس . هەندێ قرەقرمان بوو بۆیە درەنگم بەسەردا هات . سەرۆکی جەردەکان گوتی : ئاخر دەڵێم لێ گەڕێ بیکوژم ، دەڵێی : نەء . سبەی هەر دەیکوژم ! زانیم دەرەقەتیان نایەم هەندێ تۆزی بێهۆشیم لە شەرابەکەیان کرد . هەموو بێهۆش بوون . پێداهاتم سەری هەموویانم بڕی . سەری سەرۆکی جەردەکانم خستە ناو توورەگەو هێنامەوە ) .

دۆتمام گوتی : ئەمە خەون نیە . کوا سەری سەرۆکی جەردان ؟!
سەری تووره‌گەکەم کردەوەو سەری براوی سەرۆکی جەردانم دەرهێنا ، لە پێشم دانا . کە دۆتمام چاوی بە سەرەکە کەوت ئەفسوونێکی خوێندو فوویەکی لێکردمو گوتی : « برۆ ، نێرەکەر ! » ئیدی من بووم من ولاغ . لێیان دامو لە مالەوە دەریان کردم . یەکێ گرتمیەوەو بردمیەوە مالی خۆی . هەموو رۆژێ بەردو خۆلی پێدەکێشام . پشتم جەدو بوو . ئەوەندە دەتووزایەوە ئامانی لێ هەلگرتبووم . کاو جۆشم نەدەخوارد ، نانیان دەدامێ . کابرا بە ژنەکەی گوت : حورمێ ، ئەم ولاغە هیچ بە ولاغان ناچێ ، هەر دەلێی بنیادەمە !

رۆژێ لە حەوشە پال کەوتبووم . پشتم ژانی دەکرد . هێزی بزووتنم نەبوو . دوو بالندە هاتن لەسەر درەختێک هەلنیشتن . یەکێ گوتی : خوچە ! ئەوەی‌تر گوتی : گیانی خوچە ! گوتی : دەزانی ئەمە کێیە ؟ گوتی : کێیە ؟ گوتی : ئەمە سیناوەرە . دۆتمامی ئەفسوونی لێکردوەو کردوویە بە ولاغ ، بریا خاوەن مال واگابایەو گوێی لە قسەکانمان بایە ــ ئێستا کە ئێمە هەلفرین دوو پەلکەدار لە بن پێمان دەکەونە خوارێ . ئەو پەلکانە بکوتێو لە ئاوی بکاو ئاوەتە بکولێنێو بەسەر ولاغەکەیدا بکا ، ( ولاغەکە دەبێتەوە بنیادەم ! )

تومەز خاوەن مال واگا بوو . پەلکە دارەکانی هەلگرتەوە ، لە هاون کوتای ، لە ئاوی کرد ، کە ئاوەکە کولا بەسەری داکردم . دووبارە بوومەوە بنیادەمو هاتمەوە مالێ . هەر هێندە پێم لە ژوورێ نا دیسان دۆتمام ئەفسوونێکی خوێندو فووی لێکردمو گوتی : « برۆ ، توولە سەگ ! » ئیدی بووم بە توولە سەگ . لێیان دامو فرێیان دامە دەرەوە . چوومە دوکانی قەسابێك . قەساب ئێسکێکی هاویشتە بەرم ، نەمخوارد .

کەبابی دەخوارد هەندێ کەبابی دامێ وەرم گرت و لە زارم نا . قەساب بە هاورێکەی گوت : چاوت لێیە ؟ ئەمە هیچ لە سەگ ناکا ، هەر دەڵێی بنیادەمە !

چەند ڕۆژێ لەوێ مامەوە ، ڕۆژێکیان دیسان دوو باڵندەکە هاتن لەسەر درەختێك هەڵنیشتن . یەکێ گوتی : خوچە ! ئەوەی تر گوتی : کیانی خوچە ! گوتی : دەزانی ئەمە کێیە ؟ گوتی : کێیە ؟ گوتی : ئەمە ئەو سیناوەرەیە کە دۆتمامی کردبووی بە ولاغ و ئێستا کردوویە بە سەگ . خۆزیا ئەم قەسابە واگابایەو گوێی لە قسەکانمان بایە . سەگەکەی بردبا حەمام ، ئەم دوعایەی خوێندباو بیخستبایە ناو حەوزی کوڵاو تا پێستی سەگی لەبەر دادەکەلاو دەبووەوە بنیادەم . خۆیشی دوعاکەی لەبەر کردباو کە گەیشتەوە لای دۆتمامی بیخوێندباو فووی لە دۆتمامی کردبا تا نەفسوونەکەی چیدی کاری لێ نەکا .

تومەز قەساب واگا بوو ! بردمیە حەمام و دوعاکەی خوێندو شۆڕی کردمەوە ناو حەوزی کوڵاو و بوومەوە بنیادەم . دوعای باڵندەکانم چەند جارێك دوبارە کردەوەو لەبەرم کرد . بەرەو ماڵ بوومەوە . لە ڕێگا هەر دوعاکەم دەخوێندتا دەرگا کرایەوەو گوڵ هاتە دەرێ . خێرا دوعاکەم فوو کردێ و گوتم : « بڕۆ ئێستر ! » . دۆتمام بوو بە ئێستر . هێنام لە گۆشەیەکی ژوورێ بەستمەوە . لەو ساوە هەموو جەمێ بەرماوی سەگی دەدەمێ . دەمی لێ نادا . دەچم کەللەسەری وشکی سەرۆکی جەردان دێنم و لەبەر چاوی ئەوەوە دەیدەمە بەر داران ئیدی دەست بە خواردن دەکا ..... ئەمە بوو هەقایەتی من . ئێستاش مادام تۆ ڕازی منت زانی دەبێ لە سەرت بدەم !

حاتەم گوتی : باشە بەلام ڕوخسەتم بدە دوو رکات نوێژ بکەم ئینجا بمکوژە ! حاتەم بەرماڵی لەسەر زەوی پان کردەوەو لەسەر دانیشت .

ئینجا ئەنگوستیلەی لە پەنجەی کردو گوتی : بەشقی حەزرەتی سلێمان بمبە مالّی ( دەرۆزەکەری ـ ویژدانت هەبێ ) .٠.

تا سیناوەر بە خۆی زانی حاتەم گەیشتە مالّی دەرۆزەکەری کوێر . کە کوێرە زانی حاتەم هاتۆتەوە گوتی : هاتیتەوە ؟!

حاتەم گوتی : بەلێ دەمبینی وا هاتوومەتەوە ! ئینجـــا هەقایەتی خۆی‌و سیناوەری بۆ کوێرە گێرایەوە . کوێرە گوتی : کەواتە فەرموو گوێ ڕاگرە منیش هەقایەتی خۆمت بۆ بگێرمەوە :

کاتی خۆی هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیم هەبوو . لە دوو برا زیاتر بووین بۆ یەکتر . هەردووکمان شوان بووین . شـــوانی مەڕی خەلّك بووین . ڕۆژێ شیرمان لە کاسە دۆشی بوو دامانناُبوو تا سارد بێتەوە . کەوچکێکمان خستبوە سەر کاسەکە . هاوڕێکەم ڕاکشا ، گـــوتی : « کە شیرەکە ساردبوەوە واگام بێنە بیخۆینەوە . » ئەو نووست‌و منیش لە سەرینگانی دانیشتم . تەماشام دەکرد دیتم مێشێکی بچووك لە کونی لووتی هاتە دەرێ‌و چوە سەر کەوچکەکەو وردە وردە بەسەر کەوچکەکەدا ڕۆیشت‌و لەو سەری هاتە خواری‌و ڕۆیشت تا گەیشتە غەرە بەردێك‌و چوە ناو غەرەکە . کە شیرەکە سارد بوەوە ، هاوڕێکەمم بانگ کـــرد ، گوتم : هەستە . دیتم مێشە بچووکەکە بە پەشۆکاوی گەڕایەوە بەسەر کەوچکەکەدا چوەوە ناو لووتی هاوڕێکەم . هاوڕێکەم قیـــت بوەوە ، گوتی : برا ، ئەوە بۆ واگات هێنام . لە خەونێکی خۆشدا بووم . لـــەو خەونەدا ـ بەسەر دەریایەکی شیردا پەڕیمەوە ، گەیشتمە قەلاتێك . چوومە ناو قەلاتەکە . چ ببینم باشە ؟! هەزاران گـــۆزە زێری پڕ زێڕو گەوهەر . خەریك بووم گیرفانەکانم پڕ دەکرد تۆ بێدارت کردمەوە .

گوتم : برام ، ئەمە خەون نیە . هەستە با بڕۆین . تۆ نازانی من شتێکم دیوە‌پاشان بۆت باس دەکەم . چووینـــە لای غەرە بەردەکە .

بەردەکانمان لابردو زەویمان هەڵکۆڵی . سەرقاپی گۆزەکان دەرکەوتن . بەردەکانمان دانایەوە جێی خۆیان‌و گەڕاینەوە گوندی . مەڕی خەڵکمان دایەوەو گوتمان ئیتر شوانی ناکەین . هەندێ توورەکەو گوریسمان هێناو هاتینە سەر گەنجینەکە . هاوڕێکەم چوە خوارەوە . منیش لە سەرەوە وەستام . گوریسم بۆ شۆڕ کردەوە . یەك یەك گۆزەکانی لە گوریسەکە دەبەست‌و من هەڵمدەکێشایەوە . کە گەیشتە دوا گۆزە شەیتان وەسوەسەی پێ‌کردم : بەردێکی بەسەری دادە ، با بمرێ‌و زێڕەکە هەمووی بۆ خۆت !!

بەردێکم بەردایەوە . بە سەری هاوڕێکەم کەوت . بوو بە باو باران‌و تۆفان هەستا . دونیا ئەوەندە تاریك داهات چاو چاوی نەدەدی . منیش لەپەو ڕوو کەوتمە سەر زەوی . کە پاش نەختێ وەخۆ هاتمەوە ، دیتم دنیایەکی تاریك‌و چاوم هیچ نابینێ ! هەر دوو چاوم کوێر ببوو و گەنجینەکەش هیچ دەوسی دیار نەبوو . لەو ساوە بۆتە ویردی سەر زمانم دەڵێم : « ویژدانت هەبێ ! » مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو کاتە ویژدانم هەبایەو برادەرەکەمم نەکوشتبا ، ئێستا هەردووکمان خاوەنی هەموو شتێ دەبووین .

بەیانی حاتەم سواری بەرماڵی حەزرەتی سلێمان بوو ، هاتە ماڵی بانگدەرێ چی لە دەرۆزەکەر بیستبوو بۆی گێڕایەوە . بانگدەر گوتی : مادام وایە منیش هەقایەتی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە :

ڕۆژێ چوومە سەر بان بانگ بدەم دیتم کچێکی جوان لە سەر بان وەستاوە سەیرم دەکا . کە بانگ تەواو بوو لە شەقەی باڵی‌داو ڕۆیشت . ڕۆژی دوەم‌و سێیەمیش هەمان کچ هات ، گوێی لە بانگ ڕاگرت‌و ڕۆیشت . ڕۆژێ پێم‌گوت : بە خوای خۆم‌و خۆت سوێندت دەدەم پێم

بڵێ تۆ کێی ؟ گوتی : من پەریزادم ، ئەشقی دەنگی تۆ بوویم ، بۆیە هەموو ئێواران دێم گوێت لێیدەگرم . گوتم : وەرە مێردم پێبکە . گــوتی : بنیادەم شیری خاوی خواردوە . وەفای نیە . تۆ لەگەڵ من هەڵناکەی ؟ گوتم : بە چ مەعلووم لەگەڵت هەڵ ناکەم !!

رازی بوو بەڵام بە مەرجێ دەست لە پشتی نەدەم‌و هەرچی کـرد ڕێی لێنەگرم . ئیدی لە خۆمم مارە کردو هێنـــامەوە ماڵێ . ماوەیەك پێچوو ، پەریزاد دوو کوڕی کاکۆڵزێڕی بوو . ڕۆژێ دایکم نەخۆش کەوت‌و پاشان عەمری خوای کرد . پەریزاد چوە سەر پەیژە دانیشـــت ئەوەندەی گوتم : حورمێ وەرە خوارێ . نەهاتە خوارێ . دایکمـــــان لەناو دارەبازە ناو کە هەڵمانگرت بیبەین پەریزاد دایە قـاقـای پێکەنین‌و ئەوەندە پێکەنی تا چاوی پڕ فرمێسك بوو . پاش ئەوەی دایکمان بە خاك سپاردو گەڕامەوە دیتم پەریزاد ژووری بە تاڵ کردوەو خەریکە دەیشوا . تێم ڕاخوڕی ـ حورمێ ، خۆ شێت نەبووی ؟ ئەوە بۆ وا دەکەی ؟ ئــەو پێکەنینەی پاش جەنازەو ئەم ژوورشووشتنەی ئێستات لە چیە ؟

گوتی : ئەدی شەرتمان نەکرد هەر چی بکەم نەڵێی بۆ وا دەکەی ؟ کە یەکێ دەمرێ دەوروبەری پڕ خوێن دەبێ ، جا بۆیە چوومە سەر پەیژە تا جل‌و پێڵاوم بە خوێن نەبێ .... ئینجا ڕۆژێ دایکت کفتەی لێ دەنا ، ولاغێك سەری لە پەنجەرە هێنایە ژوورێ ، دایکت کفتەیەکی لــە دەمی نـــا . کاتی جەنازەکەتان هەڵگرت ولاغەکە هاتبوو کفتەکـەی بە دەمەوە گرتبوو و لە پێش جەنازەکە ملچە ملچی دەکرد . ئێــوە نەتاندەدی ، من دەمدی بۆیە پێکەنینم ڕانەدەوەستا . ئێستاش وا خەریکم خوێن لـــەو دارو دیوارە دەشۆم .

ئیتر چ بڵێم . وازم لێ هێنا . شەوێ لەناو جێ بووم ، شەیتان هاتە بن کلێشەم ـ دەست بدە پشتی بزانە چ دەبێ ؟ هەر چەندەی گوتم : شەیتان بە لەعنەت بێ . کەلکی نەبوو . هێدی دەستم برد . دەستم بە پشتی داهێنا . دیتم دوو باڵی پێوەیە . کە دەستم بە باڵەکانی کەوت یەکسەر لە خەو ڕاپەڕی و گوتی : بە ڕاستی بنیادەم شیری خاوی خواردوە .

کەوتمە پاڕانەوە ـ خانم ، نەمزانی ... بێ دەستی خۆم دەستم بە پشتت کەوت . خانم ، ئەمن کردم ئەتۆ نەکەی .

نەچوە عەقڵی . هەستا منداڵەکانی لە بن هەنگڵی ناو لە شەقەی باڵی داو ڕۆیشت . بە تاقی تەنێ مامەوە . لە سەروپۆتەڵاکی خۆمم دا بەڵام کەلکی نەبوو .

لەو ساوە ، عەسران هەر دوو منداڵەکە دێنێ و لەسەربان دەوەستێ و گوێ لە بانگ ڕادەگرێ ، پاشان لە شەقەی باڵ دەداو دەڕوا . ئەوەندەی دەپاڕێمەوە نەڕوا قبووڵ ناکا . هەر بۆیەشە عەسران بە شەوق و خۆشی دەچم تا ژن و منداڵەکانم ببینم کە دەڕوا وەردگەڕێمە سەروپۆتەڵاکی خۆم و بێهۆش دەبم .

حاتەم گەڕایەوە لای کچی پاشاو هەقایەتی کابرای بانگدەر و هەقایەتی دەرۆزەکەری کوێر و هەقایەتی گوڵ و سیناوەری بۆ گێڕایەوە . حەفت شەو و حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕا و شاریان کردە چراخان و کچەیان بە حاتەم سپارد .

حاتەم ئەو سفرەی هێنا کە لە دێوەکانی سەند بوو ، پانی کردەوە و خەڵک هات تا تێرو پڕ بوون خواردیان .

# ٣٣ ـ کچـــانی هەنـار

هەبوو نەبوو شاژنێك هەبوو منـــدالی نەدەبوو . ڕۆژێ لە دلی خۆیدا لە خۆی گرتو گوتی : ئەگەر مندالێکم ببێ هۆقە هەنگوینێكو هۆقە ڕۆنێك دەکرِمو دەیدەمێ خۆی بۆ ماسیانی دەریای ببا .

شاژن سکی بوو ، پاش نۆ مانگ کوڕێکی بوو . پاشا زۆری کەیف پێ هاتو فەرمانی دا هەموو جێیەکیان کردە چراخان . کوڕە بوو بە یەك سالی ، بوو بە دوو سالی ، بۆ بە پێنج سالی .... شاژن نەزرەکـەی بە تەواوی لە بیر کرد . ڕۆژێ ، کوڕە تەمەنی ببوو بە بیستو یەك سال ، هاتەوە مالێ ، دایکی تەماشای قەدو قامەتی کردو داما ، لە دلی خۆیدا گوتی : وەی لە خۆم خافلێ ! کوڕم بوو بە بیستو یەك سالیو نەزرەکەم هەر نەهێنایە جێ .

کوڕەکە دیتی دایکی داماوەو چۆتە ژێری ، گوتی : دایە گیان ، چ بوە ؟ گوتی : کوڕم ، هیچ ! نەزرم کرد بوو ــ ئەگەر کوڕێکم ببێ هۆقـە ڕۆنێكو هۆقە هەنگوینێك بکرِمو بیدەمێ بۆ ماسیانی دەریای ببا .

کوڕە گوتی : ئەوە هەر هیچ نیە . بدە بیبەم .

ژنە چوو هۆقە ڕۆنێكو هۆقە هەنگوینێکی کڕیو دایە کوڕەکەی . کوڕە هەنگوینو ڕۆنەکەی بردو چوە کەناری دەریا . دیتی پیرەژنێـــك دانیشتوە . پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ، ئەوە دەچیتە کوێ ؟ گوتی : دایکم نەزری کردوە . هۆقە هەنگوینێـــكو هۆقە ڕۆنێکم هێنـــاوە بۆ ماسیانی دەریا دەیخەمە ناو ئاو .

پیرەژن گوتی : ماسی گیاندارێکی بێزمانە . هەنگوینو ڕۆنی بۆ چیە ؟! بێنە بیدە من بۆ خۆم بیخۆم ، خێرت دەگاتێ ، منیش دوعات بۆ دەکـــەم .

کوڕە تەماشای کرد پیرەژن قسەکەی ماقوولە . گــوتی : باشە ، فەرموو !

هەنگوینو ڕۆنی دایە پیرەژنو ویستی بگەڕێتەوە ، پیرەژن گوتی : « یا خوا ، کوڕم ، کچانی هەنارت بە نسیب بێ !! » کوڕە گوتی : دایە ، کچانی هەنار چیە ؟! پیرەژن گوتی : باخێك هەیە پڕ هەنارە — بڕۆ ئـەو باخە . کە پێت بە باخەکە کەوت دەنگو سەدای سەیرت دەکەوێتـــە بەر گوێ — یەکێ دەڵێ : « نەیەیتە ژوورەوە دەتکوژم . و یەکێ دەڵێ : « لێت دەدەم ! » . ئاوڕ نەدەیتەوە . بڕۆ هەندێ هەنار بڕنەو بگەڕێوە .

کوڕە چوو ، هەنارستانەکەی دۆزیەوە . چل هەناری لێکردەوەو گەڕایەوە . لە ڕێگا هەنارێك شکا ، کچێـــکی جوانی لێهاتە دەرەوە ، گوتی : نان ! ئاو !! کوڕە ئاوی پێنەبوو بیداتێ . کچە بەربوەوەو مرد . پاش چەند دەقیقەیەك هەنارێکیتر شەقی بردو کچێکی جوانی لێهاتــە دەرەوەو گوتی : نان ! ئاو !! ئەویش کەوتو گیانی ســـپارد . هەموو هەنارەکان کچیان لێهاتە دەرو مردن . مایەوە یەك تاکە هەنارو کوڕە گەیشتە سەر کانیەك . دوا هەنار شـــەقی بردو کچێکی جـوانی لێهاتە دەرێو گوتی : نان ! ئاو !! کوڕە زوو ئاوی دایە . کچە ڕووتو قووت بوو تەنیا یەك ملوانکەی لە مل بوو . کوڕە لە دڵی خۆیدا گوتی : ناکرێ بەم جۆرە بیبەمە شار ، دەبێ بچم جلو بەرگی بۆ بێنم .

کچــە زۆر هەوڵی دا کە کوڕە لەگەڵ خـۆی بیبـاو بە تەنێ جێی نەهێلێ بەلام کوڕە قبوولی نەکرد . دارنارنجێك لەسەر کانیەکە هەبوو ، کچە گوتی : دار نارنجەکەم ، سەرت دانەوێنە !

دارنارنج داهاتوه . کچه پێیخستە سەر لکێك‌و چوو لەسەر درەختەکە دانیشت . پاش نەختێ دادەڕەشێکی خێڵ‌و وێڵ هاتە سەر کانی گۆزەی پڕ بکا . وێنەی کچەکەی لە ئاودا دی وای زانی وێنەی خۆیەتی ، گوتی : من ئەوەندە جوان‌و نازدار بم‌و بێم گۆزە ئاو بۆ خانم ببەم ؟!

گۆزەی بە بەردێك داداو شکاندی . گەڕایەوە ماڵێ . خانم گوتی : گۆزەکەت چ لێ کرد ؟ گوتی : لە دەستم بەربووەوەو شکا . خانم گوتی : پەڕۆو پاتاڵی منداڵان ببە ، بشۆ !

دادەڕەش پەڕۆو پاتاڵی بردو چوە سەر کانی . دیسان وێنەی کچەکەی دی ، گوتی : من ئەوەندە جوان‌و نازدار بم‌و بێم پەڕۆوپاتاڵ بۆ خانم بشۆم ؟!

پەڕۆوپاتاڵەکەی بە ئاو داداو گەڕایەوە . خانم گوتی : ئەدی پەڕۆوپاڵەکە چی بەسەر هات ؟! گوتی : خانم ، من ئەوەندە جوان‌و نازدار بم‌و بێم پەڕۆوپاتاڵ بۆ تۆ بشۆم ؟!

خانم گوتی : دەك خۆرکت لێ کەوێ !! بەم بچمە ناشیرین‌و ئەم لچە ئەستوورانەت بڕۆ بەر ئاوێنە سەیری سەرو سیمای خۆت بکە ؛ بزانە چەند نازداری ! هەستە ، ئەم منداڵە ببە بیشۆ !

دادەڕەش منالەکەی بردو چوە سەر کانی . کە ویستی منداڵەکە بشوا دیسان وێنەی کچەکەی لەناو ئاودا دی‌و گوتی : من ئەوەندە جوان‌و نازدار بم‌و بێم منداڵ بۆ خانم بشۆم ؟!

ویستی منداڵەکە پەل پەل بکا بەلام کچی هەنار دڵی بە منداڵەکە سووتاو خۆی پێ نەگیراو هاتە دەنگ‌و گوتی : ئەها ، کچێ ، وای لم‌نەکەی ، ئۆمەتی محەممەدە !

دادەڕەش سەری بڵند کرد دیتی کچێکی ڕووت‌و قووت لەسەر درەختەکە دانیشتوە ، هەر دەڵێی ڕۆژە ! خێرا منداڵەکەی بردەوەماڵێ‌و دایەوە دەست خانم‌و گەڕایەوە بە کچەی گوت : خانم ، ڕێم ، بدە منیش بێمە لات .

ئەوەندە پاڕایەوە ، خۆی بە قوربان‌و بەلاگێڕ کرد تا کچە ڕازی بوو . کەزی کردەوەو شۆڕی کردەوە . دادەڕەش کەزی گرت‌و بەدارەکە هەڵگەڕا . گوتی : خانم ، ئەوە تۆ لێرە چ دەکەی ؟

کچە گوتی : من کچی هەنارم . مێردەکەم چوە جل‌و بەرگم بۆ بێنێ و بمبا .

دادەڕەش گوتی : ئەدی ئەم گەردانەیە چیە لە ملت کردوە ؟

گوتی : گیانی من لەم گەردانەیە دایە . ئەگەر لە گەردەنم بکەنەوە دەمرم .

دادەڕەش گوتی : خانم ، وەرە سەرت بڕۆنم !

گوتی : ئێمە مانان سەرمان ئەو شتانەی تێدا نیە کە تۆ بەدوایدا دەگەڕێی .

دادەڕەش زۆر پاڕایەوە ، کچە نەیویست دڵی بشکێنێ‌و ڕازی بوو .

دادەڕەش هێدی گەردانەکەی لە ملی کچە کردەوەو بەری دایەوە ناو ئاوی کانی . کچە بوو بە بنەگوڵە نەسرینێك‌و لە لێوی کانیەکە ڕوا .

پاش نەختێ کوڕە گەڕایەوەو گوتی : « وەرە خوارەوە ، بڕۆین ! »

دادەڕەش گوتی : من ناتوانم ئەم درەختە بەرزە بێمە خوارەوە .

کوڕە گوتی : ئەدی خۆت نەتگوت : « دار نارنج سەر دانەوێنە »و نارنج داهاتەوە .

دادەڕەش گوتی : ئەوسا داهاتەوە ، ئێستا نایەوێ دابێتەوە !

کوڕە چوە سەر درەختەکەو دایگرتە خوارەوە ، گوتی :

ئەم جلو بەرگەت لە کوێ بوو ؟

گوتی : بە ئەمانەت لە دادەڕەشێکم وەرگرت .

کوڕە گوتی : بۆ ڕووت وا ڕەش بوە ؟

دادەڕەش گوتی : لەبەر « با » و « ڕۆژ » .

کوڕە گوتی : چاوت بۆ خێل بوە ؟

دادەڕەش گوتی : ئەوەندەی چاوەڕێی تۆ بکەم !!

کوڕە گوتی : بۆچی پێت وا پان بوە ؟

دادەڕەش گوتی : ئەوەندەی هەستمو دانیشم .

کوڕە چیتری نەگوت . چەپکە نەسرینێکی چنیو دادەڕەشی بردو ڕۆیشت . دادەڕەش دیتی کوڕەکە هەر یاری بە گوڵەکان دەکاو هیچ خدووی خۆی ناداتە ئەو . گوڵەکانی لە دەست دەرهێناو پەڕ پەڕی کردن . کوڕە داهاتەوە بۆ ئەوەی گوڵەکان کۆ بکاتەوە دیتی چ گوڵ نیەو کڵاوێك لەوێ کەوتوە . کڵاوەکەی هەڵگرتەوەو ملی ڕێی گرت . دادەڕەش دیتی کوڕە هەر لەگەڵ کڵاوەکە خەریکەو هیچ ڕوو ناداتە ئەم . کڵاوەکەی لە دەست دەرهێناو فڕێی دا . کوڕە کەوتە شوێن کڵاوەکە ، دیتی کۆترێکی جوان لەوێ هەڵنیشتوە . کوترەکەی بردو کەوتەوە ڕێ ڕۆیشت تا گەیشتەوە ماڵێ . خەڵك کە دادەڕەشیان دی ، گوتیان : ئەم دادەڕەشەیە ئەوەندە فیزو پۆزە هەڵناگرێ . کوڕە بەسەرەخۆی نەهێنا . بە کرو بێدەنگی زەماوەندی خۆی کرد . پاش ماوەیەك دادەڕەش دیتی کوڕە مێشکی بە کۆترەکەوە خەریکەو هیچ ڕوو ناداتە ئەم ، گوتی : مەگیرانمە ، دەبێ کۆترم بۆ سەر ببڕی بیخۆم .

کوڕە گوتی : چەند کۆترت دەوێ بڵێ با بۆت بێنن !

دادەڕەش گوتی : دڵم گۆشتی ئەم کۆترەی تۆی دەوێ .

کوڕە قبوولی نەکرد . ڕۆژێ خۆی لە ماڵەوە نەبوو . دادەڕەش بە عیشوەو ناز بە پاشای گوت : مەگیرانیمە ، دڵم گۆشتی ئەم کـــۆترەی دەوێ بەڵام کوڕەکەت ڕێ نادا سەری ببڕن .

پاشا ئەمری کرد سەری کۆترەکەیان بڕی . دارچنارێك لـە جێی خوێنی ڕژاوی کۆترەکە ڕواو چڵو پۆپی هاویشت .

کە کوڕە هاتەوە زۆری هەوەس بە دارچنارەکە هات . هەمیشـــە لە دەوروبەری دەسووڕاو دەیدواند . دادەڕەش پێی لێ لە کەوشێ نـاو گوتی : دەبێ ئەم درەختە ببڕیتەوەو بۆ کۆرپەکەم بیکەیتە لانك .

کوڕە گوتی : ئەم درەختە بۆ ببڕمەوە خۆ دارقات نەبوە . لـە هەر درەختێکت دەوێ ئەمر دەکەم لانکت بۆ دروست بکەن .

دیسان ، ڕۆژێ کوڕە چو بوە ڕاو ، دادەڕەش چوە لای پاشـــاو مەسەلەکەی پێ ڕاگەیاند . پاشـــا فەرمانی دا درەختەکەیان بڕیەوەو لانکێکیان لێ دروست کـــرد . پارچەیەکی لێ مایەوە فڕێیـــان دایـە قوژبنێـــك .

پیرەژنێك هەبوو جار جار دەهاتە ماڵی پاشا . جلی دەشووشت و ماڵی دەماڵی ... ڕۆژێ چاوی بە پارچە دارەکە کەوت ، دڵی بۆ چوو ، گوتی : خانم ، ئەم پارچە دارەم بدەنێ ببەم بیخەمە ژێر خەڕاتەکەم .

دادەڕەش گوتی : هەڵگرە ، ببە .

پیرەژن دارەکەی بردو لە بن خەڕاتی دانا . ڕۆژی پاشی ، کە ئێوارێ هاتەوە ماڵێ دیتی هەموو شوێنێ وەك گوڵ پاك کراوەتەوە . لەبەر خۆیەوە گوتی : ئەم ماستە موویەکی تێدایە .

سبەینێ پیرەژن خۆی لە پەنا پەردە شاردەوە ، دیتی کچێك لەناو داری ژێر خەڕاتەکە هاتە دەرێ‌و ماڵی گەسك‌داو کە ویستی بچێتـــەوە ناو دارەکە ، پیرەژن لە پەنا پەردە هاتە دەرەوەو گوتی : توخوا مەڕۆ ، من کەسم نیە . وەرە ببە کچی من !

کچە نەچووەوە ناو دارەکەو لە ماڵی پیرەژن گیرسایەوە .

ڕۆژێ ، لە شار جاڕ درا ـ هەر کەسێ دەتوانێ با بێ ئەسپێ لــە مەیتەری پاشا وەربگرێ‌و بە خێوی بکا .

کچە بە پیرەژنی گوت : تۆش بڕۆ ئەسپێك ، بێنە :

پیرەژن گوتی : ئاخر ئێمە چ ئالیکمان نیە بدەینە ئەسپەکە !

کچە گوتی : تۆ هەقت نەبێ ؟

پیرەژن چوە لای پاشاو گوتی : ئەسپێکت بدە من !

پاشا گوتی : دایە ، تۆ ئالیك‌و شتت نیە ، ئەسپت بۆ چیە ؟

گوتی : کچە تاقانەکەم حەزی لێیە ئەسپێ بەخێو بکا .

بۆ ئەوەی پیرەژن دڵی نەشکێ‌و سکی بە خۆی نەسووتێ ، پاشا بــە مەیتەری گوت : ئەسپێکی شەل‌و مردەڵە بۆ پیرەژن پەیدا کەن . ئەگەر ما ، ما . ئەگەر تۆپیش ، ئەوە تۆپی .

پیرەژن ئەسپی وەرگرت‌و هێنایەوە ماڵێ . ئەسپ هەر هێنـــدە دەستی کچەی بە پشتێ کەوت بوو بە ئەسپێکی دروست‌و تەواو ! کچە کەزیەکانی لە ئاو هەڵکێشاو حەوشەی ڕشاند ، حەوشە بوو بە یــەك پارچە ئالیك .

دوای چەند مانگێك پاشا گــوتی : بڕۆن ئەســـپەکان بێننـــەوە . ئەسپەکانیان کۆ کردەوە . چوونە ماڵی پیرەژن بزانن ئەسپەکە ماوە یان تۆپیــوە ؟ دیتیان ئەسپ وا دەحیلێنێ زراوی پیاو دەبا . چوونە تەویلە

دەری‌بێنن ، ئەسپ جڵەوی نەدا . ئەوەی لە پێشەوە بۆی دەچوو دەیدا بەر چەپۆکانو ئەوەی لە دواوە بۆی دەچوو دایدەگرتە بەر لووشکان . نۆکەرەکانی پاشا گوتیان : دایە گیان ، ئێمە دەرەقەتی ئەم ئەسپە نایەین .. با یەکێ لە تەویلە دەری‌بێنێ بەڵکو بیبەینەوە .

کچە هات دەستی بە پشتی ئەسپەکە داهێناو گوتی : وەرە ، حەیوانی بەستەزمان برۆ ، چ وەفام لە خاوەنی تۆ دی ، تا لە تۆی ببینم !.
نۆکەران ئەسپەکەیان بردو رۆیشتن .

رۆژێ ، گەردانەی دادەرەشە پسا . کەس نەیتوانی پێوە بکاتەوە . کچە گوتی : دایە ، برۆ بە پاشا بڵێ من دەتوانم مرواریەکان پێوە بکەمەوە .

پیرەژن گوتی : کچی شیرینم ، ئەم ئیشە بە ئێمە ناکرێ ، واز بێنە !!

کچە وازی نەهێنا . ئاخیری پیرەژن چوو بە ترس‌و لەرزەوە بە پاشای گوت : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ . من ناڵێم ، کچەکەم دەڵێ دەتوانم مرواریەکان پێوە بکەمەوە .
پاشا گوتی : کچەکەت بێنە !

کچە چوە حوزوور پاشا . پاشا گوتی : دەتوانی مرواریەکان پێوە بکەی ؟

کچە گوتی : بەڵێ دەتوانم . بەڵام بەو مەرجەی تا هەمووی پێوە نەکەم نابێ کەس لەم ژوورە بچێتە دەرەوە .

کوڕی پاشا گوتی : هەر کەسێ دەیەوێ بچێتە حەوشە ( سەر دەستاو ) با ئێستا بچێ ، پاشان تا مرواریەکان هەموو پێوە نەکا دەرگا لە کەس ناکەمەوە .

لە ژوورەوە دەرگای کلیل داو دانیشت . کچە مرواریەکانی لە پێش خۆی داناو دەستی دایە داوێك‌و دەستی پێ‌کرد :

( من هەناری بووم بــە دارهەنارێکەوە ، هۆمرواریەکانم ! کــوڕی پاشـــا هات منی لێ کردەوە ، هۆ مرواریەکانم ! منی هێنا لەبــەر دارنارنجیك جێی هێشتم ، هــۆ مرواریەکانم ! دادەڕەشێك هــاتو گەردانەکەی لە مل کردمەوە ، هۆ مرواریەکانم ! )

که گەیشتە ئێــره ، دادەڕەش گوتی : باشه ، ئیتــر بەسـه ! گەردانەمان نەویست ! کچه گوێی نەدایێو بەردەوام بوو :

( فڕێی دامه ناو ئاوو بووم بە بنەنەسرینێك ، هــۆ مرواریەکانم ، کوڕی پاشا گوڵەکانی چنیم ، هۆ مرواریەکانم ! دادەڕەش دیتی کوڕه هەر لەگەڵ من خەریکه ، گوڵەکانی پەڕ پەڕ کرد ، هۆ مرواریەکانم ! بووم بــه کلاوێكو دادەڕەش لە دەست کوڕه دەری هێنــامو بە عەردی دادام ، بووم بە کۆتر ، هۆ مرواریەکانم ! ئینجا دادەڕەش مەگیرانی کردو سـەری به بڕین دام ، هۆ مرواریەکانم ! بووم بە چنار ، هۆ مرواریەکانم ! )

دادەڕەش دیسان گوتی : باشه ، ئێ ، ئیتر بەسـه !

( دارچنــاری بــه بڕینــەوه داو کردیانه لانکی کۆرپەکەی ، هــۆ مرواریەکانم ! پیرەژنێك هات پارچەیەکی لە دارەکه بردەوه ماڵی خۆیان ، هۆ مرواریەکانم ! بووم بە کچی پیرەژن ، هۆ مرواریەکانم ! ڕۆژێ ، پاشا ئەسپێکی لەڕو مردەڵەی پێ سپاردین بۆی به خێــو بکەین ، هــۆ مرواریەکانم ! ئەسپمان پەروەردە کردو نۆکــەر بردیانەوه ، هــۆ مرواریەکانم ! ئینجا گەردانەی دادەڕەش پسا ، هۆ مرواریەکانم ! )

دادەڕەش هەستا گوتی : وای سکم . دەرگا بکەوه ، بچمه دەرەوه .

کوڕی پاشا گوتی : تا هەموو مرواریەکان پێوه نەکرێن نابێ کەس بچێته دەرەوه ... کچه دەستی پێ کردەوه :

( کەس نەیتوانی پێوه بکا ، هۆ مرواریەکانم ! به پیرەژنم گوت بڕۆ

بلێ من بۆیان پێوە دەکەم ، هۆ مرواریەکانم ! پیرەژن گوتی : ئەم ئیشە بە ئێمە ناکرێ بەڵام کچە وازی نەهێنا ، پیرەژن چوو خەبەری دا پاشا ، هۆ مرواریەکانم ! پاشا داوای کچەی کردو گوتی : دەتوانی مرواریەکانن پێوە کەی ؟ کچە گوتی : بەڵێ بەو مەرجەی تا هەمووی پێوە نەکەم کەس لە ژوورەوە دەرنەچێ ، هۆ مرواریەکانم ! )

هەر جارەی کە دەیگوت : « هـــۆ مرواریەکانم ! » چـــەند دنکە مرواریەك دەکەوتنە پاڵ یەکتر ، تا هەموو پێـــوە کران . ئینجا کچـــە گەردانەکەی بۆ دادەرەش هاویشتو گوتی :

( ها ، بگرە ! چ وەفای بۆ خاوەنی هەبوو تا بۆ تۆی هەبێ ؟! )

کوڕی پاشا زانی ئەمە هەمان کچی هەناره . هەســـتا نێوچەوانی ماچ کردو فەرمانی دا دادەرەشیان لە کلکی ئەسپێکی چەمووش بەستەوەو بەریان هەڵدا چۆڵو بیابان . ئینجا حەفت شەوو حەفت ڕۆژ ئاهەنگیان گێڕاو هەموو مرازی دڵیان حاسڵ بوو .

# ٣٤ ـ شـازادەی حەلوافرۆش

هەبوو نەبوو پاشایەکی وجاخ ،کـویر هەبوو ، بۆ ئەوەی وجاخی تەواو کوێر نەبێتەوە ژنێکی‌تری هێنا بەڵام هەر منداڵی نەبوو . ڕۆژێ ، دەرویشێك هاتە بەر دەرگای ماڵی پاشاو سێوێکی دایە ژنی گەورەو گوتی : شەو وەختی نووستن ، ئەم سێوە بکە دوو لەت ـ خۆت لەتێ بخۆو لەتەکەی‌تر بدە پاشا . ژنە سێوەکەی وەرگرت . شەو ، خۆی لەتێکی خواردو لەتێکی دایە پاشا . پاش ماوەیەك سکی بوو کە ژنی گچکە دیتی هەوێکەی سکی هەیە ئێرەیی پێ‌بردو چوو بە پاشای گوت : ژنەکەت کەوتۆتە دوای داوێن پیسی ، هەر بۆیەشـە وا سکی بوە ، ئەگەر نا بۆچی پێشتر منداڵی نەدەبوو ؟!

پاشا قسەکەی چوە دڵو بڕوای کرد . ژنی گەورەی شـار بەدەر کرد . ژنە ڕۆیشت ، چوو گەیشتە دارهەنارێکی کلـۆر . خزایە نـاو کلۆرایی دارەکەو پاش چەند ڕۆژێ هەر لەوێ کوڕێکی بوو . کوڕە گەورە بوو ، تەمەنی گەیشتە پازدەساڵی . ڕۆژێ لە کۆڵانێ لەگـەڵ منداڵان تووشی دەمەقاڵێ هات . منداڵ لێی تووڕە بوون ، پێیان گـوت : بڕۆ هەی هەتیوی بێ دالکو باب !....

کوڕە گەڕایەوە لای دایکی‌و گوتی : دایە ، دەبێ پێم بلێی من کوڕی کێم‌و باوکم کێیە ؟

دایکی گوتی : کوڕم ، باوکت لەمێژە مردوە ! تۆ منداڵ بووی کـە باوکت مردو تۆی بە هەتیوی بەجێ‌هێشت .

کوڕە گوتی : قسەی وا نیە ، دەبێ پێم بڵێی باوکم کێیە !

ئەوەندەی دایکی نکوولی کرد سوودی نەبوو . ئاخیری ناچار بوو پێی بە جەرگی خۆیەوە ناو گوتی : کوڕم ، چت لێ بشارمەوە ، فلانـە پاشا باوکی تۆیە !! ئینجا دەستی پێ کرد سەرو سەربردەی خۆی بـە تەواوی بۆ گێڕایەوە .

کوڕە هەستا جلو بەرگی پۆشیو ڕێگای شاری باوکی گرتە بەر . لەو لاوەش ، دایکی هەستا بەرگی پیاوانی کردە بەرو سواری ئەسپ بوو و بە ڕێگایەکیتردا چوە سەر ڕێی کوڕەکەی . کـە کوڕە هات و گەیشتە لای ، دایکە پێیگوت : ئەگەر لە ڕۆحی خۆت بێزار نی بگەڕێوە ، ئێرە مولکی منەو کەس ناتوانێ بێرەدا بڕوا .

کوڕە ترساو گەڕایەوە . دایکیشی ئەسپی تاو داو بە لایەکیتردا هاتەوەو پێش کوڕەکەی گەیشتەوە جێ .

سبەینێ دیسان کوڕە هەستاو ملی ڕێگای گرت ، دیسـان دایکی بەرگی پیاوانی کردە بەرو سواری ئەسپ بوو و ڕێی لە کوڕەکەی گرتو گێڕایەوە .

ڕۆژێ سێیەم کوڕە نەگەڕایەوە ، گوتی : هەر چی دەبێ با ببێ . هەڵمەتی بۆ دایکی برد . لە سەر ئەسپ هێنایە خوارێو لە عەردی داو سواری سەر سنگی بوو و ویستی بیکوژێ . دایکە قیژاندی : کوڕە ، نەکەی . ئەوە خەریکی چی ؟ من دایکی تۆم !!

مەمکەکانی دەرهێناو پێشانی کوڕەکەی دا ، کوڕەکە گوتی : دایە ، ئەوە چ ئیشە تۆ دەیکەی ؟!

دایك گوتی : کـــوڕم ، دەترسم بڕۆیو نەگەڕێیتەوە . ویستم بتترسێنم بەڵکو لە کەڵی شەیتان بێیتە خوارێو واز لەم سەفەرە بێنی .

کوڕە گوتی : ئیللا بیللا هەر دەچم .

دایك گوتی : ئێستا مادام هەر دەڕۆی . هانێ ئەم بازووبەندەی باوکت لە بازووت کە ، بەکەلکت دێ .

کوڕە بازووبەندەکەی وەرگرت ، لە بازووی خۆی بەستو ڕۆیشت . تا گەیشتە نزیك شاری باوکی ، تووشی شـــوانێك هات ، گـــوتی : « هۆ ، شوانە ، بزنێکم پێ بفرۆشە . » بزنێکی کڕیو سەری بڕی . ورگەکەی دەسەر سەری خۆی داهێناو بوو بە کەچەڵێکی تەواو !! چوە شارو لای حەلوافرۆشێك بوو بە شاگرد .

پاشا دوو برای هەبوو . ڕۆژێ کچی یەك لەو برایانە لەگـــەڵ قەرەواشان دەچوە حەمام . چاوی بە کوڕەکە کەوت یەکسەر ئەشـــقی بوو . بە قەرەواشانی گوت : با بگەڕێینەوە ، من حەمامم ناوێ .

گەڕانەوە ماڵێ . کچە لە ڕێگا هەر بیری دەکردەوە ، چۆن ئیشێکی وا بکا بگاتە کوڕەکە . لە دڵی خۆیدا گوتی : وا بکەم نۆینێکم بۆ لێ بدەن باشە !! خەبەری بۆ بیرلێدەرانی شارد نارد . یەکێ گوتی : « بە دوو ڕۆژ ئەو نۆینەت بۆ لێدەدەم . » یەکێکیتر گوتی : « من بە یەك ڕۆژ بۆت لێدەدەم . » کچە گوتی : نەء ، زۆرە ... من هێندە خۆم پێڕاناگیرێ . دوایی یەکێك هاتە پێشو گوتی : « من بە دوو سەعات ئەو نۆینەت بـــۆ لێدەدەم . »

کچە گوتی : « خێرا ، بە قوربانە ، دەست پێ کە !! »

شەو ، کوڕە بە تاقی تەنێ لە دوکان دانیشتبوو ، لە گۆشەیەکی دوکانێ بوو بە ڕمبە ڕمب ، پاش نەختێ کونێك دەر بوو و سەرکە زەلامێك لە کونەکە هاتە دەرەوە . ئینجا سەرکە زەلامەکە چوەوە ژوورێ کونەکەی گەورەتر کردو گەڕایەوە . کوڕە سەری لەم کارە سوڕما . پاش بەینێ

دەنگی تەپڵو تار لە کونەکەوە هاتو چەند کچێ بە سروود خوێندن هاتن :

**وەرن تار لێدەین ، تەپڵ لێدەین !**
**شایی بکەین ، چەپلە لێدەین !**
**بچینە دوکانی حەلوافرۆش .**
**پلێبین وەرە ، حەلوافرۆش ، وەرە**
**خانمی نازدار تۆی دەوێ تـۆ !**

کوڕە وەڵامی دانەوە : ئیشم هەیە . پێم ناکرێ ..

قەرەواش گەڕانەوە خەبەریان دایە خانم . پاش ماوەیەك بە تەپڵو تار هاتنەوە گوتیان : خانم دەڵێ : هەر دەبێ بێ ، زوو بە زوو بێ ، دڵم شەق بوو ، جەرگم لەتوپەت بوو ..

کوڕە چوو ، دیتی خانم چاوەڕێی دەکا . خانم هەر کە چاوی بە کوڕە کەوت گوتی : ئەوە بۆ جاری یەکەم نەهاتی ، نازانی من بە ئەشقی تۆ سووتاوم !

کوڕە دانیشت . تا بەیانی ڕایانبوارد . تێر قسەیان پێکەوە کرد . سبەینێ زوو کوڕە گەڕایەوە دوکانو بە تەنگاویو شلەژاوی دەستی بە حەلواکردن کرد .

هەموو شەوێ ، قەرەواشان دەچوون کوڕەیان دەبردە لای کچەو سبەینێ زوو کـــوڕە دەگەڕایەوە دوکانێ .. ڕۆژێ ، خەفیەی پاشـــا پێیان زانیو خەبەریان دایە پاشاو گوتیان : برازات ئیشێکی ئاوها دەکا !!

پاشا گوتی : دەبێ بچم بە چاوی سەری خۆم ببینم !!

پاشا هەستا بەرگی دەروێشـــــانی کردە بەرو چـــوە دوکانی حەلوافرۆشو گوتی : میوانی خوام ... ئەمشەو داڵدەم بدە ، خێـــرت دەگاتێ !

کوڕە گوتی : من بۆ خۆم جێم نیە . جێ بۆ تۆ لە کوێ بێنم ؟... پاشا هەر پاڕایەوەو کوڕە هەر ڕەتی کردەوە ... تا ئاخیری کوڕە دڵی نەرم بوو ، پاشای بردە دوکانێ .

بەترەکی شەو چوو ، پاشا دیتی قەرەواش بە تەپڵو تار هاتن . کوڕە ڕەوانەی کردنەوە گوتی : بڕۆن بە خانم بڵێن ئەمشەو میوانم هەیە ، پێم ناکرێ بێم ... قەرەواش چوون بە خانمیان ڕاگەیاند . خانم گوتی : بڕۆن بڵێن قوربانی میوانیشی دەبم ، با بە خۆو بە میوانەوە بێن .

کوڕەو پاشا چوونە لای کچە . پاشا دیتی کچێ برای خۆی لە تەڵ داوەو دانیشتوە . کچە گوتی : بابە دەروێش ، بۆ وا چاوت زیت کردۆتەوە تەماشام دەکەی ، بڕۆ ، بۆ خۆت بڕۆ لای قەرەواش‌و نۆکەران ... ئینجا بانگی قەرەواشانی کردو گوتی : کچینە ، پارچە ئێسکێ ، شتێ بۆمام دەروێش ببەن بۆ خۆی بیرنێتەوە !

پاشا وای لێ‌هاتبوو خەنجەرت لێ دابا خوێنی لێ‌نەدەهات . چوو لای قەرەواش و نۆکەران بخەوێ ، بەڵام قەت خەوی لێ‌دەکەوێ ؟! تا بەیانی چاوی لێك نەناو هەر کەلەکی وەرگێڕا . بەیانی زوو کوڕەکە هەڵی سەندو گوتی : هەستە ، بابە دەروێش ، درەنگمان بەسەردا هات . وەستا بێ شەرم لەگەڵ دەکا ، هێشتا حەلوام دروست نەکردوە ... هەستان گەڕانەوە دوکان . کوڕە گوتی : بابە دەروێش ، کۆمەکم بکە ، حەلوام لەگەڵ بکوتە ، ئینجا بڕۆ !!

پاشا هیچ بەسەر خۆی نەهێنا . حەلوای کوتاو ڕۆیشت .

پاشا خەبەری دا بە براکەی تری‌و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە . شەو ، هەردووکیان پێکەوە چوونە دوکانی حەلوافرۆش . کوڕە سەیری کرد ئەم شەو بابە دەروێش هاوڕێیەکیشی لەگەڵدایە ، گوتی : دوێنێ

به خورتی جێی نەفەرێکم پێ کرایەوە ! ئەمشـــەو جێی دوو نەفـــەرم پێ نابێتەوە . بۆ خۆتان برۆنە جێیەکی تر .

پاشا گوتی : لە ڕێی خوا ، خێرت دەگاتێ جێیەکمـــان بدێ لێی بنووین . هیچ جێمان نیە ! بۆ خۆمان لە قوژبنێك هەڵدەتروشـــکێین و شەو دەبەینە سەر . کوڕە گوتی : باشە ، وەرنە ژوورەوە .

دیسان بەترەکی شەو چوو ، قەرەواش بە بەپڵ و تار هاتن :

**وەرن تار لێدەین ، تەپڵ لێدەین !**
**شایی بکەین ، چەپلە لێدەین !**
**بچینە دوکانی حەلوافرۆش .**
**بڵێین وەرە ، حەلوافرۆش ، وەرە**
**خانمی نازدار تۆی دەوێ تـۆ !**

کوڕە گوتی : برۆن بە خانم بڵێن ئەمشەو دوو میوانم هەیە ، پێم ناکرێ بێم . قەرەواش چوون و هاتنەوە گوتیان : خانم دەڵێ قوربانی هەر دوو میوانیشی دەبم . با ئەوانیش بێنێ .

بە نۆینەکەدا چوون و لە ژووری کچەکە هاتنە دەرەوە . کچـــە گوتی : بابە دەروێشینە ، نۆکەرو کارەکەر لەو ژوورە نووستوون ، برۆن لەوێ بخەون .

پاشا بە خۆی بە براوە تا سبەینێ خەویان نەچـــوە چاو . بەیانی هەستان و چوونەوە دوکان . کوڕە گوتی : بابە دەروێشینە ، ئەمرۆ زۆر دواکەوتووم ، وەرن هاریم بکەن : حەلوام لەگەڵ بکوتن ، ئینجا برۆن .

هەر یەکە دەستی کردە شوونکێك و کەوتنە حەلواکوتان !

سەینێ براکەی تریشیان ئاگادار کردەوە ، کە باوکی کچەکە بوو ، مەسەکەیان بۆ گێڕایەوە . باوکی کچە بڕوای نەکرد ، گوتی : کچی من لەوا نیە خۆی لەبەر حەلوافرۆشی کەچەڵ بگا !!

دیسان ، بەرە بەری ڕۆژاوا بەرگی دەروێشانیان کردە بەرو چوونە دوکان . کورەکـــە گوتی : شـــەوێ دی بە خورتی جێی دوو نەفەرم پێ کرایەوە ، جێی سێ نەفەرم هەر پێ ناکرێتەوە !

پاشا گوتی : لە قوژبنێك هەڵدەتروشکێین‌و شەو دەبەینە سەر .

کوڕە گوتی : باشە ، وەرنە ژوورێ .

چوونە ژوورەوە . دانیشتن . بەترەکی شەو چوو . دەنگ‌و هەرا لە گۆشەیەکی دوکانەکە بەرز بوەوە . قەرەواشان بە تەپڵ‌و دەف هاتنە دەرێ کوڕەکە ببەن . کوڕە گوتی : بڕۆن بە خانم بڵێن ئەمشـــەو پێم ناکرێ بێم ، سێ میوانم هەیە . قەرەواش چوون‌و هاتنەوە گـــوتیان : خانم دەڵێ سێ میوان هەر هیچ نیە ، با سەد میـــوان بن ، هەموویان بێنێ‌و بێ !

چوون ، باوکی کچە دیتی کچەکەی خۆی لە تەل داوەو چاوەڕێی کوڕە کەچەڵ دەکا . مێشکی لەســـەری دا نەما ، ویســـتی شمشێری هەڵکێشێ‌و کچەو کوڕە پێکەوە بکوژێ بەڵام پاشا دەستی گرت‌و گوتی : سەبرت هەبێ ، سبەی دەردیان دەرمان دەکەین !

کچە گوتی : بابە دەروێشینە ، لێرە مەوەستن ، بڕۆنە ئەو ژوورە لای نۆکەرو قەرەواشان بخەون !! سبەینێ کوڕە هەرسێکی هێنانەوە دوکان‌و یەکەو شوونکی لە دەست نان‌و حەلوای پێ کوتان .

کە گەڕانەوە ، پاشا بەرگی غەزەبی پۆشی‌و لەسەر تەخت دانیشت‌و فەرمانی دا بڕۆن کوڕە بێنن !

کوڕە لە دوکان دانیشتبوو کە پیاوەکانی پاشا بە ژوورێ وەر بوون ، کوڕە لە دڵی خۆیدا گوتی : قەوما ! لە کەس نەقەومێ !

گرتیان‌و بردیانە حوزوور پاشا . پاشا گوتی : کـــوڕە ، ئەمە چ ئیشێکە تۆ دەیکەی ؟!

کوڕە گوتی : ئیشی چی ؟ چیم کردوە ؟

پاشا گوتی : ( چت نەکردوە ؟ ) ئەدی کێ هەموو شەو دەچێتە لای کچی برامو سبەینێ دێتەوە ؟! !

کوڕە گوتی : من ئاگام لە هیچ نیە .

پاشا گوتی : ئاگات لە هیچ نیە ؟ من بە چاوی سەری خۆم دیم . ئەو دەروێشەی سێ شەو بوو دەهاتە لات ، ئەوە من بووم ... میر غەزەب ، وەرە لەسەری دە !!

کوڕە کە دیتی ئیش قەوما ، گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ! یەکەم جار ئەمر بفەرموو جلەکانم لەبەر دابکەنن ، ئینجا لەسەرم بدەن ، چونکە دایکم وای وەسیەت کردوە .

پاشا گوتی : باشە .

جلیان لەبەر کوڕە داکەند . پاشا چاوی بە بازووبەندەکە کەوت . زانی بازووبەندی خۆیەتی ، گوتی : کورە ، ئەمەت لە کوێ پەیدا کردوە !

کوڕە گوتی : دایکم پێی داوم !... ئینجا سەربردەی خۆی لە سەر تا پیواز بۆ پاشا گێڕایەوە . پاشا زانی ئەمە کوڕی خۆیەتی . ڕاست بوەوە ، ناوچەوانی ماچ کردو گوتی : ئەدی دایکت کوا ؟!

گوتی : لە فلانە شارە .

پاشا گوتی : زوو بڕۆ ، بیهێنە .

کوڕە چوو دایکی هێنا . دۆتمامیان لە کوڕە مارە کردو حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بوو بە بەزمو ئاهەنگو شادی .

# ٣٥ ـ لەش تیژ

لە زەمانی هەرە کۆن پاشایەك هەبوو ، ڕۆژێ کوڕێکی بوو ناوی نا « لەش تیژ » . هەموو فالگرەوەو ئەستێرەناسەکانی کۆکردەوەو گوتی : وەرن فالبگرنەوەو ئەستێرە بگرنە بەر سێرە بزانن بەختی کوڕەکەم چۆن دەبێ .

فالگرەوەو ئەستێرەناس فالیان گرتەوەو لە ئەستێرانیان نۆڕیو گوتیان : کوڕت ئاوارە دەبێو تووشی غەریبایەتی دێ !

پاشا فەرمانی دا خانوویەکی تاریكو نوتەکیان بۆ کوڕە دروست کرد تا دونیای ڕۆشن نەبینێو بۆ هیچ لایەك نەچێ . کوڕی وەزیرو کوڕی وەکیلیشی نارد بۆ ئەوەی لەگەڵ کوڕی پاشا بژینو بخوێنن .

ڕۆژێ ، چێشتکەر لە دڵی خۆیدا گوتی : ئێمە هەموو دەمو زارمان کوڵ بوو ئەوەندەی ئێسك بڕنینەوە ، با جارێکیش ئەوانە ئێسك بڕننەوە ... ئینجا ئێسکێکی گەورەی خستە سەر پلاو و بۆ منداڵەکانی نارد . کوڕی پاشا ویستی ئێسکەکە بخوا . کوڕی وەزیر دەستی گرتو گوتی : نەکەی ، نەیخۆی ، نەوەك لە گەرووت گیر دەبێو دەمری . کوڕی پاشا توورە بوو و ئێسکەکەی تێهەڵدا . ئێسك بە مینای ڕەشی پەنجەرە کەوتو پارچەیەکی شکاندو لە شوێنی شکانەکە تیرێژی ڕۆژ هاتە ژوورەوە . کوڕی پاشا قەت ڕۆژی نەدی بوو ، بۆیە لەگەڵ تیرێژەکە کەوتە یاری . کوڕی وەزیر گوتی : ئەمە هەر هیچ نیە . تۆ بڕۆ دەرێ ـ مانگ هەیە ، ڕۆژ هەیە ، دونیای گەورەو ڕۆشن هەیە !

کوڕی پاشا گوتی : ئەدی کە وایە باوکم بۆچی منی لەم خانوە تاریکە بەستاوە ؟! بڕۆن پێی بڵێن دەمەوێ بێمە دەرەوەو بچمە ڕاوو شکار .

پاشا ، خۆش‌و ناخۆش ، ڕێی کوڕەکەی دا بچێتە ڕاووشکار . لە ڕێگا ، دوور بە دووری پیرەژنێکیان دی جامە ماستێکی لەسەر دەست بوو دەچووەوە ماڵێ . کوڕی پاشا گوتی : کێ دەتوانێ بە یەك تیر جامی سەر دەستی پیرەژن بپێکێ ؟ کوڕی وەزیر تیرێکی هاویشت نەیپێکا . کوڕی وەکیل هاویشتی نەیئەنگاوت . کوڕی پاشا هاویشتی ، لە جامە ماستی پیرەژنی داو جام شکاو ماست بە سەرو چاوی پیرەژن‌دا پژا . پیرەژن گوتی : یاخوا گرفتاری « حەفت خەڵخاڵ » بی .

کوڕی پاشا گوتی : دایە ، حەفت خەڵخاڵ کێیە ؟

پیرەژن شکڵێکی دەرهێناو نیشانی دا . کوڕی پاشا تەماشای شکڵەکەی کردو نەك بە یەك دڵ ، بە سەد دڵ ئەشقی بوو . ئیدی ڕاوی بەرداو گەڕایەوە بە دایکی گوت : دایە ، حاڵم پەشێوە ، جێم بۆ ڕاخە ، دەنووم !!

دایکی گوتی : کوڕی شیرینم ، تۆ بە ساغ‌و سەلامەتی چوویتە ڕاو ، ئەو بەڵایە چ بوو بەسەرت هات ؟

کوڕە ڕووداوەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە . دایکی گوتی : بە باوکت دەڵێم بەڵکو چارەیەکت بۆ بکا . باوکە گوتی : ئەمە شکڵی کچی حەفت خەڵخاڵە . شای دێوان ئەسیری کردوەو لە کۆشکی خۆی بەندی کردوە . چەند جار لەشکرم کردۆتە سەر ، زەفەرم پێ نەبردوە ! دایکە گەڕایەوەو مەسەلەکەی بە کوڕە ڕاگەیاند . کوڕە گوتی : مادام وای لێ هات دەبێ خۆم بچم ! هەستا هەندێ زێڕو زیوی لە خورجینە کردو سواری ئەسپ بوو و ڕۆیشت . ئەوەندەی باوك‌و دایکی بە بەری داکەوتن کە نەچێ یان

ئەگەر هەر دەچێ لەشکر لەگەڵ خۆی ببا ، کوڕە قبووڵی نەکرد . ئاخیری دایکی گوتی : کوڕی شیرینم ، ( مادام هەر دەچی ، یەك وەسیەتم هەیە ) گەیشتیتە هەر شارێك ، لە دەرگای یەکەمین ماڵ بدەو بڕۆ ژووری .

کوڕە ڕۆیشت تا گەیشتە بن دارچنارێکی گەورە . فراوینی دەرهێناو دەستی بۆ برد سوارێك لە لای ڕۆژهەڵاتەوە هاتو لە تەنیشتی دانیشت ، کە هەردووکیان ، بە دوو قۆڵی دەستیان بۆ خواردن برد ، سوارێکی‌تر لە لای ڕۆژاواوە هاتو لای دایە کنیان . هەر سێکیان بەیمانیان بەستو بوون بە برا ئینجا فراوینیان خواردو بە یەکەوە بە ڕێ کەوتن ! بەرەبەری ڕۆژاوا گەیشتنە شارێك . لە دەرگای یەکەم ماڵیان دا . پیرەژنێ هاتە دەرەوە گوتی : ( من هیچ جێو ڕێم نیە ) ، نانی ئێلەللام نیە ، ئەوەتە ئەمە ماڵی کیخوایە ، بڕۆنە ئەوێ .

کوڕە دەستی برد مستەزێڕێکی لە کۆشی پیرەژن کرد . پیرەژن کە چاوی بە زێڕەکە کەوت گوتی : فەرموون ، فەرموون ، وەرنە ژوورەوە ، پێڵاوتان سەر چاوم !!

هەر سێ برا چوونە ژوورەوە ، ئەسپیان بردە تەویلەو هاتنەوە دانیشتن . لەش‌تیژ گوتی : هەندێ ئاومان بۆ بێنە بخۆینەوە . پیرەژن گوتی : هەر چیت دەوێ حازرە ، بەڵام باسی ئاو مەکە ، چونکە لەم شارە ئەژدیهایەك هەیە چۆتە ناو سەرچاوەی ئاو و بەری ئاوەکەی گرتوە . هەر ڕۆژەی دەبێ یەکێ بچێو ئەژدیها بیخوا ، ئینجا لاقێکی بەرز دەکاتەوە و نەختێ ئاو بەر دەبێ . ئەوەی دەست‌وبرد بکا ئاوی دەست دەکەوێ ، ئەوانەی‌تر بێ ئاو دەمێننەوە .

لەش‌تیژ بێ دەنگ بوو . شێویان خواردو نووستن . نیوەشەو ، لەش‌تیژ هەستا چوە دەرێ ، دیتی کچی پاشا دەوریەك پلاوی لەسەر

سەرەو دەڕوا . گوتی: کچەکە ، ئەوە بەم شەوە کێوە دەچی ؟ کچە گوتی : دەچم بۆ ئەوەی ئەژدیها بمخوا تا نەختێ بەری ئاو بەر بدا . لەش‌تیژ گوتی : تۆ بێنە ئەم پلاوە بدە من بیخۆم ، پاشان من دەچم ئەژدیها دەکوژم‌و لە کۆڵتانی دەکەمەوە . کچە گوتی : نەخێر نایدەم ، ئەگەر بتدەمێ باوکم لێم زویر دەبێ . کوڕە گوتی : خۆ هێندە زەحمەت نیە ، ئەگەر دیتت ئەژدیهام پێ نەکوژرا ، ئەو حەلە بڕۆ پێش با بتخواو بەری ئاوەکە بەر بدا .

کچە دەوری پلاوی لەسەر زەوی دانا . لەش‌تیژ خواردی‌و تێر بوو . ئینجا هەستا چوە لای ئەژدیهاو شمشێری هەڵکێشاو لەگەڵ ئەژدیها کەوتە شەڕ . ئەژدیهای کوشت بەڵام لەبەر هەناسەی ئەژدیهاکە ، بێهۆش کەوت . کچە چوو ناو لەپی خۆی بە خوێنی ئەژدیها کردو لە پشتی کوڕەی داو گەڕایەوە ماڵێ . باوکە گوتی : ئەوە گەڕایتەوە ؟! ئەم لەشە بێ سوودەت چ نرخێکی هەیە ، وا دەترسی ؟ ئەمڕۆ خەڵکی بێچارە بێ ئاو دەمێننەوە .

کچە چی بەسەر هاتبوو ، هەمووی بۆ باوکی گێڕایەوە . زۆری پێ نەچوو ، ئاو بە هەموو شوێنێ وەر بوو . هەر کەسە جەڕەو گۆزەی خۆی برد پڕی کرد . پاشا گوتی : بڕۆن ئەو گەنجەم بۆ بدۆزنەوە . گەڕان ، بەو ناونیشانەی کچی پاشا دابووی دۆزیانەوە . پاشا فەرمانی دا گەوهەریان بەسەر دا باراند . ئینجا گوتی : شادومانم کە ئەم چاکەیەت لەگەڵ کردین ، ئەژدیهات کوشت‌و ڕزگارت کردین . هەروەها شادومانم کچی خۆمت دەقەبەر بکەم ... ئومێدەوارم بە کەنیزەك قبووڵی بفەرمووی .

لەش‌تیژ گوتی : من لە دوای کچی حەفت خەڵخاڵ دەگەڕێم !

یەکێك لە براکان شکڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا ، بە موو جیاوازی نەبوو لەگەڵ کچی پاشا ، کچی پاشایان دایێ . کە زەماوەند تەواو بوو ،

لەش‌تیژو برای لەو شارە ڕۆیشتن . ڕۆیشن تا گەیشتنە شـــاریکی‌تر . دیسان لە دەرگەی یەکەم ماڵیان دا . پیرەژنێك هاتە دەرەوە . لەش‌تیژ گوتی : دایە گیان ، ئەمشەو داڵدەمان بدە ، میوانی تۆین ؟!

پیرەژن گوتی : بە هەمووی یەك چاوە خانووم هەیە . بە خورتی جێی خۆم دەبێتەوە . لەش‌تیژ مستە زێڕێکی لە گیرفانی دەرهێناو لە دەستی کرد . پیرەژن کە چاوی بە زێڕ کەوت گوتی : دە فەرموون ، فەرموون ، جێ زۆرە ، جێی خۆتانو ئەسپەکانیشتان دەبێتەوە .

ئەسپەکانیان بردە تەوێلەو چوونە ژووری دانیشـــــتن ، گوتیان : هەندێ نانمان بۆ بێنە بخۆین !

پیرەژن گوتی : لەم شارە نان دەست ناکەوێ . ئەوە چەند ســـاڵە ئەژدیهایەك بە شارەکەمان فێر بوە ، ئاگری لـــــە زاری دەبارێ . زەوی دەکێلینو دایدەچێنین کە وەختی دروێنە دادێ ئەژدیها هەناسەیەك دەداو فوویەك دەکا دەشتو بیابان دەسووتێنێو دەیکا بە خۆڵەمێش ... کوڕە پرسی : ئەژدیهاکە لە کوێیە ؟ کـــە زانی لە کوێیە هەستا چوو . کـــە ئەژدیها چاوی بە کوڕەکە کەوت هەناسەیەکی هەڵمژی بۆ ئەوەی کوڕەکە ڕاکێشێتە ناو زاری ، لەش‌تیژ بە هەر دوو دەستان شمشێری گـرتو لە پێش خۆیەوە ڕایگرتو کە ئەژدیها هەڵی‌لووشی شمشێرەکە ئەژدیهای شەق کرد . ئەژدیها لەت بوو و کەوتە سەر زەوی . لەش‌تیژ گوێو لووتی ئەژدیهای بڕیو گەڕایەوە ماڵی پیرەژن .

بەیانی زوو ، شوان مەڕی هاژوا دیتی بزنێك لە ئەژدیها نزیك بوەوە ، شوان بزنی دەنگ دا بگەڕێتەوە ، بزن نەگەڕایەوە ، ئاخیری بە ترسەوە لە ئەژدیها نزیك کەوتەوە تەماشای کرد جوولەی نیە . کە چوە ســـەری زانی کراوەتە دوو لەت . هەر ڕایکردو خەبەری دایە پاشا . پاشا گوتی : بڕۆن ، جاڕ بدەن . ئەوەی ئەژدیهای کوشتوە بێ خەڵاتی بکەم .

لەش‌تیژو براکانی چوونە خزمەت پاشـــاو گوتی : ئەژدیهـــا من کوشتوومە ! پاشا گوتی : بەلگەت چیە ؟ لەش‌تیژ گوێ‌و لووتی ئەژدیهای دەرهێناو لـە پێش پاشا داینا . پاشـــا فەرمانی دا تەبەقـــە زێڕێکیان بەسەردا کرد . ئینجا گوتی : ئەوە لە پاداشتی ئەو چاکەیە ، کچی خۆم پێشکەش کردی ، بە کەنیزەك قبوولی بفەرموو .

لەش‌تیژ گوتی : من لە دوای کچی حەفت خەڵخاڵ دەگەڕێم !

براکەی شکڵێکی لە گیرفانی دەرهێنا ، بە موو لەگەڵ کچی پاشـــا جیاوازی نەبوو . کچەیان دایێ . کە زەماوەند بڕایەوە ، لەش‌تیـــژ ملی ڕێی‌گرت‌و ڕۆیشت . ڕۆیشت تا گەیشتە ئەشکەوتێکی گەورە . چوە نـــاو ئەشکەوتەکە چاوی بەم لاو بەو لادا گێڕا ، شانشینێکی جوانی دی کچێکی وەکو ڕۆژ لەبەر پەنجەرە دانیشتبوو . کچێ بوو ، لە سبەینێ تا ئێوارێ ، نە بکەی نە بخۆی ، هەر تەماشای خەت‌و خاڵ‌و گوڵی گـــۆنای بکەی . شکڵەکەی گیرفانی دەرهێنا ، تەماشای کرد زۆر بەو کچە دەچێ . کچە هاتە دەنگ‌و گوتی : دەزانم تۆ عەوداڵی خوشکم بووی . بەڵام دڵنیا بە خوشکم بە دەستی شای دێوان ئەسیر بوە . زۆر کەس بە دوایدا چوە بەڵام کەس نەگەڕاوەتەوە ... وەرە پیاوی چا بە ، من بخوازەو ڕێ‌و ڕێ بگەڕێوە .

لەش‌تیژ گوتی : نەخێر شتی وا نابێ ! دەبێ خاوەنی ئەم شـــکڵە هەر بدۆزمەوە .

کچە گوتی : مادام هەر ناگەڕێیـــتەوە ، وەرە من ڕێ‌و شوێنت نیشان دەدەم . برۆ ولمە گۆشتێك‌و گلمتە خوێیەك‌و شانەیەك‌و گـــۆزە ئاوێك پەیدا کەو وەرەوە پێت دەڵێم چ بکەی ؟ چ نەکەی ؟

کورە هەمووی کڕی‌و هێنای .

کچە گوتی : ( بڕۆ فلانە جێ . بەردێکی ڕەشی لێیە ، نووسینێکی لەسەرە ، نووسینەکە بخوێنەوە ، بەردەکە لە خۆڕا بەرز دەبێتەوە بنی لە غەمە ، بڕۆ خوارێ . دەگەیتە ئەسپێك ئێسکی لە پێشەو سەگێك جۆی لەبەرە . ئێسکەکە ببە لە پێش سەگەکە دانێو جۆیەکە ببە لەبەر ئەسپەکەی ڕۆکە ... ئینجا دەگەیتە گورگێك هەندێ گۆشتی بدێ . دەرگایەکی والا دەبینی دایخە ، دەرگایەکی داخراو دەبینی بیکەوە . مافووری لوول دراو پان کەوەو مافووری پانکراوە لوول دە . بە چلکاو بلێ : وای ، چتۆ ئاوی زولالی کە هاتمەوە مستێکت لێدەخۆمەوە . کە گەیشتیتە دڕکەجاڕ بلێ : وای ، لەو دەرزیو سنجاقە جوانانە ، کە گەڕامەوە هەندێکی دەبەم . ڕێت دەدەن . بڕۆ ژوورەوە . بڕۆ ، بڕۆ دەگەیتە دارهەنارێك . ئەسپەکەت لە بن دارهەنارەکە ببەستەوەو خۆت بچۆ سەر دارەکە .

شەو ، کە چاو چاو نابینێ ، کچە دێننە بن دارەکەو دەڵێن : ئەی دار هەنار ، هەنارت بۆ هێناوین ؟ هەنارێك لێبکەوەو فڕێی دە خوارەوە . کچە دەبەن بە دونیادا دەیگێڕنو دەیهێننەوە بن دارەکەو دەڵێن : ئەی دار هەنار ، تەنیا یەك هەنارت بۆ هێناوین ؟ هەنارێکیتر لێبکەوەو فڕێی دە خوارەوە . دیسان کچە دەبەنو بە دنیادا دەیگێڕنو دێنەوە دەڵێن : ئەی دار هەنار ، تەنیا دوو هەنارەت بۆ هێناوین ؟ هەنارێك لێبکەوەو بلێ : سێ هەنارو لەشتیژێکم هێناوە ... ئەو حەلە ، کچە خۆی لەسەر تەخت تێهەڵدەدا ــ ئەگەر لە هەوا بیگریتەوە ، دونیا دەبێتە بەهار ، ئەگەر بکەوێتە سەر زەوی دەبێتە پایز . )

کوڕە ملی ڕێی گرتو ڕۆیشت تا گەیشتە بن دارهەنارەکە . ئەسپی بەستەوەو بەسەر دارهەنارەکە کەوت . کچەیان گێڕاو هێنایانە بن دارەکە

لەش‌تیژ کە هەناری سێیەمی بەردایەوە ، گوتی : سێ هەنارو لەش‌تیژێکم هێنـــاوە .

کچە خۆی لەسەر تەخت تێ هەڵدا ، لەش‌تیژ پڕی دایە کەمەری گرت‌و خۆی هەڵدا سەر ئەسپ‌و تێی‌تەقاند . ئیدی نەیزانی لە کوێوە هاتوەو بۆ کوێ دەچێ .

نەختێ ڕۆیشتن ، کچە گوتی : ئاوڕ دەوە ، بزانە چیت بە دواوەیە ؟!

کوڕە تەماشای کرد تا چاو بڕ دەکا دێوە ، دێن‌و دەجمێن .

کچە گوتی : شانەکە فڕێ دە سەر زەوی !

کە شانەکە بە زەوی کەوت ، بوو بە کێوێك شانەو پێی دێوەکانی بریندار کـــرد . پاش نەختێ ئاوڕێکی‌تری دایەوە ، دیتی هاکا دێوەکان پێی‌گەیشتن !

کچە گوتی : خوێکە بە گوڕێ وەرکە !

خوێکە بوو بە یەك شاخە خوێی گەورەو چوە ناو برینی پێی دێوەکان‌و گـــەلێ لە دێوەکان چەقین‌و دەرباز نەبوون . پاش ماوەیەك کـــوڕە ئاوڕێکی‌تری دایەوە دیتی ئێستا نا ئێستا شای دێوان دەیانگرێ . کچە گوتی : گۆزەکە بە زەوی دادە .

کوڕە گۆزەکەی بە زەوی دادا . پشـــتەوەیان بوو بە دەریایەکی گەورە . دێوەکان لەو بەر گیریان خواردو ئەمان لەم بەر مانەوە . هاتن گەیشتنە ئەشکەوتێك . جوان جوان ماشتیان‌و لێی‌گیرسانەوە .

کـــوڕە بە ڕۆژ دەچـــوە ڕاوو بەرە بەری ڕۆژاوا دەگـــەڕایەوە ئەشکەوتەکە . ڕۆژێکیان کچەکە ســـەری خۆی لە ڕووباری پشـــت ئەشکەوتەکە دەشووشت ، تاڵە موویەکی سەری کەوت‌و بە ئاودا چوو . ئاوەکە تاڵەمووەکەی بردە ناو قامیشەڵانێك . مووەکە لە قامیشێك ئاڵا .

کوڕە ئەچەڵێك هات ئەو قامیشەی لێ کردەوەو بردی . گەیشتە لای باخی پاشا بە نیازی دزی شتێك لای دا ناو باخ . هەر هێندە پێی بە ناو باخەکە کەوت درەختەکان هەموو شکۆفەیان کردو گوڵ پشکووتن . باخەوان چوون خەبەریان دایە پاشا ، گوتیان : پاشا ، یان ئەوەلی عومرتە یان ئاخیری عومرتە ! درەختی باخەکەت بەم زستانە گوڵیان دەر کردوە !!

پاشا چوە ناو باخ . تەختێکیان بۆ داناو دانیشت . کەچەڵ بە تەنگاوی هەڵاتو لە باخەکە چوە دەرێ . هەر هێندە لە باخ چوە دەرێ ، گوڵەکان هەموو سیس بوونو پەلکیان هەڵوەرا . پاشا پەستو نارەحەت بوو . هەستا بڕوا ، کەچەڵ لە دەرگایەکی تر سووڕایەوە ناو باخ . دووبارە گوڵ پشکووتن . پاشا فەرمانی دا هەموو شوێنێ گەڕانو تاڵە موەکەیان لە گیرفانی کەچەڵ دەرهێنا . پاشا گوتی : کێ دەتوانێ خودانی ئەم تاڵە موەم بۆ بێنێ ؟!

پیرەژنێکی خاوەن چەرخو فەلەك گوتی : ئەم ئیشە بە من گەیشت . لێفە شرێکم بدەنێ . هەر کاتێ دووکەڵتان دی ، سواران بنێرن زوو بێن بگەنێ کچە بێنن .

پیرەژن سواری چەرخو فەلەك بوو ، قورمیشی کردو چەرخو فەلەك فڕی ، چوو لەسەر ڕێی کوڕە نیشت . پیرەژن چەرخو فەلەکەکەی لە جێگایەك شاردەوەو لەسەر ڕێ دانیشت . بەرەبەری ڕۆژاوا دیتی سوارێك هات ، پیرەژن پێی گوت : گەنجۆ ، پیرەژنێکی دەربەدەرو بێچارەم ، هیچم نیە ، ئەمشەو بمبەوە ماڵی خۆت . شەو لێرە ، لەو چۆڵەوانیە ، بمێنمەوە هەر جڕو جانەوەر پارچە پارچەم دەکەن !!

کوڕە بە زەیی پێدا هاتەوەو بردیەوە ماڵێ . بە ماوەی چەند ڕۆژێك پیرەژن بە هەموو جێ‌وڕێی ماڵەوە کەوت . ڕۆژێ ، پیرەژن بە کچەی

گوت : کیژم ، ده لـــه مێردەکەت بپرســـه ، ئەوە بۆ پێی دەڵێـــن « لەش‌تیژ » ؟

شەو ، کوڕە لە ڕاووشکار هاتەوە ، کچە لێی‌پرسی : « پیاوێژگە ، پێم بڵێ ئەوە بۆچی ناویان ناوی لەش‌تیژ » ؟

کوڕە مستەکوڵەیەکی لە بناگوێی داو گوتی : ئەمە ئیشی تۆ نیە ! پاشان دڵی خاو بوەوەو پەشـــیمان بوەوەو کچـــەی برد دەم‌وچاوی شووشت‌و هێنایەوە ژووری و گوتی : کیسەیەکم لە سینەدایە تیغێکی تێدایە ئەگەر ئەو کیســـەیە دەربێنی دەمرم ، بیخەیتەوە جێی خـــۆی زیندوو دەبمەوە ..

پیرەژن خۆی لە پەنا پەردە نابوو گوێی ڕاگرتبوو ... بە نهێنی‌یەکە کەوت ، ئیدی کە ئەوان نووستن پیرەژن وارە وارە چوو کیسەکەی لـــە سنگی کوڕە دەرهێنـــاو فڕێی دایە ناو دەریا . ئینجـــا لیفەشڕەکەی سووتاند ، بوو بە چڕەدووکەڵ‌و سوارەی پاشا پێیان وەرکرد ، کچەیان گرت‌و بردیان .

ئێستا گـــوێ لە باسی دووبراکەی‌تر بگـــرە کـــە هەردووکیان ئەستێرەناس بوون . ڕۆژێ ، یەکێکیان سەیری ئەستێرانی کرد ، دیتی ئەستێرەی برای کزکزبوەو هێندەی نەماوە دابڕژێ . هەستا چوو خەبەری دایە براکەی‌تر . هەردوو برا پێکەوە ڕۆیشتن ، هەموو شوێنێ گەڕان براکەیان نەدۆزیەوە . کە تەواو شـــەکەت‌و ماندوو بوون گەیشـــتنە ئەشکەوتەکەو دیتیان برایان لەسەر زەوی ڕاکشاوەو کیسەی ســـنگی نەماوە . دەســـتیان پێ‌کرد . ئەم لایان پشـــکنی ، ئەو لایان پشکنی ، تابلۆیەکیـــان دیتەوە لەســـەری نووسرا بوو ـ کیســـەکەیان فڕێ داوەتە ناو دەریا .

برای گەورەتری چوە ناو دەریاو کیسەکەی دۆزیەوەو هێنـــای دایناوە جێی خۆی . لەش‌تیژ خۆی لێک‌کێشایەوەو گوتی : دۆتمام !

هەستە ، درەنگە !.... چاوی کردەوە _ نە دۆتمام ماوەوە نە هیچ !

براکانی لەسەر سەری وەستاون . سۆراغی کچەی کرد ، زانی پاشا بردوویەتی . هەر سێ برا چوونە شار . شمشێریان هەڵکێشاو هەر یەکە لە دەروازەیەکەوە چوە ناو شارو بە چەند سەعاتێك لەشکری پاشایان تارو مار کرد و کچەیان وەرگرتەوەو بەرەو وڵاتی خۆیان کەوتنە ڕێ .

لەش‌تیژ کە نزیك شاری خۆیان بوەوە دیتی گوندییەك بەرگی ڕەشی پۆشیوەو گاکانیشی ڕەشپۆش کردوە ، لێی‌پرسی ، کاکە ، ئەوە چ بوە ؟ وا ڕەشپۆشی ؟!

گوندیی گوتی : پاشا کوڕێکی هەبوو . چەند ساڵو عەیامە کوڕەکەی سەری هەڵگرتوەو ڕۆیشتوە . کەس نازانێ ماوە یان مردوە . پاشـــا فەرمانی داوە هەموو کەس بەرگی ڕەش بپۆشێ .

لەش‌تیژ گوتی : بڕۆ مزگێنی بدە پاشا ، بڵێ : وا کوڕەکەت هاتەوە !

گوندیی گوتی : ئۆی ، ئەوە چ ئۆینێکت لەبن ســــەرە ؟ دەتەوێ بە ئاسانی گاکانم بدزی ؟

لەش‌تیژ گوتی : گاکانت چەند دەکەن ؟ بە چەندیان دەدەی ؟

گوندیی گوتی : دوو هەزار درهەم .

لەش‌تیژ پارەکەی دایێ . گوندیی گوتی : ئۆی ، ئەوە دەتەوێ بـــە کوشتنم بدەی ؟

لەش‌تیژ گوتی : خوێنبایێت چەندە ؟

گوندیی گوتی : هەزار درهەم .

لەش‌تیژ هەزار درهەمی دایێو ناردیەوە شار .

خەڵکی شار ، گەورەو گچکە ، بۆ پێشوازی لەش‌تیژ دەرچوون . حەفت شەو و حەفت ڕۆژ بوو بە ئاهەنگو شادی . ماڵیان بە مۆمو سەرشاخانیان بە گوێنی کـــردە چراخانو هەمـــوو بە مرازی خۆیان گەیشتن .

# ٣٦ - ڕێوی و پیرەژنی خاوەن چەرخ و فەلەك

هەبوو نەبوو پاشایەك هەبوو کوڕێکی هەبوو . باوەژنەکەی ئەشقی بوو ، ڕۆژێ کوڕە پێی گوت : ئەگەر وازم لێ نەهێنی بە پاشا دەڵێم . ژنی پاشا دەست پێشکەری کردو چوە لای پاشا گوتی : کوڕەکەت دەیەوێ ئیشێکی ئاوهام لەگەڵ بکا ... پاشا فەرمانی دا : میرغەزەب وەرە لەسەری ئەم کوڕە حەرامزادەیە دە .

وەزیرو وەکیل و دەست و پێوەندی پاشا گوتیان : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، مەیکوژە . لە باتی کوشتن شاربەدەری کە با بچێ لە کێوو بیابان بە فەتارەت بچێ .

ئەسپێکیان دایە کوڕەو شاربەدەریان کرد . کوڕە ڕۆیشت گەیشتە ئەشکەفتێك و لەوێ گیرسایەوە . بە ڕۆژ دەچوە ڕاووشکارو نێچیری دەهێنایەوە دەیخواردو لێ دەنووست .

ڕۆژێ ، ڕێویەك بە بەر ئەشکەوتەدا تێپەڕی ، ئێسك و پرووسك و پارچە گۆشتەکانی دی ، کەوتە سەرێ تا مڕ بوو خواردی و لە دڵی خۆیدا گوتی : لێرە دەمێنمەوە ، دیارە ئاوەدانیەك لێرە هەیە .

بەرەبەری ڕۆژاوا کوڕە هاتەوە کە ڕێویەکەی لەوێ دی ئەوەی لە نێچیرەکەی خواردی ئەوەی تری فڕێ دایە بەر ڕێوی ...

ڕۆژێ ، گورگێك ڕێی کەوتە ئەو ناوە ، دیتی ڕێوی لە دەمی ئەشکەوتەکە وەرکەوتوەو چاوەڕێ دەکا . گورگ گوتی : ها ، کاکە ڕێوی ، ئەوە بۆچی لێرە وەرکەوتووی ؟! دەڵێی ئەمڕۆ تەمای ڕاووشکارت نیە ؟!

ڕێوی گوتی : ڕاوم بۆ چیە ؟ من ئاغایەکم هەیە هەموو ڕۆژێ دەچێتە ڕاو و نێچیرێك دێنێتەوەو خۆی تێری لێ دەخوات‌و ئەوەی ماوەش دەیداتە من .

گورگ گوتی : لێ‌دەگەڕێی منیش لێرە بمێنمەوە ؟!

ڕێوی گوتی : بۆ لێ‌ناگەڕێم ؟

گورگیش لەوێ گیرسایەوە . عەسرێ کوڕە هاتەوە ، دیتی گورگیش هاتوە . لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەم جڕوجانەوەرانە لە کوێ لە من پەیدا بوون ؟

دیسان هەندێکی لە نێچیرەکەی خواردو ئەوەی‌تری بە ڕێوی‌و گورگەکە دا . بەیانی چوە ڕاو و شکارو زیاتری نێچیر گرت بۆ ئەوەی نەبادا جڕوجانەوەرەکان برسی بن‌و بکەونە گیانی بیخۆن ...

ڕۆژێکی‌تر ، سەگێك ڕێی کەوتە ئەو ناوە . دیتی ڕێوی‌و گورگ لە دەمی ئەشکەوت وەرکەوتوون‌و قسان دەکەن .... گوتی : هۆ ، کاکە ڕێوی ، هۆ کاکە گورگ ، ئەوە بۆچی لێرە وەرکەوتوون ؟ — دەڵێی ئەمڕۆ بە ڕۆژوون ؟ گوتیان : نە بابە ، نا ... بە ڕۆژوو نین بەڵام بۆیە نەچووینە ڕاو چونکە ئاغایەکمان هەیە هەموو ڕۆژێ دەچێتە ڕاو و نێچیر دێنێتەوەو بەشی ئێمەش دەدا .

سەگ گوتی : لێ‌دەگەڕێن منیش لێرە بمێنمەوە ؟

گوتیان : بۆ لێ‌ناگەڕێین ؟

سەگیش لەوێ گیرسایەوە . عەسرێ کوڕە هات دیتی سەگێکیش لە تەك گورگ‌و ڕێوی وەرکەوتوە . بەیانی دیسان زیاتری نێچیر گرت بۆ ئەوەی نەبادا جڕوجانەوەرەکان برسی ببن‌و بکەونە گیانی‌و بیخۆن .

ڕۆژێکی‌تر ( داڵ )ێك بە ئاسماندا دەسووڕایەوە تەماشای کرد ڕێوی‌و گورگ‌و سەگ بێ خەم‌و خەیاڵ وەرکەوتوون‌و قسان دەکەن ،

گوتی : هۆ کاکە ڕێوی ! هۆ کاکە گورگ ! هۆ کاکە سەگ ! ئەوە چۆنە وا بێ خەمو خەیاڵ وەرکەوتوون ؟ دەڵێی بە تەما نین ئەمڕۆ هیچ بخۆن ؟

گوتیان : ئێمە ئاغایەکمان هەیە دەچێتە ڕاوو نێچیر دێنێتـــەوەو ئێمەش تێر دەکا .

داڵ گوتی : لێ‌دەگەڕێن منیش لێرە بمێنمەوە ؟

گوتیان : بۆ لێ‌ناگەڕێین ؟

عەسرێ کوڕە هاتەوە تەماشای کرد مفتەخۆرەکان بوون بە چوار . لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەمانە چیان لە من دەوێ ؟

ماوەیەك پێ چوو ، ڕۆژێ ، ڕێوی بەردێکی گلۆرکردەوەو هێنای لە گۆشەیەك دایناو چوە سەری‌و گوتی :

هۆ کاکە گورگ ، کاکە سەگ ، کاکە داڵ ، هۆ !! توخوا ویژدانە کە ئاغا بە تەنێ ڕاوبکات‌و زەحمەت بکێشێ ، ئێمەش دانیشین‌و کـــە نێچیری هێنایەوە بێینە سەر حازرەکی‌و هەموو ئەرك‌کێشانمان تەنیـــا خواردنەکە بێ ؟!!

گوتیان : باشە ، کاکە ڕێوی ، دەتەوێ چ بکەین ؟

ڕێوی گوتی : دەبێ کچی پاشا بۆ ئاغامان بێنین !

گوتیان : شتی وا ناکرێ . کچی پاشا چۆن بە ئێمە دێ ؟!

ڕێوی گوتی : ئێوە بڕۆن مشتێ موورووی ڕەنگاوڕەنگ‌و یەك دوو زەنگوڵ بێنن بە کلکی منیەوە بکەن ـ ئینجا پێتان دەڵێم ...

چوون هەندێ مووروویان کۆکردەوەو یەك دوو زەنگوڵیان پەیـدا کرد . هێنایان بە کلکی ڕێویانەوە کردو ڕێویان ڕازاندەوە . ڕێوی گوتی : هەستن ئێستا بچینە ماڵی کچی پاشا . من بە کونی ئاوەڕۆدا دەچمە ناو حەوشە ، با سەگ‌و گورگ لەبەر دەرگا بوەستن‌و داڵ بەسەر ئاسـمانی

حەوشەدا بسووڕێتەوە . کە کچی پاشا هاتە دەرەوە بۆ سەیری من ، بـا یەکسەر داڵ پڕی بداتێ و هەڵیبگرێ و ببیا ...

چوونە ماڵی کچی پاشا . سەگ و گورگ لەبەر دەرگا وەستان ، داڵ بە سەر ئاسمانی حەوشەدا کـــەوتە سووڕانەوە ، ڕێویش بە کـــونی ئاوەڕۆدا چوە ناو حەوشەو دەستی بە ســـەماو هەڵپەڕکێ کرد ... قەرەواشێك چاوی بە ڕێوی کەوت ، بانگی خانمی کردو گوتی : خانم ، خانم !! وەرە سەیر کە . شتێ هاتۆتە حەوشە ، کەس نازانێ چیە !

هەر هێندە خانم پێی بە حەوشە کەوت یەکسەر داڵ بۆی دابەزیو پڕی پیا کردو هەڵیگرت و بردی . ڕێوی و سەگ و گورگیش بەغار چوونەوە ئەشکەوت و کچی پاشایان لەناو ئەشکەوت دانا . کچە ســـەری سوڕما داخۆ ئێرە کوێندەرە ؟ ئەمانە کێـــن ؟ عەسرێ دیتی هەر چواریان بزر بوون .

کوڕە بەرەو ئەشکەوتەکەی دەبوەوە دیتی وا جانەوەرەکانی بـە پیریەوە دێن . ڕێوی بە هەڵەکەســـەما پێـش کـەوت و ئاغایان بردەوە ئەشکەوتەکەی خۆی . ئاغا دیتی کچی پاشـــا وا لەناو ئەشـــکەوتەکە دانیشتوە ، گوتی : کچێ ، تۆو ئێرە ؟

کچە گوتی : ئەمانە بزانن ؟ ئەمانە منیان هێنا !
ئێستا گوێ بگرن باسی پاشاتان بۆ بکەم .

پاشا لەگەڵ ژنەکەی دانیشتبوو قســـەیان دەکـــرد خەبەر هات گوتیان ، پاشا ، چیە دانیشتووی ؟ کچەکەت داڵ فڕاندی و بردی .

پاشا پیرەژنی خاوەن چەرخ و فەلەکی بانگ کردو پارەی دایەو گوتی : بڕۆ کچەکەم بۆ بدۆزەوە !

پیرەژن سواری چەرخ و فەلەکەکەی بوو . چوو لە نزیك ئەشکەوتەکە نیشت . چەرخ و فەلەکەکەی لە جێگایەك لە بن خۆڵێ شاردەوەو چـوو

لەسەر ڕێی کوڕەکە دانیشت . ئێوارە کە کوڕە گەڕایەوە چاوی بە پیرەژن کەوت گـوتی : دایە ، ئەوە بۆچی بە تاقی تەنێ لـەم چۆلـەوانیە دانیشتووی ؟!

پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ، لەگەڵ کاروانێکدا بووم . کاروانەکە ڕۆیشت و جێیان هێشتم . کوڕە بەزەیی پێدا هاتەوەو گوتی : هەستە بچینە ماڵی ئێمە . ژنەکـەم یەکتەنێیە . پێویسـتی بە هاونشـینو هاودەنگێکە .

ڕێوی کە دیتی ئاغا پیرەژنی هێنا زەق زەق تەماشای کرد .

بەیانی کوڕە چوە ڕاو . پیرەژن بە کچەی گوت : کچی شیرینم ، قەت ئەم ناوە گەڕاوی ؟ ئەم دەوروبەرەت دیوە ؟

کچە گوتی : نەء . من ناچمە چ جێیان .

پیرەژن گوتی : دە هەستە مادام وایە ، ئەمڕۆ پێکەوە بچینە دەرێ ، بای باڵی خۆمان بدەین ... کچم ، ئەوەندە لەناو ئەشـکەوت دابنیشی دیق دەکەی ؟!

هەستان چوونە گـەڕان . بە گـەڕان هاتن گەیشـتنە لای چەرخ‌وفەلەکی پیرەژن ... کچە کە چاوی بە چەرخ‌وفەلەکەکە کـەوت گوتی : دایە ، ئەمە چیە ؟

پیرەژن گوتی : من چو زانم چیە ، کچم ! خۆت تەماشا کـە بزانە چیە !... کچە داهاتەوە بۆ ئەوەی سەیری ناو چەرخ‌وفەلەکەکە بکا ، پیرەژن پاڵێکی پێوەناو فڕێی دایە ناو چەرخ‌وفەلەکەکەو یەکسەر سەری قەپات کردو خۆیشی سوار بوو قورمیشی کردو چەرخ‌وفەلەك کـەوتە ئاسـمان ....

بەرە بەری ڕۆژاوا کـوڕە هاتەوە دیتی ڕێوی بە پەشێوی لـە گۆشەیەك وەرکەوتوەو نووستوە ... کچەو پیرەژنیش هیچ دەوسیان

دیار نیە . لە دڵی خۆیدا گوتی : ڕێوی بەستەزمان هەقی بوو دوێنێ زەق زەق تەماشای دەکردم ! پیرەژن دەستی خۆی وەشاندو کچەی برد .

دوو سێ ڕۆژ پێچوو . دیسان ڕێوی چوو بەردێکی گلۆر کردەوەو لە گۆشەیەك داینا‌و چوە سەری‌و گوتی : هۆ ، کاکە گورگ ، کاکە سەگ ، کاکە داڵ ! هۆ ! هیچ ماقووڵ نیە ئاغامان هێندە پەست‌و دڵتەنگ بێ‌و ئێمەش ئاوا دەستەپاچە دانیشین ؟

گوتیان : باشە ، دەڵێی چ بکەین ؟

ڕێوی گوتی : با بچین کچەی بۆ بێنینەوە !!

دوبارە مووروو و زەنگوڵیان بە کلکی ڕێویەوە کردو بە ڕێ کەوتن . ڕێوی بە کونی ئاوەڕۆدا چوە حەوشە ، سەگ‌و گورگ لەبەر دەرگا وەستان ، داڵیش لە ئاسمانی حەوشە کەوتە خولانەوە .

بە ڕێکەوت ، قەرەواشی کچی پاشا گۆڕا بوو . قەرەواشی نوێ لەناکاو چاوی بە ڕێوی کەوت ، هاواری کرد : خانم ، خانم !! وەرە تەماشا کە ... شتێ هاتۆتە حەوشە سەمایەکی ئەوەندە جوان دەکا هەر مەپرسە !

کچە لە پەنجەرەوە سەیری کرد و کە ڕێوی دی ، هەرچی بە سەنگ سووك‌و بە نرخ گران بوو و بە بەردەستی کەوت هێنای‌و هاتە دەرەوە . هەر هێندە گەیشتە حەوشە داڵ پری دایەو بردی . ڕێوی لە کونی ئاوەڕۆوە بۆی دەرچوو و سەگ گورگیش بەغار کەوتنە شوێنیەوە ... کچەیان هێنا‌و لەناو ئەشکەوتەکە دایان نا .

ڕۆژ چوە سەر ئاوا بوون ، وەختی گەڕانەوەی ئاغا هات ، ڕێوی گوتی : هۆ ، کاکە گورگ ، کاکە سەگ ، کاکە داڵ با بە پیر ئاغاوە بچین ...

کوڕە بەرەو ئەشکەوتەکەی دەبووەوە کـــە دیتی ڕێوی هاوڕێکانی وەدوای خۆی داوەو بە عیشوەو نازو هەڵبەزینەوە بە پیریەوە دێ ... کە گەیشتە جێ دیتی کچە هاتۆتەوەو لەناو ئەشکەوتەکە دانیشـــتوە ، پرسی : کچێ ، ئەوە لە کوێ بووی ؟

کچە گوتی : پیرەژن تەفرەی دامو بردمی .

دە پازدە ڕۆژ پێچوو ، پاشا لەشکری نارد بۆ ئەوەی کوڕە بگرنو بیهێنن . لەشکر چوو لە سەر ڕێی کوڕە هەڵیدا . کچـــە چوە ســەر ئەشکەوتو تەماشای کرد لەشکرێکی زۆرو زەوەند ڕێی کوڕەی گرتوە . زۆر بە پەستو نائومێدی دابەزیە خوارەوە . کە ڕێوی کچەی بەم حاڵە بینی ، زانی شتێ هەیە . ئەویش چوە سەر ئەشکەوتەکە بۆ ئەوەی بزانێ چ هەیە ! دیتی لەشکرێکی زۆر گەورە ڕێی لە کوڕە گرتوە . عەسرێ ، دیسان چووبەردێکی گلۆر کردەوەو هێنای لە گۆشەیەك دایناو چـوە سەریو گوتی : هۆ ، کاکە گورگ ، کاکە سەگ ، کاکە داڵ ، هـــۆ ! لەشکری پاشا لەسەر ڕێی ئاغا هەڵی داوە بۆ ئەوەی کە ئاغا گەڕایەوە بیگرن . هەستن بچین ئاغای خۆمان بێنینەوە .

هەموو چوون . ماوەیەکی زۆر بە پیر ئاغاوە چوون . کوڕە دیتی ئەمڕۆ ماوەیەکی زۆر دوورتر بە پیریەوە هاتوون . ڕێوی بە پێش ئاغـا کەوتو بە ڕێگایەکی‌تردا بردیەوە ئەشکەوتەکەی . کوڕە تەماشـــای کرد کچە زۆر پەستو غەمبارە ، پرسی : ئەوە چ بوە ؟ بۆ وا پەستی ؟

کچە گوتی : چما ئاگات لێ نیە ؟ باوکم لەشکری ناردۆتە سەر ڕێت !! هاتوون بتگرن . ئەوە چۆن لە دەستیان دەرباز بووی ؟

کوڕە گوتی : ئەمڕۆ ڕێوی منی بە ڕێگایەکی‌تردا هێنایەوە .

کچە گوتی : داخوا ئەمانە چیمان بەسەر بێنن .

با ئەمشەو بنووین ، خوا کەریمە ، بزانین سبەینێ خوا چ دەکا . ( بنوو بێ خەمو خەیار ، خوا یەکەو دەرگەی هەزار ) .

کوڕەو کچە نووستن ... ڕێوی دیسان چوو بەردێکی هێناو چوە سەری‌و گوتی : هۆ ، کاکە گورگ ، کاکە سەگ ، کاکە داڵ ، هۆ! خۆتان دەزانن ئاغاو خانم زر پەستو دڵتەنگن ! وەخۆکەون بچین لەشــــکری پاشا تارومار کەین‌و پەرتان پووتانیان پێ بخەین ــ کاکە داڵ ، تۆ چاویان دەربێنە ، کاکە سەگ‌و کاکە گورگ ، ئێوەش چڕنۆك بخەنە بینەقاقایان‌و بیانخکێنن ! منیش لێکیان دەپچڕمەوەو دەیانخۆم .

هەر چوار هاوڕێ بە هەشتاوی پەلاماری لەشکری پاشایان دا ــ هاوڕێ داڵ چاوی دەرهێنان ، هاوڕێ سەگ‌و هاوڕێ گورگ خنخنۆکیان گرتن‌و پرزەیان لێ‌برین . ڕێویش کەوتە دڕاندن‌و خواردنیان ... ئینجا گەڕانەوەو بە ئاسوودەیی لێی نووستن .

بەیانی کوڕە بە ئاگا هات ، چوە دەرەوە بۆ ئەوەی بزانێ لەشــــکر لەچی دایە ! دیتی لەشکری چی ؟ و حاڵی چی ؟ ئەم لەشــــکرە گەورەیە هەمووی لــەت‌و پــەت بوەو ئەو ناوە پڕی کەلەشــــە زەلامە ... بە کچەی گوت :

کچێ هەستە تا لەشکرێکی‌تر نەهاتوە لێرە بڕۆین‌و خۆمان دەرباز کەین ، بچین حاڵ‌و ماڵێك ، بۆ خۆمان پێکەوە بنێین‌و بێ خەم‌و خەیــاڵ بژین . ڕێوی‌و هاوڕێکانیشی بێ ڕزق نابن ... تەماشاکە ئێســــك‌و کەلەشیان چەند زۆرە ، هەر چەندی بخۆن هەر تەواو نابێ .

کوڕە سواری ئەسپ بوو و کچەی خستە سەر پاشکۆ و سەریان هەڵگرت ..... ساڵەهای ساڵ بە شادی‌و کامەرانی پێکەوە ژیان .

## ٣٧ ـ گەنجینـــە

ڕۆژێ ، پاشایەك بەناو خەزێنەدا دەگەڕاو دوڕو گەوهـەرەکانی بەسەر دەکردەوە ، هەندێ دانە شتی سەیری وەکو فندقی لە قوژبنێك کەوتە بەر چاو ، لە خەزنەداری پرسی : ئەمانە چین ؟

خەزنەدار گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، کاتێ من بووم بـە خەزنەدار ئەمانە لێرە بوون . لە زۆر کەسم پرسیوە ، کەس نەیزانیوە چین . پاشا بانگی وەزیری کردو گوتی : وەزیر ، ئەمانە چین ؟ وەزیر تەماشایەکی قوژبنەکەی خەزێنەی کردو سەری خوراندو گوتی : بەخوا ، پێش ئەوەی من ببم بە وەزیر ئەمانە لێرە بوون ... بەلام ڕاستت دەوێ نازانم چین ؟!

پاشا تووڕە بوو گوتی : چل ڕۆژت مۆڵەت دەدەم ، لە هەر کوێ بێ دەبێ بێ‌بکەوی ئەمانە چین ( ئەگەر نا لەسەرت دەدەم ) ؟

وەزیر هاتــە دەرەوە ... ئەم لاو ئەو لاو گەڕا ، لـە مرۆی پیرو دنیادیتەی پرسی بەلام کەس وەلامی بێ‌نەدرایەوە . ئاخیری گوتیان : لە فلانە جێ ، پیرەمێردێکی زۆر پیر هەیە ، پشتی کووڕ بۆتەوەو ســـەرو ڕیشی سپی بوە ، بڕۆ لای ، بۆی هەیە ئەم گرێ‌کوێرەیەت بەو بکرێتەوە .

وەزیر سۆراغی پیرەمێردی کرد ، تەماشای کـرد پیرەمێرد ڕیشی گەیشتۆتە سەر چۆکو سپی دەلێی لۆکەیە ، چوە خزمەتی :

ـــ سەلاموعەلێك

ـــ عەلەیکەسسەلام !

وەزیر باسی شتە عەنتیکەکانی بۆ پیرەمێرد کرد . پیرەمێرد گوتی : من خۆم نازانم بەڵام برایەکی لە خۆم گەورەترم هەیە لە فلانە جێیــــە ، بڕۆ لای ، ڕەنگە ئەو بتوانێ وەڵامی پرسیارەکەت بداتەوە ( و بزانێ ئـەم شتە عەنتیکەیە چیە ) .

وەزیر لە دڵی خۆیدا گوتی : پەککو !! ، برای گچکە وا بێ ، یەك مووی ڕەشی بە ڕیشەوە نەما بێ ، ئاخۆ دەبێ برای گەورەتری چۆن بێ ؟

وەزیر چــــوە لای برای گەورەتری ، دیتی پیرەمێـــــردێکی چالاك و زیندوەو زۆرلە براکەیتری گەنجتر دیارە . لێیپرسی : ئەری ئەو شتە عەنتیکانەی ناو خەزێنەی پاشا چین ؟

پیرەمێرد گوتی : من خۆم نازانم بەڵام برایەکی گەورەترمان هەیە ، شکی تێدا نیە ئەو دەزانێ ، بڕۆ لای بەڵکو پێت بڵێ .

وەزیر چوە لای برا گەورە ، دیتی برای گەورە کابرایەکی کامڵە بەڵام زۆر لە دوو براکەیتری گەنجترە !!

کابرا وەزیری بردە ژوورێکی گەورەو لەسەری مەجلیس داینـــــاو شەربەتو میوەیان بۆ هێنا . لە گەرمەی قسەکردندا بوون ، تاقمــــە گەنجێك هاتنە ژوورەوە . سەلامیان کردو دەستەو نەزەر وەستان . کابرا سەلامی وەرگرتنەوە بەڵام بایەخی پێنەدانو لە قسەی خـۆی بەردەوام بوو ... ئاخیری وەزیر گوتی : ڕێگەی ئەمانەبدە ، با دابنیشن !

کابرا بەســـەر ئیشارەتی بۆ کردن ، گەنجەکان لــە دەوراندەوری ژووری لەسەر چۆك دانیشتن . پاش نەختێ تاقمە گەنجێکیتر هاتنــــە ژوورەوە . ئەمانەش سلاویان کردو دەستەو نەزەر وەســـتان تا کابرا سەری بڵند کردو ئیشارەتی دانێ ئینجا دانیشتن . ئەم تاقمە گەنجـــە لەلای خوارەوە لەسەر چۆك دانیشتن .

وەزیر تا دەهات سەرسامتر دەبوو . مەسەلەی شتە عەنتیکەکانی ناو خەزێنەی پاشای لە کابرا پرسی‌و گوتی : پاشا چل ڕۆژ مۆڵەتی داوم لە هەر کوێ بێ ڕازی ئەم شتانە بزانم بەڵام ئەوەندەی پرسیارم کردوە تا ئێستا کەس وەڵامی ڕاست‌و دروستی پێنەدراوەتەوە .

پیرەمێرد گرژیەوەو گوتی : لەسەر دەمی حەزرەتی سلێمان ، کابرایەك زەویەکی بە کابرایەکی‌تر فرۆشت . کڕیار زەویەکەی کێلا . گایەك پێی لە کونێك ڕوچوە خوارێ ، کابرا کونەکەی هەڵکێڕایەوەو گەنجینەیەکی دۆزیەوە . کڕیارەکە چوە لای فرۆشیاری زەویەکەو گوتی : گەنجینەیەکم لەناو زەویەکەت دۆزیوەتەوە ، وەرە بیبەوە .

فرۆشیار گوتی : گەنجینە موڵکی خۆتە .

کڕیار گوتی : ئاخر کابرا من زەویم لە تۆ کڕیوە نەك گەنجینە .

فرۆشیار گوتی : منیش ئەو زەویەم بە هەموو شتێکەوە بە تۆ فرۆشتوە ـ گەنجینەی تێدا بێ موڵکی خۆتە ، ( خەلا )ی تێدا بێ هەر موڵکی خۆتە ! کڕیار چوو گەنجینەکەی لەناو جەواڵێك کردو بردی لەبەر دەرگای ماڵی فرۆشیار داینا . فرۆشیار توڕە بوو جەواڵەکەی برد لەبەر دەرگای ماڵی کڕیار داینا . ئەم بردیە بەر دەرگای ماڵی ئەو و ئەو بردیە بەر دەرگای ماڵی ئەم تا ئیشەکە بێ تام بوو ... ئەو حەلە چوونە خزمەت حەزرەتی سلێمان . حەزرەتی سلێمان گوتی : باشە ، ئێوە چ منداڵتان نیە ؟!

کڕیار گوتی : با ، من کوڕێکم هەیە .

فرۆشیار گوتی : منیش کچێکم هەیە .

حەزرەتی سلێمان گوتی : کەوابێ ، وەرە تۆ کچی خۆت بدە کوڕی ئەمەو با گەنجینەکەش بۆ بووك‌و زاوا بێ .

کرێبار چوو گەنمی لە زەویەکە داچاند . کـە گەنمەکەی دوورییەوە هەر دانەیەکی بە قەد فندقێك گەورە بوو . حەزرەتی سلێمان فەرمانی دا چەند دانەیەکیان لەو گەنمە خستە ناو خەزێنەی پاشا .

وەزیر گوتی : باشە ، ( ئەوەم زانی ) ئەدی بۆچی برا گچکەکانت لە تۆ پیرتر دیارن ؟

کابرا گوتی : من ژنو منداڵی باشم هەیەو لە ماڵەوە رێكو پێکین .. بۆیە هیچ خەمو خەفەتم نیە ـ ئەمانە دەبینی لەسەر چۆك دانیشتوون ، ئەمانە کوڕو نەوەی منن ، قەت لە قسەم دەرناچن ، بە بێ من ئاویش ناخۆنەوە ... کەچی براکانیترم وا نین ، ژنو منداڵیان زۆر باش نینو لە ماڵەوە زۆر تەباو تفاق نین بۆیە زووتر پیربوونو داماڵاو کەوتن .

وەزیر گەڕایەوە ، حاڵو مەسەلەی بۆ پاشا گێڕایەوە !

# ٣٨ ــ حەمەڕەشەکەچەڵ

هەبوو نەبوو لە سەردەمێکا ــ کە ئێوە هیچتان بە بیرتان نایێ ــ کەچەڵێك هەبوو ناوی « حەمەڕەشە کەچەڵ » بوو . یەك پیرە دایکی هەبوو . ڕۆژێ بە دایکی گوت : دایە ، باوکی ڕەحمەتیم لە ماڵی دنیا هیچی بە میرات بۆ جێ نەهێشتووم ؟ پیرەژن گوتی : بەدی چۆن ؟ ئەم تفەنگە دەبینی بە دیوارەوە کراوە ، ئەمە میراتی باوکتە .

حەمەڕەشەکەچەڵ تفەنگەکەی داگرتە خوارێو لە ملی کردو بە تاریکە شەوێ ملی نا بۆ ڕاو . هەر ڕۆیشت ڕۆیشت ڕۆیشت ... دنیا ئەوەندە تاریك بوو چاو چاوی نەدەدی . حەمەڕەشەکەچەڵ ڕاستو ڕاست بێ کوریشکە دەڕۆیشت لەناکاو ناوچەوانی بە دارکاژێکی خواروخێچ کەوت ، سەری شکاو خوێن فیچقەی بەست ... ماوەیەکی تر ڕۆیشت ، جانەوەرێکی دی کە سەرێکی ڕوناکی لێهەڵدەستاو سەرێکی سازو ئاواز . حەمەڕەشەکەچەڵ تفەنگی لە ملی هێنایە خوارێو لەبەر دانیشت نیشانەی لە جانەوەرەکە گرت ، تەقەی لە تفەنگەکەی هەستاندو گوللەیەکی لێداو بەری دایەوە ... حەمەڕەشەکەچەڵ چوە سەر جانەوەرەکە و لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەمە سەرو زیادە . دەیبەمەوە ــ هەم سوود لە ڕوناکیەکەی وەردەگرینو هەم گوێ لە سازوئاوازەکەشی دەگرین ... ئیدی بۆ خۆمان خەنی دەبین .

حەمەڕەشەکەچەڵ گەڕایەوە ، کە گەیشتەوە ماڵێ لە دەرگای دا ، دایکی هاتە بەر دەرگا پرسی : کابرا کێی ؟ چ کارەی ؟

حەمەرەشەکەچەڵ گوتی : دەرگام لیبکەوە دایە ، منم !

پیرەژن تووڕە بوو ، قیژاندی : بڕۆ ، بزر بە ، شێتو وێت ، کێرا هاتیتەوە ؟ تا ئەچی نانێـــک پەیدا نەکەی دەرگات لێناکـــەمەوە ، بڕۆ لێرە نەمێنی !

حەمەکەچەڵ گوتی : دایە ، دەڵێم دەرگام لێبکەوە . بە دەســت بە تاڵی نەهاتوومەتەوە . . . ڕاوێکم کردوە لە وەتی دنیا دنیایە هیــچ پاشایەك ڕاوی وای نەکردوە . . . ئارە یەکجاری لە دەست مووم و چرای قوتیلە ساینەوە .

دایکی دەرگای لێکردەوە . حەمەکەچەڵ بە ڕاکێــش ڕاکێــش نێچیرەکەی بردە ژوورەوە . پیرەژن دیتی کوڕەکـــەی جانەوەرێکی ڕاو کردوە سەرێکی ڕوناکی لێ هەڵدەســـتێ و سەرێکی ســـازو ئاواز . نێچیرەکەی برد لە بنەبانێ داینا .

حەمەکەچەڵ لە بن دیوار دانیشت ، ئانیشکی داوەو پێی هاویشتە سەر یەکو ویستی وەکو دەڵێن خەمی دنیا بە با بداو بە شادی بژی کــە لە ناکاو لە دەرگا درا . . .

تومەز پیرەژنێك حەمەکەچەڵی بە خۆو بە نێچـــیرەوە دی بوو ، چووبوە لای پاشاو بۆی تێکوشیبوو و گوتبووی : پاشا ، تۆ چ ئاگات لە چیە ؟! حەمەکەچەڵ لە یەکەم ڕاوی جانەوەرێکی وای گرتوە سەرێکی ڕوناکی لێهەڵدەستێو سەرێکی ســـازو ئاواز . جانەوەری وا هەر شایەنی پاشایەکی وەکو تۆیە ، شایەنی ئەوە نیە بکەوێتە بەر دەســتی کەچەڵێکی وا بیبا لە ناو کوخی تاریكو پڕ زبڵو ڕیخ دایبنێ . . . تا زوە لە دوو حەمەکەچەڵ بنێرە با بێ .

کە حەمەکەچەڵ گەیشـــتە حزووز پاشا ، پاشـــا گوتی : ئەرێ

حەمەڕەش ، وایە لە یەکەم ڕاوتا جانەوەرێکی وات گرتوە کە تەنیا شایەنی شکۆی پاشایەکی وەکو ئێمە مانانە ؟!

حەمەکەچەڵ گوتی : بەڵێ ، وایە قوربان !

پاشا گوتی : بڕۆ بۆ منی بێنە . نێچیری وا بێ هاوتا شایەنی کوخی تاریك و پڕ زبڵ و ڕیخی کەچەڵی وەکو تۆ نیە .

حەمەڕەش دەستی لە سەر چاوی داناو گوتی : پاشا ، ڕاست دەفەرمووی . گومانی تێدا نیە ئەو نێچیرەی من گرتوومە تەنیا لە پاشایان دەوەشێتەوە ، بە چاوان ، هەر ئێستا دەچم بۆت دێنم !

حەمەڕەش هەر ئەو ساتە چوو جانەوەرەکەی بۆ پاشا برد . پاشا بیری کردوە چ خەڵاتێکی کەچەڵ بکا ... ئەوەندەی کرد هیچی وای بە بیردا نەهات . دوایی بە وەزیری گوت : وەزیر ، دەبێ تۆ وەزیراتی خۆت بە کەچەڵ بدەی ، من هیچم نیە پێی کەرەم بکەم ...

وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، ئەمڕۆ نا ، با سبەی دابێ ، من هیچ قسەم نیە .

وەزیر ( بابە کڵاو )ێکی هەبوو ، لە پێش خۆی داناو گوتی : ئەی بابە کڵاو ، قوربانت بم ، خۆت دەبینی تووشی چ بەڵایەك هاتووم ! ئاخر چۆن دەتوانم واز لە وەزیراتی بێنم و جێم بۆ کەچەڵێکی وا چۆڵ بکەم کە هیچ لە هیچ نازانێ و هیچی بە بنیادەمان ناچێ ؟ پێم بڵێ تەگبیرم چیە ؟

لە ناکاو بابە کڵاو بە قسە هات و گوتی : ئەی وەزیری پایەدارو گەورەو مەزن ، خوا نەکا مێشووله پێتەوە بدا . چارەی تۆ وەکو ئاو خواردنەوە ئاسانە . سبەی بە پاشا بڵێ کەچەڵ بنێرێ شیری چل مایناني بۆ بێنێ . خۆت دەزانی هەر کەسێ بۆ شیری چل ماینان بچێ چوونی هەیە گەڕانەوەی نیە .

وەزیر بە هەردوو دەستان بابە کڵاوی بڵند کردو لەسەر ناوچەوانی خۆی داناو هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاو سبەینێ زوو پێش کەرەنای حەمام لەبەر دەرگەی ماڵی پاشا حازر بوو .

— وەزیر ، خێرە بەم بەیانیە هاتووی ؟

— پاشا ، ئەمشەو خەونێکم دی ، هاتم بۆت بگێڕمەوە .

— خەونی چی ، وەزیر !

— قوربان ، لە خەونمدا حەمەکەچەڵ چـــوو بوو شیری چـــل مایانی بۆ هێنابووی . بینێرە با بۆت بێنێ .

پاشا پێکەنی و گوتی : وەزیر ، ئەم قسەیە چیە دەیکەی ؟ خـۆت ئاگاداری نیوەی زیاتری لەشکری من لەم ئیشەدا پایەماڵ بوو هیچیشم دەستنەکەوت . ئەم ئیشە بە کەچەڵێکی تاکو تەنیا چــۆن دەکرێ ؟! وەزیر گوتی : قوربان ، ئەوەی لە ڕاوی یەکەمی جانەوەرێکی وا ڕاو بکا سەرێکی نوورو ڕوناکی لێ هەڵبستێ و سەرێکی سازو ئاواز ، دەشتوانی ئەم ئیشە بچووکە بکا !

پاشا گوتی : بە ڕاستیتە !؟

وەزیر گوتی : بەڵێ ، بە ڕاستیمە .

فەرمانیان دا حەمەکەچەڵ چوە حزوور پاشا ، پاشا گوتی : بـڕۆ شیری چل مایانیش بێنە ئینجا خەڵاتت دەکەم .

حەمەکەچەڵ لە دڵی خۆیدا گـــوتی : دەزانی بە دوای چیمـــدا دەنێرێ ؟ چل مایان یانی چی ؟

بەڵام هیچ بەسەر خۆی نەهێنا . گوتی : باشە ، هەر ئێستا بەڕێ دەکەوم . حەمەکەچەڵ چووەوە ماڵێ گوتی : دایە ، هەستە توێشوم بۆ لە توێشەبەرە کە ... سەفەریم .

دایکی گوتی : دەچیە کوێ ؟

گوتی : پاشا دەمنێرێ ، شیری چل ماینانی بۆ بێنم !

پیرەژن گوتی : کـــوڕم ، ئەمانە دەیانەوێ بە کوشـــتنت بدەن ، مەچوو !! زۆر گەنجو پاڵەوانی عەگیدو کـــوڕ بە هەوای ئەم خەیاڵەوە سەریان هەڵگرتو بە دوو ئەم ئیشـەدا چوون بەڵام کەسیان نەهاتەوە . شیری چل ماینان چۆن بە تۆ دێ ؟!

حەمەکەچەڵ گوتی : ئەگەر سەریشم لەم ڕێیە دابنێم هەر دەچم ، چارەم نیە .

پیرەژن گوتی : مادام لە کەری شەیتان نایەیتە خوارێ بڕۆ بە پاشا بڵێ چل مەشکە شەرابو چل بار قسرو چل بار لۆکەت بداتێ . ئینجـا وەرەوە من شارەزایی جێو ڕێکەم ، پێت دەڵێم چ بکەی ؟ چ نەکەی ؟

حەمەکەچەڵ چوو ئەوەی دایکی گـوتی لـە پاشـــای وەرگرتو گەڕایەوە .

پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ! ئەم شەرابو قسرو لۆکەیە ببـەو بڕۆ . ڕێگایەکی دوورت لە پێشە . هەر بڕۆ تا دەگەیتە کەناری دەریا . لەوێ حەوزێکی گەورە بەم قسرو لۆکەیە دروست بکەو شەرابەکـــەی تێکەو خۆت لە ناو قۆرتێك بشارەوە ، لە ناکاو دەبینی ئاســـمان ڕەشو تاریك دادێو دەنگی نەعرەتەیەك دێ . دەریا دەکەوێتە جۆشو خرۆش ، ئاو شەق دەباو ماینێك لەناو دەریا دێتە دەرەوە هێندەی کێوێکە پیـــاو ناوێرێ سەیری بکا سیو نۆ جوانووی بــە دواوەیە ... هەموو لەنـاو مێرگو چیمەندا دەکەونە لەوەڕو کە تینوو بوون بۆ ئاو خواردنەوە دێنـە سەر حەوزەکە ... وا ئەکەی بتبینن ها ، نەوەك وای بە حاڵت !! چـل ماینەکە دەگەنە سەر حەوزەکە ، بۆنی دەکەنو دەگەڕێنەوە دەڕۆن ... کە

تینوو بوون دووباره دێنەوە سەر حەوزەکە ئەم جارەش بۆنی دەکەن‌و دەچنەوە لەوەڕ بەڵام جاری سێیەم تینوێتی حەجمانیان لێ‌هەڵدەگرێ ، دەم بە شەرابەکەوە دەنێن‌و تا تێرو پڕ دەبن دەخۆنەوە ... ئەو سا وەك تەیر لە حەشارگەی خۆت دەرپەڕەو سواری ملی ماینە گەورەکە بە ، مستت بقوچێنەو تا هێزت تێدایە مستێکی لە تەختی نێوچاوانی بدە ، ماین وەکو ( بـا ) تێی‌دەتەقێنێ‌و جوانوەکانیشی بە دوادا دێن .

حەمەکەچەڵ توێشووی خستە بەر کەمەری‌و پاژنەی پێڵاوی هەڵکێشاو کەوتە ڕێ ، ئەمان ڕێی بڕی ها ! وەك ( بـا ) لە دۆڵان ڕابردو وەك سێلاو لە گردان شۆڕ بوەوە ، نە سەری بە بالیف کەوت‌و نە خەوی چوە چاو . وەك بای سەرسەڕو لەویش تیژتر ڕۆیشت . ڕۆیشت تا گەیشتە کەناری دەریا . حەوزێکی گەورەی دروست کردو شەرابەکەی تێ‌کردو خۆی لە تۆرتێك شاردەوە . هەر چاوەڕێی کرد ، چاوەڕێی کرد تا لە ناکاو دیتی ئاسمان ڕەش‌و تاریك داهات‌و دەنگی نەعرەتەیەك هات ، دەریا کەوتە جۆش‌و خرۆش ، ئاو شەقی بردو گیانداریێك لە ئاو هاتە دەرێ بە قەد شاخێك دەبوو . شتێکی وا بوو بە قسە وەسفی ناکرێ . ماینەکە لەگەڵ هەر سی‌و نۆ جوانوو ڕووی کردە مێرگ‌و چیمەن .. تێر لەوەڕان تا تینوو بوون . کە تینووبوون هاتنە سەر حەوزەکە بۆنیان کردو کشانەوە ، بۆ جاری دوەم هاتن‌و گەڕانەوە ، بەڵام جاری سێیەم ئەوەندە تینووبوون دەمیان بە شەرابەکەوە ناو تا تێرو پڕیان خواردەوە سەریان قیت نەکردەوە . حەمەڕەش هەلی لە دەست نەدا ، دەرپەڕی‌و خۆی هەڵدایە سەر ملی ماینی گەورە . هەر چل ماین سەرخۆش بوون . حەمەکەچەڵ مستی قوچاندەوەو تا هێزی تێدا بوو لە تەختی نێوچاوانی ماینەکەی دا . ماینە نەعرەتەیەکی لێ‌داو وەك تەیر کەوتە ئاسمان‌و هەر سی‌و نۆ جوانوو کەوتنە دوایەوە . هاتن تا گەیشتنە

شار . حەمەکەچەڵ هەر چل ماینی ڕاکێشایەماڵیو دۆشینیو شیرەکەی بۆ پاشا نارد .

ئێستا با بزانین پیرەژنی گۆڕین چی کرد ؟ پیرەژنی کەلەکەوێت کە زانی حەمەکەچەڵ ئەو چل ماینەی هێناو هاتەوە چوە حزوور پاشـــاو کەوتە دووزمانیو گوتی : پاشا : تۆ چ ئاگات لە چیە ؟

حەمەکەچەڵ هەر چل ماینی هێناوەو لە ماڵی خۆی کردوون . ئەم چل ماینە شایەنی تەویلەخانەی پاشـــان . کـــوخی بە تەنیو ڕیخی حەمەکەچەڵ لە کوێ ؟ چل ماین لە کوێ ؟

پاشا فەرمانی دا حەمەکەچەڵو چل ماینیان هێناو ماینەکانیان داکردە تەویلەخانەی پاشا .

پاشا بە وەزیری گوت : وەزیر ، ئێستا دەبێ جێگای خـۆتی بـۆ چۆل کەی ؟

وەزیر گوتی : قوربان ، ئەمڕۆ تا سبەی با بێ . هیچ قسەم نیە .

وەزیر چوەوە . شەو بابە کڵاوی کرد بە قازیو گوتی ! ئەی بابـە کڵاوی گەورەو مەزنی من ، خۆت دەزانی من ناتوانم واز لـە وەزیرانی بێنمو جێم بۆ کەچەڵێکی وا چۆڵ بکەم کە هیچ لە هیچ نازانێو هیچی بە بنیادەمان ناچێ ؟! نازانم ئەم نەفرەتلێکراوە لە کوێ بۆ من پەیدا بوو ؟ جەرنەگەی لە جێی من داگرتوە ، دەیەوێ لێم داگیر بکا . تەگبیرم چیە ؟ پێم بڵێ !! ڕزگارم کە !

بابە کڵاو بە قسـە هاتو گـــوتی : ئەی وەزیری پایەدارو گەورەو مەزن ، خوا نەکا مێشوولە پێتەوە بدا ، چارەی تۆ وەکو ئـاو خواردنەوە ئاسانە ، سبەی بە پاشا بڵێ کەچەڵ بنێرێ ئەو ئەژدیهایە بکوژێ کە لـە مێژە ڕۆژی ڕوناکی لە پاشا کردۆتە شەوی تاریکو نیوەی لەشـــکری

پاشای هەڵلووشیوە . خۆت دەزانی هیچ پاڵەوانێك ناتوانێ بە سەلامەتی لە زاری ئەژدیها ڕزگار بێ .

وەزیر زۆر شادومان بوو ، بە هەر دوو دەستان بابە کڵاوی بڵند کردو لەسەر ناوچەوانی خۆی داناو هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشا . بەیانی زوو پێش کەڕەنای حەمام‌و پێش بەڕێکەوتنی کاروان ، چووە ماڵی پاشا .

ــ وەزیر ، دیسان چیە ؟ خێرە ؟

ــ پاشا ، ئەمشەو خەونێکم دی .

ــ خەونی چی ؟

ــ خەونم دی ، لەو خەونەدا ، حەمەکەچەڵ چوو بوو ئەژدیهای کوشتبوو . جا بینێرە بچێ بەڵای ئەژدیهامان لە کۆڵ بکاتەوە .

پاشا پێکەنی‌و گوتی : وەزیر ، قسەی وا چیە دەکەی ؟ نیوەی لەشکرمان فەوتاو موویەکی ئەژدیها نەکەوت . ئێستا تاقە کەچەڵێك بە تەنێ چی پێ دەکرێ ؟!

وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، ئەوەی لە یەکەم ڕاوی ، جانەوەرێکی وا بگرێ سەرێکی نوورو ڕوناکی لێ‌هەڵبستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز ... ئینجا بچێ چل ماین بە زیندوویی بێنێ ، هەڵبەت ئەم ئیشە بچووکەشی پێ‌دەکرێ .

پاشا گوتی : بە ڕاستیتە ؟

وەزیر گوتی : بەڵێ ، بە ڕاستیمە .

پاشا بانگی حەمەکەچەڵی کردو گوتی : کەچەڵ دەتکەمە وەزیر ، بەڵام بەو مەرجەی بچی بەڵای ئەژدیهامان لە هەوکێ کەیتەوە . بە زیندوویی یان بە مردوویی بیهێنی !!

حەمەکەچەڵ لە دڵی خۆیدا گوتی : خێرو بەرەکەتت بە زیاد بێ ؟ ئەوە ئەم پاشایە چی لە من دەوێ ؟!!

چوەوە بە دایکی گوت : دایە ، هەستە توێشووم بۆ لە توێشەبەرەکە ، سەفەرم لە پێشە ...

پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ، دیسان بە تەمای چی ؟

کەچەڵ گوتی : پاشا دەیەوێ بچم ئەژدیهای بۆ بێنم ... جا چ بە زیندوویی بێ ، چ بە مردوویی !!

پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ، لە کەری شەیتان وەرە خوارێ ، ئەم ئیشە ئەنجامی باش نابێ . چەند لەشکر کەوتۆتە زاری ئەژدیهاو یەک نەفەر بە ساغی دەرنەچوە !! ئەم ئیشە بە هەموو کەس ناکرێ . وەزیر دەیەوێ بە کوشتنت بدا .

حەمەکەچەڵ گوتی : دایە ، دەبێ هەر بچم ، ئەگەر سەریشم لە پێناو دانابێ هەر دەچم ... جا ئەگەر جێو ڕێیەکە شارەزای پێم بڵێ .

پیرەژن گوتی : مادام هەر واز ناهێنی گوێ ڕاگرە :

( من شارەزام ... ئەژدیها لە بنی دۆڵێکی قووڵ پاڵ کەوتوە . شەش گەز درێژە . دەڕۆی لە ڕێگا تووشی چیایەکی بەرز دەبی ، برۆ سەر چیاکە ... کە گەیشتیتە سەر ترۆپکی چیا دەبینی هیچ شتێ ئارامو داسەکنانی نیە ، لە باڵدارو ماڵاتو خشۆک بگرە تا دڕکو داڵو بەردو دار هەموو شاڵاو بۆ بنی دۆڵ دەبەن . کوڕی ئازدارم ، ئەکەی لەو ساتەدا بچیتە ناو دۆڵەکە ، ها !! ئەوەک لەگەڵ ئەو هەموو شتانە یەکەو ڕاست دەکەویتە ناو زاری ئەژدیهاو هاتنە دەرەوەت بۆ نیە ... جا سەبر بگرە تا ئەژدیها دەخەوێو هەموو شتێ هێمن و ئارامو کشومات دەبێ ، تەیرو تواڵ بە ئاسمانەدا دەکەونەوە فڕینو دارو بەرد لە شوێنی خۆیان

سەقام دەگرنەوە . کە ئەمەت دی خێرا هەڵکوتە ناو دۆڵەکە ، دەبینی ئەژدیها لە پرخەی خەودایە . نیشانە لە بەینی هەر دوو برۆیانی بگرەو بیکوژەو هەڵی گرە بیهێنەوە ... بەڵام دوبارە پێت دەڵێم نەکەی لە کاتی بێداری ئەژدیهادا بچیتە ناو دۆڵەکە ها !! )

حەمەکەچەڵ دەستی خستە سەر چاوی‌و توێشووی لـــە کەمەر بەست‌و پاژنەی پێڵاوی هەڵکێشا‌و ڕۆیشت . ئەمان ڕێی بڕی هـــا ! وەك ( بـــا ) لە دۆڵان ڕابردو وەك سێڵاو لە گردان شۆڕبوەوە ، نە سەری بە بالیف کەوت‌و نە خەوی چوە چاو . ڕۆیشت تا گەیشـــتە دامێنی چیا بڵندەکە . هیچ نەپەنگایەوە ، بە هەر چوار پەل بە چیاکەدا هەڵکەڕا . کە گەیشتە سەر تۆقەڵەی چیا ، چ ببینێ باشە ! ئەوەی هەیەو نیـــە ، لە باڵدارو ماڵات‌و خشۆك بگرە تا دڕك‌و داڵ‌و بەردو دار هەموو شاڵاو بۆ بنی دۆڵ دەبەن . زانی ئەژدیها بە ئاگایەو هەناسەی ئەوە ئەم هەموو شتە ڕادەکێشێ . نەختێ چاوەڕێی کرد . کە هەموو شتێ ئارام بوەوە ، لە چیا هاتە خوارێ‌و چوە لای ئەژدیها . ئەژدیهایەکی وا بوو هەر باسی ناکرێ . ئەژدیها لەسەر تەنکێش پاڵ کەوتبوو و دۆڵەکـــەی بە درێژی و پانی پڕ کروبوەوە . حەمەکەچەڵ نیشانەی لە بەینی هەر دوو برۆیان گرت‌و لێی دا ، دووی لێدا ، سێی لێدا ... ئاخیری ئەژدیها نەعرەتەیەکی لێداو لەوێوە بە خشەخش نازانم بڵێم تا کوێ ڕۆیشت ، لەوێ کەوت‌و فەراقی لەبەر بڕا . ئەوەش نازانم داخۆ پاشان حەمەکەچەڵ چۆن چۆنی لاشەکەی هێناو فڕێی دایە پێش ماڵی پاشاو گوتی : فەرموو ، پاشا ، دوژمنت بەو ڕۆژە بێ !

وەزیر ترسی لێنیشت . کردی بە هەراو هۆریا .

پاشا گوتی : وەزیر ، ئەم جارە هیچ بەهانەی ناوێ . نابێ کەچەڵ نائومێد بکەین ، دەبێ جێگەی خۆتی بۆ چۆل بکەی !!

وەزیر گوتی : قیبلەی عالەم سەلامەتدار بێ ، ئەمڕۆ نا ، سبەی با بێ ، هیچ قسەم نیە .

دیسان ، شەوداهات ، وەزیر بابە کڵاوی کردە قازیو گوتی : ئەی بابە کڵاوی گەورەو مەزنی من ، بزانە تووشی چ هاتم ؟ دەبینی بووم بە ئەسیری دەستی کەچەڵێکی قەلەزراو و هیچ چارەم نیە . ئەم کەچەڵە بێ سەرو سەکوتە چاوی بڕیوەتە وەزیراتی منو بیر ناکاتەوە ئەو لە کوێو وەزیراتی لە کوێ ؟ ئەی بابە کڵاوی گەورەو مەزنی من ، پێم بڵێ ، تەگبیرم چیە ؟ وەختە لە داخان شەق بەرم !

بابە کڵاو گوتی : ئەی وەزیری پایەدارو گەورەو مەزن ، خوا نەکا مێشوولە پێتەوە بدا ، چارەی تۆ وەکو ئاو خواردنەوە ئاسانە . بەیانی بە پاشا بڵێ حەمەکەچەڵ بنێرێ کچی پاشای فەرەنگی بۆ بێنێ ... ئیتر ئەمە ئیشی کەچەڵو مەچەڵان نیە .

وەزیر شــادو کەیفخۆش بوو . بابە کڵاوی ماچ کردو لەسەر ناوچەوانی خۆی دایناو هەناسەیەکی دڵنیایی هەڵکێشا . بەیانی زوو ، پێش بانگی کەڵەشێرو کەرەنای حەمام ، خۆی گەیاندە ماڵی پاشا .

ـــ پاشا ، ئەم شەو خەونێکم دی !

ـــ خەونی چی ؟!

ـــ خەونم دی ، لام وا بوو حەمەکەچەڵ چوو بوو کچی پاشای فەرەنگی بۆ هێنــا بووی . بینێرە با بچێ بۆتی بێنێ . دەرفەتی لەمە باشترت بۆ نارەخسێ .

پاشا پێکەنیو گوتی : وەزیر ، ئەم قسانە چیە ؟ خۆشێت نەبووی ؟ خۆت دەزانی سەراپای لەشکری من دەرەقەتی پاشای فەرەنگ نایە ، کەچەڵێکی تاکو تەنیا چی لە دەست دێ ؟!

وەزیر گوتی : پاشا ، کەچەڵ وا نیە وەکو تۆ تێیگەیشتووی – ئەوەی لــە ڕاوی یەکــــەمی جانەوەرێکی وا بگرێ ســـــەرێکی نووردو ڕوناکی لێ‌هەڵبستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز ... ئینجا بچێ چل ماین بە زیندوویی بێنێ‌و پاشان بچێ ئەژدیها بکوژێ ، ئەم ئیشە بچــووکەی لــەلا وەکــو ئاوخواردنەوە وایە ... پاشا ، ئەم دەرفەتە لە دەست خۆت مەدە !!

پاشا گوتی : بە ڕاستیتە ؟!

وەزیر گوتی : بەڵێ بەڕاستیمە !

حەمەکەچەڵ تازە لە خەو هەستا بوو و دەم‌و چاوی شووشتبوو کە لەناکاو لە دەرگا درا .

پیرەژن گوتی : کوڕم هەستە بڕۆ بزانە داخۆ ئەم جارە چ بەزمێکیان بۆ سازداوی ؟!

بە کورتی حەمەکەچەڵ چوە حزوور پاشاو هاتەوە بە دایکی گوت : دایە ، توێشووم بۆ لە توێشەبەرە کە ، دیسان سەفەریم . پاشا فەرمانی داوە بچم کچی پاشای فەرەنگی بۆ بێنم .

پیرەژن گوتی : وەرە ، لە کەری شەیتان وەرە خــوارێ ، وەزیر دەیەوێ بە کوشتنت بدا . زۆر گەنج‌و پاڵەوانی لە تۆ بوێرو زرنگتـــر هەوڵیان داوەو پێیان نەهاتوە ... تۆ بە تاقی تەنێ دەچیتە کوێ ؟

حەمەکەچەڵ گوتی : دایە ، ئەگەر سەریشم لەم ڕێیە دانابێ دەبێ هەر بچم . ئەگەر شارەزای ڕێگای ، بۆم باس بکە ...

پیرەژن گوتی : کوڕی شیرینم ، ئیتر من هیچ نازانم . خۆت ملی ڕێ بگرەو بڕۆ . حەمەکەچەڵ توێشەبەرەی خستە بەر کــەمەرو بەڕێ کەوت . پاژنەی پێڵاوی هەڵکێشاو ڕۆیشـــت . ئەمان ڕێی بڕی ها ! وەك ( با ) لە دۆڵان ڕابردو وەك سێلاو لە گردان شۆڕ بوەوە . نــە خەوی

بە چاوان کەوت‌و نە سەری بە بالیف کرد . هەر ڕۆیشت تا گەیشتە کەناری دەریا . دیتی یەکێ هیچی بە بنیادەمان ناچێ سەری شۆڕ کردۆتەوە ناو دەریاو ئاو دەخواتەوە ، ئەمما خواردنەوە !! هەر قومێکی لە ئاوی دەدا ، دەریا بست‌و نیوێك دادەکەوێ .

حەمەکەچەڵ مات‌و بێدەنگ وەستا ، گوتی : هەی ، بەدبەخت ئەوە چ جۆرە ئاوخواردنەوەیەکە ؟!

( دەریاخۆرەوە ) گوتی : بەدبەخت خۆتی !! چاوت بە ئاوخواردنەوەی من هەڵنایێ بەڵام چاوت بەوە هەڵدێ کە حەمەکەچەڵ لە ڕاوی یەکەمی جانەوەرێکی وای گرتوە سەرێکی ڕوناکی لێ‌هەڵدەستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز ... ئەگەر دەمدی دەبووم بە غولامی ئەلقەلەگوێی !

حەمەکەچەڵ کەیفی ساز بوو ، بە شادمانی گوتی : کابرا ، دەنا من خۆم حەمەکەچەڵم .

کابرا گوتی : ئەتو خودا ؟!

حەمەکەچەڵ گوتی : ئەرێ بەخوا .

حەمەکەچەڵ ( دەریاخۆرەوە )ی کردە غولامی خۆی‌و ڕۆیشتن . ڕۆیشتن تا گەیشتنە جێیەك یەکێکیان دی هیچی بە بنیادەمان نەدەچوو ، چەند بەرداشێکی بەقەد کێوانی لەسەر سەری خۆی دەسووڕاندو هەر چی بکەوتبایە پێشی وردو خاشی دەکرد .

حەمەکەچەڵ گوتی : کێلە ، ئەوە شێت بووی چیە ؟ وا دەکەی ؟

( بەرداش سووڕێن ) گوتی : کێل خۆتی . چاوت بە بەردەکانی من هەڵنایە بەڵام چاوت بەوە هەڵدێ کە حەمەکەچەڵ لە ڕاوی یەکەمی جانەوەرێکی وای گرتوە سەرێکی ڕوناکی لێ‌هەڵدەستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز ... ئەگەر دەمدی دەبووم بە غولامی ئەلقەلەگوێی !

( دەریاخۆرەوە ) گوتی : کوورە کابرا ، دەنا ئەمە حەمەکەچەڵ خۆیەتی ...

کابرا گوتی : قەت نەبێ !!

( دەریاخۆرەوە ) گوتی : بەڵێ بە خوای ئەوە !

حەمەکەچەڵ ئەویشی کردە غوڵامی خۆی‌و ڕۆیشتن .. ڕۆیشتن تا گەیشتنە ( بەردەقانی هاوێژ )ێك کە بەردی گەورەو گچکەی بە بەردەقانی لە شوێنێ دەهاوێشتە شوێنێکی‌تر .

حەمەکەچەڵ گوتی : شێتە ، واز بێنە ! وەرە بزانم تۆ چ کارەی ؟ ئەمە چ جۆرە بەردەقانیەکە دەیهاوێژی ؟!

« بەردەقانی هاوێژ » دەستی هەڵگرت‌و گوتی : شێت خۆتی .. چاوت بە دەست‌و بەردەقانی من هەڵنایە بەڵام چاوت بەوە هەڵدێ کە حەمەکەچەڵ لە ڕاوی یەکەمی جانەوەرێکی وای گرتوە سەرێکی ڕوناکی لێ‌هەڵدەستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز .. ئەگەر دەمدی دەبووم بە غوڵامی ئەڵقە لە گوێی !!

( دەریا خۆرەوە ) و ( بەرداش سوڕێن ) گوتیان : کورە کابرا : دەنا ئەمە حەمەکەچەڵ خۆیەتی .

کابرا گوتی : قەت نەبێ ؟!

گوتیان : بەڵێ بە خوای !

حەمەکەچەڵ ئەویشی کردە غوڵامی خۆی‌و هەموو بە ڕێ کەوتن . قۆناغ بە قوناغ ڕێیان بڕی تا گەیشتنە یەکێك کە هیچی بە بنیادەمان نەدەچوو . گوێیەکی ڕاخستبوو و گوێیەکەی‌تری بە خۆی دادابوو خەوتبوو .

حەمەکەچەڵ گوتی : گەلۆر ، ئەمە چ گوێیەکە تۆ هەتە ؟ گوێیەکت لە ژێر خۆت ڕاخستووەو گوێیەکەی ترت بە خۆت داداوەو لێی‌نووستووی !

( گوێ تەشکەبەڕ ) گوتی : گەلۆر خۆتی ! چاوت بە گوێیەکانی من هەڵنایە بەڵام چاوت بەوە هەڵدێ کە حەمەکەچەڵ لە ڕاوی یەکەمی جانەوەرێکی وای گرتوە سەرێکی ڕوناکی لێ‌هەڵدەستێ‌و سەرێکی سازو ئاواز . ئەگەر دەمدی دەبووم بە غوڵامی ئەڵقە لەگوێی ...

( دەریا خۆرەوە )و ( بەرداش سوورێن )و ( بەردەقانی هاوێژ ) گوتیان : کورە کابرا ، دەنا ئەمە حەمەکەچەڵ خۆیەتی !

کابرا گوتی : قەت نەبێ ؟!

گوتیان : بەڕێ بە خوای !

حەمەکەچەڵ ( گوێ تەشکەبەڕ )یشی کردە غوڵامی خۆی‌و هەموو کەوتنە ڕێ . ڕۆیشتن تا گەیشتنە شاری پاشای فەڕەنگ . دەروازە داخرابوون‌و نۆبەتدارێکی زۆر لەم لاو لای دەروازە نۆبەتیان گرتبوو و ڕێگەی کەسیان نەدەدا بچێتە ژوورەوە .

( بەردەقانی هاوێژ ) گوتی : ئەمانە کێن ؟

حەمەکەچەڵ گوتی : ئەمانە نۆبەتداری پاشای فەڕەنگن ... ئەگەر یەکێ نەناسن ڕێی نادەن بچێتە ژوورەوە .

( بەردەقانی هاوێژ ) گوتی : چیت گوت ؟ ڕێ نادەن ؟ ئەمانە غەلەتی وا ناکەن ... وای گوت‌و دەستی برد هەموو نۆبەتدارەکانی گرت‌و لەناو بەردەقانی نان . بەردەقانی باداو هاویشتی .

پاشای فەڕەنگ لەناو کۆشکێ‌و سەرای خۆی لەگەڵ ئەشراف‌و ماقووڵ‌و خانەدایان قسەی دەکرد ، لە ناکاو دیتی تاقمی نۆبەتداران‌وا بە

گوڕ به ئاسمان‌دا دێن ، له هه‌مان کاتدا خه‌به‌ر هات گوتیان : پاشـــا ، ئاگات له چیه ؟ وا پێنج که‌سی زمان‌نه‌زان که هیچیان به بنیاده‌مان ناچێ هاتوون له‌به‌ر ده‌رگا وه‌ستاون‌و ده‌ڵێن : هاتووین کچی پاشامان ده‌وێ .

پاشا گوتی : بڕۆن بیانهێننه ئێره !!

( به‌رده‌قانی هاوێژ ) پێش که‌وت‌و ئه‌وانه‌ی‌تر که‌وتنه دوایه‌وه . ڕێ‌و ڕێ ده‌رو دیواره‌کانیان ده‌شکاندو وردیان ده‌کرد تا گه‌یشتنه کۆشکی پاشا . که پاشا دیتی ئه‌مانه ئه‌و جۆره جانه‌وه‌ره‌ن ، گوتی : ئێستا بڕۆن بحه‌سێنه‌وه ، سبه‌ی وه‌رن کچی خۆمتان ده‌ده‌مێ .

ئینجا پاشا بانگی وه‌زیری کردو گوتی : وه‌زیر ، ئێمه باری ئـه‌م جانه‌وه‌ره زمان‌نه‌زانانه نابه‌ین ! ته‌گبیر چیه ؟

وه‌زیر گوتی : قیبله‌ی عاله‌م سه‌لامه‌تدار بێ . شه‌ڕ له‌گه‌ڵ ئه‌مانه ناکرێ . ده‌بێ به فڕوفێڵ بۆیان بچین . سبه‌ی با جاڕچی لـه کۆڵانان جاڕ بدا که پاشا داوه‌تی کردوه ده‌بێ گه‌وره‌و گچکه بێنه سه‌ر داوه‌تی پاشا . له هه‌مان کاتدا چێشتکه‌ر ئێبگه‌یه‌نه چل مه‌نجه‌ڵ پلاو لێبنێ‌و ژه‌هر له مه‌نجه‌لی چله‌مین بکا . ئه‌م پێنج ئه‌فه‌ره‌ش داوه‌ت ده‌کـــه‌ین‌و پلاوه ژه‌هراویه‌که‌یان ده‌رخوارد ده‌ده‌ین‌و له ناویان ده‌به‌ین .

با بزانین حه‌مه‌که‌چه‌ڵ‌و غوڵامه‌کانی له چی دان ؟ ئه‌مانه دانیشتبوون قسه‌یان ده‌کرد له ناکاو ( گوێ ته‌شکه‌به‌ڕ ) لـــه قاقای پێکه‌نینی دا . گوتیان : کابرا ، چ بوه ؟ ئه‌وه بۆ وا پێده‌که‌نی ؟ شێت بووی ؟!! چیه ؟

کابرا گوتی : نه‌ء ، شێت نه‌بوویم . پاشاو وه‌زیر خه‌ریکن به‌زمێکی باشمان بۆ ده‌نێننه‌وه . .

گوتیان : به‌زمی چی ؟

گوتی : ده‌یانه‌وێ ژه‌هرمان ده‌رخوارد بده‌ن‌و بمانکوژن .

( ده‌ریاخۆره‌وه ) گوتی : باشه ، ده‌بینین !!

سبەینێ سەراپای خەڵکی شار ــ گەورەو کچکە ــ لە کۆشکی پاشا کۆبوونەوە . حەمەکەچەڵ و غوڵامەکانیش چوون لە گۆشەیەك دانیشتن . پاش نەختێ حەمەکەچەڵ بە پاشای گوت : پاشا ، ڕێ دەدەی چێشتکەری منیش سەرێك لە چێشتخانە بدا .

پاشا گوتی : چی تێدایە ... بینێرە با بچێ .

حەمەکەچەڵ ( دەریاخۆرەوە )ی نارد . چێشتکەری پاشا چل مەنجەڵە پلاوی دەم دا بوو و چاوەڕێی تێ کردن بوو . مەنجەڵی چلەمیشی ژەهراوی کردبوو . دەست بە کەمەرو دەسماڵ بە شـــان لەبەر دەرگا وەستابوو . ( دەریاخـــۆرەوە ) لێی نزیك کەوتەوەو گـــوتی : جەنابی چێشتکەر ، منیش چێشتکەری حەمەکەچەڵم . ڕێم دەدەی ســەرێك بەسەر مەنجەڵە پلاوەکاندا بگرم !!

جا چوە سەر مەنجەڵی یەکەم . سەرقاپەی لەسەر هەڵدایەوەو پشتی لە چێشتکەر کردو دەستی برد هەموو مەنجەڵەکەی کردە یەك پاروو و خستیە ناو زاری . ئینجا چوە سەر مەنجەڵی دوەم و سێیەم و چوارەم و .. بێ ئەوەی وا بکا چێشتکەر هەست پێ بکا هەر چل مەنجەڵی بەتاڵ کرد .

چێشتکەر هەر چاوەڕێی کرد ، ئینجا گوتی : ها ، چۆنە ، دەمی کێشاوە ؟

( دەریاخۆرەوە ) گـــوتی : دەســـتت نەڕزێ . زۆر باش دەمی کێشاوە ...

چوو لە جێی خۆی دانیشتەوە . پاشا فەرمانی دا خواردن تێ کەن . چێشـــتکەر چوو سەرقاپەی لەسەر مەنجەڵەکان هەڵـــدایەوە دیتی مەنجەڵەکان بۆ دەرمان دنکە برنجێکیان تێدا نەماوە . لە جێی خـــۆی وشك بوو . نەیزانی قوڕی کوێ بە سەری خۆی بکا . خەبەر بە پاشا

گەیشت . پاشا زۆر تووڕە بوو . زانی ئەمە نیشی حەمەکەچەڵـــە . لە ڕکان لچو لێوی خۆی کرۆشت . پاشان کە زانی کار لە کار ترازاوە خەڵکەکەی هەر یەکە بە قسەیەك ئیقناع کردو ڕەوانەی کردنەوەو گوتی : داوەتەکە ئەمڕۆ نیە ، بەیانیە ! حەمەکەچەڵیش بە خۆو بە غوڵامەکانی ڕۆیشتتن .. پاشا بە وەزیری گوت : وەزیر ، چ بکەین ؟ بە دەست ئەم زماننەزانانە گیرمان خواردوە . تەگبیری چیە ؟

وەزیر گوتی : پاشـــا ، فەرمان بدە حەمامی پۆلا جۆش بدەن . هەموویان داوەت دەکەینە ئەوێو دەرگایان لەسەر کلیل دەدەینو لـــە کـولانکەی سەرەوەڕا ئەوەندە ئاویان بەر دەدەینەوە ســـەر تا هەموو دەخنکێن .

پاشا گوتی : تەگبیرێکی زۆر باشە !!

حەمەکەچەڵ و غوڵامە ئەڵقە لە گوێیەکانی دانیشتبوون قســـەیان دەکرد لە ناکاو ( گوێ لەشکەبەر ) لە قاقای پێکەنینی دا .

گوتیان : ئەمە چیە ؟ بۆ پێدەکەنی ؟ شێت بووی ، چیە ؟

گوتی : نەء . شێت نەبوویم . پاشـــاو وەزیر خەریکن بەزمێکی باشمان بۆ دەنێنەوە .

گوتیان : بەزمی چی ؟

گوتی : دەیانەوێ حەمامی پۆلا جـــۆش بدەنو بمانخەنە نـاویو بمانخنکێنن .

( بەرداش سووڕێن )و ( بەردەقانی هاوێژ ) گوتیان : باشـــە ، دەبینین !!

ئینجا ( بەرداش سووڕێن ) گـــوتی : من بەرداشەکانم لەگـــەڵ خۆم دێنم !

سبەینێ پاشا یەکێکی نارده شوێنیان‌و داوەتی کردن بۆ حەمامی پۆلا . کە هەر پێنجیان چوونە ژوورێ دەرگاکانی حەمامیان کلیل داو وەك لافاو ئاویان لە کـــولانکەی ســـەرەوەڕا بەرداوە ســـەریان . بەلام ( دەریاخۆرەوە ) لێ‌نەگەڕا یەك دلۆپی بکاتە عەردی . دەمی بە کولانکەوە ناو هەر ئاو هـــات‌و خواردیەوە ، هـــات‌و خواردیەوە ... ئاخیری بـــە ( بەرداش سووڕێن )ی گوت : چیە ؟ بۆ وەستاوی وا زەق زەق تەماشام دەکەی ؟ نابینی وەختـــە شـــەق بەرم ؟ ئەدی ئەو بەردانەت بۆ کەنگی هەلگرتوە ؟

( بەرداش سووڕێن ) کە ئەم قسەیەی بیســـت بەردەکانی باداو دیوارەکانی حەمامی تێك‌و پێك دا . ( دەریاخۆرەوە ) زاری لێك‌کردەوەو پفی کرد لافاو هەستاو نیوەی شاری پاشـــای زیاتر داگرت . خەبەریان دایە پاشا ـ پاشا ، ئاگات لە چیە ؟ نیوەی شارەکەت ئاو بردی . بۆچی بۆ خاتری کچەکەت ئەم هەموو خەلکە بە فەتارەت دەدەی ؟ کچی خۆتیان بدێ با ببەن‌و ئەم خەلکە ڕزگاری ببێ .

پاشای فەرەنگ زانی هیـــچ چارەی نەماوە . بانگی حەمەکەچەلی کرد . کچی خۆی پێ سپاردو بە ڕێی کرد . حەمەکەچەل کچەی سواری کەژاوە کردو بە خۆو بە هەر چوار غولامەوە بە پێ کەوتنە ڕێ . قۆناغ بە قوناغ ڕۆیشتن تا نزیك شاری خۆیان بوونەوە .

حەمەکەچەل خەبەری بۆ پاشا نارد : پاشا ، وا بە ساغ‌و سەلامەتی هاتمەوەو کچی پاشای فەرەنگیشم هێناوە . ئەمر بکە بێنە پێشوازیم ...

پاشا فەرمانی دا لەشکری ســـوارەو پیادە چوونە پێشـــوازی حەمەکەچەل . حەمەکەچەل بە دەبدەبەو سەنتەنەت چوە ناو شـــارو بەکەو ڕاست چوە مالی خۆیان بۆ لای دایکی . کچەیشی لای خـــۆی گلدایەوەو بۆ پاشای نەنارد .

خەبەر بە پاشا گەیشت ـ پاشـــا ، حەمەکەچەڵ چـــوار کەسی زمان‌نەزان‌و کچی پاشای فەرەنگ کە لە دنیادا مانەندی نیە هاتەوەو چوەوە ماڵ خۆیان‌و تۆی هەر بە هیچ نەزانی .

پاشا یەکێکی ناردە لای حەمەکەچەڵ پێی‌گوت : پاشا دەڵێ خێـرا ئەو چوار نەفەرەو کچی پاشای فەرەنگم بۆ بنێرێ . کچی پاشای فەرەنگ شایەنی کۆشك‌و تەلاری منە نەك کۆلیتی بە تەنی‌و پڕ زبلی تۆ ...

حەمەکەچەڵ وەڵامی ناردەوە : ئەی پاشا ، دوو ڕێت لـــە پێش دادەنێم بۆ خۆت سەرپشك بە ـ یان هەر ئێستا نێچیری یەکەم‌و چـــل مانیەکەم بۆ بنێرەوەو لەم شارە بڕۆو چی هەیە بۆ منی جێ بێلە ؟ یـــان لە شوێنی خۆت دانیشە تا غولامەکانم دەنێرم‌و دەزانن چت پێ‌دەکەن ؟ جا خوێنی خۆت لەسەری خۆت . ئەوەش بزانە لەشکری تۆ لە لەشکری پاشای فەرەنگ زیاترو بەهێزتر نیە کە هیچی پێ لەگەڵ من نەکرا .

پاشاو وەزیر بە دووقوڵی دانیشتن‌و پاش ڕاوێژو لێکدانەوەیەکی زۆر گەیشتنە ئەو ڕایە ئەگەر بتوانن خۆیان دەرباز بکەن‌و بە سەلامەتی دەربچن مانای وایە ئیشێکی گەورەیان کردوە .

کە پاشاو وەزیر ڕۆیشتن ، حەمەکەچەڵ غولامەکانی بردو ، چوو خۆی لەسەر تەخت دانیشت‌و دایکی کردە وەزیر ... ئینجا فەرمانی دا شاریان ڕازاندەوە ، لە ماڵان مۆم‌و لە شاخان گوێنیان داگیرسـاند . حەفت شەوو حەفت ڕۆژ بەزم‌و شادی گەڕاو کچی پاشای فەرەنگی بۆ خۆی گواستەوەو بە مرازی دڵ گەیشت .

---

رقم الایداع ١٤٧١ في المكتبة الوطنية ببغداد لسنة ١٩٨٨

عدد النسخ المطبوعة ٢٠٠٠      نرخی (-/٢) دوو دینارە

چاپخـــانەی زەمان